کتێبی ژمارە – 2 -

# وەرچەرخان لەبیرکردنەوە؛
# دابڕان لەستەمگەریی

هەندرێن

2008 سوێد


وەرچەرخان لەبیرکردنەوە" دابڕان لەستەمگەریی

ناوی کتێب: وەرچەرخان لەبیرکردنەوە؛ دابڕان لەستەمگەری

نووسەر: هەندرێن

وێنەی بەرگ: دەرگای کۆنی ئامێدی، بەکامێرای هەندرێن

ژانری کتێب: تیۆریی و راڤە

بەرگ: رێبین مەجید

هەڵەچنی: نەورۆز جەمال

چاپی یەکەم: 2008

ژمارەی سپاردن لەکوردستان: 00000

ساڵ: 2008

چاپخانە: ......

مۆنتاژ و نەخشەسازیی:رێبین مەجید

تیراژ: 500

(ژمارەی سپارن لەسوێد)

978-91-977419-0-3 ISBN



"مرۆڤ و جڤاك هەڵگری کەمکردنەوەی یەکتر نین، بەڵکو هاوکات بنەچەی ئاژاوە، قووڵایی و بێسەروبنیش دەنووێنن. ئەوان بەرێگای سازاندنی جیهانێك لەماناوە خۆیان دەنووێنن."

Cornelius Castoriadis (1922-1997)

www.pertwk.com

وەرچەرخان لەبیرکردنەوە" دابڕان لەستەمگەریی

## نێوەڕۆک:

دەروازەیەک پرسیاری زمان، ویستی کۆزانینە 7

بەشی یەکەم

بەرەو تێگەیشتن لەجڤاك و بازنە قەتیسماوەکانی 19

خوولانەوەی مێژووی رۆژهەڵات بەدەوری دەسەڵاتێکی ستەمگەردا 24

سووڕانەوەی بزاڤی کورد بەدەوری دۆخی بندەستیی و نەریتە 40

ناکامگیرییەك لەڕامانگەلێکدا 73

کورد؛ قوربانییەك لەناپاکیی هاوپەیمانییە ئەخلاقییەکاندا 87

3. کورد لەنێوان بەرداشی رەهاگەرایی رەوشتی حکومەت و باڵادەستی تەکنیکدا 100

رەهاگەرایی رەوشت و ئیدیۆلۆژییی کۆهێزەکانی جڤاتی .. 108

www.pertwk.com

ئاکامگیرییەك لەڕامانگەلێکدا 129

جەدەلییەتی ئەخلاق و سیاسەت 142

تێرۆریزم: بەرتەکێك لەترس و ئاستەنگێك لەدووانەیی 161

لەچەوسانەوەی نەتەوایەتیەوەبۆ بەخڵتە کردنی 186

بەشی دووەم

10 پەیوەندییە دووانەییەکانی ئازادیی و .... 217

چەمکی دیموکراسیی و بەکاڵاکردنی لەزمانیی .. 222

دیموکراسی و دەسەڵات لەکوردستاندا 241

وێنەی ژنی رۆژئاوا لەسەدەی حەڤدە و ژنی کورد لەسەدەی بیست و یەکدا 280

کۆمەڵگای کورد و وێنەی ژن 288

گەنجان و حوکمەتی حیزبڕانی کوردی 299

پایەی دەستوور، پایەی ئاگایەکی جڤاکیی و سیاسییە 324

هەندرێن لەچەند دێرێکدا 338



## دەروازەیەك

### پرسیاری زمان، ویستی کۆزانینە

رەنگە لەگاڤی یەکەمی بیرکردنەوەدا ئاخافتن لەئاستەنگەکانی ئەمرۆی جڤاکیی کوردییدا، ئاسان بنوێنێ. لێ لەگەڵ رۆچوون بەناو رایەڵەلێکپچڕاوەکانی ئەو جڤاکەو ئاستەنگی بزاڤە بازنەییەکانییەوە، تووشی رەوشێك دەبین کە لەوێدا ئاسان نییە بیرکردنەوە بەرەو ئاراستەیەکی ئاسۆیی رێبکا یان ئاراستە دیاریکراوەکەی بدۆزێتەوە. چونکە بیرکردنەوە لەهۆکردی نەگۆڕیی جڤاکیی ئەمرۆی کوردییدا، بیرکردنەوەیە لەکۆی بەرهەمهێنانەوەی تاك تاکیی هەژەندی بزاڤە دیرۆکییەکانی. لێرەوە ئەگەر لەئاستی پیادەکارییدا ئەزموونەکانی بزاڤیی کوردیی، بەرهەمهێنانەوەی وێنە نەگۆڕەکانی خۆیان بن، وەلێ لەبەرانبەر ئەوەدا کۆی بەرهەمی بیرکردنەوە، دەقی کوردییش، لەشەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسیی و شیعرەکانی ئەحمەدی خانییەوە بگرە هەتا دەگاتە شیعرە گڕگرتووەکانی حاجی قادری کۆیی و وتار، پەخشان و شیعرەکانی نووسەر و شاعیرەکانی ئەمرۆ،

بەجۆرێك لەجۆرەكان رەنگدانەوە؛ گوتنەوە؛ بەرهەمهێنانەوەی ئەو هەژەندانە؛ گوتنەوەی زمانی ئەو ئاوەزە نەگۆڕە بووە؛ لاواندنەوە ئەو گیانە بریندار "پۆستراوما"یەی كورد بووە نەك هزركردنەوەیەكی وەرچەرخێنەر و دابڕانێك لەوێنەی ئەو ستەمگەرییەی كەهۆكردنی سەرەكیی لەجووڵەختنی بوونی كوردییە.

كەواتە، رەنگە، یەكێك لەهۆیە سەرەكییەكانی خوولانەوەی بزاڤە سیاسییەكانی كورد، نەبوونی كۆهێزێكی بیركەرەوە؛ تاكەكسگەلێكی ئازاد و ئاكار و كردار رچەشكێن؛ خاوەن پرینسیپ بێت، كە بتوانن ئامانجی ئەو مێژووە تاڵانكراوەی كورد بەرجەستە بكەنەوە. چونكە لەدواجاردا ئەوانەی كە هەتا ئێستاش چاوگە و نوێنەرایەتی بزاڤی رزگاریخوازیان بوونە بیركردنەوە و كردارەكانی نووسەر و شاعیرانی كوردن. بەواتایەكی دیكە: وێنەی بزاڤە رزگاریخوازەكانی كوردستان، رەنگدانەوە و دەرهاوێشتەیەك بووە لەئەزموونی بیركردنەوەی كۆی نووسەرانی كوردیی، كە ئەوانەش بەنۆرەی خۆیانەوە ئاوێنەیەكن لەپێكهاتە، كولتووریی كوردیی. لێرەوە رەنگە بەو ئاكامگیرییە دەگەین، كە لەوەدەچی مرۆی كورد هێشتا لەبەهای ئازادیی و سەرەوەریی خۆیی و بوونەكەی نەگەیشتبێت. ئەمەش مێنتالێكی بەكورد بەخشیوە، كە هەمیشە لەدۆخی وابەستەیی، پاشكۆیی و بندەستییدا بژیت. رەنگە یەكێك لەهۆكردەكانی بەردەوامی ئەو دۆخە لەنائازادیی؛ پاشكۆیی؛ بندەستییەش، پەروەردەی ئەو دەسەڵاتە باڵادەستانە بێت كە بوونی كوردی جڵەو كردووە. بەشێك لەنەخۆشییەكانی ئەو جڵەوكردنەش،



ئیفلیجكردنی ویستی كوردە لەتێگەیشتن بۆ ئازادیی و بەرهەمهێنانەوە جڤاكێكی هارارکییدا.

لەو روانگەیەوە، فیلۆسووفی فەرەنسی-گرێكیی، كۆرنێلیوس كاستۆریادیس (Cornelius astoriadis) (1922-1997) لەمەڕ ئەو جڤاك یان نەتەوانەی كە ئازادیی خۆیان بەوابەستەی دەسەڵاتێكی بێگانە یان دەرەكییەوە گرێداوە، كە ئەو بەهێتێرۆنۆمی (heteronomi) ناوزەدی دەكا، دەبێژێ: " هارارکیی تەنیا شێوەیەكی تایبەتە لە*هێتێرۆنۆمییەكی* كۆمەڵایەتیی، واتا جۆرە وێنەكردنێك كە ئینستیتیوشۆنەكانی جڤاك (قانوون، بەها و نۆرمەكان) رەچەڵەكێكی بێجڤاكیی و بێمێژوویی (بێرەگ، روح، خوا، قانوونگەلی بیۆلۆژیی یان مێژووییەكی جڤاكیی، سروشتی مرۆڤ یان جڤاك نییە). هێتێرۆنۆمی رەوایەتیی بەهارارکیی دەدا، هاوكاتیش هارارکیش بەنۆرای خۆیەوە رێگا بۆ هێتێرۆنۆمی نیشاندەدا، هەڵێدەگرێ و بەرجەستەی دەكاتەوە. كەچی ئازادی هەر تەنیا لابردنی هارارکیی نییە لەپێناوی ئامانجیی خۆبەڕێوەبەرییدا، بەڵكو هاوكاتیش سنوور بەزاندنی هێتێرۆنۆمییشە بەرەو سەربەخۆیی. جڤاكێكی سەرەتایی (پریمیتڤ)ی بندەستی دەسەڵاتێكی دەرەكیی هەمیشە هارارکیی نەبوونە, بەڵام تا بڵێی هێتێرۆنۆم بوونە، بەو مانایەش ئەو جڤاكانە نائازادن."[(1)]

دەکرێ بڵێین، لەزۆر لایەنەوە، جڤاکیی کوردیی لەو رەوشە هارارکیی و بندەستییەدا، لەو جڤاکانە دەچێ کە کۆرنێلیوس کاستۆریادیس لەکتێبەکەیی "The Imaginary of Society" دا باسی دەکا.

راستە ئەو نووسەرانەی کە چ بەخۆیان نوێنەریی بزاڤەکانی کوردیان کردووە و یان بەرهەمەکانیان هاندەری ئەو بزاڤانە بوونە، بەهۆی خوێندن و بەئاگا بوون لەرۆشنبیریی دەرەکییەوە، لەئاستی تێگەیشتندا لەهاوولاتییە ئاساییەکانی کورد هەڵگری زانینی فرەتر و مەیلی نوێخوازیی بوونە (رەنگە بەهۆی ئەو رەوشە بندەستییە و جیۆگرافییە کە کورد تێیدا دەژی، ئەو کۆئاگاییە جڤاکییە لەکوردستاندا هەرگیز نەسازێت)، کەچی ئەو نوێنەرە سیاسیی و رۆشنبیرییە لەئاستی پێکهاتی دەروونیی و روحییدا، نەیانتوانیووە خۆیان لەگیانی پاشکۆیی پەروەردەی داگیرکاران و نەریتە کۆنەوارەکانی جڤاکیی کوردیی رزگار بکەن. لەبۆیە لەئاکامدا یان گەڕاونەتەوە باوەشی نەریتی باوی کۆمەڵگا یانیش خۆیان بوونەتە پشت و پەنای پیاوە بەهێز و سەرکردەکانی حیزبی کوردیی یانیش بوونەتە دەسکەلای دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

لەو روانگەیەوە، بەڕای من، ئەو وێنەیە لەمرۆی رووناکبیر و سیاسەتوان، نوێنەرانی بزاڤی کوردیی یەکێکە لەهۆکردە سەرەکییەکانی نەگۆڕیی جڤاك و چەقینی بزاڤەکانی کوردیی لەهەمان بازنەدا. بەمجۆرە سووڕانەی بزاڤەکانی کورد لەبازنەکانیی و



بەرهەمهێنانەوەی ئەو دۆخە نەگۆڕەی جڤاکیی کوردیی، دەرهاوێشتەیەکە لەخودی ئەو کەسایەتییە ئاڵۆز (کۆمپلێکس)ەی نووسەر و سیاسەتوانەی کورد.

لێ بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لەراڕەوەکانی ئەو بازنە داخراوەی بزاڤە نەریتگرەکانی رزگاربێت، کە رەنگە هۆکردێکی سەرەکیی کایەکانی بندەستییبێت، دەبێت تاکەکەسە وشیارەکانی بەویستیك لەگۆڕان؛ بەگەوهەرێك لەئازادیی؛ بەخودێك لەئامانج راپسکان لەو هەستی خۆبەکمزانیی و پاشکۆییەی کە داگیرکاران لەدەروونی چاندوویەتی، بیر لەدابڕانێك لەو بیرکردنەوە بەرووکەش نوێگەر و لەکاکلەنەریتگرە؛ لەو کەسایەتییە دووڕووەی خۆی بکاتەوە. بێ گۆڕینی ئاراستەکانی ئەو کۆهزرینە بێ ئامانجە مێژوویی؛ ئەو زمانە کاتییە بێگوتارە، کەسایەتییە سازشکارە، دەرچوونمان لەو دۆخە نەگۆڕەدا مەحاڵە. جڤاك لەخودی خۆیدا شتێك نییە کە لەوێنەیەکی نەگۆڕدا سازکرابێت، بەڵکو ئەوە مرۆڤە؛ کۆی توێژە بەهێزەکانی ناو ئەو جڤاکەیە شێوەیەکی پێدەبەخشێت. ئەگەر مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هزرکەرەوە لەگەڕان بەدوای ژیانێکی بەختەوەردا جڤاکیی سازاندبێت، کەواتە ئەوە ئەرکی مرۆڤە بەرپرسیاریی ئەو ئامانجە هاوبەشە لەبەختەوەرییە راپەڕێنێت. بەردەوامبوونی مرۆڤ لەجڤاکێکی دڕدۆنگ و سەرگەرداندا، واتای بەئاگا نەبوون، بێ ویستی ئەو مرۆڤەیە لەو ئەرکە مرۆڤایەتییەی خۆیدا.

www.pertwk.com

لەو روانگەیەوە کاتێك لەبوونی مرۆڤ دەدوێین، هاوکاتیش لەبوونی بوونێکی کوردیی دەدوێین. کوردبوون ئەو مرۆڤگەلەیە کە بوونێکی بێ پێناسەی هەیە، بێ ئەوەی هێشتا ویستێکی بۆ ناودێرکردن؛ پێناسەکردنی بوونایەتییەکەی بەرهەمهێنابێت. کوردبوون مرۆڤێکە مەیلی بەختەوەرییەکە، کەچی لەبێ ئاگایی لەگرتنەبەری ئاراستەیەك بەرەو ئەو ئامانجەوە، مەرگی بوونەکەی قووڵتر دەکاتەوە. کوردبوون هەتا ئێستاش لەجووڵەیەکی پەرتەوازەدا، بێجگە لەپەنگدانەوەی نەگۆڕییەکەی هیچ دۆخێکی تر بەدی ناکات. لەئاکامی ئەو دۆخەدا کورد لەبری ئەوەی لەو دۆخە داخراوەدا دابڕێت و ئاسۆیەك بەرە ئامانجەکانی بدۆزێتەوە، کەچی بەرەو دواوە دەسووڕێتەوە.

بۆیە دابڕاندانی ئەو بوونە پاشکۆ و لێکتراوەی کورد لەو دۆخە، ویستی دابڕانە لەپشتینەیی ئەو بیرکردنەوەیەی کە ئەو دۆخە نەگۆڕە بەرهەمدەهێنتەوە. بڕیاردان لەو دابڕانەش، بڕیاردانە لەو بیرکردنەوە بێدەنگ و قەتیسماوە؛ بێ هزریی نوێیە.

دیارە کۆی هزر، زانست، چەمك، شۆڕشی کولتووریی، پشەسازیی، گۆڕانە جڤاکیی و... هتد لەرۆژئاوادا لەئاکامی کردەی ئاخاوتن و نووسیندا لەدایکبوو. ئەو مەیلەی مرۆی رۆژئاوا بۆ ئاخاوتنێکی هاوبەش، لەگریکی کۆن و بەتایبەتیش لەگفتوگۆیەکانی پلاتۆ (ئەفلاتوون)ەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. خوێنەرانیش کەم تا زۆر بەگفتوگۆ (دیالۆگ)ەکانی سۆکراتیان لەکتێبەکەی پلاتۆ، "کۆمار" خوێندۆتەوە. ئەو گفتوگۆیانە مانای گوتنی هەموو راستییەکان نین،



بەڵکو دەربڕی مەیلی گەڕان و پرسیارکردنن. ئاخێوەرەکانی ئەو کتێبە بەرەو تێگەیشتن لەمدیوی بۆچوونە داسەپاوەکانەوە، بیرۆکە، یاد پرسیار و وەڵامەکان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکەن. وەلێ ئەو ئاخاوتنانە رۆشناییەك لەئاوەز یان زانینیان لەپشتەوەیە نەك لەخۆڕا بەناو قسان بکەون. ئەو ئاستەش لەئاخاوتنە بەندە بەو رۆشنبیرییە جیاوازە تۆکمانەی کە بەرهەمێك بوو لەو جڤاکە نوێیەی گرێك. بەمجۆرە لەو رەوشە سیاسییە دیموکراسییەی گرێکدا کتێبەکانی پلاتۆش بەهاداربوون.

بە کورتی ئەوە پرسیارە کە ئاراستەی گفتوگۆیەکانی سۆکرات دیاریدەکات. لەوێدا ئەگەر مرۆڤ بخوازێت پرسیار بکا دەبێ ویستیی کۆزانین یان کۆفامکردنی هەبێت. بۆیە مرۆڤ هەرچەند بزانێت کەچی هیچیش نازانێت. لێرەوە هونەری پرسیارکردن دەبێتە بنەمای گەڕان بەدوای زانین و تێگەیشتن لەرەهەندە فرەوانەکانی بوون.

کەواتە پەرۆشی ئەم کتێبە، "وەرچەرخان لەبیرکردنەوە؛ دابڕان لەستەمگەریی"، بەرۆشناییەك لە روانگەی مێژووی هزرییەوە هەوڵدەدات ئەو دۆخە نەگۆڕە و بیرکردنەوە نەریتیی؛ بازنەییەی جڤاکیی کوردی، *کە بەهۆی نەبوونی پاشاخان و ناوکۆییەکی کولتووریی رۆشنگەریی و ئەزموونی سەرەوەریی و ئازادیی لەجڤاك و زمانی کوردییەوە بەردەوام دووبارە دێنەوە*، شلبکاتەوە و ئاگایی کەهێلی کورد بەرەو ئاراستەیەکی بیرکردنەوەیەکی بزواو راچڵەکێنێت. وەلێ ئەوە مانای ئەوە نییە، ئەو کتێبە دەتوانێت ئەو دۆخە

لەبیرکردنەوە نەگۆڕەی کورد لەبنەوەڕا بگۆڕێت. نەخێر. چونکە ئەگەر ئەرکی نووسین یان کردەی ئاخاوتن لەگەڵ مرۆڤەکانی تر چەشنێك لەفرەوانکردنی هزراندن بێت؛ مەیلێك لەگەڕان بەدوای پرسیارکردن و ژیانێکی ئاسوودە؛ شکۆمەند و ... هتد بێت نەك ئازادکردنی مرۆڤ لەمەرگ و کارەساتەکانی، کەواتە ئەم کتێبەش، بەدووبەشەکەیەوە، بەخواستێك لەگفتوگۆکردن و ئاخاوتن لەگەڵ خوێنەر و نووسەران، لەبەشی یەکەمدا، هەوڵدەدا لەروانگەگەلی تیۆرییەوە راڤەکردنێك و پێناسەیەك بۆ رەهەندە جووداکان، پاشخان، ناوکۆیی و هۆکردەکانی ئەو دۆخە نەگۆڕەی جڤاکیی کوردیی بکات و لەبەشی دووەمیشدا، دەخوازێت بوارێك بۆ ئامادەبوون و ویستیی رێکردن بەرەو ئامانجە مێژووییەکەمان ئاوەڵا بکاتەوە، تاکوو بتوانین ژیانە هاوبەشەکەمان لەو بندەستیی، نەریتگریی و ستەمگەرییە ئازاد بکەین.

لەو روانگەیەوە پرسیاریی کورد، پرسیارە لەقەدەرە نەگۆڕەکەی. مرۆی کورد بۆ ئەوەی ئەو لەو قەدەرە تێبگات، دەبێت بەدوای پرسیارکردن بەرەو سەرچاوە و مەتەڵەکانی ئەو قەدەرەوە رێبکات. دیارە بوونی مرڤ بریتییە لەجوولەبەرەو ئامادەکرنی بوونەکەی لەچەقی جیهاندا. ئەو جووڵەیەش گفتوگۆکردنی ئەو مرۆڤەیە بۆ ئاوەڵاکردنەوەی بوونەوەکەی. بێ پرسیارکردن و ئاخاوتنی مرۆڤ لەگەڵ بوونەکانی دیکەدا، جووڵەو بەدیکردنی ئاراستەیەك لەئارادا نییە. بۆیە گۆڕینی ئەو دۆخە نەگۆڕە؛ ژیانە بازانەییەی کورد،



پەیوەستە بە پرسیارکردن، دەستکردن بەگاڤ هاوێشتن بەرەو بیڕکردنەوە؛ رێگا گرتنەبەر بەرەو بوون و روحی مێژووە دڕدۆنگەکەیەوە.

2008.1.29/سوێد

1. Fotis Theodridis, ”Belysningens och autonomins filosofi”, Res Publica, nr 58, 2003, S. 4.

## بەشی یەکەم

### بەرەو تێگەیشتن لەجڤاك و بازنە قەتیسماوەکانی جڤاکی کوردیی و بزاڤە بازنەییەکانی

### دیدی هێگل لەمەڕ نەگۆڕی دەسەڵاتە نەریتگرەکانی رۆژهەڵاتییدا

### بەرایی

ئایا دەکرێت بڕوا بەوە بهێنین، کە کۆمەڵگایەك، بۆ نموونە، کۆمەڵگای کوردی لەبنەڕەتدا هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایێت، بەڵکو تەنیا لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە هەمیشە دووبارە هەمان وێنەی نەگۆڕی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە؟ گەلۆ چما کورد دوای ئەو هەموو بەرخۆدان، هەرەس و گیانبەختکردنە بێ هەژمارانەی کە سەدە لەدوای سەدە پێشکەشی کردووە، کەچی تازە بەتازە نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی بەجیهان رادەگەیەنن کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کورد "خەونی شاعیرانەیە"، یان کورد بەخۆی توانای بەڕێوەبردنی خۆی نییە"، بۆیە ئەوان دەخوازن دەسەلاتی نەتەوە سەردەستەکان ماڤی کولتووریان بدەنێ؟

دیارە ئەو پرسیارانە لەو چاوگەوە هەڵدەقوولێن ، کە ئەوە چ مەتەلێکە کۆمەلگای رۆژهەلاتی بەگشتیی و کۆمەلگای کوردییش



بەتایبەتی سەتە دوای سەتە، قۆناغ لەدوای قۆناغ، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، هەمیشە بەدەوری هەمان نەریتی چەقبەستووی خۆییەوە دەخوولێتەوە؛ تەنیا روحی هەرەسگری خۆی بەرهەمیدەهێنێتەوە. هاوکاتیش، وێڕای سەرگێژبوونی کورد بەدەست ئەو پرۆسە نەگۆڕەوە، کەچی، بەگوێرەی ئاگایی من، هێشتا لێکۆڵینەوەیەك، راڤەی نووسەرێك یان سیاسەتڤانێکی کوردم نەخوێندۆتەوە کە لەوێدا بەتێری بەرسڤێکی زانستی، بەڵگەدار و ئاکامگیرییەکی خەملیووی بۆ ئەو پرسیارە ئالۆزە؛ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەرەسی بەرخۆدانەکانی کوردی، دابێتەوە. لێ جێگەی سەرنجە هێگل لەکاتی خۆیدا، بەر لەسەدوحەفتا ساڵدا ، بەر لەوەی ئەو مەتەڵە، تەنگژەیە ئێمە دۆشداماو بکا، بەرسڤێکی سەرنجکێشی بۆ ئەو پرسیارە سادە و لەهەمان کاتیشدا ئالۆزانەی ئێمە پێشکەشکردووە. لێرەوە دەکرێ ئەو تێڕوانینەی هێگل ببێتە وروژاندنێك یان رۆشناییەك بۆ جۆرە تێگەیشتنێك لەو تەنگژەیەی کە بوونی کوردی لەو دۆخە نەگۆڕ و ویستی ئازادییە بێبەری کردووە.

دیارە هەرچەندە بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدەش، کە گشت حیزب و نووسەری کورد خۆیان بەمیراتگرێکی راستەقینە مارکسیزم یان چەپڕۆ دەزانی، - ئێستاش زۆرینەیان شاگردی چەند نووسەرێکی مارکسستین یان خۆیان بەچەپڕۆ دەزانن-، کەچی خڕ ئەو بەناو سیاسیی و نووسەرە چەپڕۆیانە، بێجگە لەئەزبەرکردنی لینگاوقووچی چەند

وتەیەکی هێگل، مارکس، ماو، ترۆتسکیی و لێنین بتڕازێ هیچی تریان بەئەرکی خۆیان نەزانیووە یان نەخوێندۆتەوە، ڕەنگە ئێستاش نەیزانن و نەخوێننەوە، لەبۆیە ئەو بەناو مارکسیست و چەپڕۆیە دروشم ئەزبەرکارە جیاوازانەی کورد درکیان بەو بیرۆکەی هێگل نەکردووە یان هەر نەشیاخوێندبێتەوە یانیش تێنەگەیشتبن، کە باس لەرەهەندی ئەو دووبارە بەرهەمهێناوەیە لەروحی مرۆڤ و دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتییدا دەکا.

بە هەمە حاڵ، لێرەدا دەخوازم ئەوە بەیادی خوێنەر بهێنمەوە، کە لەبواری خوێندنی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان (هومانیۆرا/humaniora) بەگشتیی و بەتایبەتیش بەشی خوێندنی مێژووی هزر، کە بەسوێدی (Idèhistoria) و بەئینگلیزیش "The history of Ideas"، پێدەڵێن، بیرۆکەگەلێکی وەك: دەوڵەت، جیاوازی نەتەوەکان، کۆمەڵگا، ئازادی، ماف، کاری چاکە، ژیانێکی شکۆمەند... هتد، بابەتگەلێکی سەرەکی خوێندنن. گشت ئامانەش بەفەیلەسووفگەلێکی "پێش سۆکراتییەکان"، پلاتۆ و ئەریستۆوە هەتا دەگاتە فەیلەسووفانی ئەمڕۆ گرێدەدرێن. کەواتە ئەرکی مێژووی هزر ئەوەیە، کە چۆنییەتی رۆڵی ناوکۆیی مێژوو لەبەرهەمهێنانی ئەو بیرۆکە، هزر و هزرڤانانە شیبکاتەوە. هاوکاتیش ئەرکی مێژووی هزرڤان ئەوەیە کە لێکۆڵێنەوە لەسەر ئەو بابەتانە بکا، کە بۆ نموونە، لەناوکۆییەکی مێژوورییدا چۆن و بەچ



شێوەیەك بیرۆکەیەکی مێژوویی، دەقێکی فەلەسەفیی و رۆڵی کەسایەتییەکی مێژوویی سەریانهەڵداوە و پاشان لەناوکۆییەکی مێژوویی جیاوازدا رەنگیانداوەتەوە. لەو روانگەیەوە، هەندێ دەقی گەورەی فەیلەسووف و داهێنەران بەگشتی هەن، کە هەر تەنیا لەو مێژووەی کە نووسراون نامێننەوە، بەڵکو لەمێژووەکانی دوای خۆشیانەوە هەر بەزیندوویی دەمێننەوە. لێرەوە دیدگەی مێژووی هزر دەبێتە بابەتێکی سەرنجکێش. من لەکاتی خوێندنی مێژووی هزردا لەزانستگایەکی ستۆکهۆلم، "سۆدەرتۆرن" تێگەیشتم کە هەندێ دەقی گەورەی فەیلەسووف و هزرڤانان هەن کە کاریگەرییەکانیان هەمیشە رەنگدانەوەی هەیە، یان بەکورتی بەهایەکانیان لەکات و شوێنێکدا نامێنێتەوە، بەڵکو لەهەموو شوێنکاتێکدا ئامادەیان هەیە. بەهای ئەو دەقە گەورانەش لەوەدایە، کە بۆ نموونە، منێکی کورد دەتوانم لەشوێنکاتێکی وەك ئەوروپادا دەقێکی لەو تەرزە دەقە گەورانە، کەڕەنگە لەسەردەمێکی زووشدا نووسرا بێت، بخوێنمەوەو بۆ وەڵامی پرسیارە سەختەکانی کۆمەڵگاکەم کۆمەکیم بکات. بەمجۆرە یەکێك لەو فەیلەسووفانەی کە خاوەنی دەقی گەورەیە، هێگلە.

لەوڕوانگەیەوە، لەم وتارەدا هەوڵدەدەم لەروانگەیەکی مێژووی هزرییەوە، واتا چۆن لەبیرۆکەیەك کەلەناوکۆییەکی مێژوویدا لەدایکبووە، کەچی هەمان بیرۆکە لەناوکۆیی مێژووییەکی تەواو جیاوازدا ڕەنگدەداتەوە یان دووبارە کاریگەریی بەسەر بیرکردنەوەی

www.pertwk.com

بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی دواى خۆیدا بەجێدەهێڵێ، بەخوێندنەوەیەك لەبیرۆکەى هێگل، لەکتێبى "فەلسەفەى مێژوو/Historiens filosofi"دا بەتایبەتیی و لە"ئاوەز لەمێژوو/Förnuftet i historien"دا بەگشتیش (هەردوو کتێبەکە بەزمانى سوێدییە)، تەرزە راڤەیەك لەو پرسیارانە بکەم، کە لەدەستپێکدا ئاڕاستەم کردن. بەکورتى هێگل لەو دەقەدا باس لەپڕۆسەیەکى ژیربێژیى مێژووى جیهانى دەکا کەدوا ئامانجى گەیشتنە بەئازادى، کۆمەڵگایەکى مۆدێرن، دەوڵەتى نەتەوەیى. هاوکاتیش هێگل لە"فەلسەفەى مێژوو"دا وێنایەك لەکرۆکى روحى کۆمەڵگاو دەسەڵاتى رۆژهەڵاتییدا نمایشدەکا، کە بەواتاى ئەو، دەسەڵاتى کۆمەڵگاکانى رۆژهەڵات بەهۆى روحى تاکپەرستیى و نەبوونى پرینسیپى ئازادییەوە، وەك بازنەیەك، بەدەورى خاڵێکدا دەخوولێنەوە کەهێماى دەسەڵاتدارێکى تاکڕەو دەنوێنن. لەو دیدەڕا، خوێندنەوەو تێگەیشتن لەبزاڤەکانى کورد، کە هەمیشە لەهەمان بازنەدا دەخولێنەوە، هەمان وێناى بزاڤەکانى پێش خۆیان بەرهەمدەهێننەوە، دەبێتە پرسیارێکى بنەڕەتى ئێمە. وەك دەزانین، بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانى کورد، وێڕاى خەبات و قوربانییەکانى، کەچى هەتا ئێستاش نەیانتوانیووە نە ئەو کۆمەڵگایە نەریتگرە بگۆڕن و نە ئامانجە سەرەکییەکانى ئەو مێژووەش، واتا ئازاد بوونى کورد لەبندەستیى و راگەیاندنى دەوڵەتى کوردى بەرجەستە



بکەن، کەهێگل ئەو ئازادیى و دەوڵەتە بەئامانجى سەرەکیى نەتەوە دەزانێ.

هەڵبەتە ئەم راڤەکارییەى من زیاتر تایبەتە بەرەوشى بزاڤە رۆشنبیریى-سیاسییەکانى باشوورى کوردستان، لێ هاوکاتیش پرس و گرفتى بزاڤەکانى هەموو کوردستانیش ناکەوێتە دەرەوەى راڤەکەمانەوە ، چونکە لەبنەڕەتدا وێناى بزاڤە سیاسییەکان لەهەموو لەتەکانى دیکەى کوردستاندا لەگەڵ باشووردا جیاوازییەکى بنەڕەتیان نییە، چونکە قەدەرى ئەو بەشانەش هەمان دووبارە بەرهەمهێنانەوەى روحى نەگۆڕیى کۆمەڵگا و بندەستیشە.

لێ هاوکاتیش ئەم وتارە نمایشکردنى کۆى وردەکاریى و ئاڵۆزییەکانى جیهانى فەلسەفەى هێگل و ئەو دوو کتێبەش نییە کەلەسەرەوە ئاماژەم پێکردن. چونکە خوێندنەوەى هێگل ئەرکێکى ئاسان نییە و پێویستى بەتەرخانکردنى کاتێکى تایبەت و توانایەکى تایبەتیش هەیە. لەم بارەیەوە، وەك ئاماژەیەکیش بێت، حەز دەکەم سەبارەت بەسەختى فەلسەفەى هێگل، ئەوە بەیادى خوێنەر بهێنمەوە، کەئەو کاتەى مێژووى هزرم دەخوێند یەکێك لەمامۆستاکانمان، کە پسپۆڕى فەلسەفەى ئەڵمانى بەگشتى و بەتایبەتیش هێگل بوو، زۆر جار بەدەم ئاخاوتنەکانییەوە دەیگوت: خوێندنەوەى هێگل وەك ئەوە وایە، کە هێگل لەناو ژوورێکى دەرگا داخراودا بئاخڤێ و تۆى گوێگریش لەودیو دەرگاوە گوێى لێبگرى.

وێڕای ئەمەش، لەم وتارەدا مەبەستمان نییە ڕەخنە لەو بیرۆکەی هێگل لەمەڕ ڕوحی دەسەڵاتی باوکسالاریی ڕۆژهەڵات یان بەگشتی ڕەخنە لەرەهەندی فەلسەفە ئۆرێنتالیستەکەی بگرین. هەڵبەت، خوێنەری فەلسەفە بەگشتیی و فەلسەفەی هێگلیش بەتایبەتی بێبەریی نییە لەوەی کەفەلسەفەی سیاسیی هێگل پەیوەندی بەو لۆژیکە، ژیربێژییەوە هەیە کەهێگلی پێدەناسرێتەوە. لێبەلێ، ئەگەر خوێنەرێك بخوازێ بەوردی لەو پرۆسە ژیربێژییەی مێژووی جیهانی هێگل فامبکا، دەتوانێ ئەو دوو کتێبەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن بخوێنێتەوە. بەکورتی دیدی مێتافیزیکی هێگل لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە بوون، ژیانە سنووردارەکان بەهۆی بوونێکی بێکۆتاییەوە بەدیار دەکەون. بەدەربڕینێکی مێتافیزیکی دەکرێ بێژین، کەئێمە بەهۆی خواوە هەین و بوونمان دەناسینەوە. لەبۆیە بوونە دیاریکراوەکان مەحف دەبنەوە، لێ ئەو بوونە بێکۆتاییە لەناو ناچێ. بەڵام ژیانی مرۆڤ دابڕاو نییە لەو بوونە دیاریکراوە. لێرەوە بەهەمان شێوە دەوڵەتیش لەمێژوودا وێنایەکە یان دەربڕینێکە لەو بوونە بێکۆتاییە. بەمجۆرە دەوڵەت لەدەرەوەی هاووڵاتیاندا، بوونی نییە، بەڵکو ئەوە نەتەوەیە، نەك دەسەڵاتێکی تاکڕەو، دەوڵەت دەکا بەبوونێکی واقیعی. کەواتە، بەواتای هێگل، مرۆڤ منداڵی ڕۆژگارەکەی خۆیەتی، فەلسەفەش تەنیا دەتوانێ ئاییندەکەی خۆی دەستەبەر بکا. لێرەوە هێگل لەسەر ئەو بیرۆکەی خۆی مکووڕ بوو کە دەوڵەتی نەتەوەیی دەبێ سەروەری خۆی هەبێ.



لەوەش بترازێین، بەڵام ئەگەر هێگل کورد بووایە، بەدڵنیاییەوە لەو دۆخە سەرگێژەی ئێستای کورد ڕازی نەدەبوو. هێگل ئەو فیلۆسووفە مێژووگەرایی (Historism)یە کەمرۆڤ و نەتەوە لەپرۆسەی مێژوودا سەیر دەکا. کەواتە، وێڕای دیدی مێتافیزکیی هێگل لەمەڕ مێژوودا، ڕەنگە لەروانگەی فەیلەسووفە پۆستمۆدێرنیستەکانەوە بەگەوهەرگەرایی ببینرێت، چونکە لەدیدی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنەوە مرۆڤ و کولتوورەکان گەوهەرێك نین، کە هێزێکی سەروو دیاریکردن بێت، بەڵکو مرۆڤ و ژیان شتێکی بزۆکە و هەمیشەش لەگۆڕاندایە... هتد. کەچی لەروانگەی زۆر لەهێگلناسەکانەوە، فەلسەفەی هێگل بەفەلسەفەیەکی مێژووگەرا و وەرچەرخێنەرە. هێگل باس لە ڕوحی ئەو مرۆڤە دەکا کەئەرکی ئەوە ئامانجە مێژوویەکەی،"ڕوحی مێژوو" یی خۆی دەستەبەر بکا، تاکوو لەڕوحی جیهاندا ئامادە بێ.

وێڕای ئەمەش، بیرۆکەکانی هێگل لەهەمبەر ئەو دۆخە نەگۆڕەی کەکۆمەڵگای نەریتگری و باوکسالار، کە ئەو بەستەمگەرێك "despot" ناودێری دەکا، ڕۆژهەڵاتیی بەگشتیی و کوردی بەتایبەتی لەنەریتیی و بێدەوڵەتیدا قەتیسماو کردووە، هێشتا جێگەی بایەخە. چونکە ئەگەر ئێمە سەرنج بدەین، دەبینین هەتا ئێستاش نەریتی پەرستنی سەرکردە لەڕوحی ڕۆژهەڵاتیی و کوردیشدا ئامادەییەکی

www.pertwk.com

بەهێزی هەیە. لەبۆیە کۆی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی کوردی، وەك هێمایەکی پیرۆز و بەخشندە سەیری سەرۆکی حیزب دەکەن و پێشیان وایە ئەوە تەنیا سەرۆکەکانمانە کەکورد ئاسوودە دەکەن، نەك ویستی نەتەوە. هەمووومان باش دەزانین و دەبینین، کەئەمڕۆ ئێمە لەشەقام، خوێندگا، دائیرە و ... هتد، هەمیشە هەنیەمان بەوێنەی سەرۆك و سەرکردەکانی رۆژهەلاتیی و کوردیش دەکەوێ. لەوەش زیاتر، هەتا ئەمڕۆش، وێڕای زارقەڵەبالغی رووناکبیر و سیاسەتڤانی کورد لەچەمك و ناوی فەیلەسووفانی رۆژئاوا و ئاشقبوونی کۆمەڵگاش بەتەکنیك و شتە رووکەشەکانی رۆژئاوا، کەچی ئاستی هزرکردن، ئاوەزو رەوشی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی لەنێوەڕۆکدا هەمان ئەو کۆمەڵگایەیە، کەهێگل بەر لەسەدوحەفتا ساڵ باسی دەکا؛ واتا هێشتا کۆمەڵگایەکی نەریتگری نەگۆڕ و خاوەن دەسەلاتێکی ستەمگەر، باوکسالارە، یان بەکورتی، بەرای هێگل، کۆمەڵگای رۆژهەلات خاوەن ئەو گەوهەر و پرینسیپە نییە کەبتوانی ئازاد بێت و لە"روحی جیهان"دا ئامادە بێت. لێرەوە ئەگەر کورد لەپرۆسە مێژووییەکەیدا، لەبری بەرهەمهێنانەوەی هەرەس و پەرستنی سەرکردەکان، ئامانجەکەی ویستی گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵگای کورد و دەوڵەتی نەتەوایەتی بووایە، ئەوکات رەنگە ئەمڕۆ ئەو بیرۆکەی هێگل بۆ خوێندنەوەی دۆخی کورد ئەوەندە بایەخی نەبووایە.



هەرچۆنێك بێت، دوای کورتەیەك لەنمایشکردنی وێنایەك لەو پرۆسە ژیربێژییە مێژووییەی هێگل و دیدی ئەو لەهەمبەر رۆژهەلاتدا، ئاکامگیرییەك لەپیادەکرنی ئەو بیرۆکەیە دەستەبەر دەکەم.

## خوولانەوەی مێژووی رۆژهەلات
## بەدەوری دەسەلاتێکی ستەمگەردا

هێگل لەکتێبی"Historiens filosofi /فەلسەفەی مێژوو"دا، کە کۆوانەیەکە لەنێوان سالانی 1822-1831دا لەبەرلێن پێشکەشی کردوون، باس لەبنەمای گریمانەی پرۆسەی ژیربێژیی مێژووی جیهانێك دەکا، کە ئەو مێژووە لەرۆژهەلاتەوە بەرەو رۆژئاوا دەستپێدەکا، چونکە ئەوروپا کۆتایی مێژووی جیهانە و ئاسیاش دەستپێکی ئەو مێژووەیە. بەواتایەکی دیکە: سەرەتای مێژوو لەئاسیادا

دەستپێدەکا و لەئەوروپادا دەگاتە ئامانجی خۆی. مەبەستی هێگل ئەوەیە کە ئەوروپا دوای بڕینی قۆناغەکانی مێژوو، گەیشتە کۆمەڵگایەکی ئازادو هەموو بەهایەکی ژیانی مەیسەر کرد. هێگل پێیوایە، لەمێژووی جیهاندا، بەواتای وشە، جیهانێکی رۆژهەڵاتی هەیە، لێ رۆژهەڵات بەبێ مێژووی جیهان لەئارادا نییە. مێژوو، کەهێگل وەك دەروازەیەك بۆ "فەلسەفەی مێژوو" باسی دەکا، بەشێوەیەکی بازنەیی بەدەوریی گۆی زەوییدا ناخوولێتەوە، بەڵکو مێژووی جیهان بڕیاریداوە کە رۆژهەڵاتێك هەیە، ئەویش ئاسیایە. لەرۆژهەڵاتدا "رووی دەرەکی فیزیکی رۆژ هەڵدێ ، بەڵام لەرۆژئاوادا رۆژ ئاوا دەبێ" (1)

لەبۆیە خودئاگایی ناوەکی رۆژ لەرۆژهەڵاتدا هەڵدێ و رۆشناییەکی باڵا پەرش دەکاتەوە. مێژووی جیهان ویستی سروشتی مرۆڤ بۆ ویستی گشتی بەرزەفتدەکا، چونکە ویستی سروشتی لەبنەڕەتدا، هەستێکی کێویی و سەرهەڵگرتووە. بۆیە مرۆڤ لەپێناوی ئازادییەکی خودییەوە ئەو هەست و سۆزە کێوییە سروشتیانەی خۆی کۆنترۆڵدەکا. بەمجۆرە، لەروانگەی هێگلەوە، وڵاتانی رۆژهەڵات ئازاد نین، چونکە لەوێدا تاکرەوێك یان ستەمگەرێك باڵادەستە. هەر بۆیە ئێمە لەمێژووی جیهاندا، یەکەمین شێوەی ستەمگەری دەبینین. هاوکاتیش دیموکراسیی و ئەرستۆکراتی، وەك شێوەی دووەم لەوڵاتی گرێك و رۆمدا دەناسین. دەسەڵاتێکی مۆنارکی، دەسەڵاتی پادشاش، وەك شێوەی سێیەم دەسەڵات دەبینین، کە بەجیهانی گێرمەنییەوە گرێدراوە.



هێگل دوای ئەو پۆلێنکردنەی لەپرۆسەی مێژووی جیهانیدا، دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە دەبێ بزانین، دەوڵەت روحی گشتی ژیانە، کە تاکەکەسەکان هەر لەدوای لەدایکبوونیانەوە خوویان بەوە گرتووە متمانە بەو دەوڵەتە بکەن. هاوکاتیش گەوهەر و بوونی راستی تاکەکەسەکان لەخودی دەوڵەتەکەیاندا بەرجەستە دەبێت. لێرەوە ئازادییەکی کاکڵەدار (سۆبستانسیال/substensial) و ئازادییەکی خودگەرا (سۆبێکتیف/subjectiv) لێکجیادەبنەوە. ئازادی کاکڵەدار، بەواتای هێگل، واتا ویستێکی ئاوەزیی، کەئەو تەرزە ویستەش لەدەوڵەتدا دەفراژێ. لێ ئەو ویستە ئاوەزییە هێشتا خاوەن روانگەو ویستی خۆی نییە، کەوەك ئەوەی ئازادی خودگەرا هەیەتی. ئازادی خودگەرا، لەسەرەتادا لەکن تاکەکەسەکاندا هەیە و تێڕامانێکی تاکەکەسییە کەهەست بەبەرپرسیاریی دەکا. کەچی لەجیهانی ئازادی کاکڵداردا نەریت و قانوونەکان نەگۆڕن، چونکە لەوێدا تاکەکەسەکان دەبێ کوێرانە ملکەچ بن و ببنە کۆیلەی ئەو نەریت و قانوونانەی کە لەکۆمەڵگادا باڵادەستن، ئەو نەریت و قانوونانەش لەباوکێکی ستەمگەردا بەرجەستە دەبن کە تاکە کەسێکی ئازادە لەکۆمەڵگایەکانی رۆژهەڵاتدا. ئەو نەریت و قانوونانەش مەرج نییە ویستی هەموو تاکەکەسەکان دەرببڕن، لەبۆیە تاکەکەسەکان وەك منداڵ دەبێ مل بۆ خێزانەکانیان کەچ بکەن و خۆشیان خاوەن هیچ قسەیەك نەبن. بەڵام ئەوکاتەی کە مرۆڤەکان رۆدەچنە ناو روحی خۆیان و جیهانی دەرەکی جێدەهێڵن، ئیتر هزرێکی دژ بەو واقیعە داسەپاوە، واتا دژی ئەو

نەریت و قانوونگەلە لەدایك دەبێ. کەواتە ئەو بەناو خۆ ڕۆچوونەی تاکەکەسەکان لەدژی ئەو واقعیە زاڵە، دابڕانێك لەگەڵ خوا و پیرۆزییەکانیدا، واتا نەریتە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵاتەکەی دروستدەکا. لێرەوە، بەواتای هێگل، لەئاگایی ڕۆژهەڵاتدا لەنێوان مرۆڤگەل، تاکەکەسەکان و خوا، نەریت و قانوونەکاندا، هیچ دابڕانێك لەئارادا نییە. وتمان هێگل پێیوایە، لەنێوان ئازادیی کاکڵدار و ئازادیی خودگەرادا جیاوازی هەیە، لێ لەڕۆژهەڵاتدا هێشتا ئەو جیاوازییە نییە.

ویستی خودگەرایی لەڕۆژهەڵاتدا لەبڕوابوون، وابەستەیی و ملکەچکردنێکدا خۆیان نیشاندەدەن. لەژیانی دەوڵەتدا ئازادییەکی بڕیاردەری ئاوەزییانەی نەگۆڕ هەیە. لێ ئەو ئازادییە بەرەو ئازادییەکی خودگەرا (سۆبژە)یی گەشە ناکا. هێگل ئەو قۆناغە بەقۆناغی منداڵیی مێژوو ناوزەد دەکا [2] لەڕۆژهەڵاتدا خود لەبازنەیەکدا بەدەوری خاڵێکدا دەخوولێتەوە، ئەو خاڵەش دەسەڵاتێکی باوکسالار، کەسێکی "despot "ە و لەپێشی پێشەوەی هەموو شتێکدا وەستاوە. لەوێدا ئەرکی ئەو باوکە باڵادەستە ڕەهایە ئەوەیە کە ژیانی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا بپارێزێ. ئەو نەریتانەش لەناو ڕەگ و ریشەی قانوونە گشتییەکاندا ڕۆچوونە، ڕوانگەی ریشاژۆی ڕۆژهەڵاتی، بەواتای هێگل، لەخود (سۆبژە)دا چڕ دەبێتەوە کە لەوێدا کۆی کۆمەڵگا وابەستەی ئەو خودە باڵادەستەن. لەو کۆمەڵگایەدا هەموو خەیاڵ و توانای مرۆڤ و زەنگینی سروشت بەو تاکە باوکە



باڵادەستەوە دەبەخشرێن یان گرێدراون. لەدەرەوەی ئەو باوکە ستەمگەرەدا ئازادی هیچ مانایەکی نییە. هێگل پێماندەڵێ، لەژێر سایەی ئەو باوکە باڵادەستە ستەمگەرەدا، تاکەکەسەکان زیرەکیی و بەهرەداری خۆیان لەبوونی ئەو باوکەدا ناسدەکەن نەك خودی خۆیان. بەمجۆرە لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەو باوکەدا هیچ فراژان و گۆڕانکارییەك ڕوو نادات. دواجار هێگل لە"فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا دەڵێ، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤە کێوییەکان لەدەرەوەی ڕۆژهەڵاتەوە، کەدەکرێ هێگل، مەبەستی مرۆڤی بێگانە یان ئەو ڕۆشنبیرییە دەرەکییانە بێ، یان دەسەڵاتێکی دەرەکیی بێ، بۆنموونە وەك ئەو دەسەڵاتە کۆلۆنیالیستانەی ڕۆژئاوا کەلەکاتی خودی هێگڵ ڕۆژهەڵاتیان داگیر کردبوو، یانیش مەبەستی هێگل خودی ئەو تاکەکەسە ڕووناکبیرە دەگمانە بێ، کە دێنە ناو ڕۆژهەڵاتەوە، دواجار ئەو "مرۆڤە کێوی"یانە کە دێنە ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتەوە، یان دۆخی ڕۆژهەڵات تێکدەدەن یانیش ئەگەر ئەو "مرۆڤە کێوییانە" یان "بێگانانە" بخوازن لەڕۆژهەڵاتدا بژین، ئەوکاتە ناچار دەبن واز لەو کێویاتییەی خۆیان بهێنن، کە بەمەش کاکلە(سوبستانس)ی خۆیان دەدۆڕێنن. [3] بەدیوێکدا ئێمە ژیانی شوێنی ئەو وڵاتە نەگۆڕانە، وەك "مێژوویەکی بێ مێژوو" دەبینین، بۆ نموونە لەوێ لەوڵاتی چیندا کە دەوڵەت لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزان و حکومەتێکی باوکسالاری دامەزراوە. ئەو دەوڵەتە لەرێگای ئامۆژگاریی، دەستپێوەگرتن و سزاوە گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کۆنترۆڵدەکا. ئەو چەشنە وڵاتە، هێگل واتەنی،

وەك وڵاتێکی ئەفسانە ئامێزە، چونکە هێشتا شێوە دژەکەی، واتا شێوەی بێکۆتایی و ناسنامە نەهاتوونەتە ناو ئەو وڵاتەوە. بەدیوێکی دیکەشدا، لەبەر ئەوەی شێوەی کات لەبەرانبەر شوێنی ناو وڵاتدا وەستاوە. بەواتایەکی دیکە: لەروانگەی هێگلەوە، جیاوازی سەرەکی لەنێوان بیرکردنەوەی کۆمەڵگایەکی نەریتگەرا و کۆمەڵگایەکی نوێباو، لەتێگەیشتن لەکاتدا بەرجەستەدەبێت: کۆمەڵگا نوێباوەکان یان رۆژئاواییەکان کات وەك ئاراستەیەکی ئاسۆیی سەیر دەکەن، کەرەوتەکەی بەرە پێکانی دوا ئامانجی مێژووە، کەچی کات لەکۆمەڵگایە نەریتگەرایەکاندا وەك جووڵەیەکی بازنەیی فامدەکرێ؛ واتا بەپێچەوانەی تێگەیشتنی کات لەرۆژئاوادا، لەرۆژهەڵاتدا مرۆڤ بڕیار لەسەر گۆینی کات نادا، بەڵکو سروشت بڕیار لەسەر جووڵەی کات دەدا. بۆ نموونە کات لەکۆمەڵگایەکی وەك کورددا بەسرووشتی وەرزەکان، هات و چۆی ئەستێرەکانەوە دەگۆڕێ نەك توانای مرۆڤەکان.

بەمجۆرە ئەو دەوڵەتانە بێئەوەی لەپرینسپدا بگۆڕێن، لێ ئەو چەشنە دەوڵەتانە لەگۆڕانێکی بێکۆتایی و لەململانێ و شەڕێکی بێکۆتاییدا خۆیان دەبیننەوە، کەئەمەش وا لەو دەوڵەتانە دەکا بەخێرایی بڕوخێن. لەو ئاراستەیەی دەوڵەت بەرەو دەرەوەی خۆیدا، لەو بەر بەرەکانێ و شەڕەملێیانەی ناوەوەی کۆمەڵگادا، ئەگەری سەرهەڵدانی پرینسیپێکی تاکەکەسی دێتە ئاراوە، لێ ئەو ئەگەرە هێشتا خاوەن ئاگایی خۆی نییە، بەڵکو هەستێکی گشتییانەیە. هێگل ئەو ئەگەرە وەك "رووناکی روحێکی تایبەتمەند" وێنا دەکا کە هێشتا



دەرنەکەوتووە. هاوکاتیش ئەو مێژووە هێشتا بەشی هەرە زۆری بێ مێژووە. چونکە ئەو مێژووە تەنیا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو پادشایەتییە داڕماوەیە.

ئەو مێژووە کەلەرێگای ئازایەتیی و وزەوە دەست بەسەر ئەو دەسەڵاتە کۆنەی پادشایەتییەدا دەگرێ، لێبەڵێ هاوکات ئەو مێژووە نوێیەش بەهەمان بازنەو داڕماندا تێدەپەڕێ. لەبۆیە ئەو داڕمانە واقیعیی نییە، چونکە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە شپرزەیە هیچ گەشەسەندێك روونادا. بەمجۆرە مێژوو تەنیا لەئاستی رووکەشییەوە رێدەکا، واتا بەبێ بوونی ناوکۆیی مێژووە رابردووەکەی بەرەو ناوەڕاستی ئاسیادا رێدەکا. هێگل دەڵێ ئەگەر ئێمە ئەو مێژووەی ئاسیا لەگەڵ تەمەنی جیاوازی مرۆڤەکاندا بەراورد بکەین، ئەوکات ئێمە دەتوانین ئەو مێژووەی ئاسیا بەتەمەنی مێردمنداڵێك بچووێنین. ئەو مێردمنداڵەکە چیتر لەقۆناغی هێمنی و ملکچی و بڕواداریدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئێستا لەبری ئەوە بەرەو دەرەوەی خۆی هاوار دەکا. [4] بەمجۆرە کاتێك ئەو مێژووە لەو تەمەنە مێردمنداڵییەیدا ناتوانێ بەرەو قۆناغی گەورەیی بڕوات، دوا ئامانجە مێژووییەکەی بپێکێ ئیتر وەك بەرتەکێك بەرووی دەرەوەی خۆیدا هاوار دەکا.

بەمجۆرە، وەك هێگل پێماندەڵێ، ئەو مێژووە گەشەی ئاگایی ئازادی مێژوو، مرۆڤ دەگێڕێتەوە. لەمەڕ ئەو ئاگاییەی ئازادییدا، هێگل دەڵێ: "لەوێدا لەدۆخی ستەمگەری ئاسیادا تەنیا کەسێکە یەك ستەمگەر

(despot) ئازاد بوو، بەهۆی کۆیلەیی کۆمەڵگای ئەنتیکەوە چەند کەسێك ئازاد بوون، کە دەگەینە کۆمەڵگای مۆدێرنی مەسیحی لەوێدا هەموو ئازادن."[5] بەر لەوەش هێگل باس لەوە دەکا، بوونی "چەند کەسێکی ئازاد لەگرێکی کۆندا، نەك ئازادی مرۆڤ وەك خۆی"، هەر تەنیا پەیوەندی بەبوونی کۆیلەو ئەشقی جوانی لەژیانی گرێکییەکانەوە نەبوو، بەڵکو خودی ئازادی گرێکییەکان بەشێکی، بەواتای هێگل، وەك گوڵێکی کاتی سیس، سنووردار بوو، بەشەکەی دیکەشی لەیەك کاتدا پەیوەندی بەکۆیلایەتییەکی سەختی مرۆڤایەتییەکی راستینەوە هەبوو. لێ ئازاد بوونی گەلی گێرمەنی، وەك هێگل دەڵێ ئەوکاتە دەستیپێکرد کە: "ئایینی مەسیحی ئەوەی خستە ئاگاییەوە کە مرۆڤ وەك خۆی ئازادە، ئازادی روح سروشتی ناخی ئەو مرۆڤە پێکدەهێنێ. لەسەرەتادا ئەو ئاگاییە لەئایین، لەناخی دەڤەری روحدا سەریهەڵدا؛ لێ بنیاتنانی ئەو پرینسیپە تەنانەت لەگەوهەری جیهانیشدا، ئەرکێکی دیکە بوو، چارەکردن و گواستنەوەی ئەو پرینسیپە پێوسیتی بەکاری بنیاتنانێکی بێوچانی سەختە. [6]
دواجار هێگل باسی ئەوە دەکا، کەهاتنی ئایینی مەسیحی، بۆ نموونە، راستەوخۆ نەیتوانی کۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام وێڕای ئەمەش، ئەو ئازادییە وەك پرینسیپێك لەدەوڵەتەکان، حکومەت، دەستوورەکاندا بەشێوەیەکی ئاوەزیانە باڵادەست بوو. چونکە هێگل پێیوایە ئایینی مەسیحی هەڵگری پەیامی چەشنە ئازادییەك بوو، بەڵام نەیتوانی ئەو



ئازادییە بکاتە کردەیەك، دواجار لەگەڵ دەستبەکار بوونی دەوڵەتە نوێباوەکان ئەو ئازادییە بەرجەستەکرا.

لێ لەڕوانگەی هێگلەوە، دەسەڵاتی ئەو باوکە باڵادەستەی وڵاتانی رۆژهەڵات، کەلەسەر بنەمای ویستێکی سۆزئامێز و هەستەکییدا دامەزراوە، بڕیار لەسەر هەموو شتێك دەدا. ئەو باوکە یەکاتییەکە لەنێوان تەواوی تاکەکەس و ئاپۆرەی خەڵکدا. ئەو تاکەکەسانەی کەلەناو ئەو یەکاتییە نەریتگەرایەدا دەژین ناچارن ژیانێکی نەریتی بەسەر بەرن. هێگل لەدرێژەی "فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا ئەوە جەختدەکاتەوە، کەچونکە ئەو باوکە باڵادەستە ستەمگەرە لەسەر سۆز سازێنراوە، لەبۆیە ئەو باوکە ناتوانێ نەتەوەکەی لەمێژووی جیهاندا ئامادە بکا. چونکە ئەرکی دەسەڵاتدار، وەك نوێنەرێك لەنەتەوەکەی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی و کۆمەڵگایەکی ئازادە. "کەواتە مرۆ دەبێ بزانێ کەدەوڵەت واتای ئازادییە، رەهاترین ئامانجی کۆتاییە. هاوکاتیش مرۆ دەبێ بزانێ کە هەر بەهایەك کە مرۆڤ هەیەتی، هەر روحییەتێکی واقیعی کەئەو مرۆڤە هەیەتی، لەرێگای دەوڵەتەوەیە."[7]

وێڕای ئەمەش، لەبەرانبەر ئەو وێنایەی رۆژهەڵاتدا، هێگل لەدرێژەی "فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا باس لە"روحی جیهان"ێکی جەرمەنی یان رۆژئاوایی دەکا کەهەوڵی یەکەمی ئەو روحە ئەوەیە کەراستییەك لەخۆی نیشانبدا، کە دواجاریش لەو پرۆسەیە ژێرێژییەدا توانی ئەو ئازادییە بپێکێ. ئەو روحە، بەواتای هێگل،

وێنای مرۆڤێك دەسازێنێ کەچۆن روحی مرۆڤ لەپرۆسەی مێژووییەکەیدا گەشە دەسێنێ، توانایەکان ئەزموون دەکا، خودی خۆشی ئەزموونێك دەسازێنێ و بەسەر ئاستەنگەکان سەردەکەوێ تاکو هەقیقەتەکەی بەدەستبهێنێ. بەکورتی هێگل پێیوایە: "هەموو زانیارییەك ئاکامێکە لەپرۆسە مێژووییەکەی. ئەو پرۆسەیە یەکاتییەك لەنێوان ژیربێژیی و مێژوودا پێکدەهێنێ." [8]

لێرەدا روح واتای گەڕانە بەدوای ئازادی، کەبەبڕوای هێگل، واتای ئاوەز، زانین و فەلسەفە دەگەیەنێ. ئەو پرۆسەیەش بەرێگایەکی ژیربێژ (لۆجیك)ی دێتە کایەوە، کەئەمەش بە"میتۆدی دیالێکتیکی" ناسراوە، لێ هێگل ئەو پرۆسەیە بە"لۆجیك" ناوزەد دەکا. هێگل پێیوایە لەو پرۆسە زانیارییەدا، ئەو یەکاتییەی کەلەنێوان تاکەکەس و خەڵکدا دروست دەبێ، هیچ ناکۆکییەك روونادا.

به دیوێکی دیکەش، هێگل وەك فەیلەسووفێکی بۆرژوازی، پێیوایە فراژانی ئاوەزو ئازادی پەیوەندی بەگۆڕان و گەشەسەندنی مافی خاوەنداریەتی سەرمایەدارییەوە هەیە. لەبۆیە لەرۆژئاوادا فەلسەفەی مێژوو ئامانجی خۆی پێکاوە.

هەڵبەتە ئەو پرۆسە لۆجیکییەی هێگل پرۆسەیەکی مێژووییە؛ چەشنە پرۆسەیەکی ژیربێژانەیە. مێژوو، لەکن هێگل، بەشێوەیەکی ژیربێژانە دەفراژێ. لێ لێرەدا مەبەست لەگۆڕانی ئەو مێژووە، گۆڕانی شێوەی کات نییە، بەڵکو مەبەست بەرجەستە کردنەوەی روحێکە لەپرۆسیەیەکی ژیربێژییدا. لێرەوە ئەو دیالێکتیکەی کە "روحی



جیهان" دەئافرێنێ لەجەم سۆبژە (خود)ێکدا هەیە کەخۆئاگاییەکی هەیە. بۆ ئەوەی ئەو سۆبژە خوئاگایە خۆی بەرجەستەبکاتەوە دەبێ لەخودی خۆیدا بچێتە دەرەوە، چونکە ئێمە ئەوکاتە لەسەر خودی خۆمان بەئاگا دەبین کە ئاگاییمان لەسەر ئەواندیکەدا هەبێ. واتا کاتێك ئەواندیکەمان وەك بێگانەیەك ناسکرد، ئەوکاتە ئێمەش لەبەرانبەر ئەواندا خۆمان دەناسێنین، زانیاری لەسەر خۆمان دەستەبەر دەکەین و لەبەرانبەر ئەوانیدیکەدا دەردەکەوین. بەلام وەك بینیمان، هێگل پێیوایە، ئەو خودەی رۆژهەلات لەخۆیدا ناچێتە دەرەوە، بەڵکو تەنیا بەدەوری ئەو باوکە ستەمگەرەدا دەخوولێتەوە؛ ئەو خودە رۆژهەلاتییە لەپرۆسە بازنەیی، نەگۆڕەکەیدا هەمیشە روحی ئەو باوکە ستەمگەرە بەرهەمدەهێنێتەوە.

شایەنی وتنە، هێگل لەکتێبی " Fhänomemologie Geistes/فێنۆمێنۆلۆجیی روح"دا بەوێناکردنی پەیوەندی لەنێوان کۆیلەدار و کۆیلەدا، ئەو گریمانەی خۆیمان بۆ بەرجەستە دەکاتەوە. بەکورتی هێگل لەوێدا باسی ئەوە دەکا، کەلەئاکامی ململانێی نێوان کۆیلەو کۆیلەداردا، کۆیلەدار بەسەر کۆیلەدا زاڵدەبێ. دواجاریش کۆیلەدان بەکۆیلەدار دەهێنێ، لێ کۆیلەدار دان بەکۆیلەناهێنێ، وەك مرۆڤێك بەرێزەوە سەیری ناکا.

کەچی لەکتێبی "فەلسەفەی مێژوو"دا، ئەو کۆمەڵگایە مۆدێرنەی ئێستای رۆژئاوا، بەئاکامگیرییەك لەپرۆسەی ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگای رۆژئاوادا پێناسە دەکا، کە کۆمەڵگاکان لەسەدەی نێوەڕاستدا

www.pertwk.com

بەدژی کۆمەڵگای قووچەکی (هارارکی) دەرەبەگایەتیدا هەڵدەشاخێن. هێگل بەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر سێ "بەرتەك" پۆلێن دەکا:

"یەکەم بەرتەك"، لەوێدا کۆمەڵگا لەقۆناغێکی تری لەدژایەتی و تەڵەکەبازییدا دەژی، ئەمەش ژیان و روحێکی تایبەت بەخۆی دەسازێنێ. لەو قۆناغەدا، وەك دەستپێکێك، بەرتەکی تاکە نەتەوەکان بەدژی ئەو دەوڵەتە گشتییە باڵادەستەی فەرەنسا سەرهەڵدەدا. هێگل "دووەم بەرتەك" بەبەرتەکی تاکەکەسەکان ناوزەد دەکا، کەدژی ئەو دەوڵەتە قانوونییە و قەڵەمڕەوە دەبنەوە. بەمجۆرە لەئاکامی ئەو بەرتەکەدا ئەڵقە گشتییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز و مەحف دەبنەوە. لەوێدا تاکەکەسەکان پەنا دەبەنە بەر کەسە بەهێزەکان و بەمەش ئەوان دەبنە چەوسێنەر. دواجاریش هێگل "سێیەم بەرتەك"، بەبەرتەکی روحانی کڵێسە ناودێر دەکا، کەلەوێدا کڵێسە بەدژی ئەو دۆخە سەپاوە رادەسێن.

هاوکاتیش هیگل لەکتێبی "ئاوەز لەمێژوو"دا باس لەو پرۆسە ژیربێژییە دەکا کەچۆن بەرەو ئامانجە مێژووییەکەی گەشە دەکا. چەمی "گەشەکردن" یان وەرچەرخان، لەدیدی هێگڵدا، رەهەندی خۆی هەیە. چەمکی گەشەکردن، وەك هێگل دەڵێ: "لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، بڕیارێکی ناوەکییە، لەخودی خۆیدا مەرجێکی قەبووڵکراوە، کەخۆی بۆ بوون ئامادە دەکا، خۆی دەکاتە بنەمایەك. ئەو بڕیارە فۆرمێلەش سەرەکییە."[(9)] ئەو گەشەکردن، پێشکەوتنەی کەهێگل باسی دەکا لەپرۆسەکەیدا بەشێوەیەکی ئاسان ناخەملێ، بەڵکو پرۆسەیەکی دژوارە



و هەمیشە یەکانگیری ئەو لەمبەرە دژانە دەبێتەوە کەدێنە پێشی. ئامانجی ئەو پرۆسەیەش کردەی گەوهەری روحێکە، کەخواستی ئازادییە. هێگل ئەو پرۆسەی گۆڕانە لەگەڵ رواڵەتی سروشت بەراورد دەکا. بەدیدی هێگل، چونکە مرۆڤ خاوەن "روح"ە بۆیە گۆڕانی بەسەر دادێ، کەچی چونکە سروشت ئەو "روح"ەی نییە، بۆیە ناگۆڕێ. مێژووی جیهان، وەك هێگل باسی دەکا، لەبنەڕەتدا ئامادەیی روحە لەکاتدا، کەچی بیرۆکەی سروشت لەشوێندا، واتا لەنەگۆڕییدا دەسووڕێتەوە. هاوکاتیش هێگل لەهەمان کتێبدا، جیهانی رۆژهەڵات، یان بەواتای ئەو "موحەمەدیی"ەکان وێنا دەکا: " لەجیهانی موحەمەدییدا، کەخۆی روحێکی رووت ئەبستراکت"ە تاکە خوایەك بوونی هەیە بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا پرینسیپیکی بێ جڵەو وەستاوە - لەجیهانی رۆژئاوای مەسیحییدا؛ پرینسیپێکی باڵا، گەیشتۆتە روحی زانیاری لەسەر خۆی و قووڵایی خۆیدا."[(10)]

بەمجۆرە فەلسەفەی هێگل باس لەپرۆسەی بووناندنی روحی خودێك دەکا، کەنیگەرانییەك، بوونی کۆمەڵێك دۆخ و گرفتاریی وایلێدەکا بەرەو ئامانجێك رێبکا. ئەو روحە، لەروانگەی هێگڵەوە، لەپێداویستی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت. با گوێ لەهێگل بگرین: "دەوڵەت روحێکە، کە لەجیهاندا هەیە و بەئاگایانە خۆی لەجیهاندا بەرجەستە دەکا. — ئەو روحە تەنیا لەدەوڵەتێکدا، لەروحی جیهاندا

دەبێتە خاوەن ئاگایی، وەك بابەتێکی دانپێاهێنراو خۆی دەناسێتەوە."(11)

هێگل لەکتێبی "فەلسەفەی مێژوو"دا وردتر باس لەو پرۆسە ژیربێژییە مێژووییە و خودە بەئاگایە دەکا. بەبڕوای هێگل، پرۆسەی ئەو مێژووە ژیربێژییە لەوەدا بەرجەستە دەبێت "کە ئاوەز بەرپەرچی جیهان دەداتەوە و بەمجۆرە لەهەمان کاتیشدا مێژووی جیهان بەرەو گەیشتن بەئاوەز دەڕوا"(12)

ئەو ئاوەزەش ، بەدیدی هێگل، لەدەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت. لەوێدا دەوڵەت بەڕێوەبەرێکی سەرەکی هەموو دامەزراوەکانە، کەڕوحی مرۆڤەکان دایانهێناون. بەمجۆرە ئەگەر ئێمە بیر لە بیرۆکەی دەوڵەت بکەینەوە، ئەوکاتە ئێمە پابەند دەبین بەیەکایەتییەکی فرەرەهەند، نەك یەکایەتییەکی تاکڕەهەند. ئەم دیدەش پەیوەندی بەفەلسەفەی مێژووی هێگڵەوە هەیە. هێگل پێیوابوو، کە ویستی راستی تاکەکەس وەك ویستی خەڵك وایە. کاتێك ویستی تاکەکەس لەگەڵ ویستی گشتی خەڵك دەبێتە یەك و کاتێکیش هەموو تاکەکەسەکان پێکڤە خولیای دامەزراندنی دەوڵەت دەبن، ئیتر هەموویان تەواو ئازاد دەبن. وەلێ پێویستە ئەوە جەختبکەینەوە، کە هێگل پێیوابوو دەوڵەتێکی پێگەیشتوو بێگومان رێز لەئازادی تاکەکەسەکان دەگرێ. کەواتە ئەو یەکاتییەی کە تاکەکەس و خەڵك لەپێناو دەوڵەتدا هەڵیانبژاردووە، مانای ئەوە نییە، وەك ئەوەی لەرۆژهەڵات و لەکوردستانیش لەئارادایە،



کەدەبێ تاکەکەسەکان واز لەئازادییەکانی خۆیان بهێنن، ئازادی خۆیان لەئازادی ئەو باوکە باڵادەستە فامبکەن. ئەو دەوڵەتەی کە هێگل بەدوا ئامانجی تاکەکەس و گشت خەڵکی پێناسەی دەکا، تاکڕۆ و ستەمگەر نییە، بەڵکو لەیەکایەتییەکەیدا دەوڵەتێکی فرەرەهەند و ئاوەڵایە.

هەڵبەتە لەکن هێگڵدا مێژووی جیهان وێنایەکە لەو روحەی کەکار بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری لەسەر خودی خۆی دەکا؛ مێژووی جیهان، "وەك تۆوێك لەخودی خۆیدا هەڵگری گشت سروشت، تام و شێوەی میوەی درەختێکە."(13) لێرەوە، بەبڕوای هێگل، دەوڵەتەکان هەڵگری مێژوون: "لەمێژووی جیهاندا بێجگە لەپرسی گەل کە خۆی دەوڵەت دەسازێنێ هیچ شتێکی دیکە نییە."(14) چونکە دەوڵەت "ئازادی دەگەیەنێ، واتا باڵاترین ئامانجی بەواقیعبوونە." هەموو بەهای مرۆڤەکان، گشت روحیەتە واقیعییەکەی "تەنیا بەهۆی دەوڵەتەوەیە". هەر بۆیە هێگل نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بەنەتەوەی مێژوویی سەیر ناکا؛ نەتەوەی بێ دەوڵەت هێشتا لەدەرەوەی مێژووە؛ ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتە لەمێژووی جیهاندا ئامادەیی نییە.

بەمجۆرە رۆژهەڵات، لەوانەش وڵاتی چین هەمیشە لەشێوەی خۆیدا قەتیسماوە. هێگل لە"فەلسەفەی مێژوو" و "ئاوەز لەمێژوو"دا، ژیربێژی چەمکی پێشڤەچوون وەك هاوتەریبییەك لەگەڵ مێژوودا سەیر دەکا، کەچی چین شێوەیەکە لەبوونێکی تەواو بێخەسڵەت؛ نەگۆڕ. بۆیە چین دەکەوێتە دەرەوەی پرۆسەی ژیربێژیی

www.pertwk.com

پێشقەچوون. ئەو نەگۆڕییە، بەواتای هێگل، هیندستانیش بەخۆیەوە دەگرێ، چونکە خۆی جیهانێکی نەگۆڕی بێ کۆنترۆڵە، بۆیە لەوێدا ناکرێ هیچ دیمەنێك لەیەکتری جیابکەینەوە. بەواتایەکی دیکە: هیندستان نموونەی مێژوویەکە لەنەبوونێکی بێخەسڵەتدا. لێرەدا دەبێ بڵێین، کە نەریت"ی نەگۆڕان، خەسڵەتێکە لەگەڵ دەستپێکی ژیانی کۆمەڵگایەکدا دەستی پێنەکردووە، بەڵکو نەریتەکانی کۆمەڵگا دوای کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە بوونەتەوە.

لەوەش بترازێین، لەو روانگەیەی هێگڵەوە، "رۆژهەڵاتییەکان هێشتا نازانن، کە روح یان مرۆڤ وەك خۆی ئازادە؛ چونکە ئەوان نازانن، ئەوان ئەوە نین. ئەوان ئەوە دەزانن کە ***تاکێك*** ئازادە؛ بەڵام هەر بۆیە بۆ ئەوان ئەو جۆرە ئازادییە، سۆزێکی وابەستەییە و هاوکاتیش ئەو ئازادییە تەنیا دەراوێتە نییە یان جەڵەبی نییە. بۆیە ئەو ***تاکە کەسە*** ستەمگەرە، پیاوێکی ئازاد نییە."(15) لێرەوە هێگل پێیوایە، کەئازادی چەمکێکی ناوەکییە و بڕیارێکی ژیربێژیی بەرهەمیهێناوە. هاوکاتیش ئازادی پەیوەندی بەئامانجێکی گشتی کۆمەڵگاوە هەیە، ویستێکی هاوبەشی کۆی کۆمەڵگایە کەلەپێناوی بەختەوەریی گشتیی، یان هێگل واتەنی، لەپێناوی شکۆمەندی وڵاتی دایکدا دێتە کایەوە. کەچی کۆمەڵگای سۆزداری رۆژهەڵات، بەپێچەوانەی کۆمەڵگای رۆژئاوا، ویستی خەڵك لەپێناوی ئازادی "سۆزەکان، ئامانجی حەزی تاکە کەسێکی بالادەستە، تێرکردنی خۆویستەکانە؛ بۆیە ئەو تاکە کەسە، باوکە



بالادەستە گوێ بەهیچ سنوورێك نادا کە قانوون و نەریت بۆی داناوە."(16)

هەڵبەتە کۆمەڵگایە نەریتگەرایەکان بەهاوئاهەنگییەك لەگەڵ ژینگەکەیاندا گەشە دەکەن.

کەواتە لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کەپەیوەندی بەبابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە، بەبڕوای هێگڵ، ئەوکاتە تیۆرییەکی سیاسی سەرهەڵدەدا، کە کولتوورێك، نەتەوەیەك پێشتر پێگەیشت بێت، خاوەن پرینسیپی ئازادی بێت، خاوەن ئاگاییەکی خەملیوو بێت و ئامادەیی ئەوەی هەبێت کەشوێنێك، قەوارەیەك بەنەتەوەکەی خۆیی و ئەوانیدکەش ببەخشێ.

هەتا ئێرە هەوڵماندا وێنایەکی چکۆلە لەومێژووە جیهانییەی هێگڵ نمایش بکەین.

## سووڕانەوەی بزافی کورد بەدەوری دۆخی بندەستیی و نەریتە نەگۆڕەکانییەوە

لێرەدا دەکرێ بپرسین: گەلۆ هۆی نەگۆڕی کۆمەڵگای کورد لەتەواوی مێژوودا لەچیدایە؟ بۆچی کورد نەوە دوای نەوە، لەخەباتێکەوە بۆ خەباتێکی دیکە هەمیشە هەمان شکست بەرهەمدەهێنێتەوە؟ بۆچی نوێنەرانی بزافە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان نەیاتوانیووە ئەو کۆمەڵگایە نەریتییەی کورد بۆ کۆمەڵگایەکی نوێباو بگۆڕن؟ بۆچی ئەو بزافە رزگاریخوازە نوێیەی کەلەدوای هەرەسی بزافی چەکداریی(1975)ەوە سەریهەڵدایەوە ، کە کورد لەپێناوی سەرکەوتنی ئەو بزافەدا، بەهەزاران قوربانی گیانی پێشکەشکرد، ئەنفال کراو نیوەی دێهات و شەرەکانی وێران کرا و عارابێنرا، کەچی نەیتوانی، ئەو ئامانجەی کەهێگل باسی دەکا دەستەبەر بکا؛ نەیتوانی کۆمەڵگای نەریتگری کوردستان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ ساز بکا تاکوو خۆی لە"روحی جیهاندا ئامادە بکا؟



دواجاریش، گەلۆ چۆن ئەو روحەی، کەهێگل باسی دەکا، لەکۆمەڵگای کورددا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە یان بەهەمان بازنەدا دەخوولێتەوە؟

هەڵبەتە ئێمە دەزانین، کەهەم لەرابردوو و هەمیش لەئێستادا کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی هارارکی بووە و هاوکاتیش لەکۆمەڵگای ئێمەدا پایەی پیاوە ئایینی، خێڵ و سیاسییەکانی لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە. بەمجۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگای کوردییدا لەئاراستەکردنی کۆمەڵدا کاریگەریی خۆیان هەبووە و هەیە.

کەواتە پێویستە لەوە تێبگەین کەسەرچاوە ئیدیۆلۆجییەکانی کورد چتۆ رۆڵێکیان هەیە لەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو "روحە" نەگۆڕەی کۆمەڵگای کوردی.

دیارە دەستپێکی چەمکی ئیدیۆلۆجی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، کەلەوێدا هزرڤان و سیاسەتوانەکان ئەو چەمکەیان وەك رێبازێکی گشتیی بۆ هزرێك یان بیرۆکەیەك پێناسە کردووە. هاوکاتیش زۆر جار پێناسەکان واتای هەڵەیان لەئیدیۆلۆجی دروستکردووە. بۆ نموونە، ئەوکات مارکس وەك "ئاگاییەکی ساختە"، ئەو پێناسانەی کەئەودەم لەتیۆرییەکاندا دەکران ناودێر دەکرد. هەندێجار لەزانستی کۆمەڵایەتییدا ئیدیۆلۆجی و زانست لێکتر جیا دەکرێنەوە. لەوێدا ئیدیۆلۆجی وەك بەشێکی نیوەچڵ لەزانست

www.pertwk.com

وێنادەکرێ و زانستیش وەك گەردوونێکی راست فامدەکرێ. هاوکاتیش ئیدیۆلۆجی واتای پۆلێنکردنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان یان پۆلێنکردنی چینەکان دەگەیەنێ. لێ لێرەدا جۆرە لێکدانەوەیەك لەتیۆرییەکان هەیە کەدەتوانێ خاڵی دەستپێکێکی گرنگ بێ بۆ راڤەکردنەکان، کەئەمەش مەرجێکە بۆ هەموو لێکۆڵینەوەکان. بەمجۆرە ئەو راڤە کردنە لەتیۆرییەکان دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئەم وتارەی ئێمە.

هەڵبەت ئیدیۆلۆجییە سیاسییەکان جۆرە دیاردەیەکی مێژوویین. چونکە خودی ئەو ئیدیۆلۆجییانە رەنگدانەوەیەکن لەدیاردە مێژووییەکانی وەك: شێوەی ژیانی مرۆڤەکان. بزاڤەکان، حیزبەکان، ململانێیەکان و... هتد. هەر بۆیە بەتێگەیشتن لەکاریگەریی ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانین لەئاکامەکانی ئەو ململانێیانەش بگەین.

کەواتە بەرەچاوکردنی ئەو پاشخانەی کە بەخێرایی نمایشمانکرد، هەوڵدەدەین راڤەیەك لەچۆنییەتی ئیدیۆلۆجی سیستەمەکان دەستەبەر بکەین. هەڵبەت ئەم راڤەکارییەی من لەئیدیۆلۆجی سیاسی لەئاکامی ئەوە بەرهەمهاتووە، کە چۆن جۆرە ئێدیۆلۆجییەك لەژێر کاریگەریی هەندێك پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا، یان وەك هێگڵ باسی دەکا، بەهۆی نیگەرانییەکەوە سەرهەڵدەدا، گەشەدەسێنێ، دەگۆڕێ و دواجاریش لەدامەزراوێکدا بەرجەستە دەبێتەوە. لێ لەرۆژهەڵاتدا ئەو پرۆسەیە، چونکە بێبەرییە لەناوکۆیی مێژووی رابردوو بزاڤەکان،



چونکە نوێنەرەکانی ئەو بزاڤ و کۆمەڵگایانەی رۆژهەڵات خاوەن پرینسیپ و روحێکی ئازادی نین، چونکە وابەستەی سۆز و ئەو تاکە باوکە ئازادە باڵادەستەن، بۆیە هەمیشە چاڵی روخاندنی خۆیان هەڵدەکەننەوە، واتا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایێ.

لێ هاوکاتیش ئەو راڤەکارییە ناکرێ وەك تاکە ئاکامگیرییەك لەپرۆسەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەدا سەیر بکرێ، بەڵکو دەکرێ وەك یەکێك لەو راڤەکارە ئیدیالیانەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە سەیر بکرێ. وێڕای ئەمەش ئەو راڤەکارییە هەوڵێکی پیادەکارانەیە بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسە مێژوویانەی کوردستان. ئەم راڤەکارییەش تایبەتە بەکۆمەڵگایەکی نەریتی وەك کوردستان.

چونکە بەگشتی لەکۆمەڵگایەکی نەریتگەرای وەك کوردستان شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەم مێژووەوە بەناو جەستەی کۆمەڵدا رەگیان داکوتاوە. لەبۆیە، بەواتای هێگڵ، لەو تەرزە کۆمەڵگایەدا ئەو گرووپ و تاکەکەسگەلەی کە هەڵگری بیرکردنەوەی جیاوازن، لەدواجاردا ناچار دەبن مل بۆ نەریتە باوەکان و هێزە نەریتگەرایەکانی ناو کۆمەڵگا کەچ بکەن. بەمجۆرە تاکەکەسەکان بەدەست نەبوونی ئەلتەرناتیڤێك لەبەرانبەر ئەو دۆخە قەتیسماوەدا، یان گۆشەگیر دەبن و یانیش، وەك هێگڵ باسی دەکا، پەنا دەبەنە بەر کەسایەتی و تاکەکەس و هێزە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگاو دواجاریش

دەبنە ئامرازێك بۆ هێزە باڵادەستەكانی ناو كۆمەڵگا. ئەو دیاردەیەش لەتەواوی مێژووی بزڤەكانی كوردستاندا كێشەیەكی بەرچاوە.

لەمێژووی كورددا، بەتایبەتیش دوای كشانەوەی دەسەڵاتە كۆلۆنیستەكان لەبیستەكانی سەدەی بیستەمدا، هەموو بزاڤە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەكانی كورد، لەسەرەتادا ئەوە كەسایەتییە پێشكەوتنخوازەكانی كورد بوون كەبوونەتە پێشەنگی ئەو بزاڤانە، بەڵام لەئاكامدا ئەو پێشەنگانە ناچار بوونە لەگەڵ هێزە كۆنەوارەكانی ناو كۆمەڵگای كوردستان سازش بكەن و دواجاریش ئەو هێزە نەریتگەرا و كۆنەوارانە جڵەوی ئەو بزاڤانە بگرنە دەست. بۆ نموونە، دەكرێ سەرنجی بزاڤە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەكانی هەموو پارچەكانی كوردستان لەكۆتایی سەتەی نۆزدەمەوە هەتا دەگاتە شەستەكانی سەدەی بیستەم بدەین، كەدەكرێ ئەو بزاڤانە بەسەرهەڵدانی ڕەوتێكی نوێباو لەهزری نەتەوایەتیی كورد فامبكەین، بۆ نموونە، شۆڕشی شێخ عوبێدولای نەهری، ڕاپەڕینەكەی شێخ سەعیدی پیران لەباكووری كوردستان، ڕابوونی سمكۆی شكاك لەڕۆژهەڵات، شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید، بگرە ئیماراتی سۆران و "كۆماری كوردستان"ی جوانەمەرگ، وەك ڕەنگدانەوەیەكی بزاڤە ڕۆشنبیریی-سیاسییەكانی ئەو ڕۆژگارە سەیر بكەین. دەكرێ ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرانەش لەوێنەی تاكەكەسگەلێكی وەك : بەدرخانییەكان لەباكوور، حوزنی موكریانی كەوەك كۆچەرێكی ڕۆشنبیریی لەڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە هاتە



ڕەواندز و دواجاریش باكوور و ڕۆژئاوای بچووك، حاجی قادری كۆی، جەمیل سائیب، ئەحمەد موختار جاف، پیرەمێرد، ڕەفیق حیلمی، دڵدار، ئەحمەد تەقی، هێمن و دەیان تاكەكەسی نووسەر، سیاسەتڤان و شاعیری دیكە لەو نموونانە كەبەروحێكی ئازاد بیریان لەئازادكردنی بوونی كورد لەو دۆخە نائازاد و نەریتگرییە كردەوە. كەچی لەدواجاردا خەونی ئەو ڕووناكبیر و گشت بزاڤانە، وێڕای فاكتەری دەرەكیی، لەو پرۆسەیەدا شكستیان هێنا و لەبەرانبەر داب ونەریتەكانی هێزە خێڵەكییەكانی ناو كۆمەڵگای كوردستان ملكەچ بوون. بەمجۆرە كۆمەڵگای كوردستان گەڕایەوە هەمان دۆخی جارانی خۆیەوە. لێرەدا من مەبەستم نییە، كە یەكە یەكەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیریی و سیاسییانەی كوردستان پۆلێن و نمایشبكەم، لێ خوێنەری مەیلەبە ئاگا لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستان خۆی دەتوانێ ئاوڕێك لەكۆی ئەو بزاڤانە و ئاكامە خەمهێنەرەكانیان بداتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، چونكە لەكۆمەڵگایەكی نەریتیدا پرۆسەی نادادپەروەریی و چەوساندنەوە بەراشكاوی پەیڕەو دەكرێ. چونكە لەوێدا دەسەڵاتی نەریتگەرا بەناخی مرۆڤەكاندا ڕۆچووە، لەبۆیە ئەو دەسەڵاتە باوكسالارە، وەك هێگڵ دەڵێ، پێویستی بەوە نییە بەهێز خەڵك بچەوسێنێتەوە، بەڵكو خودی مرۆڤەكان دەبنە ئامرازێك بۆ سەركووتكردن و چەوساندنەوەی یەكتر؛ واتا مرۆڤ لەو كۆمەڵگا

www.pertwk.com

نەریتیانەدا، وەك سێبەرێك لەو خاوەن دەسەڵاتە رەهایەوە، خۆیان ئەکتر کۆنترۆڵ دەکەن. وەك دەزانین، کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەسەڵاتی حیزب و هێزە ئاینییەکان لەپرۆسە بەردەوامییە نەگۆڕەکەیاندا بەناو ناخی خەڵکەوە رەگیان داکووتاوە، بۆیە خودی کۆمەڵگا بەرەفتار و هەڵوێستەکانیانەوە یەکتر دەمکووت دەکەن. بۆ نموونە، لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991، سەرەتا، بەواتای هێگڵ، ئازادییەکی جەڵەبی، هەستەکی هاتە کایەوە، لێ دواجار نوێنەری هێزە نوێخوازەکانی کورد لەباشووری کوردستاندا، بەهۆی باڵادەستی ئەو هێزە کۆنەوارانەی ناو کۆمەڵگا، دەستیانکرد بەسازشکردن لەگەڵ ئەو هێزە نەریتگەرایانەدا، بۆ نموونە، لەوکاتەی کە رای جیهانی سۆزێکی باشی بەرانبەر پرسی کورد هەبوو، کەچی پارتیی و یەکێتی، بێ راپرسییەکی جەماوەریی، رێگای بەغدایان گرت و دەستیانکرد بە"گفتوگۆ" یان "سازشکردن" لەگەڵ رژێمی بەعسدا، کەدواجاریش ئەو کارە تاکەکەسە خودئاگا و ئازادەکانی کورد وێڕانکرد. دوای ئەمەش لێبووردنی گشتی بەرانبەر کۆنە جاش و هەڵەپەسەکانی کورد و کۆکردنەوەی خێڵەکان لەلایەن ئەو حیزبانەوە، یان وەك دەڵێن "بەرەی جود" و کردنیان بەبەرپرسگەلێکی هەستدار بەسەر کۆمەڵگادا... هتد. لەوێوە ئەو بزاڤە گەڕایەوە باوەشی هەمان نەریتی کۆنینەی ناو کۆمەڵگاو بەرهەمهێنانەوەی روحی سازشکاریی کورد لەگەڵ روحی وابەستەییدا.



لەوەش بترازێین، هەر یەك لەئێمە دەتوانێ رەفتاری دەمکوتکردنی خەڵك لەلایەن خەڵکەوە لەکوردستان و بگرە کۆی کۆمەڵگا نەریتگەرایەکان رۆژهەڵاتیش بهێنینە بەرچاری خۆمان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ ئەو ئیدیۆلۆجییە نەریتەگەرایە هەتا کەنگێ کۆمەڵگا بەڕێوە دەبا؟ هەڵبەت دەبێ بزانین، کە ئەو ئیدیۆلۆژییە نەریتگەرایە خاوەن سیستەمێکی داڕێژراوی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەهاوسەنگییەك لەناو جەستەی خەڵکدا دەژی. کەواتە دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە لەپێکهاتەکانی خودی کۆمەڵگادایە. وێنەی ئەو کۆمەڵگایەش بریتییە لەئاماژەگەلێکی رووت یان بیرلێنەکراوە، لەبۆیە وەرچەرخاندنی گشتی ئەو کۆمەڵگایە کارێکی ئاسان نییە. چونکە، وەك هێگڵ پێمان دەڵێ، ئەو پرۆسەی ئازادییە، هەمیشە رووبەڕووی لەمپەرەکان دەبێتەوە، ئەم لەمپەرانەش بریتین لەهێزە کۆنخوازەکانی کۆمەڵگا. هەر بۆیە ئەوەی دەتوانێ ناخی چەقبەستووی کۆمەڵگای نەریتی کورد بگۆرێت، بوونی شەپۆلگەلێکی کارای ئیدیالییە لەهێزە نوێخوازەکانی ناو کۆمەڵگادا. بەراڤەکردنێك لەهێگڵەوە، رەنگە لەهەندێ قۆناخدا گۆڕانکارییەکانی دەرووبەری کۆمەڵگاو هاتنی رۆشنبیرییەکی نوێ بۆناو کۆمەڵگا، وەك لەحەفتایەکانی سەدەی رابردوو، کە بیرۆکەی چەپگەری لەدەرەوەی کوردستانەوە هاتە ناو کۆمەڵگای کوردو دواجاریش ئەو بیرۆکەیە بووە وزەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان. لەوێدا ئەو رۆشنبیرییە

چەپگەرایە توانی زەمینەی لەدایکبوونی ئەو شەپۆلگەلە لەبزاڤە ئیدیالییە خۆشبکا. لێ چونکە، هێگڵ واتەنی ئەو مێژووە تەنیا لەئاستی دەرەکییەوە ڕێدەکا، واتا بەبێ بوونی ناوکۆیی مێژووە رابردووەکەیەوە سەرهەڵدەداتەوە، کەواتە ئەو مێژووەی کورد تەنیا لەئاستی دەرەکییەوە ڕێدەکا. لەبۆیە ئەو شەپۆلگەلە رۆشنبیرییە، سیاسییە هەڵگری روحی مێژوویی، ئامانجی دەوڵەت و گۆڕان نەبوو، لەئاکامدا بووە بەرهەمهێناوەی هەمان روحی خۆی، ملیان بۆ هێزە کۆنخوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان کەچکرد. بەڵام ئەگەر ئەو شەپۆلگە ئیدیالییە لەپێناوی گۆڕانی کۆمەڵگا، دەستەبەرکردنی ئازادی، خۆی ئامادەباش کردبا، ئەوکات هێزە باڵادەستە نەریتگەرایەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەوتنە بەر هەڕەشەوە. هەڵبەتە زۆر جاران وێڕای لەدایکبوونی ئەو شەپۆلگەلەئیدیالییە نوێیانەش، بەڵام دواجار رەنگە نەتوانن گۆڕانێکی بنەڕەتی لەکۆمەڵگادا بسازێنن، چونکە کۆمەڵگایەکی نەریتگەرا بەهۆی دەڤگرتنی بەنەریتە داسەپاوەکانەوە دەتوانێ داکۆکی لەخۆی بکا. بەدەم ئەو ململانێیەوە رەنگە ئەو شەپۆلگەلەئیدیالیانە نەتوانن بەرەنگاری ئەو هێزە نەریتەگەراو خاوەن ئەزموونە ببنەوە، هەروەك ئەوە قەدەری هەموو بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی کورد بووە، هەر بۆیە دواجاریش هەرەسیان هێناوە. لێرەدا، بەگەڕانەوەیەك بۆ لای هێگڵ، بەرای من، لەتەواوی مێژووی کورددا، وێڕای قووڵبوونەوەی نیگەرانییەکانی کورد بەهۆی بندەستیی و بێدادی کۆمەڵایەتییەوە بۆ تەنگژە، بەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانی دەرەکیی و



ناوەکییەوە، لەشەپۆلگەلێك لەهێزی نوێخواز لەکۆمەڵگای کوردیدا لەدایکبووە، بەڵام لەدواجاردا ئەو شەپۆلگەلە لەهێزە نوێخوازەکان لەکۆمەڵگای کوردییدا ناچار بوونە بەرانبەر هێزە نەریتگەراکانی ناو کۆمەڵگا، یان کۆمەڵێ بەرپرسی نەریتگەرای ناو حیزبەکان ملکەچ بکەن.

کەواتە هاوکاتیش، دەتوانین بڵێین، کەئەوە ئاکامی مەرجەکانی دەرەکی یان گۆڕانکارییە دەرەکییەکانە کە دەتوانێ ***تەنگژەیەك*** لەکۆمەڵگای نەریتگەرادا بسازێنێ یان زەمینەی تەقینەوە بۆ ئەو نیگەرانیی و تەنگژانەی ناو کۆمەڵگا بڕەخسێنن و دواجاریش لەبزاڤێکدا بەرجەستە ببنەوە. ئەو تەرزە نیگەرانیی و تەنگژەیەش هەمیشە کێشەی ئابووریش دروستدەکا. بەمجۆرە ئەگەر ئەو شەپۆلگەلە لەهێزە نوێخوازەکان بەشێوەو وزەیەکی خەملیووەوە کار بکەن، ئەوکات بۆ هێزە نەرێتگەرایە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگا ئاسان نییە کەبتوانن ئەو بزاڤە نوێخوازانە خەفە بکەن. هاوکاتیش سەرچاوە ئابووریی و مانەوییەکانی ئەو هێزە نەریتگەرایەی کەبەسەر کۆمەڵگادا باڵادەستە، کاریگەریی نامێنێ. وەلێ زۆر جاران دروستبوونی ***تەنگژە*** لە ناو خودی کۆمەڵگایەکدا مەرج نییە پەیوەندی بەئاستەنگێکی دیاریکراوەوە هەبێ، دەکرێ دروستبوونی ئەو تەنگژەیە پەیوەندی بەکێشەی ڕێکخستنی سەرچاوە ئابووریی و ئاستەنگی ڕێکخراوەکانی یان سیاسەتیی مرۆڤکوژانەی دەسەڵاتێکەوە هەبێت، وەك بینیمان لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، کێشەی کورد لەگەڵ ئەو رژێمەدا،

لەبنەڕەتدا کێشەیەکی ئابووری نەبوو، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیی و نەتەوایەتی بوو، یان وەك ئەوەی کە ئێستا لەکوردستاندا لەئارادایە. لەم رەوشەی ئێستای کوردستاندا باری ئابووری، نەبوونی سەرچاوەی بەرهەمهێنان و نەبوونی سیستەمێکی راشکاو لەدیارکردن و خەرجکردنی بودجەی کوردستان، کۆمەڵگای ئێمەی تووشی نیگەرانیی و تەنگژەیەکی قووڵکردووە، بەڵام وێڕای ئەمەش، خودی تەنگژە هەمیشە پەیوەندی بەکێشەگەلێکی سیاسییەوە هەیە. لەوێدا کاتێك هاوسەنگی نێوان گرووپەکانی ناو کۆمەڵگا شیرازەی تێکدەچێ. بەمجۆرە هێزە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا چیتر ناتوانن بەسەر کۆمەڵگا و ئەو گرووپانەوە زاڵببن، ئیتر ئیدیۆلۆجییە نەریتگەرایەکانیش چیتر کایەیان نامێنێ. کەواتە لەو دۆخەدا دەسەڵاتی نەریتگەرای کۆمەڵگا ناتوانێ چیتر مرۆڤەکان کۆنترۆڵ بکا. لەئاکامی ئەمەشدا دەسەڵاتی باڵادەست بەشێوەیەکی راشکاوانە ئەو گرووپانە دادەپڵۆسێ.

لێرەدا جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کەئاماژە بەوە بکەین لەبنەمادا ئەو تەنگژەیە رەهەندێکی ئیدیۆلۆجی هەیە. هەر بۆیە جیهانبینییە ئەفسانەییەکانی کۆمەڵگایەکی نەریتگەرا چیتر بەهای نامێنێ و قاڵبەکانی ئەو کۆمەڵگاش چیتر ناتوانن جڵەوی مرۆڤەکان بەرزەفت بکەن.

هەڵبەتە وتمان یەکێك لەدەرهاوێشتەکانی هەموو ***تەنگژەیەك***، بەواتای هێگڵی، سەرهەڵدانی دیاردەی ***نیگەرانیی و شڵەژانی***



کۆمەڵایەتییە. لێرەوە دەکرێ ئەو نیگەرانیی و شڵەژانە شێوەی ***زەبروزەنگ*** وەربگرێ و ئاکامەکەشی ببێتە وێرانکردن یان ببێتە راسانێکی سەرتاسەری. لێ هاوکاتیش دەکرێ ئاکامی ئەو راسانە بەداڕمانی بەهایەکان بگات، واتا وەك چۆن دیاردەگەلی وەك پێڕبازیی و تاقمبازیی یان دیاردەگەلی ناوێزە، وەك بەرپابوونی شەڕی نێوان حیزبەکان، بەهێز بوونی رەوتە ئیسلامییە توندڕۆیەکان، تاڵانکردنی کەل و پەلەکانی ناو کۆمەڵگا و فرۆشتنیان بەئێران لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی ناو ئەو حیزبانەوە، کەدوا ی راپەڕینی بەهاری 1991 لەکوردستاندا هاتنە کایەوە، یان دیاردەگەلێکی بیزۆکی کۆمەڵایەتی کەهەنووکە، دوای رمانی رژێمی بەعس و مۆدەی گەندەڵیی، ژنکوژیی، هەڵدێرانی رەوشتی کۆمەڵگا، سەرهەڵگرتنی لاوان بەرەو هەندەران و پەتای تەکنیك و ... هتد، لەدایکبوون، کەدەکرێ ئەوانە هەموویان وەك دەستپێکی نیگەرانیی و لەدایکبوونی تەنگژەیەك فامبکەین. بەمجۆرە لەئاکامی ئەوەدا روحی گیانفیدایی و دڵسۆزی لەکۆمەڵگای کوردییدا بێبەها بوونەو هەر کەسە و تاقمێك بەشێوەی جوودا لەکۆمەڵگادا گۆشەگیر بوونە و بەژیانی تایبەتی خۆیانەوە سەرقاڵن. بۆ نموونە، شوێنگەلێکی وەك: نادی، رێکخراوە حیزبییە بەناو مەدەنییەکان، وەشانخانە، چاپخانە و ... هتد، بەسەر گرووپگەلێك لەنووسەر، خەڵکی حیزبی، گەنج، رێکخراوە بەناو مەدەنییەکان و ... هتد دابەشکراون. هەر یەك لەو پێڕو گرووپانە بۆ شوێنی پێڕ و گرووپەکانی دیکە ناچن... هتد. لەوەش زیاتر، شیرازەی

نێـوان خێـزان و کۆمـەڵگا تێکچـووە، بەمـەش پەیوەندییـەکانی نێـوان مرۆڤــە جیاوازەکــان وەك جــاران لەســەر بنــەمای ڕێــزو دڵســۆزی نەماوەتەوە، بەڵکو لەسەر بنـەمای پایـەی ماددی، مـۆدەی ئۆتۆمبێـل و وابەســتەیی حیزبــی و ... هتــد بــەڕێوە دەچــن. لــەوەش گــەڕێ، کەپەیوەندییە جڤاکیی و روحی بوغزاویی و لێکترازاوی نێوان هەولێر، سلێمانی، دهۆك و دەڤەرەکانی تری کوردستان لەپەیوەنـدی جڤـاکیی و بـوغزی نێـوان شـارە شـیعە و سوننەنشـینەکانی عێـراق باشـتر نییـە. هۆکردەکــانی نووشســتی ئــەو چەشــنە نیگــەرانیی و شــڵەژانە کۆمەڵایەتییانـە، دەگەڕێنـەوە بـۆ ئـەوەی کەئـەو حیزبانـەی کـە پێشـتر نوێنـەری سازکردنی کۆمەڵگایەکی نوێخواز بوون، کەچـی دوای بوونیـان بەدەسەڵاتدار، بوون بەوێنایەك لەدەسەڵاتێکی نەریتگەرا، یان کۆنباو و نادادپــەروەر. لــەوەش زیــاتر نــەیانتوانی خــەونی کــورد بەرجەســتە بکەنەوە. بەواتایەکی دیکە: ئەو بزاڤەی کەلەنێوەڕاستی حەفتایـەکانی سەدەی رابردوو دەستیپێکرد، نەبوو بە"شۆڕش"، بـەڵکو لـەبزاڤێکی " بەرتەکی"، پەرچەکردارییەوە قەتیسما؛ نـەیتوانی کۆمـەڵگا لەبنـەوەڕا بـەرەو کۆمەڵگایـەکی نوێخـواز وەرچـەرخێنێ، خەونـەکانی کـورد ئـازاد بکــا، بــەڵکو هــەمان هەرەســی پــێش خــۆی، روحــی نــەرێتگری بەرهەمهێنایــەوە. لــێ ئــەو شــڵەژانە کۆمەڵایەتییــەی کەئــەمڕۆ لەکوردســتاندا لەئارادایــە، هێشــتا ئاراســتەیەکی بــەرەو ئامــانجێکی دیاریکراو نییە.



بە دیوێکی دیکەوە، تەنگژە ژیـانی بیرکردنـەوەی کۆمـەڵ جۆشـدەدا. کۆمەڵ بەدوای تێگەیشـتن و دۆزینـەوەی سەرچـاوەی کێشـە جڤـاکیی و سیاسییەکان سەرقاڵدەبن، کە ئەو دیاردەیەش لەکۆمەڵگای نەریتگەرادا، ئەگـەر هەشـبێ، لـێ زۆر لاوازە. لێـرەوە رۆڵـی روونـاکبیران و نووسـەرە خـاوەن خەونـەکان لـەناو کۆمەڵـدا بـەدیار دەکـەوێت. چـونکە کۆمـەڵ چاوەڕێی ئەو توێژە نووسەرو روناکبیرەن کەبتوانن ئاڵۆزییەکانی ئـەو دۆخـەیان بـۆ شـیبکەنەوە و هاوکـاتیش بەشـێوەیەکی کردەیـی وەڵامـی پرسیارە هەنووکەییەکانیان بدەنەوە تاکو بتوانن لەو دۆخە رزگار بـن. وەلێ ئـەمڕۆ، وەك دەبیـنین، ئـەوەی کەبەگشتی نووسـەری کـورد بـیری لێناکاتەوە، ئـەرکی شـیکردنەوەی ئـەو دۆخـەو وەڵامدانـەوەی پرسـیارە هەنووکەییەکانـە. ئـەمڕۆ نووسـەری کـورد، لـەبری راپەڕانـدنی ئـەو ئەرکە، سەرقاڵە بەوەرزشکردنی دەڤۆکی بەناوی فەیلەسووف و چەمکە رووتەکانــەوە، ئــەم دیــاردە قــۆقزەش، بــەرای مــن، نــەك هــەر دوورە لەئەفرانــدن و فراژانــی ئاســتی رۆشــنبیریی کــوردی، بــەڵکو چەشــنە بیانویەکـە بـۆ خـۆ دزینـەوە لەپرسـیارە چارەنووسسـازەکانی کـورد. لەوەش زیاتر، ئەو مۆدە رۆشنبیرییەی کەلەئارادایـە، بـەواتای مارکسی، جۆرێکــە لــە بەرهــەمهێنانی "زانیــاریی ســاختە"، پێناســەکردنی چەمکەکانە لەزمانێکی نیوەچڵدا .

لێــرەدا بەرهــەم و چــالاکییەکانی ئــەو چەشــنە روونــاکبیرە یــان نووســەرە ئیــدیالی، چــاوەڕوانکراوەی کــەمن مەبەســتمە و کــوردیش حەوجەیـەتی، بـە***نوێنـە***ری ئـەو نیگەرانییـە کۆمەڵایەتییـە یـان بزاڤـە

www.pertwk.com

کۆمەڵایەتییانە ناودێر دەکەم. بەرهەم و چالاکییەکانی ئەو نووسەر و چالاکڤانە، وەك نوێنەرێکی ئەو بزاڤە، دەبێ هەڵگری کۆمەڵێك رەگەز بن، لێ گرنگترینیان بوونی رەگەزێکی راڤەکارییە لەو تەنگژەیەدا؛ واتا ئەو بەرهەمانە دەبێ بتوانن هۆکرد و ئاستەنگەکانی ئەو نیگەرانییە یان تەنگژە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەی کەژیانی کوردیان تەنیوەتەوە مشتومالْ بکەن، تاکو بتوانن تەکانێکی نوێ بەروحی ئەو تەنگژەیە ببەخشن. بەرهەمی ئەو تەرزە رووناکبیرە، هەڵبەت لێرەدا مەبەست لەو رووناکبیرە گریمانەیەکی ئیدیالییە، پرسی بوون و نەبوون یان رێژەو ئاستی ئەو رووناکبیرە بابەتی ئەم وتارە نییە، لەبۆیە من لێرە بۆ ئاسانکاری ئەو رووناکبیرانەی کەدەربڕی کێشەکانی ئەو دۆخەن، بەسەر دوو توێژ یان دوو بزاڤ دابەش دەکەم: توێژێکی "***بەرتەکی***"، نێوەرۆکی بۆچوونی ئەو توێژە رووناکبیرە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کەپێیوایە هۆکردی دارمانی کۆمەڵگای باشوری کوردستان و روحی وابەستە بوون و پاشکۆیی هێزە سیاسییەکانی بەدەسەڵاتی داگیرکەرانەوە پەیوەندی بەوە هەیە کەکۆمەڵ چیتر ناتوانێ لەگەڵ ئەو وێنایە نەریتگەرایەی کۆمەڵگا هەڵبکا؛ واتا هۆکردی ئەو دارمانەی کۆمەڵگاو پاشکۆییەی هێزە سیاسییەکانی بەدەسەڵاتی داگیرکارانەوە، پەیوەندی بەو ئاوەزە نەریتگرو چەقبەستووەی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە. چونکە وێنای ئەو دەسەڵاتەی کەنوێنەری کۆمەڵگای کوردی دەکا، توانای نییە هاوسەنگی لەنێوان هێزە جوودایەکانی ناو کۆمەڵگا رابگرێ، دواجاریش ئەو حیزب و نوێنەرە رۆشنبیرییانەی کورد ناتوانن



کورد لە"مێژووی جیهان"دا ئامادە بکەن؛ واتا کورد ئازاد بێ و ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی.

لەبەرانبەر ئەو رووناکبیرە بەرتەکییەدا، توێژێکی دیکە لەرووناکبیر هەیە، کەلێرەدا ئەو توێژە بەرووناکبیری ***پێشکەوتنخواز*** ناودێر دەکەین. تێگەیشتنی ئەو توێژە رووناکبیرە بۆ ئەو نیگەرانیی و تەنگژەیە کۆمەڵایەتییانەی کوردستان لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کەهۆکردی ئەو تەنگژەیەی کۆمەڵگای کوردستان بەبونیاتی کولتووری نەریتی کۆمەڵگاوە گرێدەدەن. ئەو دیدە پێیوایە، کە ئەوەی دەتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکا، وەرچەرخانێکی سەرتاسەرییە لەهەناوی کۆمەڵگادا.

ئەو ئاوەزەی کەئەو تەرزە رووناکبیرانە بەرهەمدەهێنێ لەدوو واتادا بەرجەستە دەبێتەوە. بەشێك لەو رووناکبیرانە بەشێوەیەکی راشکاو و تۆکمە ***رووبەڕووی خەسڵەتەکانی ئەو تەنگژەیە نابنەوە***. هەڵبەتە مانای ئەوە نییە جەماوەر لەرووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژەیە دەستەوەستاو بن، بەڵکو جەماوەریش ئامرازێکی بەهێزن، لەبۆیە هاوکاتیش دەکرێ ئەو جەماوەرەش هێزێکی بەرهەمهێنەر بن. بەشەکەی دیکەی ئەو رووناکبیرە کەسگەلێکی ئازادن، لێ ئەوانە بێجگە لەزارقەڵەباڵغییەکی بێویست ناتوانن هیچی دیکە ئەنجامبدەن.

لەوەش بترازێین، توێژەکانی دیکەی ئەو رووناکبیرانەی کە لەدەرەوەی ئەو دوو توێژە رووناکبیرانەن، ناتوانن لەقسەکردن زیاتر

هیچی دیکە بکەن. کەواتە ئەوانە تەنیا ڕووناکبیرگەلێکی تووڕەن. لێ، وەك لەو بەشەی کە باسی هێگڵمان کرد، لەوێدا هێگڵ باس لەهاتنە ناوەوەی مرۆڤگەلی "کێویی" یان "بێگانە" دەکا، کەدواجار ئەو مرۆڤگەلە یان تاکەکەسە خودئاگایانە ڕووبەڕووی هێزە کۆنخواز، نەریگرەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە دەبنەوە، دواجار ناچار دەبن لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگا خۆیان بگونجێنن، کەبەمەش کاکڵەی خۆیان دەدۆڕینن، ئەگینا جێگەیان نابێتەوە. کەواتە ئەو جۆرە نووسەر و ڕووناکبیرانە لەکۆن و ئێستای کوردستان بوونیان هەبووەو خوێنەرو خەڵکانێکی زۆر بوونەتە لایەنگیریان، لێ لەدواجاردا زۆرینەی ئەو ڕووناکبیر و لایەنگیرە دەروێش ئاسایانەیان بەرەبەرە لەشێوەی تاقمگەریی یان وەك سێکت، پێڕێکی عەقیدەدار خۆیان نمایشکردووەو دەکەن یان پەنا بۆ تاکەکەسە بەیزەکانی ناو کۆمەڵگا دەبەن یانیش لەهێکڕا دەچنە ناو حیزبە دەسەڵاتدارەکان. لەوەش زیاتر، دواجار پرۆسەی ئەو دیاردە ڕۆشنبیرییەش، وەك دیاردەی حیزب، لەپەرستنی تاکەکەسێکی ڕۆشنبیرییدا قەتیسدەمێنێ. بەواتایەکی دیکە، وەك چۆن کۆمەڵگا باوکێکی ستەمگەری باڵادەست دەکا بەهێمای پیرۆزیی خۆییەوە، بەمجۆرە دەبێ حیزب، دەسەڵات و کۆمەڵگا لەبەرانبەر ئەو باوکەدا ملکەچ بن. بەهەمان شێوەش ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە تاکەکەسێکی ڕۆشنبیریی دەکا بەباوکێکی ڕۆشنبیریی پیرۆزو هەموو بەهایەکی ڕۆشنبیریی کوردی لەو تاکەکەسە ڕووناکبیرە باوکسالار ئاسایەدا دەبینن. بەمجۆرە، وەك هێگڵ دەڵێ، کۆی تاکەکەسەکانی کورد



بەهرە، تواناو بەختەوەرییەکانی کورد لەبەخشندەیی ئەو باوکە سیاسیی و باوکە ڕۆشنبیرییە باڵادەستانەدا دەبیننەوە. وێنای ئەو تەرزە نووسەرەش لەمێژووی دوورو نزیکی کوردستاندا زۆر ڕوونە، بۆیە پێویست ناکا لەسەری بڕۆین.

لەو ڕوانگەیەوە، هەندێك لەو ڕووناکبیرانە، لەبەر زۆر هۆکاری جڤاکی و ئاستی هۆشمەندی خوێنەر و خەڵکانی دەوروبەرەکانیانەوە، دەبنە مایەی سەرنجکێشانی ناوەندی ڕۆشنبیریی و بگرە ئاپۆرەی خەڵکیش. ئەو ڕووناکبیرانە لەسەر بنەمای پاشخانی خۆیانەوە زۆر جاران ڕۆڵی ڕێبەری کاریزمایی دەبینن، ئەوانە بەهۆی کێشەی ئەو نیگەرانییەی کە لەکۆمەڵگادا هەیە، تاقم و لایەنگیرەکانی خۆیان ڕێکدەخەن. بەمجۆرە ئەوانە وەك تاقمێك لەکۆمەڵ ڕەوتێك بەرەو ئامانجێك دروست دەکەن و دەبنە بەشێك لەو بزاڤە کۆمەڵایەتییە ساوایە. لێرەوە ئەو تاقمە لەڕووناکبیر و خەڵکە وێنای چەشنە ئیدیۆلۆجییەك دەنوێنن و دواجاریش دەبن بەفاکتەرێك لەدەسەڵاتی سیاسییدا، بەمەش دەکرێ لەداهاتوودا بتوانن کۆمەڵگا بگۆڕن. لێ هێگڵ واتەنی، لەگەڵ جێگیرنوونی ئەو دەسەڵاتە، گۆڕێك بۆ خۆیان هەڵدەکەنن. چونکە ئەو دەسەڵاتە نوێیەش نەیتوانیووە ئەو کۆمەڵگایە نەریتگرە، تاکە باوکە باڵادەست و ستەمگەرە بگۆڕێ و دوا ئامانجی ئەو پرۆسە مێژووییە بەرجەستە بکاتەوە؛ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بەرهەمبهێنێت. هەڵبەتە لەمێژووی کورددا ئەو نووسەرو

ڕووناکبیرانە نموونەیان زۆرە، لەئێستای کوردستانیشدا، هەرچەندە دەگمەنن، لێ بەرچاو دەکەون. بەمجۆرە لایەنگیرانی ئەو بزاڤە ساوایەی کە ئاماژەم پێکرد، وەك هێزێکی ئیدیالی، بەجۆش و خرۆشەوە ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن و ئامادەشن خۆیان بکەنە قوربانی ئامانجەکانیان. ئەو لایەنگرە ساوایانە وەك هێمای ئەکتۆریتارێك سەیری نوێنەری بزاڤەکەیان دەکەن و پێیان وایە کەئەو نوێنەرە ئەکتۆریتارە خاوەن هەموو راستییەکەو کلیلی چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکانی کۆمەڵگا لەکن ئەوە. ئەو دیاردەیەش وێنای تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەنوێنێ. ئاشکرایە لایەنگر و ئەندامانی بزاڤە یەك لەدوای یەکەکانی کورد هەمیشە چارەنووسی خۆیان و پرسە نەتەوایەتییەکانیان داوەتە دەست سەرۆکە ئەکتۆریتارەکەیان و دواجاریش ئەو ئەکتۆریتارانە خەونی کوردیان بەهەدەر داوە. جێگەی سەرنجە، ئەمڕۆ تەواوی نووسەرو خەڵکی کورد، چارەنووسیان داوەتە دەست سەرکۆی حیزب و حکومەت، وەك ئەوەی ئەو نەتەوەیە بێویست بن لەبەشداریکردنی چارەنووسی خۆیاندا. راو بۆچوونی کورد سەبارەت بەو پرۆسەیەی کەئەمڕۆ لەباشووردا لەئارادایە هیچ رۆڵێکی نییە تەنیا چاوەڕوانی بڕیارەکانی سەرۆکەکانی نەبێ. ئەم سەرۆکانەش، وەك هێگڵ کاتی خۆی گوتبووی، بەئاخاوتنەکانیان هەوڵدەدەن کورد لەهەموو دەستکەوتێك دڵنیا بکەنەوە، کەهەتا ئێستاش، هیچ ئاماژەیەکی رووناك لەو دەستکەوت و مافانە، بۆ نموونە



قەدەری کەرکوك، دەڤەرە بەعەرەبییکراوەکان و کێشەی گەندەڵیی بۆ کۆی کورد روون نین.

بەهەمە حاڵ، بەدەم رێکردنی ئەو پرۆسەیەوە زۆر جار کێشمەکێشە ناوەکییەکانی کۆمەڵگا کەمەرشکێن دەبن، بەشێك لەهۆیەکانی ئەو کەمەرشکێنییە ئەوەیە، کەئەو بزاڤە هێشتا تەواو نەخەملیووە، لەبۆیە توانای رووبەڕووبوونەوەی هێزە نەریتگەرایە باڵادەستەکانی کۆمەڵگای نییە. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە ئێستا لە باشووری کوردستان و بگرە لەتەکانی دیکەی کوردستانیش بەشێوەی جوودا لەئارادایە.

وێڕای ئەمەش، ئێستا لەباشووری کوردستاندا چەندان مەترسی لەئارادان و هەڕەشە لەژیان و قەدەری کورد دەکەن. لەبۆیە ئەو حیزبانەی باشوور تاکو خۆیان لەو مەترسییە دەرەکیی و ناوەکییانە بدزنەوە، چەندان رێکخراوگەلیان دروستکردووە، کەدواجاریش ئەو رێکخراوانە لەهاراركییەکدا قەتیس ماون. بەمجۆرە، وەك دەبینین، ئێستا ئەندام و نوێنەرانی ئەو حیزبانە لەپێناو مەبەستی خۆیاندا دەسەتییان بەسەر ئاکامەکانی مێژووی بزاڤ و راپەڕینی بەهاری 1991دا گرتووە. دواجاریش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا خەونی ئەو بزاڤەو رێبازەکەیان فریوداوە، کەکوردی باشوور هەزاران قوربانی و ئەنفالکردنی لەسەر داوە.

لێرەوە ئەو بزاڤە ساوایەی، کەئاماژەم پێکرد، لەپرۆسەکەیدا هەوڵدەدا خۆی وەك دەمڕاستی هێزێکی بەرهەڵستکار نیشانبدا، کەبانگەشەی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ دەکا. لێ لەدۆخێکی وەك ئەمڕۆی کوردستاندا، بۆ ئەوەی ئەو بزاڤە ساوایە بتوانێ خۆی بەهێز بکاو ئاپۆرەی جەماوەریش ئامادە بکا، دەبێ لەبەراییدا تەنیا داوای چاکسازی بکا.

کاتێك بزاڤێك لەهەوڵەکەیدا توانی بەتواناى خۆی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ و کۆمەڵگا بگۆڕێ، ئەوکاتە ئەو بزاڤە دەبێتە ***شۆڕش***. هەڵبەت ئێمە لێرەدا مەبەستمان لەشۆڕشێکی سیاسی و جڤاکی وەرچەرخێنەرو نوێگەرە، لەبنەوەڕا کۆمەڵگا بگۆڕێ، نەك هێگڵ واتەنی، لەئاستێکی دەرەکییدا رێبکا. لێ ئەوەش مانای ئەوە نییە کەئەو شۆڕشە دەبێ لەنێوان ئەو دەسەڵاتە نەریتگەراو لایەنگیرەکانییەوە پەنا بباتە بەر زەبرو زەنگ. بەمجۆرە دەکرێ ئەو شۆڕشە بەشێوەیەکی هێمنانەو دەستووریانە رووبدا، ئەو پرۆسەیەش لەکوردستاندا، ئەگەر مەحاڵیش نەبێ لێبەلێ سەختە . لێرەدا ئەوەی گرینگە کەدەبێ خواستی بزاڤە نوێیە لەسەر بنەمایەکی نوێشدا ئەو کۆمەڵگایە بنیات بنێتەوە. لەم روانگەیەوە شۆڕشێکی "بەرتەکی" هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شۆڕشێکی "پێشکەتنخواز"دا نییە.



وەلێ لەو روانگەیەوە دەکرێ بپرسین: ؟ ئایا دەکرێ راپەڕینی بەهاری 1991، بەشۆڕش ناسبکەین؟ یان، گەلۆ دەکرێ روخاندنی رژێمی بەعس بەدەستی ئەمەریکاو دواجاریش هاتنەکایەوەی ئەو دۆخە نوێیە لەکوردستاندا، بەشۆڕش پێناسە بکەین؟ ئەگەر بەرسڤەکە بەڵێیە، گەلۆ ئەوانە توانییان ئەو پێشکەوتن، خەون و گۆڕانە لەکۆمەڵگای کوردستاندا دەستەبەر بکەنەوە؟ ئایا نوێنەری ئەو بزاڤانە، بەگشت ئیدیۆلۆجییە جیاوازەکانیانەوە، توانیان بەڵێنەکانی ئەو بزاڤە بەرجەستە بکەنەوە، کەلەماوەی پانزەساڵدا هەزاران قوربانی گیانییان کردە سووتەمەرۆی ئەو بزاڤەو دواجاریش کوردی لەسەر ئەنفالکرا؟ بەدڵنیاییەوە هێگڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە بەنەخێر دەداتەوە. چونکە دوای شکستی بزاڤی سیاسی کورد لەساڵی 1975، ئەو بزاڤە نوێیە لەبنەڕەتدا، وێڕای کۆمەڵێ جیاوازی لاوەکی، وەك هەموو بزاڤە سیاسییەکانی رابردووی کورد، زادەی کۆمەڵێ فاکتەر بوون: کۆمەڵگای کورد بەهۆی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی، ئابووریی و جڤاکیی لەژێر دەستی رژێمی شۆڤینی بەعسیی، تووشی ***نیگەرانیی*** و ***تەنگژەیەکی*** قووڵ ببوونەوە. هاوکاتیش لەو قۆناغەدا شەپۆلێك لە***بزاڤی رۆشنبیریی چەپگەریی*** لەدەرەوەڕا هاتنە ناو ژیانی کوردەوە. بەمجۆرە ئەو بزاڤە، لێرەدا، وەك نموونەیەکی راشکاو، ئاماژە بە"کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" دەکەین، (هەڵبەتە لەسەرەتادا بەهۆی ئەو ویستە نوێخوازییەوە بەندە یەکێك بوو لەئەندامەکانی ئەو رێکخراوەدا)، کەبەتوێژێك لەرووناکبیریی یاخی لەبزاڤی

www.pertwk.com

نەریتگەرای رابردووی کوردەوە دەستیپێکرد. هەر بۆیە دروشمەکانی ئەو بزاڤە ساوایە بە"چارەی خۆ نووسین" و گۆڕینی کۆمەڵگای نەریتگەرای کوردستان دەستیپێکرد، تاکو دابڕانێك لەپرۆسەی ئەو مێژووە بازنەییە دروستبکا. وەلێ ئەو بزاڤە لەگەرمەی پرۆسەکەیدا، بەهۆی هێدی هێدی باڵادەستبوونی کەسایەتیی و هێزە کۆنەوارەکانی کورد لەئاراستەکردنی "کۆمەڵەی رەنجدەران"دا، بەمجۆرە لەو پرینسیپە رادیکاڵەی کەبانگەشەی بۆ دەکرد دوورکەوتەوە. لەئاکامی ئەوەدا. بەڵام لێرەدا بەدەستپێوەگرتن و پەژارەییمان بۆ بەهای سەرهەڵدانی "کۆمەڵەی رەنجدرەرانی کوردستان" و بوێریی رێبەرانی وەك ئارام، شێخ شەهاب، ئەنوەر و هاوڕێیەکانی لەبەرانبەر دڕندەییەکانی رژێمی بەعسییدا و ئەو میراتگرانەی کەدڵسۆزانە لەپێناو درێژەدان بەپەیامەکانی ئەو بزاڤەوە گیانیان بەخشی، نوێگەریی؛ پرینسپی ویستی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردیی؛ ئەرکە مێژووییەکەی "کۆمەڵە" هەر دوای شەهیدکردنی ئارام و خالەشەهاب، ئەنوەر و هاوڕێیەکانییەوە کاڵدەبێتەوە. پاشان ئامانج، پەیامە مێژوویەکەی "کۆمەڵە" لەگەڵ بەشداربوونی لەسازکردنی ئەو پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەکۆتایی حەفتاو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووە، کە "خەتی پان، بزووتنەوە" و "کۆمەڵە" لەخۆییدا گرتبوو، سەرگەردانتر دەبێت. لەئاکامی ئەمەشدا، لەگەڵ تێوەگلانی "کۆمەڵە"، وەك هێزێکی سەرەکیی ناو پێکهاتەی یەکێتیی نیشتمانیی، بەشەڕی پێشمەرگەی حیزبەکانی دیکەی



کوردستان لەچیاکانی کوردستان لەسەرەتای هەشتاکانەوە تا دەگاتە نێوەڕاستی هەشتاکان، دواجاریش بەشداربوونی "کۆمەڵە" لەو سازشکردنەی لەگەڵ رژێمی شۆڤێنی بەعسیی لەژێر ناوی "گفتوگۆ نێوان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و میری"یدا لە1983دا، خۆی لەناو بۆتە هێزە کۆنەوارەکانی کوردستان دەتوێنێتەوەو چیتر وەك نوێنەرێك لەتوێژە نوێخوازەکانی کوردستان نامێنێتەوە.

دیارە راڤەو بۆچوونەکان لەوەش فرەترن. لێ بەرای من، بەشێکی سەرەکی ئەو قەدەرەی "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"، پەیوەندی بوونی کولتوورێکی باوکسالار، نەرێتگریی جڤاکیی و ئەزموونە دەڤەریی و خێڵەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد؛ بەنەبوونی ئەزموونی رۆشنبیرییەکی رۆشنگەریی وەرچەرخێنەرانە لەدیرۆکی کورد؛ بەمێژووی بوونێکی ناوەکیی لێکترازا و دڕدۆنگیی کورد؛ بەنەبوونی تاکەکەسگەلێکی خاوەن ویست و پرینسیپی گۆڕان لەجڤاکیی هەر چوار لەتەکانی کوردستاندا هەیە.

بەمجۆرە دوای پووچەڵبوونەوەی ئەو "گفتوگۆ"یەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە1984دا و گەڕانەوە بۆ پێشمەرگایەتی، ئەندامانی "کۆمەڵە" بەشێکیان لەشێوەیەکی ئاوڵەمەییدا لەیەکێتیی نیشتمانی جیادەبنەوە، بەشێکیان خۆیان رادەستی رژێمی بەعس دەکەنەوە یان ئاوارەی ئێران و هەندەران دەبن. لەئاکامی ئەو پرۆسە ئاڵۆز و خەمهێنەرەی کە "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" لەو ماوە

www.pertwk.com

کورتە تێیدا ژیا، ویستی نوێخوازیی و گۆڕانی ئەو نەوە نوێیەی دوای هەرەسی 1975یش، وەك هەموو ئەزموونە مێژووییەکانی دیکەی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، لەناو هێزە کۆنەوارەکانی کوردستان، یان لەباوەشی باوکێکی ستەمگەردا دەتوێتەوە.

دیارە ئەو ئەزموونەی "کۆمەڵە" راڤەی فرە ڕەهەندی گەرەکە، لێرەدا ئێمە، لەپەیوەندی بەو روانگەیەی کە رەچاومان کردووە، تیرێژێکمان نمایشکرد. بەهەر حاڵ، سەرەتا و کۆتایی حیکایەتە خەمهێنەرەکانی ئەو بزاڤەو ئاکامەکانیشی لای ئەو ئەندام و لایەنگر؛ ئەو تاکەکەسانەی کەوەك خودگەلێکی کاکڵەیی "سوبستانس" و پرینسیپی کە سەرەتا ئەندام و لایەنگریی "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" بوون و ئێستاش لەژیاندان، روونە.

کەواتە، بەگەڕانەوە بۆ بیرۆکەی هێگڵ لەمەڕ پرۆسەی گۆڕان، چونکە نوێنەرەکانی ئەو بزاڤە و خودی بزاڤەکەش خاوەن ئەو پرینسیپە ئامانجدارە مێژووییە نەبوون، خاوەنی ئەو خودئاگاییە سەربەخۆیانە نەبوون، یان هێگڵ واتەنی، ناچار بوون پەنا بۆ ئەو "تاکەکەسە ئازادە" ببەن، کە دەسەڵاتدارە لەکۆمەڵگادا، لەبۆیە نوێنەرانی ئەو بزاڤە، کتومت وەك لەدەسپێکی ئەم نووسراوەدا ئاماژەم پێکرد، کەهێگل لە"فەلسەفەی مێژوو"ەکەیدا گووتبووی، کەئەو مێژووە نوێیەش بەهەمان بازنەو داڕماندا تێپەڕی. لەبۆیە ئەو گۆڕانەش، یان هێگڵ واتەنی، "داڕمانە لەپادشایەتی کۆنەکە" واقیعیی نەبوو، بەڵکو ئەو مێژووە تەنیا لەئاستە دەرەکییەکەیدا گۆڕا، نەك



ناوەکییەکەی. چونکە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییە شپرزەیە، هیچ گەشەسەندن و گۆڕانێك لەبونیاتی کۆمەڵگا و پرسی ئازادی کورددا رووی نەدا. بەمجۆرە پرۆسەی ئەو مێژووەی ئێستای کورد، تەنیا لەئاستی دەرەکییەوە لەگوزەردایە، واتا بەبێ بوونی ناوکۆیی مێژووە رابردووەکەی رێدەکا. بەمجۆرە، بەواتای هێگڵی، ئەو مێژووە وەك "ئەو مێردمنداڵەوایە کەچیتر لەقۆناغی هێمن و ملکچی و بڕواداریدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئێستا لەبری گۆڕانی خۆیدا، بەرەو دەرەوەی خۆی هاوار دەکا."

لەو روانگەیەوە، مرۆ دەتوانێ لەکاتی بڕیارداندا چەمکی ئەو دوو شۆڕشەی، کەلەسەرێ ئاماژەم پێکردن، بەیەك بچووێنێ. دیارە شۆڕش پێویستە هەڵگری ئەوە بێ کەدەبێ کۆمەڵگا بەجۆرێك ئامادە بکا خۆی بڕیار بدا سیستەمێکی نوێ بەرهەمبهێنێ، ئەوەی کەئەو بزاڤە بەبزاڤێکی سەرکەوتوو پێناسە دەکا، بەرنامەی ئیدیۆلۆجی خودی بزاڤەکەیە. لێ لەواقیعدا ئەو بڕیارە هەمیشە پێش دەست بەکار بوونی ئەو بزاڤە دەدرێت. بڕیارێکی بەکۆمەڵی کۆمەڵگا هەمیشە ئاکامێکە لەڕەفتارو پرۆسەی کارەکانی ئەو بزاڤەوە، لەوێدا لەو دۆخەدا ئەکتەرە جوودایەکان لەگەڵ یەکتردا لەپێشبڕکێدان. هەر بۆیە ئەکتەرەکان لەسەرەتادا ناتوانن پێشبینی ئاکامەکانی رەفتارو خواستەکانیان بکەن. بەهەمان شێوەش دەکرێ "شۆڕش" ئاکامێك بێ لەپرۆسەی مێژوویەك، لەوێدا نوێنەرە کۆن و نوێیەکانی کۆمەڵگا لەململانێ و کارتێکردن لەگەڵ یەکتردا گۆڕانکاری دروست بکەن، رەنگە ئەو گۆڕانکارییەش

www.pertwk.com

دوای ماوەیەك دەربکەوێ و سیستەمێکی نوێ بێنێتە ئاراوە. لێرەوە ناودێرکردنی راپەڕینی جەماوەری کورد لەبەهاری 1991 و ئەو رەوشەی کەبەدوای خۆیدا هێنایە کایەوە، وێڕای بەهایە مێژوویی و نەتەوایەتییەکانی، لێ ناودێرکردنی ئەو پرۆسەیە بەشۆڕش بەڕاشکاوی دژایەتی لەگەڵ چەمکی ئەو شۆڕشەی، کەهێگڵ باسیکردووە، دروستدەکا. لێ ڕەنگە مۆدێلی ئەو تەرزە شۆڕشە درێژەی هەبێ.

هەر بۆیە ئەو دەسەڵاتە نوێیەی کەوەك دەسەڵاتێکی کورد دوای راپەڕین هاتە ئاراوە، لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتدا، بزاڤەکەی تووشی ئاستەنگی نوێ کرد. یەکەم ئاستەنگ ژێرخانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بوو، کەلەبەر چاوی هەموومانە. ئەو حکومەتەی کوردستان، وێڕای ئەوەی بەشەڕی خۆ بەخۆ، پرسی نەتەوایەتیی کوردی لەئاستی ناوەکیی و دەرەکییدا ڕیسواکرد، لێ دوای حەڤدە ساڵ نەیتوانی بەرنامەی پەرەوەردەیەکی نوێباو، کۆمەڵی دامەزراوی مەدەنی بەڕاستی، سیاستێکی رۆشنبیریی نەتەوەیی دوور لەخەمی حیزبی، پرۆژەیەك بۆ ئاوادانکردنەوەی بونیاتی ئابووریی، کەلەدێهاتەکانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن، جێگیرکردنی قانوون و ... هتد بەرهەمبهێنێ. لەبۆیە هەتا ئەمڕۆش قانوون و رێنماییەکانی رژێمی بەعس، کۆمەڵگای کوردی لێدەخورێ. لێرەدا دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، کەباڵادەستبوونی چەند حیزبێك لەجێگەی حیزبی بەعس، گۆڕینی هەندێ قانوون و دەستوور، جێگرتنەوەی هەندێ کەس لەجێگەی



کەسە کۆنەکان و ... هتد، مانای گۆڕینی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەی سەدام نییە، بەڵکو ئەو گۆڕانە تەنیا گۆڕانێکە لەئاستی شێوەی دەرەکییدا. کەواتە مانەوەی سیستەمی پەروەردە، بەهەموو شێوەکانییەوە، لەشێوەی ئاوەزی بەڕێوەبەر، نێوەڕۆکی کتێبە فێرکارییەکان و شێوەی وانە گوتنەوە و... هتد، ئاماژەن بۆ بەردەوامی هەمان سیستەم و دەسەڵاتی رژێمی بەعس.

هەرچۆنێك بێت، وێڕای قەتیسمانی روحی ئەو حکومەتە کوردییەش لەو شێوە باوکسالارییەی کەهێگڵ باسی دەکا، لێ دەبێ وریای مەترسی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی کتوپڕ، لەزەین بگیرێ. چونکە لەزۆر حاڵەتدا بزاڤە شۆڕشگێرەکان یان نوێیەکان، جا هەڵگری ئیدیۆلۆجی پێشکەوتنخوازیبن یان کۆنپارێزی، توانیوویانە سوود لەدۆخە رەخساوەکان؛ لەو دۆخەی کەئاستی ئەو دەسەڵاتە باڵادەستە بەهۆی هۆکاری ناوەکیی یان دەرەکییەوە لاواز بووە، وەربگرن. لێ لەو چەشنە دۆخەدا دوو ئەلتەرناتیڤی سەرەکی دێنە ئاراوە. بەدیوێکەوە دەکرێ ئەو بزاڤە سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە دژی ئەو کۆمەڵگا باوە بگرێتەبەر، تاکو هەر لەسەرەتاوە هەوڵبدا چەشنە گرێبەندییەکی کۆمەڵایەتی مەیسەر بکا تاکو بتوانێ لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات رەزامەندییەکی زۆری خەڵك بەدەست بهێنێ. بۆ نموونە، وەك ئەوەی کەحیزبە ئیسلامییە "میانڕەو"ەکانی کورستان هەوڵی بۆ دەدەن. ئەگەر ئەو بزاڤە، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی کاتییش بێ، ویستی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا کۆنە سازش بکا، رەنگە ئەگەر ئەو سازشە لەو

www.pertwk.com

ئاگاییەوە سەرچاوەی گرتبێ کەتوانایەکانی لاوازن، ئەوە ئەوکاتە کارێکی شیاوە کەلەگەڵ دەستوورو بەرنامەکانی ئەو دەسەڵاتە کۆنەدا سازش بکا، بەڵام ڕەنگە ئەو بزاڤە بەهۆی ئەو تەرزە سازشە لەگەڵ ئەندامەکانیدا تووشی کێشە بێ.

لێ، ئەوەی کەمن لێرەدا مەبەستمە، بزاڤێکی شۆڕشگێڕانەیە. کەواتە خەونی بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە، لەسەرەتادا بەلای کەمەوە ، تەنیا گەیشتن نییە بەدەسەڵات، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کەخەون و بەرنامە نوێخوازەییەکەی بەرجەستە بکاتەوە، کۆمەڵگایەکی نوێ بەرهەمبهێنێ. لێ، وەك هێگڵ گووتبووی، ئەمەش، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگای کورددا، ئەرکێکی سەختە، ڕەنگە لەزۆر دۆخدا کارێکی مەحاڵیش بێ. لەو ڕوانگەیەوە، دیسان دەکرێ ئەوە بەیادی خۆمان بهێنینەوە، کە لەمێژووی کورددا، گشت بزاڤ و بەرخۆدانەکانی کورد سەرەتا خەونی ئازادی کوردستان، دەستەبەرکردنی نیمچە دەوڵەتێك یان دەوڵەتێکی گەوەرەی کوردستان بووبێ، بەڵام دواجار بەهۆی ئەو هێزە نەریتگەرایەی کەڕوحی کۆمەڵگای کورد پێکدەهێنێ، نەیتوانیووە ئەو ئامانجە مێژووییەی کورد بەرجەستە بکاتەوە.

لەو ڕوانگەیەوە، راپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی کوردستان، ئامانجی ئەوە نەبوو کەخەونەکانی لەم ئاستەی کە ئێستا دەیبینین قەتیس بمێنێ، بەڵکو ئامانجی خەونی ئەو راپەڕینە، لەیەك کاتدا، هەم سەرفرازکردنی روحی کورد بوو لەبندەستی رژێمێکی ئەنفالکەرو هەمیش بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێی کوردی بوو. لێرەدا



پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەکۆمەڵگا وەك قوڕێك وایە، ئەوە خودی مرۆڤەکانن کەدەتوانن ئەو شێوە کۆمەڵگایەی لێ دروست بکەن کەخۆیان گەرەکیانە. لێ هێگڵ واتەنی، بزاڤێك یان دەسەڵاتێك دەتوانێ ئەو شێوە کۆمەڵگایە ئازادە دروست بکا، کاتێك چینێکی بۆرژوای تۆکمە لەکوردستاندا لەدایکبوو. بەمجۆرە لەو کۆمەڵگایەدا، لەکن تاکەکەسەکاندا ئازادیەکی خودگەرا دروست دەبێ، کەئەو خودانەش خاوەن هەست بەبەرپرسیارییین. دواجار ئەو ئازادییەش دەبێتە تێڕامانێکی فرەوانی کۆی تاکەکەسەکانی نێو کۆمەڵگا. لێ لەکۆمەڵگایەکی وەك کوردستاندا، کەهێشتا وابەستەی نەریتە نەگۆڕەکانە، گۆڕان ئاسان نییە، چونکە لەکوردستاندا هێشتا تاکەکەسەکان، تەنیا لەزارقەڵەبالغی ئازادن، لەکرداریشدا هێشتا ملکەچ و کۆیلەی ئەو نەریت و قانوونانەن کەلەکۆمەڵگادا باڵادەستن. ئەو نەریت و قانوونانەش لەباوکێکی ستەمگەردا بەرجەستە دەبنەوە کە خۆی تاکە کەسێکی ئازادە. لێرەوە لەکۆمەڵگای کوردییدا، وەك هێگڵ دەڵێ، هێزە کۆنخوازەکانی ناو کۆمەڵگاش بەهەموو شێوەیەك داکۆکی لەمانەوەی پایەو بڕواکانی خۆیان دەکەن. بەمجۆرە لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991ەوە، ئەگەرچی کۆمەڵگای کوردی بەرەو ئاسۆیەکی نوێ بووەوە، لێ لەدواجاردا هێزە کۆنخوازەکان، پیاوە ئایینی، سەرۆك خێڵ و سەرۆك جاشەکان نەك هەر لەناو ئەو کەش و هەوایە نوێیەی کۆمەڵگا نەتوانەوە، بەڵکو بەداکۆکیکردن لەخۆیان توانیان نەك هەر پایەکانی خۆیان بپارێزن، بەڵکو ببنەوە ئەکتەری سەرەکیش

لەکۆمەڵگادا. هاوکاتیش زۆرینەی ئەو نووسەرانەی کە پێشتر خۆیان بەنوێخواز دەزانی کتوپڕ پەنایان برد بۆ تاکەکەسە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگاو حیزبە کوردییە قەڵەمڕەوەکانی کوردستان. ئەم راستییەش لەبەرچاوی هەموومانە لەبۆیە حوجە بەروونکردنەوە و بەڵگە هێنانەوەی زیاتر ناکا.

کەواتە ئەو بزاڤە نوێیەی، کەگوایە خۆی بە"بەرهەڵستکار" ناودێر دەکا، ئەمڕۆ لەدۆخێکی لاوازو شپرزەدا دەژی، لەئاستی ئیدیۆلۆجییەوە رووبەڕووی ئەرکێکی نوێ دەبێتەوە. ئەو ئیدیۆلۆجییە وەك رێبازێك لەجەم رووناکبیران یان نووسەرو سیاسی کورددا، کەهەرچەندە لاوازیشە، لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا بۆتە بابەتی گفتوگۆو قسەی سەر زاران. ئێستا ئەو بزاڤە هەڵگری روحێکی رەخنەیی و تێڕامانێکی ئیدیالییە، سەر گەرمە بەڕیسواکردنی کێشەو گەندەڵییەکانی ئەو حیزب یان حکومەتە کوردییەی کەخەمساردە لەهەمبەر خەونەکانی کۆمەڵگادا، کەچی خۆشی وەك هێزێکی نوێخوازو دادپەروەر وێنا دەکا. هەرچەندە نوێنەرو زۆرێك لەئەندام و لایەنگیرانی ئەو حیزبە حوکمڕانانە لەکاتی خۆیدا کە لەپرۆسەی بزاڤی بەرهەڵستکارییدا بوون خۆیان بەپێشکەوتنخوازو نوێنەری خەونی ئازادی کورد دەزانی، کەچی ئێستا لای ئەو بزاڤە رۆشنبیریی و جڤاکییە "بەرهەڵستکار"ەوە ئەو بزاڤە بووە بەخاوەن دەسەڵاتێکی کۆنخوازو باسی دەسکەوت و دادپەروەرییەکانی خۆی بۆ خەڵك دەکا. لێرەوە رەوشی ئەو حیزبە حوکمڕانانەی باشووری کوردستان، پێویستی بەخوێندنەوەی



پسپۆڕانێکی سیاسیی و کۆمەڵناسی بەڕاستی هەیە. مەبەست لەپسپۆڕ، ئەو کەسانە نییە کە دەمنادەم ئەو حیزبە لەدەرەوە یان لەناوەوەی کوردستانەوە دەیانهێننەوە، دواجاریش لەمێدیای بینراوی ئەو حیزبانەوە بەبۆینباخگەلێکی گولگولیی و پێشگری (د.)ێکی گەورەوە دەردەکەون و بەکۆمەڵێ چەمك و ناوی گەورەی گوتراو و رووتی فەیلەسووفانەوە سەرگێژمان دەکەن، بەڵکو مەبەست لەو پسپۆڕانە کەسانێکن کە هەڵگری پرینسیپی خودئاگای ئازادو ئێتێکی نەتەوایەتیی بەڕاستین؛ لەروانگەیەکی خودئاگای ئازادەوە لەئاستێکی واقیعییەوە پرسیارە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی کورد دەخوێننەوە.

لەوەش بترازێین، دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ، کەناکرێ لەقۆناخی بنیاتناندا کۆمەڵگا بەوێنەی دەمڕاستەکانی شێوە بگرێ. لەبۆیە ڕەنگە ئێستا بەهۆی ئەو تێکشکانە ناوەکیی و نەریتە کۆنباوانەی کەبەناخی کۆمەڵگای کورددا ریشاژۆن، زەمینەیەکی لەباری بۆ خەملین و شێوەگرتنێك نەبێ، لێ ئەگەر بزاڤێکی تۆکمە هەبێ، کە تاکەکەسگەلێکی خاوەن پرینسیپی ئازاد ئاراستەی بکا، یان خودی ئەو حیزبانە خاوەن ئەو روحە پرینسیپی و ئامانجە مێژووییە بن کە هێگڵ باسی دەکا، دەتوانن بەهاوپەیمانییەکی ئازادانە لەنێوان ئەو بزاڤەو حکومەتدا، کەبنەماکەی لەسەر سەروەریی و شکۆمەندی بوونی کورد دامەزرا بێ، نەك سەروەری حیزب و خۆویستی تاکەکەسە دەسەڵاتدارەکانی حیزب، لەگەڵ کۆی ئەو توێژە، هێزە پێشکەوتنخوازو تاکەکەسە خاوەن تواناو سەربەخۆیەکانی کورد پێکبهێنن، - کە من

www.pertwk.com

بەگومانم لەبوونی ئەو روحە لەحیزب و بگرە لەو نووسەرو هێزە پێشکەوتنخوازە-، دەکرێ بەڕێگای نەخشە داڕشتن ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە، کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە کەبۆتە وڕێنەی کورد، لەکوردستاندا مەیسەر بکرێ. بەمجۆرە لەئاستی ئیدیۆلۆجییدا دەکرێ دوای ماوەیەك کاتێك کۆمەڵگا کرا بەکۆمەڵگای دامەزراوەکان، شێوەی خۆی وەربگرێ. ئەگەر ئەو کارە، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا هەیە، لەشێوەی بانگەشەکردن و دروشمی سەرزاران مایەوە، ئەگەر ئەو کارە نەیتوانی ببێتە ئەزموونی هەموو ئەلتەرناتیڤە دانپیانراو و لایەنگرەکانیان، ئەگەر ئەو کارە نەیتوانی وەڵامی بێزارییەکانی خەڵك بەدەست گەندەڵیی، نادادپەروەریی، نەبوونی پێداویستی سەرەکی ژیان... هتد بداتەوە، ئیتر ئەو حکومەتەی کوردستان ناتوانێ خۆی لەقووڵبوونەوەی ئەو تەنگژانەو دواجاریش گەمارۆدانی بەدەست بزاڤێکی نوێ لەکۆمەڵگادا بدزێتەوە. هاوکاتیش ئەگەر ئەو بێزاریی و تەنگژانە نەبوونە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤێکی نوێ، ئەوکاتە مرۆڤ دەتوانێ لەوە دڵنیا بێ کەبەرەبەرە دۆخی کۆمەڵگای کورد بەرەو هاوئاهەنگی دەچێ.

بەڵام، وەك هێگڵ پێمان دەڵێ، ئێمە دەبێ ئەوە لەیادی خۆمان بگرین، مادام ئەو حیزبە حوکمڕانانەی باشووری کوردستان، ئەو پرۆسە مێژووییەی کورد، کەگۆڕانە بنەڕەتییەکەی لەدوا ئامانجی دەوڵەتی نەتەوەو ئامادەکردنی لە"مێژووی جیهان"دا بەرجەستە دەبێتەوە، لەبەرنامەی خۆیاندا تووڕهەڵداوە، واتا دوا ئەمانجیان



پاراستنی عێراقە، کەئەمەش مانەوەی کوردە لەدەرەوەی پێناسە نەتەوایەتییەکەی، هاوکاتیش ئامانجی ئەو حیزبانە لەئاستی ناوەکییدا بەرژەوەندیی حیزبەکانیان بێ، یان هێگڵ واتەنی: تەنیا ئازادی "تاکەکەسێك"، یان باوکێکی باڵادەست بێ، کەدەکەوێتە دەرەوەی گشت ئەو سنوورانەی کە قانوون و نەریتەکان دیاریانکردوون، ئیتر هەرچەندە لەزۆر ئاستیشەوە کۆمەڵگای کوردی بفراژێ و بخەملێ، کەچی دواجار هەتا ئاوەزی باوکسالاری کۆمەڵگا بەڕێوە ببا، دیسان کۆمەڵگایەکی نەریتگەرای دیکە قووتدەبێتەوە.

لەم روانگەیەوە مرۆ دەتوانێ نموونەی دەستپێك و ئاکامی گشت بزاڤ و شۆڕشەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات بهێنێتە بەر چاوی خۆی، کە چۆن هەر یەك لەو بزاڤ و شۆڕشانە سەرەتا وەك رەوتێکی نوێخواز سەریان هەڵداوەو پاشانیش لەگەڵ گەیشتن بەدەسەڵات، بوونە بەنوێنەری دەسەڵاتی کۆمەڵگایەکی نەریتی و ستەمگەر. لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ بەراوردێك لەنێوان دەستپێك و ئاکامەکانی شۆڕشی سەدەی حەڤدەی فەرەنسی، شۆڕشی پیشەسازیی ... هتد لەگەڵ جیهانی بزاڤە سیاسییەکانی جیهانی عەرەبیی ، شۆڕشی ئێران، راپەڕینی بەهاری 1991ی کوردستان و ... هتد بکا، ئەوکات مرۆڤ دەتوانێ جیاوازییەکانی نێوان ئەو رابوون و شۆڕشانە لەیەکتر هاوێر بکا.

وەك دەزانین، کاتێك لەکۆمەڵگا نەریتگەرایەکانی ئەورووپادا، کۆمەڵگایە مۆدێرنەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئیتر کۆمەڵگا نەریتییەکان هێدی هێدی بەرەو داڕمان چوون. بەمجۆرە کۆمەڵگاکانی

www.pertwk.com

ئەوروپا لەرێنسانسەوە هەتا شۆڕشی پیشەسازی لەپرۆسەیەکدا گەشەیان سەند. لێ هاوکاتیش لەو قۆناغەی ئەوروپادا زەمینەیەك لەپاشماوەی کۆمەڵگایەکی دەربەگایەتی هەبوو، کە لەتەواوی گواستنەوەی ئەو قۆناخەدا ئەو پاشخانەی وێنا دەکرد، بەرەو خۆ سەپاندن گەشەی دەکرد.

لەوێدا یەکێك لەو ئیدیۆلۆجییە مۆدێرنانەی کە بەرەبەرە گەشەی سەند لیبرالیزم بوو، کە هەر زوو هەم رووبەڕووی دەربەگایەتی بووەوە هەمیش رووبەڕووی ئەو جیهانبینییە باوەی ئەوکاتی کۆمەڵگا بووەوە. لەپاڵ ئەمەشدا ئیدیۆلۆجییە نەریتگەرایەکانیش بەنۆرەی خۆیانەوە بەشێوەی جوودا بەتووندی دژی لیبرالیزم وەستانەوە. هاوکاتیش کۆنپارێزەکان هەڵوێستێکی سازشکارانەیان گرتەبەر.

دیارە ململانێی نێوان هێزە نەرێتگەراکانی ئەوروپا لەقۆناخی پەڕینەوە بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن بابەتێکی بەربڵاوە، لێ وەك وتمان ئەمە بابەتێکی دیکەیە.

## ئاکامگیرییەك لەڕامانگەلێکدا

کەواتە ئێستا کۆمەڵگای کوردستان لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدا وەستاوە؟ گەلۆ ئێستا ئەو نیگەرانییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیانەی کورد لەژێر سایەی حکومەتی کوردستاندا، بەرەو تەنگژە دەچن یان



دەسپێکی تەنگژەیەکی قووڵە؟ ئایا دەکرێ هێزێکی نوێخواز؛ کۆمەڵێك تاکەکەسی ئازاد لەهەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا لەدایکبن کە بتوانێ تەکانێك بەو پرۆسە مێژووە گیرخواردووە بدا، یان هێگڵ واتەنی، ئەو پرۆسە مێژووییە بازنەییەی کورد بەرەو گۆڕانێکی ناوەکی وەرچەخێنێ و دوا ئامانجی ئەو مێژووە، کۆمەڵگایەکی نوێباو و دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بەدیبهێنێ؟

بەڵێ، من لەسەرەتادا باسم لەو گریمانەی هێگڵ لەمەڕ ئەو پرۆسە ژیربێژییەی مێژوو کرد، کەدوا ئامانجی چوونە دەرەوەیە لەو خودە داخراو و بازنەییە و بەرجەستەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەییە. بەکورتی هێگڵ پێیوابوو کەپرۆسەی ئەو مێژووە لەرۆژئاوادا توانی خۆی لەمێژووی جیهاندا بەرجەستە بکاتەوەو ئازاد بێ، لێ لەکۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتدا، چونکە شێوەی کات لەبەرانبەر شوێنی ناو وڵاتدا وەستاوە، لەبۆیە ئەو دەوڵەتانە لەپرینسیپدا ناگۆڕێن. لێ هاوکاتیش کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات لەگۆڕانێکی بێکۆتایی و لەململانێ و شەڕێکی بێکۆتاییدا خۆیان دەبیننەوە، کەئەمانەش وا لەدەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتدا دەکەن بەخێڕای بڕوخێن، لێ دیسانەوە هەمان کۆمەڵگای نەرێتیی و دەسەڵاتێکی ستەمگەر بەرهەمبهێننەوە. لەوکاتەی کە کۆمەڵگا یان پرۆسەی مێژووی رۆژهەڵات بەرەو دەرەوەی خۆیاندا رێدەکەن، بەدەم ئەو بەربەرەکانێ و شەڕەملێیانەی ناوەوەی کۆمەڵگاوە، ئەگەری سەرهەڵدانی پرینسیپێکی تاکەکەسی دێتە ئاراوە، لێ ئەو ئەگەرە نابێتە خاوەن ئاگایی خۆی، بەڵکو هەستێکی

گشتییانەیە. چونکە سۆز سەرچاوەیانە. هاوکاتیش وڵاتانی ڕۆژهەڵات، لەوڵاتگەلێکی ئەفسانە ئامێز دەچن، چونکە هێشتا شێوە دژەکەیان، واتا شێوەی بێکۆتایی و ناسنامە نەهاتوونەتە ناو کۆمەڵگاوە. لەبۆیە دەسەڵاتی ئەو باوکە باڵادەستەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، کە لەسەر بنەمای ویستێکی سۆزئامێزدا دامەزراوە، بڕیار لەسەر هەموو شتێکدا دەدا؛ بڕیار لەسەر قەدەری کۆمەڵگا دەدا. ئەو باوکە یەکاتییەکە لەنێوان تەواوی تاکەکەس و ئاپۆڕەی خەڵکدا. ئەو تاکەکەسانەی کە لەناو ئەو یەکاتییە نەریتگەرایەدا دەژین ناچارن ژیانێکی نەریتی بەسەر بەرن. دواجاریش، لەروانگەی هێگڵەوە، دەکرێ بڵێین، کۆمەڵگای ئێمەش وەك کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی، گریمان سەربەخۆش بێ، بەڵام دواجار ڕەنگە هەمان کۆمەڵگای نەریتگەرا بەرهەمبهێنێتەوە.

هاوکاتیش، بەرۆشناییەك لەبیرۆکەکانی هێگڵەوە، هەوڵماندا وێنایەك لەبزاڤ و ئاکامەکانی کۆمەڵگای کورد نمایش بکەین. لەوێدا وتمان، کە پرۆسەی مێژووی کورد و بزاڤەکانی، نەیانتوانیووە دابڕانێك لەروحی نەریتگەرای کۆمەڵگاو ئەو قەدەری تێکشکان و بندەستییەی کە بوونی کورد بەدەستییەوە دەناڵێنێ، دروست بکەن. بەکورتی بەڕوانگەیەك لەهێگڵ، هێشتا کورد خاوەنی پرینسیپێکی تاکەکەسی ئازاد نییە، بۆیە هەمیشە بەدەوری خاڵێك، باوکێکی ستەمکاردا دەسوورێتەوە، کە هێمای دەسەڵاتێکی خێڵە، ئەو خێڵەش نوێنەری بەهای نەریتی قەتیسماو و خێزانە، نەك بەهای ئازادی و شکۆمەندی تاکەکەسەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوایەتییدا.



هەڵبەتە وەك دەزانین وەڵامی جوودا بۆ ئەو پرسیارانە هەن کە من هەوڵمدا لەروانگەی هێگڵەوە رەهەندێکیان راڤە بکەم. لێ بەشێك لەنووسەرو سیاسییەکانی کورد، هەروەك رەنگە لەرابردووشدا هەروا بوو بێت، لەگەڵ ئەوەدا نین کە کۆمەڵگای ئێمە بەرەو تەنگژە دەچێ یان تەنگژەیەکی ئەوتۆی هەیە. لەوەش زیاتر، لەکن هەندێك نووسەرو سیاسی، کە ئەو تەرزە بۆچوونانە بۆ هەموومان ئاشنان، پێیانوایە هیچ کاتێك کۆمەڵگای کوردی هێندەی ئێستا بەختەوەرو سەرکەوتوو نەبووە. بیانۆیەکانی ئەمانە ئەوەیە کە رژێمی سەدام رووخاو بەمەش کورد ئەمڕۆ لەئاستی سیاسیی، ئابووری، سازکردنی خانووی بەرزو کولتووریی لەوپەڕی پێشکەوتن دایە... هتد. لێ راستییەکەی ئەوانە ناتوانن بەو بۆچوونانەیان بڕوا بەزۆرێك لەکۆمەڵگا بهێنن.

چونکە، بەبڕوای من، نکۆڵیکردن و لاملیکردن لەنەبوونی نیگەرانییەکی قووڵی جڤاکی، ئابووری، رەوشتی، سیاسی و ...هتد لە کۆمەڵگای باشووری کوردستاندا، بێجگە لەخۆ دزینەوە لەبەرپرسیاریی و ئێتیکی نیشتمانی هیچی تر ناگەیەنێ. ئەمڕۆ لەکوردستاندا، وێڕای هەڕەشەیەکی دەرەکی، پەشیمانبوونەوەی حیزبە حوکمڕانەکان لەبەغداو بەرزبوونەوەی شۆڤینیەتی عەرەبیی و کەڵەگایی تورکیا، ئێران سووریا بەسەر کوردستاندا، تەنگژەیەکی قووڵی ناوەکیش لەئارادایە. لەوەش بترازێین، کە ئەمەریکا بەدەست ئەو ئەزموونە تاڵەی کەئەمڕۆ لەعێراقدا بەدەستییەوە هەراسان بووە، خەریکە هەموو سازشێك لەگەڵ گشت ئەو هێزە دژ بەئازادیی و بەتایبەتیش

www.pertwk.com

ئەو هێزانەی کەدژ بەکوردن بکا. ئەمانەش کۆی کۆمەڵگای کوردییان نیگەران کردووە. بەمجۆرە لەئاستی دەرەکییدا، حکومەتی ناوەندی لەبەغدا، وێڕای ئەوەی لەدۆخێکی تەڤلەهەڤی تایفیی و گەندەڵیی ئابووریی و سیاسییدا چەقیووە، هاوکاتیش خەریکن بە بیانوی جوودا خۆیان لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و دەڤەرە بەعەرەبییکراوەکانی دیکەی کوردستان و پابەندبوون بەحکومەتێکی فیدراڵی بدزنەوە، کەئەمەش شڵەژان و نیگەرانییەکانی کوردی خەستتر کردووە. لەئاستی ناوەکیشدا، پەرەسەندنی نادادپەروەریی لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك: کارەبا، ئاو و خواردنی پاك، داودەرمان، خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و... هتد، کۆمەڵگای تووشی دڵەڕاوکێیەکی قووڵکردووە. لەوەش بترازێین، کەخەریکە گرانی خواردەمەنی، قاتوقڕی کەرەسە پێویستییەکانی ژیان و دیاردە عەنتیکەکانی گەندەڵی سیاسی، ئابووری، رەوشتی و... هتد دەگاتە ئاستێك کەتوێژو تاکەکەسەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حیزبەکان واز لەهەموو بەهایەکی مرۆڤایەتیی و نەتەوایەتی بێنن.

گشت ئەمانە ئاماژەن بۆ بوونی دیاردەی ***نیگەرانییەکی*** فرەوانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەکوردستاندا. ئەمەش بەسروشتی خۆیەوە دەبێتە ***تەنگژەو*** دواجاریش **بزاڤێکی ڕێکخراو** و پالاماردانی ئەو حکومەتەی کوردستان. وەلێ، ئەگەر لەگەڵ هێگڵ هاوڕابین، ئەگەر ئەو بزاڤە نوێیەش، کە ئێمە وەك گریمانەیەك ئاماژەی پێدەکەین، خاوەن



ئەو پرینسیپە ئازادیی و دوا ئامانجە مێژووییە نەبێ کەهێگڵ باسی دەکا، بەندەش لەم وتارەدا بەشێکی نمایشکرد، ئەوە ئەو بزڤانەش دیسان ***رووخانیان*** لەهەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە. هەر چۆنێك بێت، ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی گەیشتۆتە رادەیەك کە بەگومانەوە لەو حیزب و حکومەتە کوردییە بڕوانێ، کەدوێنێ نوێنەری بزاڤێکی "شۆڕشگێڕ"ی دەکردو ئەمڕۆش بۆتە هێزێکی باڵادەستی نەریتگەراو باوکێکی باڵادەستی ستەمگەر بەسەر کۆمەڵگادا. بەواتایەکی دیکە: زۆرێك لەچین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای کورد، پێیانوایە ئەو حکومەتە کوردییە، ناتوانێ نوێنەری ئامانجە نەتەوایەتیی و جڤاکییەکانی کورد بکا یان ئەو حکومەتە بەو پرینسیپە حیزبگەرایی و گەندەڵکارییەی کەدەبینرێ، ناتوانێ خەونی ئەو کۆمەڵگایە نوێباوە بەرجەستە بکاتەوە، کە کورد لەپێناویدا ئەنفالکرا. کەواتە ئەمڕۆ لەکن بەشێکی زۆری مرۆڤی کورد ئەو حیزبە باڵادەستانە نەك هەر ناتوانن کۆمەڵگایەکی نوێخواز بەرهەمبهێنن، بەڵکو وێنەیەکی دیکەی حکومەتێکی ستەمگەرو کۆمەڵگایەکی نەریتگەران، یان وێنایەکی تری هەمان دەسەڵاتدارانی رۆژهەڵاتن، بەڵام بەجلی کوردییەوە.

لەو روانگەیەوە دەکرێ بێژین، ئەمڕۆ چونکە چەشنە بزاڤێکی رێکنەخراوی "بەرتەك" ئامێز، بێبەرنامە، پەرشوبڵاو، یان هێگڵ واتەنی، تاکەکەسانێکی مەیل ئازاد، لێ سۆزئامێز، بەتایبەتیش لەناو نەوەی گەنجاندا، لەئارادایە. لێرەدا ئەوەندە بەسە ئاماژە بەخۆپیشاندانە تووندوتیژەکانی بەهاری 2006ی هەڵەبجە، کەلار،

سلێمانی، ئاکرێ و نارەزاییە شێوە جوودایەکانی شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بکەین، کە نیشانەیەکی بەرچاون لەنیگەرانییەکی جڤاکیی، کە ئەمەش بەواتای هێگڵی، لەدواجاردا ***نیگەرانیی و پێشبینییەکانی*** ناخی ئەو تاکەکەسانە لەناو خۆیاندا بچنە دەرێ و سەرهەڵدانی ***بزاڤ***ێکی نوێخواز لەکوردستاندا رابگەیەنن. هەڵبەت مەبەستم لەو بزاڤە هێزە ئایینی و نائایینی یان ئەو دیاردە تێرۆریستیانە نییە کەبەجۆرێك لەجۆرەکان لەژێر چەتری "بەرهەڵستکار"یدا خۆیان ناودێر دەکەن، بەڵکو لێرەدا مەبەستم لەو نیگەرانیی و شڵەژانە کۆمەڵایەتیانەیە کە دوورن لەو دیاردە ئیدیۆلۆجییە باوانەی، کە لەبنەڕەتدا هەڵگری هیچ بەرنامەیەکی نوێخوازیی نین، -بەڵام رەنگە ئەو حیزبە ئایینی و نەریتیانەش، بەهۆی توانا ماددیی و مانەوییەکانیان و ئەو ناوکۆییە سۆز ئامێزەی کەروحی کوردی پێکدەهێنێ، بتوانن ئەو نیگەرانیی و تەنگژەیە لەخزمەتی ئامانجەکانی خۆیاندا بقۆزنەوە -، بەڵکو ئەو نیگەرانیی و بێزارییانەی خەڵك رەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە کە حکومەتی کوردی بەهۆی رەفتارو کردەوە نادادپەروەرو کۆنخوازییەکانیەوە بەرهەمیهێناوە. گەلۆ ئاکامەکانی داهاتووی ئەو بزاڤە دەتوانێ ئەو ئامانجە مێژووییە؛ بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێباو و ویستی خۆیان لەدەوڵەتێکی نەتەوەیی بەرجەستە بکەنەوە؟ ئەمەیان پرسیارێکە داهاتووی خودی ئەو بزاڤە وەڵامی دەداتەوە. لێ ئەگەر داوا لەهێگڵ بکەین تێگەیشتنی خۆیمان لەمەڕ داهاتووی ئەو بزاڤە



پێبلێ، ئەوە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان مێژووە کە کۆمەڵگاو بزاڤەکانی کوردستان نیشانیداوین.

لەوەش بترازێین، ئەوەی لەم وتارەدا نمایشمکرد، جۆرە رامانێکی مێژووی هزری بوو لەکاردانەوەی پرۆسەی بزاڤە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەکان بەگشتیی و بزاڤەکانی کوردیش بەتایبەتی. هەڵبەت لەمێژوودا گەلێك نموونەی ئەو جۆرە بزاڤانە هەن، کە لەمیانەی ئاخاوتنەکانماندا ئاماژەمان پێکردن. لێ پرۆسەو ئاکامی ئەو نیگەرانییە یان ئەو تەنگژەیەی کەئەمرۆ لەکۆمەڵگای کوردیدا لەئارادایە، مەرج نییە بەو پرۆسەیەدا بڕوات کە من وەك مۆدێلێك نمایشمکرد. هاوکاتیش رەنگە ئێمە بەخۆمان شایەدحاڵی ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتییەو ئاکامەکانی نەبین، لێ رەنگە نەوەکانی دوای ئێمە لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. هەڵبەت مێژوو هەمیشە لەدوای پێشهاتەکانەوە دەنووسرێتەوە، مرۆ کاتێك لەو پێشهاتانەی مێژوو دوور دەکەوێتەوە، ئەوکات دەتوانێ دیمەنەکانی ئەو پێشهاتانە لێك هاوێر بکا.

دواجار، بەرۆشناییەك لەو بیرۆکەی هێگڵەوە، ئەگەر کۆمەڵگایەك لەپێناوی چاکبوونەوەی سەرۆکەکەی مێگەلێك مەڕو بەرخ و گاڕانێك گۆلکی بەستەزمان بکاتە سەدەقەو خێر، لەوەش عەنتیکەتر، ئەو کردارانە وەك چالاکییەکی جڤاکیی و کولتووریی لەمێدیا "مەدەنی"یەکانی حیزب نمایشبکرێن، ئەگەر نوێنەری گەنج و خوێندکارەکان، کە گوایە ئەو توێژانە وزەی کۆمەڵگاو بەدیهێنەری ئاییندەی کوردن، بۆ چارەی گەندەڵیی، نادادپەروەریی و

تاڵانکارییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا پەنا بۆ سەرۆکی حیزب و حکومەت ببەن، کە بەخۆی ئەو کێشانە چارەسەر بکا، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێ، کەدیارە ئەو نەوەیەش بڕوای بەوەیە کە تەنیا ئەوە سەرۆکی حیزب یان سەرۆکی حکومەتە کە دەتوانێ بڕیار لەسەر چاکسازی بدا. ئەمەش، هێگڵ واتەنی، واتا ئەو باوکە لەدەرەوەی گشت ئەو سنوورانەیە کە قانوون و دەستوورەکانی کۆمەڵگا دیاریکردوون. لەوەش زێتر، گەلۆ ئێوە سەرنجتان لەوە داوە، کەئەمڕۆ رۆژانە لەمێدیایەکانی حیزبەوە دەبیستین و دەخوێنینەوە، کەهەموو هونەرمەند، نووسەرو شاعیرانی تەواوی کوردستان، بەرهەمهێنان و سەرکەوتنی فیلمی سینەماییەکانیان، سیدیی گۆرانییەکانیان، دیوانی شیعرەکانیان و ... هتد، هاوکاتیش جوتیاران ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان، نەخۆشەکان چاکبوونەوەی نەخۆشییەکانیان و ... هتد بەکۆمەکیی و بەخشندەییەکانی سەرۆکی حکومەت و رابەرێکی حیزب و تاکە مەنسوولێك گرێدەدەن؟! ئەرێ بنەمای ئەو چەشنە پەروەردەیەی کە توانست و ویستی تاکەکەسەکان بەو تاکە باوکە ئازادو باڵادەستە گرێدەدا ، ئەو بیرۆکەی هێگڵمان بەیاد ناهێنتەوە، کە پێیوابوو کۆمەڵگای سۆزدار یان ئەو بێخودە کاکڵەدارەی رۆژهەڵات وابەستەی تاکە باوکێکی ئازادو بەخشندەیە؟! گەلۆ چاپکردنی دیوانی شاعیرۆکەیەك و کردنیشی بەپاڵەوان بەسەر گەنجانی ئەمڕۆی کوردستانەوە، دەرهێنانی فیلمێك، سازکردنی کلیپی بەناو سترانبێژێك و ... هتد چ پێویست دەکا بەو سەرۆکانەوە گرێبدرێن؟ ئەدی ئەرك و



رۆڵێ ئەو هەموو دامەزراو و دەزگایە رۆشنبیریی، هونەرییانەو یەکێتی نووسەران چین کەبانگەشەیان بۆ دەکرێ و سامانی ئەو خەڵکە دەستکورتە هەڵدەلووشن؟ ئەدی کاری ئەو دامەزراوە خزمەتگوزاریی چڤاکییانە چین کە وەك پێکهاتەیەك یان نوێنەری حکومەتی خەڵکیان پێدەگوترێ؟ بەهەمە حاڵ، ئەوانە هەموویان کۆمەڵێك ئاماژەی گرنگ و رەهەندی جڤاکیی، نەریتیی و کولتوورییان هەیە لەژیانی کۆمەڵگای ئێمەدا.

وێڕای ئەمانەش، هەروەك بینیمان، کەدوای گیڕانی سەرۆکی (پکك) بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەباکووردا، تووشی چتۆ شۆکێکی دەروونی بوو، لەبۆیە کوردی ئەو بەشەو تاکەکەسەکانی ناو ئەو بزاڤە هەتا هەنووکەش لەچاوەڕوانی باوکێکی باڵادەستی دیکەدا، سەرگەردانن. هەڵبەتە بزاڤی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتیش، بەتایبەتی حیزبی دیموکرات، دوای کۆستی هەردوو رێبەر، دکتۆر قاسملۆ و شەرەفکەندی، لەبەردەم دووڕیانی پرۆسە مێژوویەکەییدا دۆشداماوە. هەڵبەتە لەئەزموونی مێژووی کورددا چەندان نموونەی لەمجۆرەمان هەن، کەلێرەدا ئەرکی ئەم وتارە نییە هەموویان نمایشبکا.

لێرەوە ئیتر خەون بینین بەلەدایکبوونی کۆتاکێکی خودئاگای خاوەن پرینسیپی ئازادی، دابڕانی ئەو کۆمەڵگایە نەریتگرە، باوکسالارە و جۆشدانی ئەو پرۆسە مێژووییە بەرەو دوا ئامانجەکەی، ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، لیبەڵێ سافیلکانەیە. بێنە بەرچاوی خۆت، کەنووسەرو شاعیرێکی سیاسیی دوای زیاتر لەسی ساڵ وابەستەی

حیزبێکی چەپڕۆ بێ و وەك نوێنەرێکی رۆشنبیریی حیزبێك، چەندان گەنج لەشەڕی نێوان حیزبە کوردییەکان بەکووشتبداو دوایش لەتازیمانەیەکدا کە لەئەوروپادا بۆ ئەو هاوڕێیەی سازکردبوو، ئەو حیزبەی کە هاوڕێیەکەیان کووشت بە"سەرەتای دروستبوونی فاشییەتی حیزبی کوردی" پێناسە بکا، کەچی دوای ماوەیەك، بێ گۆڕانێکی لۆگیکی، بەڵکو لەبەر خۆیستیی و بەرژەوەندی ماددییەوە، کتوپڕ بەرێگای نووسینی وتارێکەوە سەرۆکی هەمان حیزب بە"ماندێلا" بچووێنێ، دواجاریش بەرێگای ئەو بەزمەوە بەبەخشینی پارەیەکی قەبەوە بچێتەوە کوردستان و وێنەیەك لەگەڵ ئەو سەرۆکە بگرێ، لەوەش زیاتر، وەك "دکتۆر"، کە کەس نازانێ نێوەڕۆکی ئەو "د"ەی ئەو چتۆ "د"ێکە، بکرێتە دەمڕاستێکی "کوردۆلۆگ"ییەوە، ناکرێ وا بەئاسانی بەسەرماندا بگوزەرێ. لێرەدا مەبەست لەو نموونەیە، قسەکردن نییە لەکار و باری تایبەتی تاکەکەسەکانەوە، بەڵکو، وێڕای رەهەندی کۆمێدی/تراژدیی ئەو وێنایە لەرووناکبیر، مەبەستمە بڵێم، کەئەو وێنایە لەرووناکبیریی کورد، رەهەندیی هێگڵیی تێدایە، کەدواجار ئەو تاکەکەسە ئازادانەی ناو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی، یان ئەو تاکەکەسە "بێگانە"، "کێویی"انەی کە لەدەرەوەڕا دێنە ناو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتییەوە؛ کوردییەوە دواجار ناچار دەبن لەبەرانبەر ئەو نەریت و باوکە باڵادەستەی کۆمەڵگا ملکەچ بن، کە ئەمەش دۆڕاندنی کاکڵەی خۆیانە. هەروەك هاتنی ئەو شەپۆلەرۆشنبیرییانەش



کە لەدەرەوەڕا هاتوونە بۆ ناو کوردستان هەمیشە ئیفلیج بوونەو دەبن.

بەهەمە حاڵ، ئاوڕدانەوە لەچەندان ئاماژەو دیاردەی لەم تەرزانە، کەمن لێرە مەبەستم لەرەهەندە هێگڵییەکەیانە، نەك تەنیا نمایشکردنێکی رووکەشانەیان، ئەوەمان پێدەڵێن کەئەو مەنسوول و بەناو دامەزراو، رێکخراوە مەدەنییانە... هتد، وەك هێگڵ دەڵێ، تەنیا دیکۆرێکن بەدەوری ئەو باوکەوە نەك خاوەن بڕیارو ئەرکێك. بەواتایەکی دیکە: بەردەوامبوونی ئەو جۆرە پەروەردە وابەستەو پاشکۆییە، کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای کوردستاندا بەشێوەگەلێکی جیاواز برەوی پێدەدەرێ؛ گرێدانی تواناو ویستی هەموو تاکەکەسەکانی ناو کۆمەڵگا بەهێمای سەرۆك و سەرکردەوە، هێگڵ واتەنی، قووڵکردنەوەی روحی ئەو باوکسالارییەیە لەمێشکی نەوەی گەنجان و ئایندەی کوردستاندا. ئەمەش هۆکردنی هەموو نەهامەتییەکانی مێژووی کوردە. لێرەوە ئەو کۆمەڵگایەی کەگەندەڵی خەریکە هەڵیدەلووشێ، دەبێ چاوەڕێی ئەو باوکە بێ کە بەئامۆژگاریی و بەخشندەییەکانییەوە هیدایەتی بدا.

بەهەمە حاڵ، هەتا ئەو بایە لەو کونە، لەو روحە نەرێتگرەی ئەو کۆمەڵگایەوە بێت، قەدەرمان لەوە باشتر نابێ، کە هێگڵ لەسەدەی هەژدەدا گوتبووی. کەواتە ئەو دابڕانە لەکۆمەڵگای نەریتگری کورد، سازاندنی کۆمەڵگایەکی نوێباو و باوەشکردن بەویستی دەوڵەتی نەتەوەیی، پێویستی بەسازبوونی چینێکی بورژوای رەسەن هەیە،

www.pertwk.com

کەلەوێدا ئەو چینە دەتوانێ، تاکەکەسگەلێکی خاوەن پرینسیپی ئازاد، خاوەنداری تایبەتیی، خاوەن ئابووری نیشتمانیی و دەوڵەتی سەربەخۆ بەرهەمبهێنێ. لێرەوە بوونی بازرگانگەلێکی بێ کولتوور، بێ هزر؛ قرچۆك و پارە پەرستی کوردی، یان کورد واتەنی، لەشێوەی پیرێژن/پێرەمێردی "هێلکە فرۆشی" لەکوردستاندا، مانای ژێرخانێکی ئابووریی بۆرژوازیی و بوونی ئەو چەشنە چینە بۆرژوازییە نییە کەلەدوای سەدەی شانزەو حەڤدەوەلەرۆژئاوادا لەدایکبوو، بەڵکو ئەو تەرزە بازرگانەی ئەمڕۆی کورد هێشتا نەك هەر نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە ئاگایی و کولتووورە ئابوورییەی، کە سپێنگلەر واتەنی، وەك هزرو بیرکردنەوە لەپارە رابمێنێ، (17) بەڵکو ئەو بازرگانگەلەکوردییە بەهەمان شێوەی ئەو تاکە باوکە ئازادەی کەسەرچاوەی هەموو قانوون و بڕیارێکە لەکۆمەڵگای نەریتگری ئێمەدا تەنیا لەخەمی گیرفانپڕکردن و رووتاندنەوەو خۆ بەسەر زاڵکردنی خەڵکی کوردستاندان لەپێناوی خۆویستی خۆیاندا. هەر بۆیە وەك دەبینین، ئێستا لەکوردستاندا خەریکن بەهێنانی خواردنی ماوە بەسەرچوو و شمەکی نایلۆن و پەڕپووتی تورکیا، ئێران، چین و دوبەیەوە کوردو کۆمەڵگا مەحفبکەنەوە.(18)

دواجار کاتێك کۆمەڵگای کورد دەتوانێ دابڕانێك لەئاراستە بازنەییەکانی مێژووەکەی دروستبکا، کە تاکەکەسە ئدیالییە ئازادەکانی ناو بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی بتوانن کۆمەڵگاو نوێنەرە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی لەو کۆوابەستەییە بەتاکە باوکێکی



ئازادەوە؛ رزگار بکەن و بەپرینسیپێك لەویستی ئازادییەکی کۆتاکەکەسییدا، رزگارکردنی مێژووی کورد؛ دەوڵەتی نەتەوەیی بکەن بەدوا ئامانجیان.

مانگی 8 و 9ی 2007 سوێد

## ژێدەر و پەراوێزەکان:


1. Georg Wilhelm Friedrich Hegel, ”Hegel i urval”, Urval och Övers. av Kurt Wickman, DIDLUNDS, 1973. S. 182-183.

2. هەمان سەرچاوە، ل: 183.

3. هەمان سەرچاوە، ل: 183.

4. هەمان سەرچاوە،سەیری ل: 184-و 185

5. Svante Nordin, ”Filosofins historia”, Studentlitteratur, Lund, 1995, S.428.

6. Hegel, ”Hegel i urval”, S. 158_ 159.

7. Svante Nordin, ”Filosofins historia”، ل: 163.

8. هەمان سەرچاوە، ل: 275.

9. Georg Wilhelm Friedrich Hegel, ”Förnuftet i historien”, Övers. O. Möller, Bokförlaget Daidalos, Lund, 1987, S. 152.

10. هەمان سەرچاوە، ل: 154.

11. هەمان سەرچاوە، ل: 9. 11-12.

12. Svante Nordin, ”Filosofins historia”, Studentlitteratur, Lund, 1995, S. 427.

13. هەمان سەرچاوە. ل: 428.

14. هەمان سەرچاوە. ل: 428.

15. HEGEL, ” Hegel i urval, Historiens filosofi”, S. 158.

16. هەمان سەرچاوە، ل: 159.

17. بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ پارە وەك مانایەك لەبیرکردنەوە و ئاشنا بەفەلسەفەی شپێنگلەر، بڕوانە ئەو وتارەی هەندرێن: "ئاوابوونی کولتووریی و ژیاریی؛ ئاوڕدانەوەیەك لە فەلسەفەی "ئاوابوونی رۆژئاوا"ی ئۆسڤالد شپێنگلەردا. لەماڵپەڕی: www.handren.net



18. سەبارەت بەو وتارەوە بڕوانە: **"کورد لەنێوان بەرداشی ئیدیۆلۆژییی رەهاگەرایی رەوشتی حکومەت و باڵادەستی تەکنیکدا"**، (کە بەدوای ئەم وتارەوە دێت)، بەتایبەتیش لەئاکامگیریی ئەو وتارەدا فراوانتر باسی بیرۆکەی کولتووری بۆرژوازیمان کردووە، کە ئیدیۆلۆجی لیبرالیزم رەنگدانەوەیەکیی ئەو کولتوورەیە.

www.pertwk.com

## کورد؛ قوربانییەك لەناپاکیی هاوپەیمانییە ئەخلاقییەکاندا

"دیاردە ئەخلاقییەکان لەخودی خۆیاندا بوونیان نییە، لێرەدا تەنیا راڤەیەکی ئەخلاقی هەیە بۆ ئەو دیاردانە، خودی ئەو راڤەیەش لەسەرچاوەیەك هەڵقووڵاوە کە لەئەخلاق بەدەرە."[1]

نیتشە (Nietzsche)

بەر لەهەموو شتێك گرینگە لەوە بهزرین، کە بیرکردنەوەیەکی سافیلکانەیە ئەگەر پێمانوابێت کە "سەرکردایەتی" یان سەرانی کورد"، پێویستیان بەوەیە کەئێمە رەهەندە مەترسیدارەکانی راپۆرتی بێکەر-هامیلتۆن؛ ئاستەنگی ئەو تەرزە هاوپەیمانییەتە وابەستەییەی نێوان ئەوان و ئەمێریکایان بۆ راڤە بکەین یان پێمانوابێت کە ئەوان پێشنیازەکانی خەڵك بەهەند وەردەگرن. لەوەش سافیلکانەتر ئەوەیە، کەکورد دوای مێژوویەك لەئەزموونگەلی کۆستکەوتوو، جارێکی تریش، بەتایبەتی لەچرکەساتێکدا کە کورد بەپێچەوانەی هەموو



ئەزموونەکانی تری، خاوەن تواستگەلێکی لەباری مایەکی و مانەوەییە، سەرمەست بێ بەهاوپەیمانییەك، کە نەك هەر "حەکیمانە" نییە، بەڵکو لەشێوەی پەیوەندییەکی داڕێژراوی ئاغاو جووتیار دەچێ، -هەڵبەتە لێرەدا جۆرج بۆشی بابە گەورەی کورد رۆڵی ئاغایەکە دەگێڕێ-. هەر بۆیە دوای ئەو هەموو رەخنەو هاوارەی کەخەمخۆرە سەربەخۆیەکانی کورد بۆ رێگەگرتن لەشیمانەی ئەو قەدەرانەی کە لەو هاوپەیمانییە ئەخلاقییەی نێوان ئەو سەرکردایەتییە و ئەمەریکادا دێنە ئاراوە، گوێنا نەگرت. کەواتە لەوە ناچێ دووبارەکردنەوەی پەند، ئامۆژگاریی و راڤەکان دیمەنی ئەو دۆخە بەزییهێنەرەی بوونی کوردو ئەو سیاسەتە لەرزۆکەی حیزبەکانی چارەسەر بکرێ.

لێرەوە دەبینین لەناو ئەو رەوشە داڕماوەی کە زادەی پێکهاتەکەمانە، لەلایەکەوە، هەر یەك لەئێمەی مەیلەو سیاسیی، یان رۆژگارێك پێشمەرگە بووینە، یانیش نووسەرین، بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانییەی کە ژیانمانی تەنیووەتەوە دەربڕین، بێجگە لەجەختکردنەوەی ئەو "من"ە گوێ لێنەگیراومان، هیچی ترمان نییە بیکەین. چونکە، هەروەك ئێمە چەند جار گوتوومانە، زمانی کوردی؛ بیرکردنەوەی کورد هەڵگری گوتارێك؛ ئاراستەیەك بەرەو ئامانجە مێژووییەکەی کورد؛ گفتوگۆیەکی هاوبەش؛ بیرۆکەیەکی رەسەن نییە، بەڵکو زمانێکە لەمەنۆلۆگدا چەقیوە، قسە بۆ خۆی دەکا. بەواتایەکی تر، زمانی ئێمە دەستەوەستاوە لەوەی کە پێناسەیەکی تۆکمەی ئەو

www.pertwk.com

دۆخەمان بۆ بکا. چونکە کاتێك کە زمان بەرەو ئامانجێك ئاراستەیەکی نەگرتەبەر، ئەوە گفتوگۆو گۆڕانێك لەدۆخەکەماندا دروست نابێ. لەبۆیە زمانی کوردی وەك قەدەری مێژووی سیاسییەکەیەتی: لەهەمان خوولگەدا دەسووڕێتەوە؛ نە گوێ لەبەرانبەرەکەی دەگرێ و، نە دەشپرسێ بۆ لەوەتی هەیە لەو خوولگەیەدا گیری خواردووە. بەڵام ئەوکاتانەی کە هەست دەکەین لەهەندێ قۆناغ و کاتی دیاریکراودا شتێك روویداوە، ئەوە شەکەتی زمانە بەدەست قسە بۆ خۆ کردنە سەرگێژکەرەکانییەوە. هەر بۆیە با خوێنەرانی کورد، بۆ پرسیارێکی ئاساییش بێ، سەرنجبدەن لەزمانی؛ رەوانبێژیی ئەو هەموو نووسینەی کە لەمەڕ ئەو حەپەسانگەلەی، بۆ نموونە، راپۆرتەکەی "بێکەر هامیلتۆن" وگەمەکانی دیکەی ئەمەریکای "هاوپەیمان" یان حیزبە عەرەبییە عێراقییە "برا"کانی "سەرکردایەتی کورد" تووشمان نووسراون، کە زۆرینەیان، بەدەر لەوانەی کە پاڵپشتی سەرۆکی حیزبەکەیانە، جەختکردنەوەیە لەو "من"ەی، کە پێیوایە هەر ئەوە پێش گشت کەس، هەورەوەك کەسانی تر ئەو ئاگایانەیان نەبێ، لەشیانی ئەو حەپەسان، پێشبینی راستییەکانی کردبێت. راستییەکەی ئەوەی کە وادەکا کورد، لەئاستی دەرەکییەوە، کاری پیاهەڵدان و وابەستەی ئەمەریکای بۆش بێ و، لەئاستی ناوەکیشەوە، سەرۆکی حیزب بکاتە باوکی خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ گرێی ئەو "من"ە بەدوای دەسەڵات وێڵە. لەلایەکی تریشەوە، کاتتێك کورد بەدەست ئەو راپۆرتەی بێکەر-هامیلتۆنەوە تووشی دۆشدامان هات، کەچی لەتێڤێیەکانی ئەو دوو



حیزبەوە، کە بەرهەمێنەری سەرەکی ئەو کارەساتەن، بەهێنانی چەندان مشەخۆر، کە خۆیان بەشێکن لەو رەوشە داتەپیووە، بەناوی پسپۆڕەوە ، وەك ئەوەی خەڵکی کورد مێگەلبن، قسەی وتراو و بێ کردەیان هەڵدەڕشت. لەوەش گەڕێ، کە بەناوی "را و بۆچوونی خەڵك" لەدژی ئەو راپۆرتەوە، چەند بەرنامەی بێ سوود لەمەڕ تەنگژەی لەو راپۆرتەوە، لەو تێڤێیانە خەسار دەکرێن. کێشە ئەوەیە، ئەوانەی تەلەفۆن دەکەن، دەڵێی لەدیوەخانی کوێخاوا دانیشتوون، بەزمانێکی مردۆخانە بەشان و باڵی سەرۆك هەڵدەڵێن. راستییەکەی مرۆکە سەیری ئەو دۆخەی کورد دەکا، وێدەچێ بیرکردنەوە تیایدا نامۆ بێ، ئەگینا نەتەوەیەك کە چەندان ساڵە، بەشێوەیەکی سافیلکە، ئەخلاقیی پەسنی ئەو هاوپەیمانییە لاسەنگەی نێوان خۆیی و ئەمەریکا دەدا، کاتێکیش کتوپڕ لەراپۆرتێکی وەك هامیلتۆن-بێکەر" و ئاخاوتنە گوماناوییەکانی ئەمەریکا، هەست بەدۆڕان دەکا، چاوەڕێی ئەوە دەکا کە ئەو نەتەوەیە لەرێگای مێدیایەکانییەوە بیرکردنەوەو پرسیارەکانی خۆی دەربڕێ، کەچی خەریکی پیاهەڵدانێکە، کەنە هەر پێویست نییە، بەڵکو جەختکردنەوەی کۆیلایەتی خۆیەتی. کەواتە راستییەکەی ئێمە لەدۆخێکدا دەژین لەوە هەرزانترە کە وێنای دەکەین.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە بەیاد خۆمان بهێنینەوە، کە لەو کاتەی کە پێڕی "بێکەر-هامیلتۆن" لەگەرمەی داڕشتنی راپۆرتەکەیان بوون، کەچی هاودەمیش بەناو "سەرانی کورد" و بەناو نووسەرە

www.pertwk.com

"خەبیر" و "گەورە"کانیان، گوایە کورد لەسایەی ئەو "هاوپەیمان"ییە ئەخلاقییەی لەگەڵ ئەمەریکاو بوشی بابە گەورەکەیدا لەعێراقێکی فیدراڵیدا، کە فریودالە، نەك فیدراڵی، هەموو مافەکانی لە"نێرینەی بەهار"دایەو خەریکە دەوڵەتی کوردی دروست دەبێ، بەگۆڕینی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" سەرمەست بوون. من لێرەدا، چونکە دەزانم لەو دۆخە بەبازاڕ گەمارۆدراوەی سیاسەتی حیزبی کوردیدا، هەم ئەو باسە بێهوودەیە، هەمیش ئەم وتارە بواری نییە، بۆیە نامەوێ بەوردی باسی جیاوازی ئەو روحە ویستگەرایە هەمیشە زیندووەی کە لە"ئەی رەقیب"ی دڵداردا هەیەو ئەو روحە لەقوتووکراوەی کە لە"کوردستان"ی شێرکۆبێکەس دا هەیە بکەم، کە گوایە بۆ ئەو سەردەمە دەگونجێ،کە کورد لە"شامی شەریف"دا دەژی. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم، کە دڵدار پێش ئەوەی ئەو شیعرەی بنووسێ، نەبۆ خۆکردن بە"سیمبول"ی نەتەوەیی لەگەڵ گۆرانیبێژێك رێککەتبوو کە بۆ ئەو دۆخەی ئەوکات سروودێکی "موعەلەبی" بۆ بنووسێ و، نە حیزب و دەزگایەکیشی لەپشت بوو، تاکوو هەر زوو مووچەخۆرەکانی پەسنی بدەن، بەڵکو ئەوە روحی سروشتی کوردیانەی ئەو شیعرەی دڵدارو ئاستی هۆشیاریی ئەوکاتەی جڤاکیی کورد بوو، کە وای لەکوردی تەواوی لەتە لێکدابڕاوەکانی کوردستان کرد، وێڕای کێشەی دیالێکتیکیش، ئەزبەری بکەن و بەسروودی نەتەوەیی خۆیانیان بزانن. هەر بۆیە "ئەی رەقیب"ی دڵدار، بەو مانایەی ئێستاش کورد لەهەمان دۆخی سەردەمی دڵداردا دەژیی، هەڵگری



گوتارێکی ویستگەرایی کوردییە، کەچی "کوردستان"ەکەی شێرکۆبێکەس، هەڵگری بەکاڵکردنەوە، یان فەرامۆشکردنی ئەو راستییەو ئەو گوتارە بەئامانج نەگەیشتووەیە.

کەواتە وەك دەڵێن: "هیچ شتێکی نوێ لەژێر ئاسماندا نییە"، بۆیە ئێمەش، نەك بۆ جەختکردنەوەی ئەو "من"ەی کە بەس گوێی لەخۆییە یان بۆ خۆی قسە دەکا بەگۆ دێنمەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی، بۆ ساتێکیش بێ، دڵدانەوەیەك، ئاشتبوونەوەیەك، لەگەڵ خۆم، زمانەکەم، دەستەبەر بکەم، ئەو وتارەی، کە نزیکەی سێ ساڵ بەر لەئێستا لەسەر شۆکێکی تری وەك زۆربەی ئەو شۆك و دۆشدامانانەی کە هەمیشە چاوەڕوانیان دەکەین نووسیبوومان، پێشکەشی دەکەینەوە. چونکە لەرەوشێکی ئەوهادا، ئەوەی کە کورد بەدەستییەوە پەرێشانە، نەبوونی زمانێکی ویستگەراو ئێتیکێکی نەتەوەییە، نەك هاوپەیمانێکی ئەخلاقیی لەگەڵ جۆرج بۆش دا.

وێڕای ئەزموونە پڕ فرە ئازارەکانی بزاڤی سیاسیی کورد، کەچی دیسان کورد نەیتوانی لەو یارییە سیاسییەد؛ پێشهاتی رووخاندنی رژێمی بەعسیی فاشیی بەدەستی ئەمەریکا، خەونە دێرینەکەی؛ گوتارە نەتەوایەتییەکەی بەرجەستە بکاتەوە. ئەمەش ئاکامی ئەو گوتارە ئەخلاقییەیە، کە حزبی کوردی هەڵگریەتی. هەر بۆیە هەتا ئاوێزانی ئەو گوتارە ئەخلاقییە بێ، بێجگە لەبە هەدەردانی خەونی کورد ناتوانێ هیچ ئاکامێکی دیکە دەستەبەر بکا. دواجار ئەو گوتارە ئەخلاقییە، وەك هەمیشە، نەك هەر نابێتە ئەزموونێکی سیاسی،

بەڵکو دەماندات دەست چارەنووسسازێك، کە گوایە "هاوپەیمان"ێکی بەخشندەمانە.

لەو روانگەیەوە کە ئەگەر پێشینەی شکستی ئەزموونی مێژووی سیاسی کورد، هێزە دژەکانی کورد بووبن، کەچی ئەمجارە، بەگوێرەی دەمڕاستە سیاسیی و رووناکبیرەکانی ئەو دوو حیزبە، ئەو هێزە "ناپاك"ی کە خیانەت لەکورد دەکا؛ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانییەتی، کەدۆستی دەرەکییە، نەك دوژمن. کەواتە کورد چۆن "پاکانە" لەهێزێك بکات، کە "ناپاکانە" قەدەری کورد بەنیگەرانی شاگەشکە دەکا؟ گەلۆ تۆ بڵێی، بەواتای هێگڵی، مێژووی گەلی کورد هەمیشە مەحکوم بێ بەروحی هێزێکی دەرەکی؟

ئاخاوتنە سیاسییەکانی ئەو دوو حیزبە و ئەو نامە نارەزاییەی کە کاك مەسعود بارزانیی و مام جەلال، کە لەمەڕ دانانی دەستوری کاتیی و دابەشکردنی دەسەڵات و پەسەندکردنی لەلایەن بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ناردوویانە ، کڵۆڵی ئەو گوتارە ئەخلاقییە سیاسیەی کورد بەرجەستە دەکاتەوە.

بەمجۆرە کورد دەخرێتە بەردەم هەڵبژاردنێك کە تەنیا قوربانییە. ئەم پەنا بردنە بۆ قوربانی، وەك کێشەیەکی تێکشکاوی دەروونی، هەر تەنیا لەدوو سەرۆکی ئەو دوو حیزبە حکوومڕانە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەوە هەمیشە تاکە دەربڕینێکی کۆی کوردی بووە، یان ناچارییەك بووە لەئاست قەدەرەکانییدا. لاوازی رەوانبێژیی نامەکەی ئەو دوو دەمڕاستەی کورد لەقەدەری کورد، لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە



وێڕای دەرککردنی ئەوان لە"ناپاك"ی ئەمەریکای"هاوپەیمان"، کەچی، وەك قوربانییەك جەخت لەسەر ناپاکی ئەو هاوپەیمانیەتە ناهاوسەنگە دەکەنەوە. لێرەوە ، بەهەڵبژاردنی ئەو رەوانبێژییە، گوتاری سیاسی کورد، یان راستتر بڵێین، دەمڕاستی کورد خەونە دێرینەکەی کورد دەکاتە سەدەقەی بەهایەکانی ئەخلاق، کە سیاسەت وەك هونەرێك لەیارییەکان، لێی بێبەرییە.

کەواتە، ئەگەر لای هێگڵ "هێزێکی روحی"، وەك پرۆسەو کایەك لەکێشمەکێشی دیالێکتیك، بەرهەمهێنەرو بڕیاردەری مێژوو بێ، ئەوە ئەو هێزە لەلۆژیکی ئەو رەوانبێژییەی دەمڕاستی کوردەوە، هاوپەیمانێکی ناپاکە. لەراستیدا ئەو گوتارە ئەخلاقییە لەبنەچەکەدا تێکەڵاوییەکە لەروحی مرۆی ئایینی و خێڵگەرایی، نەك ئاوەزێکی بیرکەرەوە، کە دەبوو دوور بێ لەگوتاری هێزێك کە هەڵگری خەونێکی نەتەوایەتی سیاسییە. چونکە ئەوە بڕوادارە ئایینی و پەیوەندییەکانی خێڵەکە لەبەرانبەر ئاکامەکانی کردەی خوداو خۆیان وەرامی ئەخلاقی و دڵدانەوە ئامێزی دەدەنەوە.

وەك بینیمان، کاتێ هاوپەیمانی باڵادەست، بۆ رەچاو کردنی پێوانەی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پۆستی گرینگ بەکوردی "هاوپەیمان"ەکەی نابەخشێ، ئەوکات دەمڕاستی کورد هیچ یارییەکی تری سیاسی بۆ نامێنێتەوە، تەنیا قوربانیدانی ئەخلاقی نەبێ، چونکە لەبنەڕەتدا، وەك چۆن ئەمەریکا وەك بەرانبەرێك، کە هەڵگری هونەی شیانەکانە، هاوکاتیش کورد هەڵگری ئەو هونەری قووربانییە بووە.

هەر بۆیە کاتێك کورد، لەجیاتی ئەوەی، بۆ یاریش بێت، ناتوانێ لەروانگە قوربانییە فرەکانییەوە، داخوازی گەورەی هەبێ، دواجار ناتوانێ بیر لەخەملاندنی مەوداو وردەکارییەکانی ئەو یارییە بکاتەوە.

لەم رونگەوە ئەمەریکا، بۆ ئەوەی سەری سووکتربێ لەو دۆخە سەرگێژکەرییەی کەتووشی بووە، کورد دەخاتە بەردەم گوتارو پەیمانە ئەخلاقییەکانی، کەئەویش قوربانیدانە لەپۆستی گرینگی دەسەڵات و ناگرینگی لەنەبوونی ناوی کورد لە نەتەوەیەکگرتووەکانە. لێرەوە ئەمەریکا بەم قوربانییە مجگێزو حەوسەڵەی پان - عارابی رازیدەکا.

بەمجۆرە کورد هەر لەیەکەم حکومەتە کاتییەکەوە هەتا دانانی دەستووری کاتی و پۆستەکان و پەسەندکردنی ئەو دەستورە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەبێتە قوربانی ئەو گوتارە ئەخلاقییەی کەخۆی هەلگری بووە، نەك ئەمەریکای هاوپەیمانی "ناپاك" و سیستانی مەرجەع و سەدری خەلیفەی فتوحاتی مۆدێرنی عەرەب.

چونکە هەر لەگەڵ دەسپێکردنی حکوومەتە کاتییەکانی دوای سەددام، چارەنووسی دەڤەرە بەعەرەبکراوەکان و بەتایبەتیش پرسی کەرکووك، خرایە پەراوێزی بڕیارەکانی دەسەڵاتدارە تازەکانی عێراقی نوێی وێرانەوە. کەچی دەبوو ئەو پرسیارە گرینگە ناوبراوانەی کورد ببنە جومگە بنەڕەتییەکانی ئەو هاوپەیمانییە ئەخلاقییەی نێوان دەمڕاستانی کوردو "هاوپەیمان"ەکەی؛ ئەمەریکا. هاوکاتیش دەبوو کورد هەر لەسەرەتاوە بیری لەهەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان



بکردبایەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ نەتەوە یەکگرتووەکان چیتر، وەك هەمیشە، کێشەی کورد پشتگوێ نەخات.

بەڵام ئەو ئەخلاقە ناسیاسییەی، کە پێکهاتی حزبی کوردییە، لەدانووساندنی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، نەك ناوەوەی خۆیدا، ئەوە لەگەڵ هەر وەرچەرخانێك، هەروەك ئێستا دەیبینن، رووبەرووی نووشستی دەکاتەوە. چونکە میکانیزمی ئەو سۆزە خۆی هەڵگری ئەو ئاکامەیە. کردەی ئەخلاقی لەئاستی کێشەیەکی وەك پرسی کورد، لەسازشێکی فریووخواردوو زیاتر تێپەڕ ناکات. هەروەك هەڵشاخانێکی سیاسی، کە سۆزی ئەخلاقی بزوێنەری بێت، لەجۆشدانێکی کاتی زیاتر، ناتوانێ ئامانجێکی گەورەتر بەدەست بێنێت.

هەر بۆیە زڕان و لێکترازانی خەونی کورد قەدەرێك نییە، کە هێزێکی رووتی دونیایی، بەمانا هێگڵییەکەی، واتا ئەمەریکا لەدەرەوەی ناخی کوردو دەمڕاستەکانی جووڵێنەری بووبێت، بەڵکو ئەوە بەرهەمی خودی ئەو وزە سیاسی و سۆزە ئەخلاقییە کە پێکهێنەری سروشتی ناوەوەیەتی.

کاتێك سۆز دەبێتە رەوانبێژیی کورد لەهاوپەیمانیکردنی لەگەڵ ئەمەریکای یاریکەرێکی سیاسی و ئەخلاقی، لەدوا کاتی یەکلابوونەوەی ئەو یارییەدا، حزبی کوردی بەسەکەوتنێکی نیوەچڵ، یان دۆڕانێکی نیوەچڵ دەستەوەستاو دەبێ.

پرسیارێك کەسەرنجکێشە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو دوو حزبە هەرگیز دان نانێن بەلاوازی ئەو ئەخلاقە ناسیاسییەی کە لەو یارییە

سیاسیەدا رووبەڕووی بوونەتەوە. ئێمە ئاکامە سیاسییەکانی دەستوورو حکومەتی کاتی راستەوخۆ لەمێدیایەکانی ئە دووحیزبە نازانین، بەڵکو لەسەرچاوە بیاننیەکان، هەروەك خۆیان بێئگا بووبن لەدەرکردن و ئاکامەکانی ئەو بڕیارانەدا. بەڵام رووناکبیرە بت خولقێنەرەکانی مێدیای ئەو دوو حیزبە، وەك ئەوەی جەماوەر مێگەل بێ، هەمیشە سەرکەوتنەکانی حزبەکانیان بۆ کورد دەڕازێننەوە. کاتێ کە ئەمەریکای هاوپەیمانی ناپاك، لەپێناوی عێراقێکی یەکگرتووی عەرەبییدا هاوسەنگی سوننەو شیعەو یارییە سیاسیەکانی تر، کوردی هاوپەیمانی ئەخلاقی لەپۆست و مافە نەتەوەیاتییەکان دڵسارد دەکات، دیسانەوە رەوانبێژە سیاسیەکانی ئەو دوو حیزبەو رووناکبیرە مەعلانەکانیان هەوڵدەدەن کورد بۆ هەڵبژاردنییێکی داهاتوو ئومێدەوار بکەن. هەروەك کورد قەدەرێك بێ لەگەمەی هەڵبژاردن و بڕیارە کاتییەکان!

لێرەدا، گەر ئەخلاق، بەواتا نیتشەییانەکەی، شتێکی هەڵبەستراو بێ لەژیان، کەچی لای حیزبی کوردیی، نەك تەنیا دەبێتە راڤەیەکی ئەخلاقی بۆ دیاردەی خودی خۆی، بەڵکو ویستی ئاگایی نەتەوەی کوردیش دەکا بەکووشتەی ئەو ئەخلاقە. ئەمەش نەك هەر تەنیا دەبێتە لاواندنەوەیەك بۆ بەختی خۆی، کەوەرنەگرتنی پۆستێکی دەسەڵاتی تاکەکەسییە یان دەستکەوتێکی رووکەشە، بەڵکو ئەو کردە ئەخلاقییە کورد دوورتر دەخاتەوە لەبوونی ئاگایی ویستی ئاوەزو



لۆژیکی؛ کورد دەکاتە بوونەوەرێکی کۆیلە؛ مرۆڤێکی بێ بنەچەکەو ئاییندە.

بەهەرحاڵ، بۆ بێدارکردنەوەی یادەوەری کورد، دوور لەمەبەستێکی رەخنەو دووپاتەی گوتراوەکان، حەز دەکەم بڵێم کەئەو چارەنووسەی کەئەمڕۆ کورد داوێنگیریەتی، بەرهەمێك نییە لەهەڵەیەکی سیاسی هەنووکەیی و دەرئاوێتەیی ئەو حزبانەوە، یان ئاکامێك نییە لەناپاکی ئەمەریکی -- و دڕندەیی پان - عەرەبیی، بەڵکو بەرهەمی ئەو چارەنووسە لەکۆی سەرەنجامی ئەو دیاردە ئەخلاقییانەی حیزبی کوردی سەرچاوە هەڵدەگرن، کە ئەمانەن: شەڕە براکوژییەکانی شاخ، ریسواکردنی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردی، شەڕی خۆکوژی و تاڵانکردنی کوردستان لەپەنای حزبایەتی، لەمەش تراژیدیتر، لەوکاتەی کە کورد دوای راپەڕینی بەهاریی 1991 و بگرە سەرەتای روخانی رژێمی بەعسییەوە، لەئاستی نێونەتەوەیاتییەوە بەگەرمی پشتیوانی لێدەکرا، چوونی ئەو دوو حیزبە بۆ لای سەددام و دوجاریش دەستتێکەڵاوکردنی ئەو حیزبانە لەگەڵ تورکیاو ئێراندا. بەڵام بەهێنانەوەی سەربازەکانی رژێمی سەدام بۆ هەولێر، لەوێوە ئیتر حیزبی کوردی رووتدەبێتەوە لەڕەوایەتی دەمڕاستیکردنی گوتاری نەتەوایەتی کورد، یان گرفتێکی گەورەیە، ئەگەر بەو حیزبانە بوترێ "سەرکردایەتی کورد". لەڕوانگەیەوە کورد دەبێتە گەلێك کە ناتوانێ بەناوەڕۆکێکی کولتووری جیاواز لەبەرانبەر ئەویتردا خۆی وێنا بکا،

www.pertwk.com

هاوکاتیش ناتوانێ ئەوە بسەپێنێ کەخاوەن ویستێکی سیاسیی نەتەوایەتی سەربەخۆو دژە داگیرکەرانی کورد بووە.

هەڵبەت یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو کردەیە، ئامادەبوونی ئەو سۆزە ئەخلاقییە لەگوتاری سیاسیی حیزبی کورد، کە دەبێتە لەمپەرێك لەبەردەم ئاگایی کورد بۆ خەملاندنی ویستێکی نەتەوایەتیانەی بەرز. کەچی ئەزموونە سیاسیە قووڵ و کۆستە تراژیدییە کەم وێنەکانی کوردو قەبارەی مەزنی جەستەی بوونی کورد، کەمتر نین لەکێشەی هۆلۆکۆستی جوولەکان بەدەست دەسەڵاتی رژێمی نازیی ئەڵمانییەوە.

کەواتە بۆ کورد ناتوانێ بوونی خۆی لەگووتارێکی باڵادا بەرجەستە بکاتەوە؟

لێرەوە بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لەو گوتارە ئەخلاقییە رزگاریبێ، تەنیا گەڕانەوەیەتی بۆ خودی ئەزموونە مەزنەکانی: ئەو ویست و حەزەی کەڕەگەکانی بوونی کوردی دەجووڵێنێ لەپێناو بەرجەستە کردنەوەی ژیانەکەی. بەدەستهێنانی ئەو گەڕانەوەیەش هەڵبژاردنی ویست و ئیرادەی بەکۆمەڵی ئاوەزی بەرزی بوونی کوردییە، نەك بەنجکردنی رۆحی کورد بە"برایەتی" و "هاوپەیمانی"یەك، کەتەنیا فرێدانی کوردە لەخانەی برا بچووکی، کەئەمەش کردەی ئەخلاقی رۆحە بچووکەکانە.

جۆزەردانی 004 و 2007

ستۆکهۆلم

## کورد لەنێوان بەرداشی
## ئایدۆلۆژیی رەهاگەرایی رەوشتی حکومەت و
## باڵادەستی تەکنیکدا

### دەروازەیەك

کاتێك لەساڵی 2005 دوای دەیان ساڵ ژیان بەسەربردن لەهەندەران کوردستانم بینییەوە، هەستم بەگۆڕانێکی لەرادەبەدەری کەژو هەوای ژیانی شارو رەوشتی کۆمەڵگای کوردستان کرد: شەقامەکان تژی بوون لەماشێن و رۆژانەش دەیان کەس بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی شیاوی هاتوچۆ ماڵوێران دەبوون. مۆبایل تەلەفۆن وەك چەشنە لێبووکێکی منداڵانە نەك کەرەسەیەك بۆ سازاندنی بەختەوەرکردنی ژیان، خێزانی کوردی هەراسانکردبوو. ئەندامانی خێزان زۆربەی کاتەکانیان بەسەیرکردنی فیلم و گۆڕانی کەناڵەعەنتیکەکانی سەتەلایت بەسەر دەبرد. لەوێدا خەڵك، وێڕای ئاوێزانبوونیان لەڕووی دەرەکییەوە بەرەهاگەرایی نەریت و رەوشتە کۆنباوەکان، لێ هەڵسوکەوتی رەمەکیی و مەیلەکانیان بەگشتی لەگەل وێنای ئەو پەیوەندییە نەرێتگەرایانەی پێشووی کورددا جیاوازیان هەبوو کە لەیادەوەریی مندا هەڵکەنرابوون. مەیل و پەرۆشیی نەوە کۆن و نوێیەکان، ناسیاوە نزیك و دوورەکان بەدوای گەیشتن بەئەورووپاو بەرخۆریی کاڵایە باوەکان، بواری ئەوەیان بۆ منێکی



راهاتوو بەسرووشتی خاکیی و دۆستانەی ئەو کۆمەڵەنەدەهێشتەوە کە هەست بەنامۆبوون نەکەم. دەخوازم بێژم، ئەگەر ئەو ئامرازانەی تەکنیك لەبنەڕەتدا بۆ ئاسانکردن و ئاسوودەیی ژیانی مرۆڤ بەرهەمهێنرابن، کەچی بەگشتی بۆ مرۆڤی کورد بوونەتە مایەی کاراساتی گەورە. بەکورتی کێشەی سەرەکی کۆمەڵگاو حکومەتەکەی ئەوەیە، بەهۆی باڵادەستی تەکنیك لەژیانیدا، هەتا دێ زیاتر ئاوێزانی جیهانبینی رەهاگەرایی رەوشتی دەبن. لەئاکامی ئەوەشدا ئەو رەهاگەرایی رەوشتییە وەك جیهانبینیەك لەهەناوی کۆهێزە کۆنپارێزەکانی ناو کۆمەڵگاو حکومەتدا توونددو تیژتر خۆی بەرجەستە دەبێتەوە.

هەر بۆیە بەدەم پەژارەی ئەو بوونە ژانگرتووەی کوردو باڵادەستی تەکنیك و بەرهەمەکانییەوە، هەمیشە ئەو بیرۆکە بایەخدارەی مارتین هایدگەرم بەیاد دەهێنێتەوە. هایدگەر لەسەرەتایەکانی سەدەی بیست و بەهەرمێنبوونی قۆناغی تەکنۆلۆجییەوە، لەکتێبە نایەبەکەی، "گەوهەری تەکنیك"دا پێشبینی ئەوەی کردبوو کەتەکنیك بوو بە"ئۆنتۆلۆگییەکی باڵادەست" بەسەر بوونی مرۆڤەوە، لەبۆیە ژیانی مرۆڤ لەهەموو سەردەمەکانی تر لەمەترسیدایەو بەدەست ئازاری تەکنیکەوە دەتلێتەوە، کەچی گرفت ئەوەیە مرۆڤ هەست بەو ئازارە ناکا.[1] لەژێر رێکفی باڵادەستی تەکنیکدا، ئەوە خودی بوونی مرۆڤ نییە کەبیر دەکاتەوە، بەڵکو ئەوە خودی تەکنیکە. لەو روانگەیەوە ئەمڕۆ باڵادەستی تەکنیك بوونی کوردی پەرتەوازەو بەخۆنامۆکردووە.

www.pertwk.com

ئەو بەخۆنامۆبوونەش، لەنەبوونی ئاگاییەك بۆ بەیادهێنناوەی سەرچاوەی ئەو فەرامۆشکردنە، ژیانی کوردی تووشی ئازار و دڕدۆنگی کردووە.

بەمجۆرە هەستمکرد بوونی مرۆڤ لەکوردستاندا بوو بوو بەکۆیلەیەك بەدەست ئەو "ئۆنتۆلۆگییە باڵادەستەی تەکنیك"ەوە. لەوێدا مرۆڤ وەك بەرخۆرێك لەهەوەسی تەکنیك، بەتێرکردنی هەوەسەکانی رانەدەگەیشت. هاوکاتیش هاووڵاتیان لەنێوان پاراستن و رەفتارکردنی رەهاگەرایی بەهای نەریتە چەقیوەکانی ناخیان و ئەو رەوشت و خووانەی کەمۆبایل و کاڵاگەرایی بەهەرمێنی کردوون دەعەجان بوون. بەواتایەکی تر، کەژو هەوایەکی گرژو چەپێنەر رووی دەرەکی کۆمەڵگای تەنیوەتەوەو رووی ناوەکیشی مەیلەمازۆشی و سادییستییەکانی بەجیهانیبوون دەیوروژێنێ؛ لەوێدا نەریتە کۆنەکان لەشێوەیەکی ساختەکارانەدا لەئاستی رووکەشیدا پەیوەندییە جڤاکییەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکەن و لەئاستی ناوەکیشدا ئیدیۆلۆژییای مۆبایل کۆمەڵگا ئاراستە دەکەن. لێرەوە دەکرێ بێژین، دۆخی ئێستای کوردستان لەئاستی پێکهات و جیهانبینیدا لەدۆخی کۆمەڵگای سەدەی نێوەڕاستی رۆژئاوا دەچێ. لەسەدەی نێوەڕاستدا کۆمەڵگای رۆژئاوا، وەك کۆمەڵگایەکی دەرەبەگ و مەسیحیگەرا، لەلایەك بەگوێرەی نەریت و رەوشتی کڵێسەو پادشادا دەژیاو لەلایەکی دیکەشەوە ئارەزووەکانی خۆی لەژیانێکی نهێنیدا مەیسەر دەکرد. لەمەڕ رەوشتی کۆمەڵگای سەدەی نێوەڕاستی ئەوروپاوە، میشال فۆکۆ لەکتێبی



"مێژووی سێکسگەرایی"دا ئاماژە بەوە دەکا، کە لەوێدا، هەرچەندە سێکس لەژێر سایەی کڵێسەدا تاپۆ بوو، کەچی خەڵك لەئێستا زیاتر سەرقاڵی باسکردن و رەفتاکردنی سێکس بوون. وێنای ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش، وەك کۆمەڵگایەکی دەرەبەگ و خاوەن نۆرمێکی رەهاگەرایی رەوشت، لەژیانە دوو رووەکەیدا کتومت لەو کۆمەڵگای سەدەی نێوەڕاستی یان سەدەی شازدەو حەڤدەی ئەوروپا دەچێ: لەلایەکەوە لەدیدی رەهاگەرایی رەوشتەوە، شەرەفی خێزان و پیاوی لەنێو رانی ژندا پیرۆزاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەدوای هەوەسە سێکسییە پەنگخواردووەکانییەوە بۆتە بەرخۆرێکی مەستی بازاڕی سێکفرۆشی.

لەو دیدەوەدەکرێ بپرسین: ئایا لەکاتێکدا کەکۆمەڵگای کوردستان بۆتە بەشێك لەکۆمەڵگایەکی بەرخۆری مۆبایل و بەهایەکانی بەبازاڕی بەجیهانیبوون، دەکرێ ئێستاش بەدیدی رەهاگەرایی رەوشت و ئیدیۆلۆژییی گەندەڵیی؛ نۆرمە رەوشتییە خێڵەکیی، ئایینی و نەریتە بەجێماوەکانەوە، سەیری بەهایە جڤاکیی و پێگەی ژن بکا؟ ئایا ئەو بەجیهانیبوونە، ئاڵوگۆڕی بەرهەمە ئابووریی و زانیارییەکان لەناخەوە بوونمان ناگۆڕن؟ گەلۆ ئەرکی حکومەت و بەرپرسیارانی کۆمەڵگا نییە بیر لەوریاکردنەوەو گۆڕینی ئاوەزی خۆیی و سیستەمی بەهای کۆمەڵ بکاتەوە؟ لێ ئاخر حکومەتێك کە پێکهاتەیەك بێ لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و جیهانبینییە خێڵەکیی و ئایینییەکان، دەتوانێ خاوەن کۆمەڵگایەکی مەدەنیی و بەهای نوێخوازی بێ؟

www.pertwk.com

سەرەتا ئێمە ئەوە بەیادی خوێنەر دەهێنینەوە کەئەمڕۆ هەم لەمەسمێدیای دەمڕاستەکانی حیزبە قەڵەمڕەو و هەمیش لەمەسمێدیای سەرەبەخۆیەکانەوە، قسەگەلێکی زۆر لەسەر ئەو تەنگژەو پێشهاتە قەتیسماوانە دەکرێن کە مرۆڤی کورد لەژێر ئیدیۆلۆژیی ئەو حکومەتە نەریت گەندەڵەو تەکنیکە، "ئۆنتۆلۆگییە باڵادەست"ەدا دەتلێتەوە. بەڵام ئەو قسەگەلەلەسەر ئەو تەنگژانەی کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی لەچەند دیدی گوتراو یان باودا تێپەڕ ناکەن، بۆ نموونە بەشێك لەو بەرپرس و نووسەرە دەمڕاستانەی حیزب و حکومەت، بگرە زۆرینەی نووسەرو حیزبە بەناو بەرهەڵستکارەکانی حکومەتیش کە لەمەڕ گەندەڵییدا رەخنە لەحیزب، حکومەتی کوردیی و ئاستەنگە کۆمەڵایەتیی، رەوشتیی، ئابووریی و سیاسیانە دەگرن، وێڕای ئەوەی کەخۆشیان گەندەڵن، لەسەرنجگەلێکی وەکو "حکومەت هێشتا ساوایە"، "لەهەموو جیهان و بگرە ئەورووپاشدا گەندەڵی هەیە"، یان بۆ ئەوەی بەرهی ویژدان و ئاوەڵایی دەپۆشن، کێشەی ئەو گەندەڵیی و ئازارە جڤاتییانە بۆ نەزانیی و بێتوانایی هەندێك بەرپرسیاریی خوارەوەی حیزب و حکومەت دەگەڕێننەوە. بەمجۆرە ئەوانە بەرپرسیارەکانی سەرەوەو جەستەی گەندەڵی، ئیدیلۆژیی گەندەڵیی ئەو حکومەتە، وەك سەرچاوەو بەرهەمهێنەرێکی ئەو کێشانە، سەیر ناکەن.

لەکاتێکدا، بەرای ئێمە، کۆڵەکەو وزەکانی سیستەمی ئەو حکومەت و حیزبانەی کوردستان، لەئیدیۆلۆژییەکیی گەندەڵدا پێکهاتووە.



چونکە ئاوەزەی ئەو حکومەتەو پێکهاتەکانی، هەڵگری بەهای کۆهێزە کۆنپارێز؛ جیهانبینییەکی رەهاگەرایی رەوشتییە، کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جڤاتی کورددا باڵادەستە، نەك جیهانبینی تاکەکەسە نوێخوازەکان یان ئەو پەیوەندییە بەرهەمهێنەر، خاوەن ئێتیکە نیشتمانیی و چاکەخوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان. هاوکاتیش ئەو بەناو بەرپرسیارە ژن و پیاوانەی حکومەت و نووسەرە وابەستەو ناوابەستەکانیش، کەبەشێکیان خۆیان مێشکێکی خێڵەکی و باوکسالاریان هەیە، کە باس لەو گرفتە رەوشتییانەی، کە بەهای مرۆی کورد بەتایبەتیش ژنی کوردی وێرانکردووە، دەکەن، هۆکارەکەی دەبەنەوە سەر قسەگەلێکی گوتراوی پێشوەختی وەك نەریتی پیاوسالاریی و ئایینی ئیسلام. کەواتە ئەوانەش کەموزۆر بەو بیانۆیانەوە هەوڵدەدەن پاساوێك بۆ حکومەتی حیزبەکان بهێننەوە، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێناوەو پێڕۆکردنی خودی جیهانبینی رەهاگەرایی رەوشتییە.

لێ بەدیدی ئێمەوە، ئەو لێکدانەوە تاکڕەهەندو کەنفتانە، نەك هەر دەستەوەستاون لەدەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی سەرچاوەو کایەکانی ئەو تەنگژانە، بەڵکو لەدواجاردا، وەك کۆمەڵێك دەسەڵاتداری حکومەت، بەگەمەی دەمامکە رۆشنبیرییەکانیانەوە دەبن/بوونەتە سەرچاوەی مانەوە یان قەتیسمانی ئەو نۆرمە رەوشتییانە، هەروەك هەنووکە زۆرێك لەو نموونە نووسەرە ژن و پیاوانەی سەر

www.pertwk.com

بەحیزبەکان، بەپۆشینی دەمامکگەلی وەك "ئازاد"، "لیبراڵ"، "فێمێنیست" و ... هتد، ئەو تەڵەکابەزییانە لەکۆمەڵگادا پێڕۆ دەکەن.

لەو روانگەیەوە ئەو نووسینە هەوڵدەدا بەرۆشناییەك لەڕوانگەی بیرۆکەی مێژووناسی فەرەنسیی و پسپۆڕ لەپێکهاتی کۆمەڵگای سەدەی نێوەڕاستی ئەوروپا، یۆرجیس دێبای (Gerges Duby)[*]، بەتایبەتیش لەڕوانگەی خوێندنەوەی ئەو بۆ پرۆسەی دروستبوونی "مێژووی کۆمەڵایەتیی و ئیدیۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەکان"ەوە، رەڤگەلێك بۆ تەنگژە یان ئاکامەکانی ئەو جیهنانبینییە رەهاگەرایی رەوشتی، ئەو کۆنەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنباوانەی کەوەك راستییەکی گەوهەریی، ئاراستەی کۆمەڵگای کورد دەکا، هاوکاتیش باڵادەستبوونی بەهایەکانی ئەو تەکنیکە باڵادەستەئ، کە لەگەڵ روانگەی رەهاگەریی رەوشتی کۆهێزە کۆنپارێزەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستاندا تووشی پێکدادان بووە، نمایش بکا. دواجاریش هەوڵدەدا بەڕامانگەلێك لەکۆی ئەم بابەتە ئاکامگیرییەك بەرجەستە دەکاتەوە.

لێ نابێ وابزانرێ کەئەم نووسینە وەك دوا خوێندنەوەیەکی "راست" دەتوانێ تەواوی ئەو تەنگژانە بنەبڕ بکا، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەدیارخستنی ئەمدیوی ئەو تەنگژانەی کە کۆمەڵگای کوردستانی تەنیوەتەوە. کەواتە ئەو تەنگژانە ئەوکاتە وەردەچەرخێن کە فرە خوێندنەوەو راڤە زانستییەکان لەدواجاردا توانییان ئاکامگرییەکمان بۆ دەستەبەر بکەن و سیستەمێکی شۆڕگێڕانەی سیاسیش ئەو ئاکامگیرییە لەرێگای پرۆژەو دامەزراوە کارایەکانییەوە بەکردە بکا.



هەڵبەتە لێرەدا بەکورتی مەبەستمان لەچەمکی"رەهاگەرایی رەوشت"، ئەو چەشنە جیهانبینیە سەپاوەیە کە پێیوایە "رەوشت"ی "راستی"یەکی بەڵگەنەویست، کولتوورێکی گەوهەرییەو لە ناخی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مێژوویەکانی کۆمەڵگای کوردیدا هەڵقووڵاوەو ناکرێ دەستکاریی بکرێ. بەواتایەکی گشتی، لەدیدی "رەهاگەرایی رەوشتی"یەوە، بۆ نموونە، شەرەفپارێزی، کە لەرەوشتی خێڵدا ژن هێمای ئەو شەرەفەیە، دابونەریتە باوەکان، نۆرمەکانی رەوشت، راستییەکان و ... هتد راستییەکی رەهاو نەگۆڕن یان خواکردن. ئەم چەمکە لەفەلسەفەی رۆژئاوادا، کە بە"رەهاگەرایی بەهایەکان" ناودەبردرێ، ئامادەیی هەیەو ریشەکەشی هەر لەبیرۆکە فەلسەفییەکانی پلاتۆ (ئەفلاتۆن)، ئەرستۆوە بگرە هەتا دەگاتە بەشێك لەفەیلسووف و ئاراستە هزرییە نوێگەرەکانی رۆژئاوادا ئامادەیی هەیە. هاوکاتیش دەکرێ بێژین، ئەو جیهنابینییە کۆڵەکەی زۆرینەی ئایینەکان، بەتایبەتیس مەسیحیی و ئیسلام پێکدەهێنێ. لێرەوە دەکرێ بڵێین، بەشێك لەو بزاڤە تێرۆریستییە بەناو ئیسلامگەراو جڤاکییەی ئەمڕی جیهانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، جۆرە رەنگدانەوەیەکن لەو جیهانبینییە رەهاگەریی رەوشتیەی کە لەدیدی ئەو بزاڤانەوە "هەقیقەت"ێکی رەهاو نەگۆڕە یان خواکردن. وێڕای ئەمەش، مەبەستمان لەبەهایەکانی تەکنیك یان ئیدیۆلۆژیی مۆبایل، واتای ئەو دەسەڵاتە تەکنیکییە باڵادەستەیە کە بازاڕی کاڵایەکانی بەجیهانیبوون بەرهەمیهێناوە. بەمجۆرە لەگەڵ پالهاوێژانی ئەو کاڵایە تەکنیکییەدا،

بەرتەکی ئەو جیهانبینییە ڕەهاگەرایی ڕەوشتییەش کە لەهەناوی جڤاتی کورددا واتای "هەقیقەت"ێکی نەگۆڕە، دڕدۆنگتر و توندو تیژتر دەبێ.

## ڕەهاگەرایی ڕەوشت و ئیدیۆلۆژییی کۆهێزەکانی جڤاتی کورد

هەڵبەتە ئەو جیهانبینییە ڕەهاگەراییە ڕەوەشتییەی، کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی قەتیسمانی بیرکردنەوەی زۆرینەی دەمڕاستە ئایینی، سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردییە، تەنیا بوارێکی جەستەی کۆمەڵگای کوردستانی نەتەنیوەتەوە، بەڵکو سەرتاپای جەستەی هێزە بەناو نوێخوازو حکومەتەکەشی تەنیوەتەوە. لەبۆیە دەمنادەم ئەو هەراو زەنایە سۆزو دروشمئامێزانەی، کەبۆ نموونە، لەسەر پێشهاتێکی ویژدانهەژێنی وەك کووشتنی (دوعا) و بگرە دیاردە گەندەڵیی و سیاسییەکانیش، بەناوی هەڵوێست و داکۆکیکردن لەئازایی و مافی ژن لەزاری نووسەری قسەنووسی کورد هەڵڕدەرژێن، بەدەراوێتەکردن لەچەند وتارێك، نەك هەر خوێندنەوەیەکی چاوەڕوانکراون بۆ چارەکردنی ئەو پێشهاتانە، بەڵکو خودی ئەو وێنایە لەنووسینانەش بەردەوامیی و بەرهەمهێنانەوەیەکن لەخودی ئەو ڕەهاگەراییە



ڕەوشتییەی کەناخی مرۆی کورد ئاراستە دەکا. ئاکامی ئەو قسەو نووسینانەش بەهەرمێنکردنی ئەو توندو تیژیی و گەڕەلاوژانەن، کەئەمرۆ بەهۆی نەبوونی ئاوەزێکی نوێخواز، سیستەمێکی بەرهەمهێنەری نوێباو، کۆمەڵگای کوردیان هاڕیووە. هەر بۆیە دیاردەی ئەو نووسینە هوتافئامێزو شێوە پەخشانیانییانە لەمەسمێدیاکانی کورددا، کتومت دیمەنی بەردبارانکردنی مێگەلی (دوعا) نمایشدەکەنەوە. لەوەش گەڕێین، کە زۆرینەی ئەو قسەنووسانەی کەگوایە پێشڕەوی داکۆکیکاری مافی ژنن، نەك هەر هیچ زانیارییەکیان لەسەر پاشخان و هۆکردنی ئەو کووشتنە نەبوو، بەڵکو بێبەریش بوون لەسادەترین زانیاریی لەسەر مێژوو و جیهانبینی ئێزیدییەکان. لێرەدا ئێمە لۆمەی ئەو قسەنووس و شاعیرە "ناگرینگانە" و دەمڕاستە خەمساردەکانی حکومەت ناکەین کە بێئاگان لەجیهانبینی ئایینی ئێزیدیی و پاشخانی ئەو کووشتنە، لێ بۆ نموونە، شەرمەزارییە بۆ نووسەرێك کە گوایە ڕووناکبیرێکی "گرینگ"ی کوردو گۆشەنووسی ڕۆژنامەیەکی بەهەرمێنی "مەدەنی" یشە، بێئەوەی بزانێت لەژێر کاریگەریی نووسەرە شۆڤینییەکانی عەرەبەوە، لەبری وشەی ئێزیدی"یەزیدی" بەکار بهێنێت! هەر بۆیە، بەڕای ئێمە، زۆرێك لەو نووسەرە کوردانەی کەلەرێگای پشت بەستن بەوتگەلی فەیلەسووفە ناسراوەکانەوە، هەوڵدەدن دەمامکی "شۆڕگێڕانە" بپۆشن، کەچی لەدواجاردا ئەو نووسەرانە بەشێکن لەو زانینە چاوەشەکاریانەی کە حیزبەکان لەمەسمێدیای خۆیاندا بەرهەمیدەهێنن. چونکە ئەو

نووسەرانەش، وەك ئەو کۆمەڵەوەزیرو بەرپرسە حیزبییانە، لەلایەکەوە بازرگان و سەرچاوەی گەندەڵین و لەلایەکی دیکەشەوە باس لەچەمکە رازاوەکان ، کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن. لێرەوە لەو رەوشە تەڵەکەبازەدا، مرۆی کورد رۆژ بەدوای رۆژ لەبەدیهێنانی خەونەکانیدا وێڵترو بێئومێد تر دەبێ.

لەپەیوەندی بەو کێشانەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کەدوای راپەڕینی بەهاری 1991، بەتایبەتیش دوای رووخانی رژێمی بەعسیی و هاتنی بازاڕی بەجیهانیبوون بۆ کۆمەڵگای کوردستان، کتوپڕ نەك هەر تەنیا پێکهاتی شارەکان، بەڵکو پایەی دێهاتەکانیش گۆڕانیان بەسەر داهات: مرۆی کورد بەرێگای هاتوچۆی خەڵکانی هەندەرانشین، باڵادەستی مۆبایل و کەناڵەکانی سەتەلایت، لەبێئاگا بوونێکی رەهاوە لەژیانی جیهاندا بووە بەشێك لەبازاڕی کاڵاو لاساییکارێکی ژیان و کولتووورە رۆژئاوایی و بیانییەکان. هاوکاتیش کتوپڕ بوونی دوو حیزبی دەسەڵاتدار بەدوو سەرمایەدارو خۆکردنە خاوەنی هەموو دەزگا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، لەژێر ناوی رێکخراوی حکومیی و مەدەنیی و گۆڕینی کۆمەڵ بەوێنایەك لەوێنەی حیزبی،زیاتر بواری بۆ لێکترازانی پردی ئەو پەیوەندییە جڤاکییە سرووشتیانە خۆشکرد، کە کۆمەڵگای کوردستان لەرێگای کۆنتراکتێکی رەوشتگەرایی لەسەری پێکهاتبوو. ئاکامی ئەمەش، بەهۆی باڵادەستبوونی هێزە کۆنپارێزەکانی نێو کۆمەڵگای بەسەر ئاوەزی حیزب و حکومەتەوە، ئەو جیهانبینییە



رەهاگارایی رەوشتییەش بوو بەئاوەز، زمان؛ گوتارێکی باڵادەست بەسەر حیزب، حکومەت و کۆمەڵگای کوردیشەوە.

لەو روانگەیەوە بۆ ئەوەی لەجیهانی ئەو کۆمەڵگایە تێبگەین و ئەو هێزە جیاوازانەی کەئاوەزی کۆمەڵگا ئاراستە دەکەن لەیەکتر جیابکەینەوە، پێویستە بایەخ بەو ئاوەزە بدەین کە دیاردەی گەندەڵیی، ستەمگەریی، رەشەکوژیی ژن و نادادپەروەیی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنن. چونکە ئەوە کایەکانی ئەو ئاوەزەیە کەبڕیار لەسەر رادەی پێشکەوتن و پاشکەوتنی بواری ئابووریی و بوارە کۆمەڵایەتییەکان دەدا. چونکە ئیدیۆلۆژیی گەندەڵیی؛ نادادپەروەریی و سیستەمی بەرهەمهێنانی ئابووریی رەنگدانەوەیەکن لەخەسڵەتی حکومەتێکی ستەمگەر کەئاوەزی دەرەبەگیی یان خێڵگەرایی بەڕێوەی دەبات. کەواتە تەنگژەکانی ئەمڕۆی حکومەتی کوردستان ئاوێنەیەکن لەو ئاوەزە دەرەبەگ و خێڵگەرایییەی کەکۆمەڵگای کوردستان ئاراستە دەکا. چونکە رەفتارەکانی کۆی کۆمەڵ دەق بەو ئاوەزەوە دەگرن یان دەبنە رەنگدانەوەیەك لەبەرهەمی ئەو ئاوەزەو دواجاریش ئەو ئاوەزە دەبێتە کۆهێزێکی باڵادەست. ئەو کۆهێزەی کە سەرچاوەی ئەو رەوشتە رەهاگەرایەیە، وەك ئاوەزێکی باڵادەست، بەو دابونەریت و نۆرمە رەوشتیانەی کە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین، خۆیان لەئیدیۆلۆژییەکدا بەرجەستە دەکەنەوە. ئەو ئیدیۆلۆژییەش بەرۆڵی خۆیەوە ئەو دابونەریت و نۆرمە رەوشتییانە، هاوکاتیش بەپۆشینی چەمکە نوێباوەکانی دەرەکییەوە، دەکاتە گوتارێکی باڵادەست بەسەر

ژیانی کۆمەڵگا و بەپشتگیریی ئەو کۆهێزە نەریتگەرایەوە ڕەوایەتی بەخۆی دەدا.

خەملێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کایەکانی ئاوەزی ئەو هێزە باڵادەستانەی ناو کۆمەڵگادا، لەخودی خۆیدا سیستەمێك لەبەها دەسازێنێ و لەئاکامیشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە دەکا. بەمجۆرە تاکەکەسەکان لەلایەن ئەو گرووپە هێزدارانەوە ئاراستە دەکرێن کەوابەستەن پێیانەوە. لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندیانەدا، کە هاوبەشییەکە لەنۆرمگەلێکی ڕەوشت و بەهایەکان لەنێوان گرووپ و چینەکاندا، ئاگایی کۆمەڵ گەشە دەسێنێ یانیش ئیفلج دەبێ. ئەو سیستەمی بەهایەش کەئاوەزی ئەو هێزە باڵادەستە یان حکومەتە دەیسازێنێ، ئاستی کارایی یان لاوازی قانوونەکان دیاریدەکا کە بۆ پاراستنی ماڤی کەسەکان دانراون.

کەواتە ئەوە سیستەمی بەهای کۆهێزی باڵادەستە کەبڕیار دەدا کامە بەهاو ڕەوشت، ئێتکی نیشتمانی ببنە پرینسیپی کۆمەڵگا. لێرەوە کۆمەڵ بەگوێرەی ئەو بەهای سیستەمەوە لەنێوان خۆیاندا ئومێدەکانیان دابەشدەکەن. چونکە سیستەمی بەها، ئێتیکی هاوبەشی کۆمەڵەکە خەونەکانی تاك و کۆی کۆمەڵگا پەروەردە دەکا، بەمجۆرە هەر ئەو سیستەمی بەهایەشە کە کۆمەڵگا بەرەو وەهمەکانی ڕابردوو دەبا یانیش بەرەو ئاییندەیەکی ڕۆشن و شۆڕگێڕانە. ڕەنگە لەدەستپێکدا کاریگەرییەکانی ئەو سیستەمی بەهایە بەشێوەیەکی خاو و کەهێڵ یان ناڕاستەخۆ بن، لێ لەدواجاردا هەر ناوەڕۆکی ئەو



سیستەمی بەهایە یان ئێتیکە هاوبەشەی کۆمەڵگایە کەوزە بەویستیی چاکسازیی و وەرچەرخانی دۆخی نالەباری سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووری کۆمەڵگایەك دەدەدن.

لەو ڕوانگەیەوە، بەواتای مێژووناسی فەرەنسی، یۆرجیس دێبای (Gerges Duby) :

"یەکێك لەئەرکە گرینگەکانی ئەمڕۆی زانستی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، لەلایەکەوە، لەناو پرۆسەکانی کردەی سیستەمی یەکایەتییەکی هەڵوەشاوەدا قووڕسایی مەرجە ئابووریی، لەلایەکی دیکەشەوە، یەکێك لەو ڕێککەوتنە هەڵچنراو و نۆرمەکانی ئەخلاقیانەی کە ساختەکارانە بەبێ گۆڕان بەشێوەیەکی جیاواز لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە کەهەرچەندە چەقبەستووش نین، هەڵسەنگێنێ. ئەو نۆرمە ئەخلاقیانە مێژووی خۆیان هەیە، ئاوازو قۆناغەکانیان لەگەڵ کۆچی خەڵك یان شێوازی بەرهەمهێنان هاوکات نییە. هەڵبەتە کتومت بەرێگای ئەو کەم و کوڕییە هاوکۆکانەوە دەکرێ وەك پردێك لەنێوان ئەو کەرەسە ستروکتورو ئاوەزییە ئاشکرایانەدا جیابکرێنەوە."[(2)]

لێرەوە ئەمڕۆ پسپۆڕانی کورد، جا چ لەبواری دەزگایە حکومییەکان بن، یان لەسەربەخۆیەکان، پێویستە لەدیدی زانستیی جیاوازەوە هەوڵبدەین ئەو سیستەمە ڕەهاگەراییە ڕەوشتییە لێکترازاوەی کەلەناخی حکومەت و کۆهێزە باڵادەستەکانی نێو کۆمەڵگای کورد ڕەگئاژۆیە بخوێنێتەوەو دوای ئەمەش لەرێگای پرۆژیەکی فرەوان بۆ گۆڕینی ئەو "نۆرمە ڕەوشتییانە" و "مەرجە ئابووری"یەی کە

بوونەتە مەرجێکی قووڕس لەسەر شانی هاووڵاتی کورد، کار بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی لەو نۆرمە رەوشتییە نوێیانە بکەن. ئەو نۆرمە نوێیانەش، بەرای ئێمە، پێویستە لەپرینسیپێکی ئێتیکی نیشتمانیی، نەک خێزانیی و خێڵەکییدا، وێنابکرێ. راپەڕاندنی ئەو ئەرکەش پێویستی بەئێدیۆلۆگییەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، تاکوو بتوانێ کۆمەڵگایەکی نوێ بەرهەمبهێنێت. چونکە "ئەو پەیوەندییە واقیعییە لێکچنراوانە وێنەیەکی هاوشێوەیی دەبەخشن و هەروا لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندییانە لەنێو یەکایەتی کولتووریێکدا سەرهەڵدەدەن و لەهەمان زمانیشدا خۆیان دەردەبڕن."[(3)]

لەڕوانگەی یۆرجیس دێبایەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەداهاتووی کۆمەڵگایەک دڵنیا بین، پێویستە راڤەی ئەو ئیدیۆلۆژییانە بکەین کە وێنا، هەڵوێست و جیهانبینی کۆمەڵ دیاریدەکەن. لێرەدا چەمکی ئیدیۆلۆژیی، بەواتای لویس ئالتوسێر، بریتییە لە" سیستەمێك جۆرە جیهانبینییەك کە (لۆگیك و ئاکام)ی خۆی هەیەو خاوەن (وێنگەل، ئەفسانەگەل، بیرۆکەگەل یان چەمکگەلێك)ی خۆیەتی کە لەکۆمەڵگایەکی دیاریکراودا رۆڵی بوونایەتیی و مێژوویی خۆی دەگێڕێ."[(4)] چەمکی "ئیدیۆلۆژیی"، چەمکێکی "ئاڵۆزکاوە، بۆیە ئەرکی مێژووناس ئەوەیە ئیدیۆلۆژیی لەو بچووکردنەوانە ئازاد بکا کەزۆر جار لەپشتەوەی ئەو ئاخاوتنانە حەشاردراون کەبەناوی ئیدیۆلۆژییەوە خۆیان دەنوێنن."[(5)] هەڵبەتە گشت ئیدیۆلۆژییەکان



وەك سیستەمێکی رەوا و بێگرفت خۆیان نمایشدەکەن. لەبۆیە یۆرجیس دێبای، سەبارەت بەو خۆ بەرەوا زانینەی ئیدیۆلۆژییەکان سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێ، کە لەسەدەی نێوەڕاستی ئەوروپادا "هەموو تێڕامانەکان لەمەڕ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پشتیان بەدەقە بنەڕەتییەکانی ئایینی مەسیحی دەبەست."[(6)] بەمجۆرە ئەو ئیدیۆلۆژییانە لەرێگای ئەو خۆبەستانەوە بەئایین و دابونەریتەکان کە لەناو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگادا ریشەئاژۆن، دەخوازن سیستەمەکەیان دڵنیاییەك دابین بکەن. هەڵبەتە لەزۆر کۆمەڵگادا چەندان سیستەمی لێکدژو جیهانبینی جیاواز هەیە. ئەو جیاوازیانەش ئاوێنەیەکن لەنەریت و کولتووورە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا. بەڵام نەتوانینی ئیدیۆلۆژییەکان لەدەستەبەرکردنی هاوئاهەنگیی و ئارامی لەکۆمەڵگادا، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی پەیوەندییە کۆمەڵاتیی و جیاوازی جیهانبینییەکانی ناو کۆمەڵگا.

وێڕای ئەمەش گرفتی ئیدیۆلۆژییەکان کە لەناو سیستەمی بەهای کۆمەڵگادا ئامادەییان هەیە، پەیوەندیان بەدابونەریت و ئەزموونە مێژووییەکانەوە هەیە. رەنگە لەزۆر کۆمەڵگادا ئەو ئیدیۆلۆژییە لەنەریتەکان یان لەجیهانبینییە کۆنپارێزە باوەکانی نێو کۆمەڵگادا خۆیان بەرجەستە بکەنەوە. چونکە "بڕ بڕەی پشتی هەموو ئیدیۆلۆژییەکان دابونەریتە."[(7)] لەو روانگەیەوە گەندەڵیی یان ئیفلیجیی دامەزراوە حکومییەکان و رێکخراوە مەدەنییەکانی خودی

www.pertwk.com

حیزبە باڵادەستەکان لەکوردستاندا لەناخی بەڕێوەبەرن و پێکهاتەی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی حکومەتدا رەگئاژۆیە. چونکە بیرکردنەوەی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە حکومییانە زادەی نەوە نەریتگەرایەکانی کۆمەڵگای کوردیین. هەرچەندە نەوەی نوێ دەمڕاستی ئەو هەموو ڕێکخراوە مەدەنییانەی کوردستان دەکەن، هاوکاتیش زۆرێك لەنەوەی نوێ لەناو حیزب و پێگەکانی حکومەت دەستبەکارن، لێ کێشەکە لەوەدایە کەئەو نەوەیە لەلایەن ئیدیۆلۆژییەکەوە ئاراستە دەکرێ کە بەرهەمی ئاوەزو نەریتی شەست و حەفتایەکانی سەدەی رابردووە. بەدەربڕینێکی دیکە، ئەو نەوە نوێیە لەبڕیارە گرینگەکاندا تەنیا ئامرازێکە بۆ راپەڕاندنی فەرمانەکانی ئیدیۆلۆژیی ئەو نەوە باڵادەستەی کە هەڵگری جیهانبینییەکی رەهاگەرایی رەوشتییە. هەر بۆیە گەندەڵیی، رەشەکوژیی ژن، دیاردەی سوڵحی عەشایریی و ... هتد، کەڕەنگدانەوەیەکی راشکاوی ئەو ئیدیۆلۆژییە رەهاگەرایی رەوشتییە کە لەپێکهاتەکانی حکومەتەو کۆهێزە وابەستەکانی نێو کۆمەڵگا، هاروا لەناو خودی ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا لەپەرەسەندن دان و خودی هێزە جوودایەکانی دەرەوەی حکومەتیش لەگۆڕینی ئەو رەوشە تژی لەتەنگژانە دەستەوەستاون. کەواتە کێشەی پسپۆڕانی کورد قسەکردن نییە لەبوون و نەبوونی "کۆمەڵگای مەدەنی" لەکوردستاندا، بەڵکو ئەرکی ئەوانە، بەپێودانگی پێکهاتی کۆمەڵگای کوردستان، لێکدانەوەو ئاکامگیرییەکە لەچییەتی کۆمەڵگای مەدەنیدا. کێشەی ئەمڕۆی



حکومەت و نووسەرانی کوردستان ئەوەیە هێندە قسە لەسەر تیۆرییەکانی "کۆمەڵگای مەدەنی"دەکەن، ئەوەندە قسە لەسەر کایەی رەهەندو ئاکامەکانی ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییە ناکەن. بەمجۆرە، زمانی کوردی،گوتاریی کوردی، وەك چۆن پێناسەیەکی تۆکمەی بۆ نەتەوە نییەو ناتوانێ لەسەر کۆئامانجە چارەنووسسازەکانی کورد ئاراستەی گفتوگۆیەك دیاریبکا، بەهەمان شێوەش ئاخێوەری ئەم زمانە، بەهۆی زارقەڵەباڵغییەکانی لەچەمکی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، خودی زمان و بەهایەکانی ئەو چەمکەشی سەرگێژ کردووە. بەدەربڕینێکی تر، کێشەی حکومەت و زۆرینەی نووسەری کورد ئەوەیە، خودی خۆیان هەڵگری ئەو زمانە رەهاگەرایی رەوشتییەن یان سەرچاوەی پەرەسەندی ئەو رەهاگەرایی رەوشتییەن، کەچی خۆیان کردۆتە دەمڕاستی کۆمەڵگای مەدەنی. بەمجۆرە ئەو زمانە چاوەشەکارە رەوایەتی بە ئەو ئاوەزە رەهاگەرایییە رەوشتییە داوە، داوە کە لەبنەڕەتدا دژی بەهاو پرینسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە. لێرەوە وەك چۆن لەژێر باڵادەستی زمانی ئەو حکومەت و نووسەرانەوە، پرسە نەتەوایەتیی و جڤاکییەکانی کورد کراون بەحیکایەتگەلێکی دووبارەی سەر زارو پانتایی بڵاوکراوەکانی کورد، چەمك و رەهەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش کراوە بەحیکایەتی رۆژانەی زمانی کوردی.

لێرەوە قەتیسمانی ئەو رەوشە خەمهێنەرەی کە بەرۆکی کۆمەڵگاو حکومەتی کوردی گرتووە، ئایندەی هاووڵاتیانی تووشی ترس و

لەرزکردووە. چونکە هاوولاّتیانی کوردستان لەناو ئەو رەوشە سەرگێژکەرو ئاراستەی بابەت و چەمکە بەحیکایەتکراوانەدا، ناتوانن لەئامانجی داهاتووی خۆیان دلنیا بن. ئەو ترس و لەرزەی خەڵکیش لەداهاتوو، خەڵکی ناچار کردووە روو لەهێزە ئایینی و کۆنپارێزەکانی کۆمەڵگا بکا یان بەدوای چوونە هەندەران وێڵ بێ. هەڵبەتە ئەو هێزە ئایینیی و کۆنپارێزانەش هەمیشە لەناخی کۆمەڵگادا کاران و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە دەکەن. بەمجۆرە دەبینین زانەوەی نەریتە خێڵەکیی، دیاردەی توندو تیژی دژ بەژن، خورافات، بەرەواجبوونی سوڵحی عەشایریی، چەتەگەریی، پاشاگەردانی و ... هتد، کۆمەڵگایان هەراسنکردووە. لەگەڵ فرەبوونی ئەو دیاردانەوە حیزبە ئیسلامیی و هێزە خێڵەکییەکانیش بەهێزتر دەبن. لەئاکامی ئەمەشدا ئەو دیاردە دزێوانە لەلایەن حکومەتە و نەریتە کۆنەکانەوە رەوایەتیان پێدەدرێ یان پەنا دەدرێن.

کەواتە ئەوە ئەرکی سیستەمێکی نوێباوی کارایە کە ئەو هێزە کۆنپارێزانە لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە. کەئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی لەبەرهەمهێنانی ئەو سیستەمەدا دەستەوەستاوە. هەڵبەتە هێزە کۆنپارێزەکان بۆ خۆپاراستن و رەوایەتی دان بەخۆیان، هەمیشە لەشێوەی ئیدیۆلۆژییەکان رازاوەدا خۆیان دەنوێنن و هاوکاتیش بەدابونەریت و رەوشتە رەگئاژۆیەکانی ناخی کۆمەڵگای کورستاندا پشتئەستوورن . بەلاّم ئەو هێز کۆنپارێزانە تاکوو خەڵك رازی بکەن،



وك ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەئارادایە، هەوڵدەدەن دەمامکی جوانیی و مۆدە نوێیەکانی ئەمڕۆ بپۆشن و بانگەشە بۆ ئاوەز و هزریی نوێ بکەن. کەچی لەناخیاندا دژی بچووکترین گۆڕانێکی رووکەشن لەبەهاو رەفتارەکانی خۆیاندا. بەمجۆرە هێزە کۆنپارێزەکانی کوردستان، کەخودی حکومەتی خۆ بە"مەدەنی"زانی کوردستانیش بەشێکە یان پشتئەستوورە بەو کۆهێزە نەریتەگەرایە، ئەو چەمکە نوێباوە سەرنجکێشانەیان قۆرخکردووە. لەئاکامی ئەوەشدا کۆمەڵگا بەدەم ئەو ژیانە ئاڵۆزکاو داهاتووە نادیارەوە دەتلێنەوە .

لەو روانگەیەوە ئەمڕۆ بنەمای پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا بریتی نین لەو بەهاو مەرجە ئابووریانەی کەکۆمەڵگای کشتوکاڵیی و نەریتی باوی کوردستانی ئاراستە دەکرد، بەڵکو بنەمای ئەو پەیوەندییانە ، لەلایەکەوە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بەهاو رەوشتی ئەو کالاّگەراییە جیهانگیرییەوە کە لەرێگای دەستەیەك لەبازارگانی ناو حیزبەکان و کەناڵەهەمەجۆرەکانی تەکنیکەوە دەهێنرێن، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو پەیوەندییانە، بەهۆی ناوێزەیی ئەو سیستەمە لەرەهاگەرایی رەوشتییەی کەوەك ئیدیۆلۆژییەك کۆمەڵگا ئاراستە دەکا، ئاوێزانتر بووە بەو نۆرمە رەوشتییانەی کە لەناخی کۆمەڵگای کوردیی و هێزە باڵادەستەکانی کوردستاندا رەگئاژۆیە.

لێرەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کەرەنگە لەکاتی دەسەلاّتی رژێمی بەعسدا، بەشێك لەنەریت و رەوشتەکانی خێڵ هاندەرێك بووبن بۆ پاراستنی بەهایەکانی کۆمەڵگاو نەتەوەی کورد. لەبۆیە ئەگەر جڤاکی

کوردی بەر لەرووخانی رژێمی بەعسدا بۆ مانەوەی پێناسەی نەتەوایەتی، نەریتە کۆنباوەکانی خۆی کردبێ بەئێتیکی نەتەوایەتی ، کەچی ئەمڕۆ کۆمەڵگای کورد بەهۆی ئەو وێنایە سیاسییە حیزبگەرایە کورتبین و رەوشتە گەندەڵییەی حکومەتەوە، لەبەرانبەر نەریتەکانی بازاڕی بەجیهانیبووندا تووشی ئازارو دامانێکی نەتەوایەتی بووە. لەبۆیە ئەو بەجیهانیبوونە خەریکە ئەو بەهاو رەوشتە کۆنباوانەی کەلەناخی کۆمەڵگای کوردیدا دەژین، بێ بەهایان بکا. کەواتە ئەو بەهایە رەوشتی و کۆمەڵایەتییە پێشینانەی کە لەپرۆسەی بەئیفلیجیبوونیاندا، چیتر ناتوانن نەك هەر هاندەر بن بۆ ئاسوودەیی ژیانی کوردو پاراستنی پرینسیپی ئێتیکی نەتەوایەتی، بەڵکو بوونەتە نەخۆشییەکی کووشندە لەهەناوی کۆمەڵگادا.

ئاشکرایە پێشتر کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی گۆشەگیربوونی جیهانی دەرەکیی خۆییەوە، بەتایبەتیش کیژو ژنەکانی کورد لەهەموو رووداو دیاردەکانی ژیانی دەرەوەیماڵەکەی خۆیان بێئاگا بوون، لەبۆیە بەپێودانگی ئەو ژیانەوە، ئەرك و مافەکانیان بەشێوەیەکی رەمەکی پیادە دەکرد. لەوێدا نەریت و نۆرمە رەوشتگەراییە چەسپیووەکانی خێزن و خێڵ، پەیوەندییە جڤاکییەکانی رێکدەخست. لەوێدا شارەکان لەژێر مەرج و کایەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی خۆماڵیی گەشەیان دەکرد و دێهاتەکانیش بەهاوئاهەنگی لەگەڵ سرووشت و پەیوەندییە هەرارکییەکانی خێزان و خێڵ ژیانیان بەسەر دەبرد. نۆرمەکانی رەوشت وەك پێشەمەرجێك هەڵسوکەوتی خەڵکیان



هاوئاهەنگ دەکرد. کەچی بەجیهانیبوون و بازاڕی کالآیەکانی، بێئەوەی لەلایەن بەرپرسیارەکانی کۆمەڵگا نەخشەو زەمینەیەکی ئاگاییان بۆ ئامادە کرابێ، دابڕانێکی ئاڵۆزی لەپێکهاتەی جڤاکی کورددا دروستکرد. ئاکامی ئەوەش وێرای گەندەڵی، پاشەگەردانی حیزب لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو سیستەمێکی ئیفلیجی فێرکردن و وێرانبوونی بەرهەمهێنانەوە، وێڕای کەژو هەوای خنکێنەری شارەکان بە ماشین، تێکەڵابوونی گرووپە جوودایەکان و دواجاریش زاڵبوونی کولتووری دێهاتنیشینەکان بەسەر ژیانی شار، کوردستان بوو بەبەرخۆرێکی برسی گەمەکانی مۆبایل، سەتەلایت، ئینەتەرنێت و ... تاد. لەوەش زیاتر، مەسمێدیای حیزبەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی دیدێکی پەروەردەیی و رەوشی پەیوەندییە جڤاکیی و بەهایە رەوشتییەکانی کورد، بوونە بەشێك لەپڕو پاگەندەکردن بۆ کەلآیەکانی ئەو بازاڕەو ئەمەش زیاتر جڤاکیی کوردستانی تووشی شڵەژان کردووە. لەبۆیە لەپڕ کیژو ژنی کورد، لە ژیانێکی دەمبەستکراوەوە بوونە بینەرێکی تێنووی ئەو جیهانە عەنتیکەی کەناڵەکانی مەسمێدیا. هەڵبەتە خودی ئەو جیهانەش هەڵگری بەهاو رەوشتێکی تەواو پێچەوانەی ئەو بەهاو رەوشتانەیە کەهەتا ئەمڕۆش مرۆی کورد دەقیان پێوەگرتووە. دیارە جیهانی تەکنیك بەسرووشتە بزواو و ئەبستراکەکەیەوە زوو هەستی مرۆڤ دەتەنێتەوەو ئاراستەی دەکا، لێرەوە بەدەم مەستبوونی مرۆی کوردەوە بەدیار بینینی ئەو وێنە رووت و کالآیە فرانەی مەسمێدیاوە، بەهاو رەوشتگەلێکی نوێی ترنجاندە هەست و ئاگاییەوە.

www.pertwk.com

کەواتە ئەو وێنا نوێیە لەژیان، هەوەس و مەیلەدەمبەستکراوەکانی مرۆی کورد تەقاندەوە. ئەو شڵەژان، لێکترازانەی پەیوەندییە دەقگرتووەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەتیش بەرزبوونەوەی دیاردەی رەشکوژیی ژنان، ئاوێنەبوونەوەیەکە لەپرۆسەی ئەو بەجیهانیبوونەی کە لەئاکامی کایەکانیدا خێزانی نەریتخوازی کوردی کووشتەی راچڵەکانێکی رەوشتی کردووە . تەشەنەکردنی ئەو توندو تیژیی و گەڕەلاوژەیەی کەئەمڕۆ لەژیانی کوردیدا لەئارادایە، وەك وتمان، دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی ئاوەزی ئەو حکومەتە کوردییەی کە هەڵگری ئیدیۆلۆژییەکان رەهاگەرایی رەوشتییە.

لەو روانگەیەوە ئەرکی دەسەڵات و چالاکڤانەکانی بواری رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی و ژن، ئەگەر لەژیانی کوردیدا بەراستی هەبن، ئەوەیە ئەگەر بڕوایان بەکۆمەڵگایەکی مەدەنییە، لەبری ئەو چەواشەکاریی کردنە بەچەمك و بەهایە نوێیەکان، بەپێودانگی ئاستی کۆمەڵگای کوردستان و جیهانییەوە بەشێوەیەکی کردەیی لەڕێگای کەناڵ و دامەزراوەکانەوە دەست بەگۆڕینی ئەو جیهانبینییە رەهاگەراییە رەوشتییە بکەن، کەئاوەزو هەناوی کۆمەڵگای کوردستانی گەمارۆ داوە . ئەگەر حکومەت و نووسەرانی کورد لەناخەوە بڕوایان وایە دەبێ کوردستان ببێتە بەشێك لەبەهاو وێنایەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی و کۆمەڵگاش بەوە رازیبێ ببێتە بەرخۆرێکی بازاڕی کاڵایەکانی بەجیهانیبوون،ئیتر حەوجە بەوە ناکا لەترسی بەرتەکی یان بۆ مەراییکردنی هێزە کۆنپارێزەکان بەو جۆرە چەواشەکارانە خۆی



لەدابونەریت و رەوشتە بەسەرچووەکانی وەك شەرەف، سوڵحی عەشایریی، حیزبگەرایی و ... هتد بدزنەوە.

راستییەکەی ئەمڕۆ ئەوە نەوەی نوێ و بەشێکی زۆر لەهێزەکانی کۆمەڵگای کوردستان نییە کە بەو دابونەریت و بەهایە کۆنانەوە ئاوێزانە، بەڵکو ئەوە ئاوەزی حیزبە دەسەڵاتدارو بەشێکی زۆر لەبەناو نووسەرانی کوردە کە داکۆکیکارو سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوەی ئەو جیهانبینییە کۆنباوانەی کۆمەڵگای کوردستانن. ئاشکرایە ئەو دابونەریت و رەوشتە بەسەرچووانەی کوردستان، بنەمای ئیدیۆلۆژییە کۆنپارێزەکان لەسیستەمی پەروەردە، خوێندگایەکان، قانوونە رزیوەکان، زمانی دامەزراوەکانی حیزب و خودی حکومەتدا رەگئاژۆیە. لەو روانگەیەوە، جیهانبینییە کۆنپارێزەکانی وەك: پیرۆزاندنی حیزب و سەرۆکەکانی، بینینی شەرەف لەخوار ناوکی ژن، رەوشتی دووڕوویی، خێڵگەرایی، گەندەڵی، توندو تیژیی دژ بەدیدە جیاوازەکان، حیزبگەرایی و... هتد، لەناخی حیزبە باڵادەستەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێن. چونکە حیزبەکان وەك هێزگەلی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگاوە ئەو جیهانبینیە کۆنپارانەیان لەنەوە کۆنەکانەوە بۆ نەوەی ئێستا گواستۆتەوە یان بەرهەمهێناوەتەوە. ئەو جیهانبینییە کۆنپارێزانەش لەناخی ئیدیۆلۆژییی حیزب و دەمڕاستەکانی حکومەتی کوردیدا ئامادەیان هەیە. بەمجۆرە ئەرکی حکومەتێکی نوێخواز یان سێکولارە کەبەرێگای قانوون، رەفتارو هەڵوێستەکانییەوە، ئەو نەریت و بەهایانەی کە لەناخی پەیوەندییە

جڤاکییەکاندا دەژین و خۆیان لەسیستەمێکی رەوشتگەراییدا بەرجستە کردۆتەوە یان بوونەتە سەرچاوەی ئیدیۆلۆژییی کۆمەڵگا، بکا بەپرینسیپێکی ئێتکی نیشتمانی. لێرەوە ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی کوردستان لەماوەی 16 ساڵی دەسەڵاتیاندا بەرپرسیارن لەقوولکردنەوەی ئەو بەهای رەوشت و نەریتە کۆنباوانە لەبونیات و پێکهاتی کۆمەڵگادا. هەڵبەتە سیستەمی خوێندن، ئاستی مەسمێدیا، ژیانی رۆشنبیریی، سیاسەت و ئێتیکی کۆمەڵگا، ئاوێنەیەکن لەئیدیۆلۆژیی هەموو دەسەڵاتێك . بەمجۆرە تاکەکەسەکانیش راستەوخۆ کە وابەستەی ئەو سیستەمەن، ئەو بەها، رەوشت و دابونەریتە کۆنپارێزان وەردەگرن و پیادەی دەکەنەوە.

بەڵام حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نە خاوەن ئەزموونێکی سیاسیی دیاریکراوە لەمێژووی کوردستان و نە خاوەن ئەزموونێکی تایبەتی خۆشییەتی. لەبۆیە بەئیدیۆلۆژییەك لەکۆی جیهانبییە کۆنپارێزەکان نەك نوێخوازەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە، بۆ فریودانی جیهانی دەرەکیی و ناوەکییەوە، دروشمگەل و چەمکگەلێکی رۆژئاوایی پۆشیووەو هاوکاتیش لەئاستی رەفتاردا خاوەن ئیفلیجترین سیستەمی کارگێڕییە.

لێرەوە ئایا حکومەتی کوردی دەخوازێ بەپرینسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراسییەوە کۆمەڵگا بەڕێوە ببات و کوردستان بکاتە ماڵێکی یەکسان بۆ هاووڵاتیان، یان تەنیا ماڵێك بۆ حیزب و وابەستەکانی؟ راستییەکەی ئەو شێوە قەڵەمڕەوییەی کەئەمڕۆ بەناوی حکومەتی



کوردی لەئارادایە، بێجگە لەپاشاگەردانی سەردەستەیەك لەبەرپرسی حیزبی، خێڵەهێزدارەکان هیچی تر نییە. حکومەتێك هەتا حەز بکەی گەندەڵ و نادادپەروەرە. هەر بۆیە زۆرینەی هێزەکانی تری کۆمەڵگا لەدەرەوەی ئەو رەوشە بەئیدیۆلۆژییی حیزبسالارە داگیرکراوەدا، بەهۆی گرانی بژێوی ژیانەوە لەلایەن بازرگان و بەرپرسە گەندەڵەکانی حیزبەوە خوێنیان دەمژرێ. تەشەنەکردنی دیاردەی رەشەکوژیی ژن، روخانی بەهایە ئێتیکییەکانی کۆمەڵگا، سەرهەڵگرتنی گەنج بۆ هەندەران، بێئومێدی تاکەکەسەکان، ئیفلیجبوونی ئاستی رۆشنبیریی، فەرامۆشکردنی هەستی دڵسۆزیی بەرانبەر نیشتمان و... هتد، رەنگدانەوەیەکن لەپرۆسەی ئەو حکومەتە حیزبگەراییە.

لەو روانگەیەوە پێویستە سیاستوان، پسپۆڕو رووناکبیریی کورد، ئەگەر بخوازن رێگایەك بۆ رزگار کردنی کورد لەو تەنگژانە بدۆزنەوە، هەوڵبدەن ئەو پرسیارە گەوهەرییانە راڤە بکەن : گەلۆ ئەگەر ئەو هەموو گەندەڵیی، نادادپەروەریی و ستەمگەرییەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەبووایە، ئەو هەموو دیاردە کرێت و سەرهەڵگرتنەی گەنج بۆ نادیاریی و توندو تێژییە سادۆمازۆخیانە لەئارادا دەبوون؟ ئاخۆ ئەگەر حکومەت لەڕێگای دامەزراوگەلێکی وەك: پەروەردە، راگەیاندن، زمانی پەیوەندیی، قانوونێکی پیادەکراو ... هتد، هەوڵیاندابا زەمینەیەك بۆ تێگەیشتن لەبەهاو رەوشتەکانی بەجیهانیبوون و ئاوابوونی نەریتە باو و کۆنباوەکانی کورد بڕەخساندبا، کۆمەڵگا هێندە بەدەست پێکدادانی نێوان ئەو بەها کۆن و

نوێیانەوە هەراسان دەبوو؟ ئەگەر ئەو بەناو حکومەتە کەمێك دادپەروەرو نوێباو یان مەدەنیی بووایە، هەڵگری بەهای ئێتیکی و سەرەوەریی نیشتمانی بووایە ژیانی زیندووانی دوای ئەنفال هێندە خەمهێنەر دەبوو؟ ئەگەر ئەو حکومەتە گوێی لەپەژارەی هێزە نوێخوازەکانی کورد بگرتابا، وێڕای پەرتەوازە یان سنووردارییشیان، رەوشی پێناسەی کەرکوك و دەڤەرە بەعەرەبکراوەکان، بەمجۆرە خەمهێنەر دەبوون؟ ئەگەر کۆمەڵگا هەستی بەپرینسیپی ئێتیکیکی هێژاو قانوونێکی کارا بکردبا، هێندە ژن بەو جۆرە هەتکدەکرا؟ ئاخۆ ئەگەر سیستەمێکی پەروەردەی نوێباو و کارا هەبووایە، ئەمڕۆ ئاستی خوێندن و پایەی رۆشنبیریی کوردی ئەوەندە بوودەڵەدەبوو؟ بیر کردنەوەیەکی بەڕاستی لەو چەشنە پرسیارانە، زمانێك بەرهەمدەهێنێ کە لەتوانای دایە ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا لەئاراستەیەکی رۆشندا بەرجەستە بکاتەوە.

لێ، بەهۆی قەتیسمانی زمانی کوردی بەدەست ئیدیۆلۆژییی رەهاگەرای رەوشتی حکومەت و دەمڕاستەکانییەوە، ئێستا ئەگەر بوار هەبووایە زۆرینەی گەنج، نووسەرو بگرە بەشێك لەبەرپرسە حیزبیی و حکومییەکانیش سەریان بۆ هەندەران هەڵدەگرت. کەچی لەکاتی رژێمی بەعسدا، وێڕای ترساندن و هەڕەشەکانی رژێمی بەعسیش، ئاستی هزرینی زمانی کوردی وەك ئێستا شەکەت نەبوو، هەر بۆیە ئاخێوەری کوردی هێندە لەزێدەکەی خۆی بێئومێدو نامۆ نەبوو. لێرەدا ئێمە مەبەستمان بوونی دیاردەی کۆچکردن بەهۆی کێشەی



ئابووریی یان تۆقاندن نییە کەکاتی خۆی لەئارادا بوون، بەڵکو مەبستمان لەو دیاردەی کۆچکردنەیە کە بۆتە چەشنە ئۆتۆپیایەك بۆ مرۆڤی کورد. ئاخر کۆچکردنی مرۆڤی کورد نەك هەر بەرێگای هات و نەهاتە، بەڵکو بەگشتی دوا وێستگەی ژیانیشی بە مەرگەسات و ونبوون لەتووناو توونی نێوان سنوورەکان کۆتایی دێ. رووداوی خنکانی بەکۆمەڵی ئەو لاوە سەرهەڵگرتووانە لەرووبار، دەریاچەو گرتن و سووکایەتی پێکردنیان لەلایەن پۆلیسی سەرسنوورەکان و... هتد پێشهاتی جەرگبڕن. ئەگەر کوردیش بەشی زۆری ژیانی مەرگ نەبووایەو خاوەن ئەو حکومەتە سەرقاڵەبە مشخۆریی و بەرخۆرییە نەبووایە، ئەو دیاردە و پێشهاتانە بەمجۆرە بێدەنگییە لەیادەوەریی کورددا تێنەدەپەڕین یان فەرامۆش نەدەبوون.

دیارە ماڵ بۆ مرۆی کورد، وەك نەریتێکی سرووشتی خۆی، پایەیەکی تایبەتی هەیە. ماڵ لەجیهانبینی کورد، واتای زێد و ئاوەدانی دەگەیەنێ. بۆیە بەشێکی زۆر لەداستان و سەربووردە زارەکیی و نووسراوەکانی کوردی باس لەژان و پەرۆشی ژیانی سووڕگوومبوون لەماڵ دەکەن.(*)

کەواتە دیاردەی کۆچکردنی کورد بەرەو ژیانێکی نامۆ و دوور لەماڵ، بەشێکی رەنگدانەوەی رەفتارەکانی حکومەتی کوردیی و شڵەژانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئاوابوونی ئەو بەهایە نیشتمانیانەن لەجیهانی تاکەکەسی کوردیدا.

هۆکردی ئەو بەنامۆبوونەی مرۆی کورد لەماڵ و جڤاکەکەی خۆیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بەحیزبیکردنی ژیان و هاڵکشانی دیاردەی نادادپەوەریی لەژێر دەستی خودی حکومەتی کوردیدا. بەڵام لەرۆژگاری رژێمی بەعسییدا چونکە کورد ئەو رژێمەیان وەك دوژمنێکی دەرەکی سەیر دەکرد، لەبۆیە سیاسەتی شۆڤینی ئەو رژێمە، هانی مرۆی کوردی کە زیاتر هەست بەخۆشەویستیی و ئازاد بوونی ماڵ و خاکەکەی بکا و دواجاریش لەبەرانگاربوونەوەی ئەو رژێمەدا بەجۆشتر بێ. کەچی ئەمڕۆ بەدەم گۆڕانی ئەو ناوکۆییە کۆمەڵایەتیی، بەمشەخۆرکردنی سیاسەتی ئابووریی و بەجیهانیبوونەوە، هاوکاتیش بێئومێدبوون لەحکومەتێکی نادادپەروەریی کوردیدا، ئەو بەهایانە لەکن مرۆی کورد سەرەوژوور بوونەوە و لەئەکامی بەهەڕمێنبوونی رەوشتی مۆبایل، کە سەرچاوەیەکی کاریگەرە بۆ وێنای رەوشت و بەهایەکانی بەجیهانیبوون، هەستی "بێماڵ"یی: بزۆکی کولتووریی، نامۆبوون لەکۆنترۆلی کۆمەڵگایەکی نەریتگەرا، خۆدانە دەست مەیلەدەمبەستکراوەکان لەژێر زبری رەوشتە کۆنباوەکان و خولیای سەرهەڵگرتن بۆ جیهانە وێناکراوە بەخۆشگوزەرانییەکان، کاڵبوونەوەی هەستی کوردایەتی و ... هتد، ناخی مرۆی کوردی تەنیوەتەوە.

لێرەوە گرفتی حکومەتی کوردی زەقدەبێتەوە. لەکاتێکدا حکومەتی کوردستان هەڵگری ئیدیۆلۆژییەکان نەریتگەرایەو نۆرمە رەوشتییە کۆنپارێزو خێڵگەرایەکان برەو پێدەدا، کەچی، وەك وتمان، بۆ ئەوەی دڵنیایی و ئارامی یان مەرایی بۆ خواستە نوێیەکان بکا، خۆی



بەچەمکە رازاوەکانی هاوسەردەم دەڕازێنێتەوە. بەمجۆرە حکومەتی کوردستان بەدەم ئەو پرۆسە لێکانگیرەی نێوان بەهایە کۆن و نوێیەکاندا کۆمەڵگا بەڕێوە دەبا. لەگەڵ قووڵبوونەوەی ئەو تەنگژەیەدا، ویستێکیش بۆ چارەکردنی ئەو تەنگژانە، نە لەجەم ئەو حکومەتەی کوردستان هەیەو نە لەئاوەزی دەرەوەی ئەو حکومەتەش لەئارادا نییە.

## ئاکامگیرییەك لەڕامانگەلێکدا

لەم خوێندنەوەیەدا بەرۆشناییەك لەدیدی یۆرجیس دێبایەوە، هەوڵماندا وێناکردنێك لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە، پێناسەیەك بۆ ئەو ئیدیۆلۆژییە رەهاگەرایی رەوشتییە بکەین کە لەسیاسەتی گەندەڵیی حکومەتی کوردستان ئاراستە دەکا. هاوکاتیش ئەوەمان جەختکردەوە کە حکومەتی کوردستان پێکهاتەیەکە لەپەیوەندی کۆهێزەکانی کۆمەڵگای کوردستان نەك ئاوەزێك لەڕوانگە نوێخوازەکان. بەمجۆرە ئامانجی سەرکەوتنی ئەو حکومەتە، رەوشت و بەهایەکانی خێڵ و خێزانی نەك تاکەکەسە بەهەرەمەندەکانی کۆمەڵگا. هەربۆیە بانگەشەکانی ئەو حکومەتە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنیی و ئازادییە سیاسیی و جڤاکییەکان، تەنیا دەمامکێکە بۆ رازیکردنی هێزە نوێخوازەکان و دابینکردنی دڵنیایی خۆی لەکۆمەڵگادا. ئەو مشەخۆرییەی کەئەمڕۆ کۆمەڵگای کورد

دەهاڕێ، بەشێکە لەبەرهەمی ئەو تاقمە بازرگانە حیزبییانەی کە لەرێگای دەسەڵاتەکانیانەوە ژیانی ئابوورییان بۆ خۆیان قۆرخکردووە. وێڕای ئەمەش، دیاردەگەلی چەتەگەریی، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، رەشەکوژیی ژن، تێکچوونی هاوسەنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئیفلیجبوونی ئێتکی نەتەوایەتیی و ... هتد ئاوێنەگەلێکن لەو ئیدیۆلۆژییە رەهاگەرایی رەوشتییەی حکومەت.

هاوکاتیش هاتنە کایەوەی باڵادەستی تەکنیك و بەهای کاڵایەکانی بەجیهانیبوون، پێکدادانێکی دژواری لەگەڵ ئەو نەریتە رەهاگەرایی رەوشتییەی کە لەهەناوی کۆمەڵگادا دەژیی سازاندووە.

لێرەوە کاتێك حکومەتێك بەناوی "نوێنەرایەتی کۆمەڵگا"وە سامانی نەتەوە هەڵبمژێ و ژیان و قوربانییەکانی خەڵك چاوەشە بکا، حکومەتێکی ستەمگەرە نەك مەدەنی. هەر بۆیە ئەمڕۆ لەژێر سایەی ئەو تاقمە ستەمگەرەی حکومەتدا پاشاگەردانیی، ترس لەئاییندەو نایەکسانی پەرەدەسێنێ و هاوکاتیش ئەو تاقمە بازارگانە دەسەڵاتدارە دەوڵەمەندتر دەبن. وەك دەزانین، لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی خاوەن پرینسیپی ئێتیکی نەتەوایەتیی و دادپەروەردا، ئاکارگەلی چاکەی وەك داهێنان، بەرهەمداریی، روحی دۆستایەتیی و ئاسوودەیی باڵادەست دەبن. ئەو دەسەڵاتە بەرپرسیارگەلی دڵسۆزو خاوەن خاوەن ئێتیکی مرۆڤایەتیی و نەتەوایەتیی بەڕێوەی دەبەن نەك گەندەڵی ستەمگەر. لەو حکومەتەدا ژیانی ئابووریی تاکەکانی کۆمەڵگا هاوئاهەنگانە گەشە دەکا نەك تەنیا تاقمی دەسەڵاتدارو حیزبی. لەو کۆمەڵگایەدا



مرۆڤەکان بەشادیی و جۆشەوە کارەکانی خۆیان رادەپەڕێنن نەك وەك مشەخۆرێك لەرێگای وابەستەی مەنسوولەحیزبییەکانەوە چەندان مووچە وەربگرن و هاوکاتیش بازرگانی بکەن. لەو کۆمەڵگایەدا ژیانی بەرهەمهێنان و جووتیاران دەبووژێنەوە. بەرووبوومی دێهاتەکان ژیانی ئابووری شارەکان دەگەشێننەوە.

بەڵام گرینگە ئەوە بەیاد خۆمان بهێنینەوە، ئەو چەشنە دەسەڵاتە زادەی چینی بۆرژوازییە نەك خڵتەی خێڵ، پیاوە ئایینیی مشەخۆرەکانی حیزب.

شایەنی باسە، کۆمەڵگای رۆژئاوا هەر لەکۆتاییەکانی سەدەی نێوەڕاستەوە خەونی بەو دەسەڵاتە بۆرژوازییەوە دەبینێ. ئاشکرایە بیرۆکەی دەسەڵاتێکی بۆرژوازی، لەسەدەی چواردەدا لەنووسینەکانی میکاڤیلیدا بەرجەستە کرایەوە. لەسەدەی شانزەو حەڤدەشدا، کۆمەڵگای رۆژئاوا، وەك کۆمەڵگای ئەمڕۆ کوردستان، بەدەست گەندەڵیی دەسەڵاتی پیاوانی پاشا، سەربازو دەوڵەمەندەکانەوە دەتلایەوە، بیرۆکەی بەدیهێنانی ئەو حکومەتە بۆرژوازییە بەجۆشێکی فرەوانتر فراژا. دواجاریش لەرۆژگاری رۆشنگەرییدا لەلایەن داڤید هیوم و ئادەم سمیسەوە ئەو بیرۆکەیە رەوتی پیادەکردنی وەرگرت. هەر بۆیە، بۆ نموونە، هەتا ئەمڕۆش تیۆری بەرهەمهێنانی "ئابووریی نەتەوایەتی"ی ئادەم سمیس بەهای خۆی هەیە. لەدیدی هیوم و سیمیسەوە، ئەگەر هاووڵاتیان پێکڤە کارو ئەرکەکانیان، لەپێشڕا لەپێناوی قازانجی خۆیان و پاشانیش بۆ بەرژەوەندی گشتی، لەکارو

ئەرکەکانیان دڵسۆز بن، کۆمەڵگا بەختەوەر دەبێ. بەڵام ئەو دڵسۆزییە بەتۆقاندن و چاوەشەکاریی دەستەبەر نابێ، بەڵکو دەبێ هاووڵاتیان خۆیان ئاگایەنە ئەو دڵسۆزییەیان هەبێ.

لێرەوە ئەگەر دەسەڵاتێك بخوازێ مەدەنیبێ و سەرکەوتنی کۆمەڵگاو بوژانەوەی بەرهەمداریی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی، دەبێ خاوەن پرنسیپی ئێتیکێکی نیشتمانی، بەهاگەلێکی ئاکار چاکە بێ. کە بنەمای کۆمەڵگایەکی مەدەنی. ئەو ئێتیکەش بەکورتی لەمانەدا بەرجەستە دەبنەوە: ئومێد؛ بڕوابوونی خەڵك بەداهاتووی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان، خەون و خەیاڵ؛ پێناسەو شکۆمەندی، دڵسۆزی بۆ نەتەوە، ئەڤین؛ مەیلی جڤاکیی، دۆستایەتی، ڕێزگرتن لەنێوان خەڵك و سەرنجکێشانی بۆ بەهای جوان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی؛ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئەمەکداریی، سەروەریی؛ سەربەخۆیی و ئازادیی و حیکمەتخوازیی؛ گەڕان بەدوای زانیاری، پێشبینی، ئاگایی خولیای تاك و ئاوەزگەرایی. کەواتە ئەمڕۆ بۆ ئەوەی بوونی کورد ببێتە خاوەن کۆمەڵگایەکی گەشاوە، حکومەت و کۆمەڵگای کوردستان پێویستیان بەئاکارگەلێکی لەم چەشنە هەیە کەئاماژەمان پێکردن. بەڵام کاتێك ئەو ئاکارگەلە لەکۆمەڵگای ئێمەدا سەروەر دەبن، کەحکومەتی کوردستان توانی هەڵگری ڕوانگەکانی چینی بۆرژوازیی یان هزرگەل و پرۆژەگەلێکی ڕۆشنگەرانە بوو و مرۆڤگەلی دڵسۆزو زانا بەسەر دامەزراوەکان و ئاوەزی حکومەتدا باڵادەست بوون، نەك جیهانبینی ڕەهاگەرایی ڕەوشتیی و مەنسوولی ئاوەز گەندەڵ و چەواشەکار. ئێمە



لەوە بەئاگاین کە چینی بۆرژوازیی و بگرە کولتووری ئەو بۆرژوازییەش لەکوردستاندا ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام دەکرێ ئەو ڕوانینە وەك ویستێکی ئیدیالی، نموونەیی لەنەوەکانی داهاتووی کورددا بەرجەستە بکرێتەوە. هاوکاتیش لەوە بەئاگاین کەئەو تێڕوانینە بۆ ئەو دیاردە چەپگەرایە نەریتییەی کە بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراو، حیزب و نووسەرانی کورد بڕوایان پێ هەیە، مایەی ڕەخنەیە. بەڵام ئێمە مەبەستمان لەکولتووری بۆرژوازیی، ئەو ئەزموونە دیموکراسیی و مەدەنییەیە کە ئەو چینە لەسەدەی حەڤدەو هەژدەدا بەرهەمیهێناوە. چونکە بەدیدی داڤید هیوم و ئادەم سمیسەوە چینی بۆرژاوازی سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەزموونی کۆمەڵگای سکولارو مێژووی ژیاریی بوو. خولیایەکانی بۆرژوازی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو کۆمەڵگایە سکولارە، تەنیا ئابووریی و بەرژەوەندی چینایەتی نییە، وەك ئەوەی مارکسیستەکان سوورن لەسەری، بەڵکو پەیوەندی بەو پرینسیپە ئێتیکییەوە هەیە لەکۆمەڵگایە بۆرژوازییەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە. هەر بۆیە لەکۆمەڵگایە نوێباوەکانی ڕۆژئاوادا ئەو ئێتیکە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەقانوون، کۆمەڵگاو بازاڕیی ئابوورییدا کاریگەریی خۆی هەیە. هەر بۆیە ئامادەیی ئەو ئێتیکە لەئاگایی کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا، وایکردووە خەڵك بەشێوەیەکی چالاك و دڵسۆز کار بکەن و دەوڵەتیش خۆی بەقانوون و بەرپرسیارەکانی بەرانبەر کۆمەڵ ببەستێتەوە. بەکورتی ئەو ئێتیکە شارستانییە هاوبەشەیە کە تاك و کۆمەڵی کۆمەڵگای

رۆژئاوا ئاراستە دەکا، نەك وەك کۆمەڵگایە باوەکانی رۆژهەڵات، کە بەهایە نەریتیی و ئایینییەکان هاووڵاتیان ئاراستە دەکەن. لێرەوە ئەو رەشەکوژیی ژن، مشەخۆری، بەرخۆریی، چەتەگەریی، ئاکاری خراپەکاریی و .... هتد ، کەوەك ئیدیۆلۆژییەکی گەندەڵیی لەکوردستاندا پەرە دەسێنن، رانگدانەوەیەکن لەو جیهانبینییە رەهاگەرایی رەوشتییەی کە لەهەناوی حکومەت و پەیوەندییە خێڵەکییە باڵادەستەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا رەگئاژۆن.

لەو روانگەیەوە ئەمڕۆ زۆرینەی هاووڵاتیانی کۆمەڵگایە چەوساوەکان لەژێر حکومەتە ستەمگەرەکانی وەك کۆمەڵگایە ئیسلامیی و دەرەوەی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان، خەون بەهاتن بۆ کۆمەڵگای رۆژئاوا دەبینن. کۆمەڵگایەکانی رۆژئاواش بەرهەمێکن لەچینی بیرۆکەی بۆرژواو فەیلەسووفە رۆشنگەراکان. لەو دیدەوە کۆچکردنی فراوانی هاووڵاتیانی کۆمەڵگا دەسەڵات ستەمگەرەکان، لەوانە کۆمەڵگای کورد بۆ رۆژئاوا، بەڵگەن بۆ بەهای پرینسیپە سیستەمە رەفاهییەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی. دەسەڵاتی بۆرژوازیی، کە پایەی هاووڵاتیان رەچاو دەکا، بەلای کەمییەوە رێز لەبنەمایە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ دەگرێ و قانوونیش سەروەرە لەدیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیانی کۆمەڵگا نەك نەریتی خێڵ، خێزان و گوڕاح و مجگێزی مەنسوولی نەخوێندەواریی حیزبی، هەروەك ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەیبینین.



لەو دیدەوە، لەژێر سایەی حکومەتی کوردستاندا گەندەڵیی و مشەخۆریی نەك هەر ژیانی هاووڵاتیانی وێرانکردووە، بەڵکو بیرکردنەوەو خولیا بۆ پیادەکردنی هزرو بەهایەکانی کۆمەڵگای سکولاری بۆرژوازیش دەمکوت کردووە. مەبەستمان لەو هزر و بەهایانەی بۆرژوازی، سیستەمێکی دادپەروەر، نیشتمانپەروەرو پاراستنی مافی مرۆڤە، کە کولتووری کۆمەڵگای بۆرژوازی بەرجەستەیانی کردۆتەوە، نەك بەهای بازاڕی سەرمایەدارییەکەی.

بەهەمە حاڵ، هەر چەندە ئەمڕۆ کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا، بەهۆی باڵادەست بوونی توێژێك لەچینی ناوەڕاست بەسەر دەوڵەتەوە، لەڕێگای بەکار هێنانی باجی هاووڵاتیانەوە بۆ خۆیان، زۆرێك لەبەهایەکانی کۆمەڵگای رەفاهییەتی بۆرژوازی، وەك هاوسەنگیی ژیانی ئابووری کۆمەڵگا، ئەو بەهایەی نەماوەتەوە. چونکە ئەوکاتە دەسەڵاتی بۆرژوازی دادپەروەر دەبێ کە کۆمەڵگای رەفاهیی سەرتاپای کۆمەڵگا بەیەکسانی خواستەکانی هاووڵاتیان مەیسەر بکا. بەڵام هەتا ئێستاش بیرۆکەکانی رۆشنگەریی، وەك یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو، مرۆڤ، دێمۆکراتی، دادپەروەریی و ... هتد، کە بنەمایەکانی دەوڵەتی بۆرژوازین، بەهای خۆیان هەیە.

شایەنی باسە، لەنێوەڕاست و کۆتاییەکانی حەفتایەکانی سەدەی رابردوودا نەوەیەکی خوێندەواری نوێخواز، وێڕای چەپڕۆیشیان، هەڵگری بەدیهێنانی وێنایەك لەدەسەڵاتی بۆرژوازیی بوو، بەڵام لەگەڵ ئاوێتە بوونی بەخەباتی چەکدرایی پێشمەرگایەتیی و دواجاریش

شەڕی نێوان حیزبەکانی دوای راپەڕین، ئەو جیهانبینییە نوێیە لەناو هێزە کۆنپارێز و رەوشتپارێزەکاندا، کە بوونە هێزێکی باڵادەست لەناو ئەو حیزبانەدا توانەوە، پەرتەوازە بوون یانیش بوون بەئامرازێك بۆ جوانکردنی ئەو ئیدیۆلۆژییە رەهاگەراییە رەوشتییەی حیزب و حکومەتی کوردستان.

لەم قۆناغەی ئێستاشدا بەشێکی ئەو نەوە نوێیەش کووشتەی هەمان کێشەن. بەدەربڕینێکی دیکە، بەشێك لەو نەوە نوێیە لەناو حیزبە قەڵەمڕاوەکانی کوردستاندا بەخەونی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سێکولار کار دەکەن، کەچی پایەیان لەخوار دەسەڵاتی هێزە کۆنپارێز و رەوشتگەرایەکانە، لەبۆیە دواجار ئەرکی سەرەکی ئەو نەوە نوێیە ئەوەیە کە ببێتە بەشێك لەو سیستەمی بەهایە نەریتگەرایەی کە بەسەر کۆمەڵگاوە باڵادەستە. لەو پرۆسەیەدا لەبری ئەوەی ئەو نەوە نوێیە ئەو بەهایە سکولارانە بەسەر ئەو هێزە کۆنپارێز، ئیدیۆلۆژییە گەندەڵییەی حکومەت بسەپێنێ، کەچی دەبن بەبەشێك لەپەرەسەندنی ئەو گەندەڵکارییە.

بە دیوێکی دیکەشەوە، کورد لەئاستی مێژووی سیاسییدا خاوەن میراتی ئەزموونێکی سیاسیی چینێکی ئورستۆکراتی خاوەن کولتووریی گەشاوەی وەك چینی بۆرژوای سەدەی حەڤدە و هەژدە نەبووە نەبووە، تاکوو نەوەی ئەمڕۆ یان حکومەتی ئەمڕۆی کوردستان بەهرەی لێوەربگرن. ئەگەر لەرۆژگارە جیاوازەکانیشدا وێنەیەکی گەش و سوودبەخش لەئەزموونی میرنشینەکانی کورددا لەئارادا بووبێ، ئەوە



لەئاگایی نەوەی ئێستاو خودی حکومەتی کوردستاندا بەهایەکی نییە یان فەرامۆشکراوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ بیرکردنەوەی توێژە رووناکبیرو سیاسییەکانی کورد ، رەنگدانەوەیەکی شێواوی ئیدیۆلۆژییەکانی دەڤەریی و جیهانییە. بەرهەمی ئەو دیاردەیەش ئەو رەوشە دزێوە رۆشنبیریی، سیاسی-و ئابوورییە کە لەکوردستاندا لەئارادایە. لەئاکامی ئەمەشدا ئەو هێزە نوێخوازەی ناو جەستەی کۆمەڵگای کوردستان، بەدەم شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ ئەو کۆهێزە باڵادەستەی ناو حکومەت و کۆمەڵگاوە، ژیانێکی خەونئامێز بۆ دروستبوونی چینی بۆرژوازی کورد بەسەر دەبەن.

خەونی خۆکردی ئەو تاکەکەس و بەکۆمەڵییە نوێخوازانە ئەوەیە کە ئەو نۆرمە رەوشتگەرایی و شەرفپارێزییەی خێزان و خێڵ وەرچەرخێنێ و لەبری ئەوەش نۆرمێکی ئێتیکی نیشتمانی لەئاگایی کۆمەڵدا بخەملێنێ، کە لەگەڵ بەهایە ناوەکیی و دەرەکییەکانی جڤاکی کورددا هاوسەنگ بێ و هەمیشە لەگۆڕاندا بێ. بەڵام کاتێك ئەو هێزە نوێخوازە دەتوانێ ئەو وەرچەرخانە چاوەڕوانکراوە لەجیهانبینی کوردیدا دروستبکا، کە توانی سیستەمی پەروەردە، زمان، سیاسەتی کۆمەڵایەتی، مێدیا و... هتد، ئاراستە بکا.

هاوکاتیش کاتێك ئەو هێزە نوێخوازە دەتوانێ کۆمەڵگا لەو جیهانبینییە رەهاگەرایی رەوشتییە ئازاد بکا، کە پەیوەندی تاکەکەسەکان لەگەڵ کۆمەڵدا، لەسەر بنەمای بەرهەمداریی و سەرکەوتنی کۆمەڵگابێ نەك خێزان و خێڵ، وەك ئەوەی کە ئێستا

لەکوردستاندا لەئارادایە. چونکە لەکۆمەڵگایەکی نەریتگەراو حکومەتێکی ئاوەز گەندەڵدا، بەپێچەوانەی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی هاوسەردەمی نیشتمانپارێز، ئامانجی پەیوەندییەکانی تاك بەکۆمەڵەوە، پاراستنی شەرەفی خێزان و خێڵەکانە. یەکێك لەکێشە سەرەکییەکانی سیستەمی حکومەتی ئەمڕۆ کوردستانیش ئەوەیە لەرێگای سیستەمی پەروەردەو دەزگایەکانییەوە سەرقاڵەبە سەرکەوتنی ئامانجەکانی خێزان و خێڵ، نەك سەرکەوتنی بەهای تەکەکەسەکان. وێنای 16 ساڵی سیستەمی پەروەردەی خوێندن و قانوونەکانی حکومەتی کوردستانیش، بەڵگەن بۆ ئەو راستییە. هەربۆیە هەموو رەوشتی کوردی لەچۆنییەتی کردەی سێکسکردندا چڕکراونەتەوەو پێشهاتەکانی ژنکوژیی بەدەست مرۆی کورد بوونەتە حیکایەتی رۆژانەی مێدیای کوردی و جیهانی. لەبۆیە پاراستنی شەرەف خراوەتە سەر ئەستۆی ژن، نەك بەرپرسیاریی هەردوو رەگەز. کێشەکە لێرەدایە کەپیاوان لەکۆمەڵگای کوردیدا سەرگەرمی فرەوانکردن و بەهەرمێنکردنی بازاڕی لەشفرۆشتن، بەبێ ئەوەی نۆرمەکانی حکومەت و کۆمەڵگا تاوانباریان بکەن، کەچی بەگومانێکی بچووك لەبوونی ژمارەی تەلەفۆنێکی نەناسراو، شەرەفی مرۆڤ و خێزانی کورد دەڕمێ. لەئاکامی ئەمەدا ئەمڕۆ کوردستان بۆتە دۆزەخی ژن و لەرێگای کامێرای ئەو مۆبایل تەلفۆن و ئینتەرنێتەی کەخێزان و خودی ژنی کوردیان وێرانکردووە، کۆمەڵگای جیهانی بۆتە بینەرێکی تووڕەی ئەو دیمەنانەوە. بەمجۆرە حکومەت و کۆمەڵگای کورد لەبەردەم پێکدادانی



ئەو بەهاو نەریتە دژانەی کەلەیەکاتدا بوونەتە خەون و کارەساتی بوونی کورد، دۆشداماوەو ناتوانێ بڕیارێك بۆ گرتنەبەری ئاڕاستەیەکی جیاواز بدات. ئاخر پرسیار ئەوەیە، گەلۆ ئەوە نەریتی خێزان و رەوشتی خێڵەکە دەبێ بڕیار لەسەر واتای نۆرمی رەوشت و بەهایە کۆمەڵایەتییەکان بدا یان حکومەت؟ بەدڵنیاییەوە ئەوە ئەرکی حکومەتە نەك خێزان و خێڵ. کولتووری شەرەف. نۆرمی رەوشت، نەریتەکان دیاردەگەلێکی جێگیر نین، هەموو ئەمانە لەگەڵ گۆڕانی ناوەکیی و دەرەکی کۆمەڵگاو جیهاندا گۆڕانیان بەسەر دادێ. ئا لێرەوە حکومەت دەبێتە سەرچاوەو بەرپرسیاری ئەو نەهامەتییانە.

لەو ناوکۆییەوە وێنای رێکخراوە بەناو مەدەنیی یان سەربەخۆیەکانی ئەمڕۆ کوردستان، بەشێکن لەو دەمامکانەی کەحکومەتی کوردستان بۆ خۆ رازاندنەوەی خۆیی و سازشکردن لەگەڵ هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیدا پۆشیوویەتی. لێرەوە بوونی ئەو رێکخراوە بەناو مەدەنییانە ئەوەندەی رەوایەتی دانە بەئاوەزی رەهاگەرایی رەوشتی حکومەت و هێزە کۆنخوازەکانی کوردستان، هێندە وریاکردنەوەی تاکەسەکان و جێگیرکردنی بەهایەکانی چەمکی "سێکولار" نییە لەکوردستاندا. بەواتایەکی تر، رێکخراوە مەدەنییەکان وێنایەکن یان بەرهەمێکن لەو دیاردە مشەخۆریی و بەرخۆرییەی کەحکومەتی کوردستان بەرهەمی هێناوە.

لێ ئەمڕۆ حکومەتی کوردستان بەئیدیۆلۆژییە کۆنپارێزەکەیەوە دەبێ لەوە تێبگا کە لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، بالادەستی تەکنیك،

بەرخۆرکردنی کورد بەکالآیەکانی جهیانی سەرمایەداریی، ئامادەیی خەڵکی بیانی و تێکەڵاوبوونی کورد لەگەڵ کولتووره جیاوازەکاندا، بەو سیستەمە کۆنباوەوە ناتوانێ کولتووری شەرفپارێزیی، خێڵگەرایی، نادادپەروەریی کۆمڵایەتیی و ... هتد پەره پێبداو هاوکاتیش چاوبڕکی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنییدا بکا.

2007.6

ستۆکهۆلم

**پەراوێز و ژێدەر:**

. Martin Heidegger, *“Teknikens väsen* 1 *och andra uppsatser”*, svenska övers. Richard Matz, 1974. بەتایبەتی لەلاپەڕە 15 بەدواوە

(*) Georges Duby مێژووناسێکی ناسراوی فەرەنسی.



پرۆفیسۆری مێژووە لەزانستگای Collège de France دا. نێوەڕۆکی نووسینەکانی لەکتێبێکی سێ بەرگیدا، کە لە1975دا چاپیکردووە، سەبارەت بەکۆمەڵگای سەدەی نێوەڕاستی ئەورووپادا چڕ دەبنەوە.

کتێبە ناسراوەکانی دیکە دوبای بریتین لە"شەڕکەرو جووتیارەکان" (1981)، دەسەڵات و ئەڤین (1998) و "فەرەنسای فیودالی"، کە گشت ئەو کتێبە بەزمانی سوێدین.

2. Att skriva historia, Övers. Otta Mannheimer, Norstedts, Stockholm 1978, ل 87.

3. هەمان سەرچاوە، ل. 87.

4. هەمان سەرچاه، ل. 88.

5. هەمان سەرچاوە، ل. 88.

6. هەمان سەرچاه، ل. 89.

7. هەمان سەرچاوە، ل. 89.

(*) ئێمە لەوتاری " ئۆتۆپیای یادەوەریی مرۆڤە، لەگەڕان بەدوای ماڵدا"، وەك ئۆتۆپیایەك لەمێژووی مرۆڤدا، باسی بەهای ماڵمان کرووە. بڕوانە: "خامەیەکی رۆشنبیریی لەپشت گوێی زماندا"، 2007 ، وەزاراتی رۆشنبیری-چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لاپەڕە: 116.

www.pertwk.com

## جەدەلییەتی ئەخلاق و سیاسەت

سازدانی: موحسین ئەدیب

ئـــەم دیـــداره لـــە25 و 26ی 12ی 2007 لەبەشـــی بـــیرو ڕای "ڕۆژنامەی ڕۆژنامە" بڵاوکراوەتەوە.

بە هۆی گرینگی هەنووکەیی و بەردەوامی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، زەرورەتی ئەو مەسەلەیە لەئێستای واقیعی پڕ لەگەنـدەڵی و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لەلایەن سیاسەتمەدارەوەو هاوکات کەمو زۆر پێشتگوێخسـتنی ئـەو بابەتـە هەسـتیارە لەلایـەن ڕۆشـنبیرانەوە، "ڕۆژنامەی ڕۆژنامە" بەباشی زانی تەوەرێك لەژێر ناوی "جەدەلیـەتی ئەخلاق و سیاسەت" بکاتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەوڵدەدەین هـەر جارەو ڕۆشنبیرو سیاسەتمدارێك بدوێنین.

سەبارەت بەم تەوەرە نووسەرو شاعیر هەندرێن بۆ ڕۆژنامە دوا:

رۆژنامـەی (رۆژنامـە) رای وایـە مەسـەلەی ئـەخلاق وسیاسـەت وەك پێویست کاری لەسەر نەکراوە بۆیە بەپێویستمان زانـی ئـەو تەوەرەیـە بوروژێنین ، بەرێزیشت یـەکێکی لـەو رۆشـنبیرانەی کـە پێمـان باشـبوو بەشداری تێادا بکەیت ، هاوکاریکردنت جێگای رێز وپێزانینە.

رۆژنامە: دەشێت بڵێین دژایەتییەکی جەوهەریو بونیادی لـەنێوان ئەخلاقو سیاسەتدا هەیە؟ یان ئـەوە سیاسـیەکانن کـە دەیانـەوێت ئـەو مەسـەلەیە وەك حەقیقـەتێك بەکۆمـەڵگاکان بفرۆشـنەوە؟ ئایـا خـودی رۆشـنبیر لـەو بارەیـەوە هاوکـاری سیاسـیەکانی نـەکردووە بـەوەی کـە بەمەبەستی خۆدەربازکردن لەبەرپرسیارێتی کار لەسەر قوڵکردنـەوەی ئەو جیاوازییانە دەکاتو تیۆریزەی دەکاتو دواجار خودی سیاسییەکان سود لـەو گەمەیـە وەردەگـرن و شـەرعیەت بەسـەرجەم میکانیزمـەکان دەبەخشن کە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیاندا دەیگرنەبەر؟

هەندرێن: بڕوا ناکەم هـیچ دەسـەڵاتێکی سیاسـی یـان حکوومـەتێك لـە"ئـەخلاق" بـەدەر بێـت. ئەگـەر لەهـەر کۆمەڵگایەکـدا، چـەمکی "ئـەخلاق" بـەواتا هـەرە سادەکەی رەچـاوکردنی مافـەکانی هـاووڵاتی، راگرتنی تـەرزە هاوئاهـەنگی و هاوژیـانی کۆمـەڵ و لەئاسـتی دەرەکـیش رەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان دوو دەوڵەت یـان حکوومـەت بێـت، ئـەوە نـاکرێ بێـژین، کـە دژایەتییـەکی جەوهـەری و بونیـادی



لەنێوان ئەخلاق و سیاسەتدا هەیە". بەڵام لەئاسـتی سیاسـەتدا دەکـرێ پێناسـەیەکی دیکـەمان بـۆ "ئـەخلاق" هـەبێت، کـە جیـاواز بێـت لـەو "ئـەخلاق"ە بـاوە یـان ئاییننییـە یـان نەریتییـە یـانیش تاکەکەسـییەی کەهەر یەك لەئێمە بڕوامان پێی هەیە. ئەگەر وانییە، ئەی بۆ لەگشت جیهان و کوردستانیشدا رۆژانە باسی خەوشەکانی بەرپرسیاران دەکـرێ و داوای رەفتـاری دادپەروەرانـەیان لێـدەکرێ؟ بۆیـە سیاسـەتێك نییـە بـەدەر لەئـەخلاق. لـێ کاتێـك سیاسـییەکان "ئـەخلاق"مـان وەك "حەقیقەتێك پێ دەفرۆشن و خۆشیان بێبـەری لـەوە، ئـەوە بابـەتێکی ترە، ئەو جۆرە سیاسیانەش لەرۆژهەڵات و کوردستاندا، نموونەی هـەرە بەرچاون. لەو کۆمەڵگایەنەشدا ئەوە "خودی رۆشنبیر"ی پاشکۆی ئـەو سیاسـیانەن کـە بـە"تیـۆریزە" سـاختەکانییەوە هـەموو بـەهاکان بـۆ دەسەڵاتی ئەو سیاسیانە پینە دەکا، تاکوو لەسەر کەلاوەی ئـەو دارمانـە ئەخلاقییەدا وێکڕا "ئامانجەکانیان" دەستەبەر بکەن.

لێ کاتێك ئێمە قسە لەسەر ئەو زاراوانە دەکەین، پێویستە پاشـخانی تیـۆریی و بنەچـەکەی ئـەو دەسـتەواژانە تێبگـەین، تـاکوو بتـوانین لەڕەهەنـدی مێـژووی هـزری ئـەو پەیوەندییـەی نێـوان "ئـەخلاق و سیاسـەت" حـاڵی بـین. چـونکە لەئاسـتی تیـۆریی سیاسـییەوە ئـەو دەستەواژانە هی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات نین. ئەوەی لای ئێمەش هەیە هەتا ئێستاش تێگەیشتنە نەریتـە ئـایینیی و جڤاکییـەکانن لەهەمبـەر ئەو چەمکانەوە.

www.pertwk.com

لێرەوە تێگەیشتن لەپەیوەندی نێوان "ئەخلاق و سیاسەت" خوێندنەوەیەکی فرە رەهەندی گەرەکە. مەبەستمە بڵێم، کە ئەخلاقی ئایینەکان، ئیدیۆلۆژیی لیبرالیزم/نیولیبرالیزم، سۆسیالیزم/نیوسیالیزم، کۆنپاریز/نیوکۆنپاریزەکان و ... هتد تێگەیشتنی جیاوازیان لەمەڕ "ئەخلاق و سیاسەت"ەوە هەیە. بۆیە گەرەکە خوێنەری ئەو بابەتە لەوە بەئاگا بێت، کە پێناسەگەلێك بۆ پرسی "ئەخلاق و سیاسەت" هەیە نەك تاکە پێناسەیەك.

هەرچۆنێك بێت، دەبێ لەوە تێبگەین کە ئێمە لەچوارچێوەی دەزگایەکی وەك حکوومەت باسی "ئەخلاق" دەکەین نەك خێزان یان کۆمەڵێ کەسدا. لەو روانگەیەوە پسپۆڕانی زانستی سیاسی پێیانوایە کە مرۆڤ بێ بیرکردنەوە لەبوونی خودی حکوومەت یان دەوڵەت، ناتوانێ لەسەر بەهاگەلێکی وەك: یەکسانی، دیمۆکراتی، دادپەروەریی، ئەخلاقی سیاسیی و ... هتد بدوێ. چونکە ئەوە دەسەڵاتدارانی حکوومەتن کە لەچوارچێوەی ئیدیۆلۆژیی خۆیانەوە چەشنە "ئەخلاق"ێك بەرهەمدەهێنن و وەك "حەقیقەتێك بەکۆمەڵگای دەفرۆشنەوە". هەر بۆیە ئەمڕۆ رەخنەیەکی زۆر لەرۆڵی حکوومەت وەك ئۆرگانێکی سیاسی لەئارادایە. لێرەوە "ئەخلاق"، لەچوارچێوەی حکوومەت یان دەوڵەتدا بەرجەستە دەکرێتەوە نەك لەدەرەوەیدا.

لێ لێرەدا کێشەیەك قووتدەبێتەوە، ئەویش: ئەگەر ئێمە بڕوامان بەوە بێت کە حکوومەت یان دەوڵەت سەرچاوەو بەرپرسیاری ئەو بەهایە ئەخلاقییەیە، کەواتە ئەگەر حکوومەتێك ئیفلیج بوو ئەوکات



خودی "ئەخلاق"یش ئیفلیج دەبێ؟ چونکە، وتمان، ئەوە حکوومەتە، کە "وەك حەقیقەتێك ئەخلاق بەکۆمەڵگا دەفرۆشێتەوە". کەواتە ئەگەر حکوومەتێك داهێزراو بوو، بۆ نموونە، حکوومەتێکی وەك کوردستان، بەرهەمهێنەری "ئەخلاق"ێکی داهێزراویشە. هەر بۆیە ئەمڕۆ گرفتی"ئەخلاق و سیاسەت"ی حکوومەتی کوردستان بۆتە گرفتی کۆی کۆمەڵگاش. بەمجۆرە ئەگەر مرۆی کورد سەرقاڵی "ئەخلاق"ێکی گەردوونی، ئیدیالی بێت، ئەوە تووشی سەرگێژییەکی بێهوودە دەبێت. چونکە ئەگەر ئێمە داکۆکی لەو سیاسەتەی حکوومەت بکەین، کەواتە داکۆکیکردنمان لەو "ئەخلاق"ە گەردوونییە سنووردار دەبێ. بۆیە حکوومەتێکی وەك کوردستان کە لەگەوهەردا نەك هەر هەڵگری ئەو "ئەخلاق"ە نییە، بەڵکو لەمپەرێکی سەختیشە لەبەردەمیدا.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لەو دۆخەی ئەمڕۆدا "خودی رۆشنبیر"ی کورد لەیەك کاتدا دەتوانێ هەم داکۆکی لەو حکوومەتەی کوردستان بکا و هەمیش لەو "ئەخلاق"ە ئیفلیجە بکا کەخودی ئەو حکوومەتە چاوگەی بەرهەمهێنەریەتیی؟ یان ئایا دەکرێ "خودی رۆشنبیر" بەشێك بێت لەئۆرگانەکانی ئەو حکوومەتە کوردییە و هاوکاتیش بانگەشەکارێکی ئەو "ئەخلاق"ە گەردوونی، ئیدیالییە بێت؟ بەوتنێکی دیکە: ئەگەر ئەو "رۆشنبیر"ە ئەخلاقخوازە بەدژی ئەو حکوومەتەیە، کەواتە دەبێ بزانێ کە لەو دۆخەدا مەرجە سیاسییەکان لەکوردستاندا لەبار نین یان سنووردارن بۆ بەدیهێنانی ئەو "ئەخلاق"ە.

لەو روانگەیەوە، دەکرێ بێژین، کەئەو دژایەتییەی نێوان "ئەخلاق و سیاسەت"، خودی دەسەڵات بەرهەمهێنەریەتی. چونکە، بەواتای هێگڵی، "ئەخلاقێکی باڵای نیشتمانی"، نەك نەریتی بەشێکە لەو مەرجانەی کە لەچوارچێوەی حکوومەتێکەوە دیاریدەکرێت. لێرەوە لەهەموو کۆمەڵگایەکاندا، لەوانەش کوردستان "خودی رۆشنبیر" رۆڵێکی گرنگ لەتێوریزەی ئەو "جیاواز"یانە دەگێڕێ. بەمجۆرە ئەو دەسەڵاتە لەپێناو بەشەرعیکردنی ئامانجەکانیدا سوود لەتێوریزەکردنەکانی ئەو "رۆشنبیر"ەوە وەردەگرێ. بەمجۆرە دەسەڵات لەکاتە پێویستییەکاندا وەك پاساوێك بۆ شەرعیکردنی بەرژوەندییەکانیی سوود لەو پێناسانەی "رۆشنبیر" وەردەگرێ. جێگەی سەرنجە، ئەمڕۆ لەکوردستاندا، بەهۆی ئەو دۆخەی کە زۆرینەی"رۆشنبیر"ی کورد تێیدا دەژی، بەتایبەتی ئەو هەموو بەناو "رۆشنبیر"ەی کە وەك بەشێك لەئەکتەرەکانی ئەو حکوومەتە کوردییەوە، بۆ خۆدەربازکردن لەبەرپرسیارییەکانیدا رۆڵێکی گرینگ لەو بەشەرعیکردنەی جیاوازیانە دەگێڕێ، ئەمەش جۆرێکە لەبە شەرعیکردنی داپۆشینی گەندەڵییە ناقۆڵاکانی ئەو حکوومەتە.

لەوەش بترازێین، ئەگەر بڕوامان وابێت کە کۆمەڵگا کارگەیەکەو لەوێدا سیاسییە باڵادەستەکان، وەك چەندان"هاووڵاتی" کارامەو دڵسۆزی بناسین کە بەشێوەیەکی کاراو بەرپسیارانە کوردستان بەڕێوە دەبەن، کەواتە ئەو سیاسییە باڵادەستانە دەبێ خۆیان هەڵگری ئەو "حەقیقەت"انەش بن کەبە"کۆمەڵگای دەفرۆشنەوە". هەر بۆیە



ئەرکێکی گرینگە کە هاووڵاتیانی کوردستان چاوەدێری ئەو سیاسیانە بکەن کەچۆن ئەو ئەرکە "ئەخلاق"ییانە پیادە دەکەن.

هەر لەو ماوەیەدا کاتێك چەند بەرپرسێکی حکوومی لەسوێد بەهۆی کەمێك فێڵکردن لەباج و نەدانی کرێی تەلەفیزیۆنەوە، کە ئەو فێڵانە لەچاوە فێلەناقۆڵایەکانی بەرپرسانی کوردستان زۆر بچووکن، بەڵام ئەو رەفتارانە لەلایەن مێدیاو خەڵکەوە ناڕەزاییەکی زۆری دروستکرد. دوای ئەو چەند رووداوەش وەك ئامارەکانی سوێد نیشانیانداوا کەئەو فێڵانەی سوێد لەخەڵك وایانکردووە، کە خەڵکی سوێد لەرووی "ئەخلاق"ییەوە بڕوای بەبەرپرسان لاواز بێت. ئەمەش وەك پسپۆڕانی سیاسی باسیدەکەن، کاریگەرییەکی خراپی بۆ ئێستاو ئاییندەی کۆمەڵگای سوێد هەبێت. بەمجۆرە دەسەڵاتدارانی "مۆدێرات"ی سوێد، ناچار بوون ئەو پۆستانە لەو بەرپرسانە وەرگرنەوە. ئایا ئەگەر ئەو دوو چەمکە دژایەتییەکی گەوهەریان هەبێت، بۆ مێدیا و کۆمەڵگای سوێدی ئەو هەموو هەرایەیان درووستکردووە؟ بۆ دەسەڵاتدارە "مۆدێرات"ەکانی سوێد، کەوەك "لیبرالیزمی نوێ" بڕوایان بە"ئەخلاق"ێکی تاکەکەسی هەیە، نەك گەردوونی، بۆچی بەرپرسیارەکانیان کارکەنار دەکەن؟ لێ لەکوردستاندا کەسێك لەسەر ئەو هەموو گەندەڵییە سزا نادرێ. هەر بۆیە خەریکە گەندەڵی ببێتە "ئەخلاق"ێکی رەوادار بۆ کۆی هاووڵاتیانی کوردستان. ئەو نموونەمان بۆ ئەوە بوو تاکوو بڵێین کە ناکرێ ئێمە بەوە رازی بین، کە "ئەخلاق و سیاسەت" دژایەتی هەیە.

لێرەوە کاتێك یەکێك لەسیاسییەکانی کوردستان ئەرکە "ئەخلاق"ییەکەی رانەپەڕێنێ، ئێمە دەبێ لەکۆی ئەو بونیادە لێکجیاوازو پەیوەندییە گوماناوییەکانی ئەو دەسەڵاتە بکۆڵینەوە. چونکە بوونی دیاردە بەدەکانی لەخودی بونیادی ئەو دەسەڵاتەدا، کاریگەرییەکی بەدیش لەسەر ژیانی هاووڵاتیان و ئاییندەی کوردستانیش دادەنێن.

بەمجۆرە پەیوەندی "ئەخلاق و سیاسەت" بریتییە لەوەی: ئەو سیاسیانە کێن کە لەرێگای دەسەڵاتەکانیانەوە فێڵ لەکۆمەڵگا دەکەن؟ بۆ درۆ لەگەڵ خەڵك دەکەن؟ کێن دزی گەورە لەسامانی خەڵك دەکەن، ئەو بەرپرسانەی ئێمە چۆن ئەرکە نەتەوایەتیی و سیاسییەکانیان رادەپەڕێنن؟ چۆن هەڵوێست لەگەڵ نەیارانی کورد وەردەگرن و... هتد؟ لێرەدا روانگە ئەخلاقیانییەکانی ئەو پرسیارانە بنەمایەکی سەرەکین بۆ ئاییندەی دیموکراسیی.

کەواتە بەهۆی ئەو مەرجانەوە دژایەتی لەنێوان "ئەخلاق و سیاسەت"دا نییە. چونکە سیاسەت بریتییە لەرەفتارو چۆنییەتی مامەڵەکردنی تاك تاکی ئەو نوێنەرە سیاسییە باڵادەستانەی کە کۆی دەسەڵاتێك پێکدەهێنن.

بە وتەیەکی راشکاوتر، ماڤ هاوڵاتیانی کوردستانە بزانن کە ئەو نوێنەرە سیاسیانەی حکوومەتی کوردستان چۆن خۆیان ئەو مەرج و بڕیارو بەها ئەخلاقیانە رادەپەڕێنن کە بۆ خەڵکیان دیاریکردووەو داواشیان لێدەکەن بێ چەندو چوون رایپەڕێنن.



رۆژنامە:لێرەوە کاتێك ئەمرۆ لەبەر چاوی هاووڵاتیانی کوردستان زۆرینەی نوێنەرە سیاسییەکانی حکوومەتی کوردستان خۆیان و خێزانەکانیان دەوڵەمەند دەبن و بەکەیفی خۆیان مامەلەلەگەڵ بەهایە "ئەخلاق"یی و نەتەوەیەتییەکان دەکەن، ناکرێ داوا لەو هاووڵاتیانە بکەین، کە توانای دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ منداڵەکانیان نییە، کە ئەوانەش زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستان پێکدەهێنن، دەبێ ئەو مەرجە "ئەخلاق"یانە پەیڕەو بکەن کەئەو حکوومەتە کوردییە بۆی دیاریکردوون. لێ کێشە ئەوەیە، کە وابزانم هەتا ئێستا ئێمە نازانین ئەوە کامە "ئەخلاق"ە کە دەبێ حکوومەتی کوردی هەڵگری بێت؟

ئەخلاق لەڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە هەر لەمیکڤیلی، ڤۆلتێر، کانت و هێگڵەوە، بەستڕابۆوە بەپەیوەندی نێوان دەوڵەتە جیاوازەکانەوە. لێ لەرۆژئاوادا لەگەڵ شەڕی جیهانی دووەمدا، پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت دەبێتە بابەتێکی بەهەڕمێن. لەوێدا کارەسات و ئازارەکانی مرۆڤ بەدەست ئەو شەڕەوە بووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەدوای سەرچاوەکانی ئەو کێشەیەوە بگەڕێن.

بە کورتی بێڕێزیی، خۆپەرستی و بێئومێدیی و دواجاریش توونىد و تیژی بەدژی مرۆڤ بووە هۆی ئەوە کە مرۆڤ بیر لەپەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت بکەنەوە.

www.pertwk.com

لێرەوە سیاستوانەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەدەبێ ململانێیەکانی نێوان دەوڵەتان بەرێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکرێن. بەمجۆرە فەیلەسووفە ئەخلاقییەکان رایانگەند کە دەبێ ئەخلاق و سیاسەت لێکجیانەکرێنەوەو بەیەکەوە ببەسترێنەوە. لەو روانگەیەوە دووانەییەکانی وەك مافی تایبەتیی و گشتی نەمێنن. بەمجۆرە گریمانەکەی کانت "ئیمپراتیف کاتەگۆری، واتا": هەمیشە بەباشی رەفتار بکا و گوێ بەو گرفتانەش مەدە کە بەهۆی ئەو رەفتارەوە تووشی دەبیت. ئەو گریمانەش تاکەکەسەکان و دەوڵەتیشی بەخۆیەوە دەگرت. بەکورتی ئەمە روانگەی کانت بوو. هاوکاتیش زۆرێك لەپیاوانی ئایینی مەسیحی بڕوایان بەو ئێتیکە نموونەییە هەبوو. ئەویش چونکە لەبنەڕەتدا روانگەی ئەخلاقی کانت نزیکایەتی گەوهەری لەگەڵ پەیامی ئایینی مەسیحییەوە هەبوو. لەروانگەی فەیلەسووفێکی ئێتکی وەك کانتەوە، دەسەڵاتدارێك لەکارەکەیدا دەبێ لەکەسانی دیکە زیاتر رێز لەنەریت و پرینسیپەکان بگرێ. لێ کانت بەهۆی ئەوەی بەهەند وەرنەگرت، کە مرۆڤ بەهۆی مەرجە دەروونیی و ماددییەکانەوە گۆڕانی بەسەر دادێ. هەروەك دەبینین کە لەکۆمەڵگاکاندا دووڕوویی دیاردەیەکی بەرفروانە. زۆر کەس بەقسەو تیۆریی خۆی وەك کەسێکی جوان و بەپرینسیپ یان ئەخلاقی دەنوێنێ، کەچی لەواقیعدا کەسێکی تەواو جیاوازە، بێ ئەخلاق و پرینسیپ دەژی. بەمجۆرە ویژدان و تێگەیشتنەکانی ئێمە لەمەڕ راست و ناڕاستییدا بەسەر کەسانی دەوروبەرمانەوە رەنگدەدەنەوە. لێرەوە



کێشەی مرۆڤ ئەوەیە، کە حەزی لەخۆناسین نییە. ئەمەش گوتە ناودارەکەی سۆکراتمان بەیاد دێنێتەوە: "خۆت بناسە!"

لێرەدا بەرای من گرفت ئەوەیە، ئەو کاتێك کۆمەڵگایەك مێژووەکەی بریتی بێت لەشەڕە نەبڕاوەکان حکوومەتیش بەرێگای شەڕو زەبرو زەنگەوە ساز بوو بێت، ئیتر ئەو حکوومەتە وەك دوا رێگا بەرانبەر نەیارەکانی لەئاستی ناوەکیی و دەرەکییدا هەمیشە پەنا بۆ زەبر و زەنگ دەبا.

ئەو جۆرە حکوومەتە بەدژی هاووڵاتیانی خۆشی هەمان ئامراز بەکار دەهێنێ. وەلێ هەر لەسەرەتاوە دەوڵەت هەمیشە واتایەکی ئەخلاقی پێبەخشراوە. هەر بۆیە گرێکیی و رۆمەکان دەوڵەتیان وەك ئەخلاق و سیاسەتێکی باڵا وێنا دەکرد.

پاشان ئەو وێنایە، لەدیدی هێگڵەوە، زیاتر وەك دەربڕینێکی فەلسەفی رەنگیداوەتەوە. لەدیدی هێگڵەوە دەوڵەت باڵاترین بیرۆکەی ئێتیکیی و ئامانجێکی خودی پێکدەهێنێ. دەوڵەت لەدیدی هێگڵەوە بەرجەستەکردنەوەی خودی روحە، دەوڵەت، بەواتای هێگڵ: "رێکردنی خوایە بەرێگای جیهانەوە".

هێگڵ، وێڕای وێناندنە ئێتیکییەکانیشی لەدەوڵەت، وەلێ ئەخلاق لەسیاسەت جیا دەکاتەوە. بۆیە هێگڵ دوو چەشنە ئەخلاق پێشنیاز دەکا، ئەخلاقێك بۆ سیاسەت و ئەخلاقکێکیش بۆ ژیانی تایبەتی، هەڵبەت دەبێ ئەوەی دووەم ملکەچی ئەوەی یەکەم بێت. بەهەمان شێوە شاگردەکەی هێگڵ، سنێلمان( J. V. Snellman) جوامێریی

(فەزیلە) و ئەخلاق لێکجیا دەکاتەوە. بەرای ئەو، دەبێ "جوامێرییەکی بالاّ"، واتا روحی نیشتمانی لەدەوڵەتدا بالاّدەست بێت، هاوکاتیش دەبێ ئەو روحە نیشتمانییە بالاّیە بکەوێتە پێش ئەخلاقی تاکەکەسییەوە.

وێڕای ئەوەش کانت وتبووی: "بە جۆرێك رەفتار بکا، کە ویستی بالاّت ببێتە نۆرمی بنەمای دەستوورێك بۆ هەمووان". بەمجۆرە هەر لەگەڵ دەستپێکردنی مێژووەوە سیاسەت "ئەخلاق"ێکی تایبەت بەخۆیەوە بەرهەمهێناوە، کە خۆپەرستی جڵەوی راکێشاوە. رێسای سەرەکی ئەو ئەخلاقەش، بەواتای هێگڵی: دەسەڵات شتکی رەوایە. لێرەوە کاتێك ئێمە پێ دەنێینە ناو سیاسەت،بێئاگایانە تێگەیشتنمان بۆ ئەخلاق دەگۆڕێت. بەمجۆرە وێڕای بوونی قسەگەلێکی زۆر لەمەڕ مرۆڤایەتی، کەچی ئەمڕۆ دەسەڵاتداران زیاتر لەپێشوو رێنماییەکانی میکاڤیلی پیادە دەکەن. سیاسییەکانی ئێمە لەرێگای دەسەڵاتەوە بەکەیفی خۆیان یاری بەژیان و چارەنووسی خەڵك دەکەن و درۆیەکانی سیاسییەکانیش ناقۆڵاتر دەبن. ئەزموونی دەسەڵاتە گەندەڵ و دڕندەکانی مێژووی رۆژئاواو رۆژهەڵات زۆر وانەیان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، لێ پێدەچێ حکوومەتی کوردستان ئەو ویستەی نەبێ کە سوود لەو ئەزموونە تالاّنەی دەسەڵاتە گەندەڵەکان وەربگرێت. دیارە لەخۆڕا نەبوو کە ڤۆلتێرو هزرڤانە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی رێنسانس و رۆشنگەریی بەتووندی دژی شەڕ وەستانەوە. هەر لەسەرو بەندی ئەو رۆژگارەی رۆژئاواش بوو کە لەلای کانتەوە بیرۆکەی "ئاشتی ئەبەدی" هاتە ئارایەوە. بیرۆکەی "ئاشتی ئەبەدی" بریتی بوو



لەرێککەوتنێك لەنێوان هەموو نەتەوەکانی رۆژئاوادا. پێشکەوتنی ئەو بیرۆکەش بۆ دڵسۆزیی و زرینگی رۆسۆو کانت دەگەڕێتەوە. "ئاشتی ئەبەدی"ییەکەی کانت لەو بڕوایەوە سەرهەڵدەگرێ، کە ئەوە خۆپەرستییەکی کوشندەیە کەوا لەمرۆڤایەتی دەکا کە دواجار خاڵك پەنا بۆ بەر قەراکردنی ئاشتی ببەن. وەلێ دواجار ئەو "ئاشتی ئەبەدی"یە خۆی لەئاستێکی پەروایزکراودا بینییەوە. دەسەڵاتی فاشیزم و نازیزم پێشهاتگەلێکی ئاشکران بەدژی ئەو ئاشتییەی کە کانت خەونی پێوە دەبینی. بەمجۆرە ئەزموونی مێژوو پێماندەڵی کە گۆڕینی هزرەکان پەیوەندی مرۆڤایەتییەوە هەیە. بۆیە ئەو هزرانەش لەهەڵکشان و داکشاندا خۆیان دەبیننەوە. مرۆڤایەتی پاش کانت و هاووێنەکانی ئەزموونگەلێکی زۆری تاقیکردەوە. دواجار ئەوە ئەزموونە سەخت و مەیلەکانی مرۆڤە کە هانیدەدا چ ژیانێك هەڵبژێرێ نەك تەنیا بیرۆکەکانی فەیلەسووف و رووناکبیران.

لێرەوە پرسی ئەخلاق ئەوەیە کە ئەو قانوونانە جێگیر بکاو پیادە بکا کە لەئێستاو داهاتوودا ژیانێکی بالاّ بۆ کۆمەڵگا دەستبەر دەکا

**رۆژنامە: بەدیوێکی دیکەدا ئایا ئاوێتەکردنی ئەخلاقو سیاسەت جۆرێك لەمەترسی لەسەر بەئایدۆلۆژیکردن و پیرۆزکردنی دەسەڵات دروستناکات؟**

هەندرێن: لەڕوانگەی ئەو بۆچوونانەی کەنمایشمانکردن، ئاوێتەکردنی ئەخلاق و سیاسەت واتای بەپیرۆزکردنی دەسەڵات ناگەیەنێ. مەبەست لە"ئەخلاق"، ئەخلاقێکی ئایینی نییە، بەڵکو ئێتیکێکی باڵایە؛ بەهاو ڕێز؛ پەرۆشخۆری بەختەوەریی و قەدەری هاوبەشی کۆمەڵگایە، کەدەبێ دەسەڵات هەڵگری بێت، تاکوو هاووڵاتیان بەخەسڵەتگەلێکی هێژاو بەهادار فرچبگرن، بەمەش تاکوو دیمۆکراتی، یەکسانی، و پەرۆشخۆری نیشتمان و کۆمەڵگا هەمیشە ئامانجی سەرەکی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتداران بێت، نەك خۆپەرستی و بەرژوەندی تاکەکەسی.

ڕۆژنامە: بڵێین سیاسەتو ئەخلاق دوو سیستمی جیاوازنو ئاوێتەی یەکدی نابن، بەڵام لەهەمانکاتدا لەمەنزومەیەکی گشتگیری کارکردنی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە؟

هەندرێن: گرینگە بزانین، کە ئێمە باسمان لەفیلەسووفێکی وەك کانت و هێگڵ و ئەوانیدکە کرد، بینیمان کە ئەوانە بەهرەیان لەجیهانبینی مەسیحی وەرگرتبوو. بەڵام گرینگە ئەو "ئەخلاق و سیاسەت"ەی کە حکوومەتێك هەڵگری دەبێت، جیاوازە لەو "ئەخلاق"ەی، کە بۆ نموونە حیزبە ئسلامییەکانی کوردستان هەڵگرینە. لێرەوە دەبێ حکوومەت لەڕەهەندێکی ئاوەزگەرایی، واتا میکانیزمی و بەهاوئاهەنگ لەگەڵ خواستی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، سەیر



بکا، نەك وەك ئەو ئەخلاقەی کە حیزبێکی ئیسلامی لەرەهەندێکی میتافیزکی، نەگۆڕو قەتیسماو. هاوکاتیش ئەگەر "ئەخلاق" وەك بەهایەکی ئایینیش سەیر بکەین، ئەوە دەکرێ وەك رەهەندێکی چاك، بەهایەك بۆ بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵگاکەمان فامی بکەین.

ڕۆژنامە: دەشێت قسە لەسەر جیاوازی نێوان جوێکردنەوەی ئەخلاق لەسیاسەت لەگەڵ جوێکردنەوەی ئاین لەسیاسەت بکەین؟

هەندرێن: بەرای من، ئایین بڕوایەکی نەگۆڕی کۆمەڵێك کەسە، کەچی دەکرێ ئەخلاق وەك بەشێك لەسیاسەت، پێداویستییەکە کەکۆی تاکەکەسەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. سیاسەت دەتوانێ لەدەرەوەی ئاییندا، هەڵگری "ئەخلاق"ێکی باڵا بێت و سوودی بۆ کۆی هاووڵاتیان و بگرە مرۆڤە ئایینەکانیش بێت، کەچی ئایین وەك سیاسەت، هەروەك مێژووش پێماندەڵێ، ناتوانێ خاوەن "ئەخلاق"ێك بێت کەکۆی کۆمەڵگا، بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە لەبەر چاو بگرێت. بەمجۆرە لەژێر سێبەری سیاسەتێکی خاوەن ئەخلاقێکی نیشتمانی باڵادا، مرۆڤی ئایینی دەتوانێ سرووتە ئایینییە تایبەتیەکانی خۆی ئەنجامبدا.

ڕۆژنامە: لەو ڕووەوە کە پۆل ریکۆر رای وایە ئەخلاق هیچ نییە جگە لەهەوڵدان بۆ سەر لەنوێ بونیاتنانەوەی ئەو پردانەی کە

(ئازادی) وەك خاڵی دەسپێکردن‌و (یاسا) وەك خاڵی گەیشتن پێکەوە گرێدەدەن. لەو روانگەیەوە پێمان باشە قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەخلاق و ئازادی‌و یاسا بکەن؟

هەندرێن: لەپرسیاری یەکەمدا هەوڵماندا بەهای پەیوەندی نێوان "ئەخلاق و سیاسەت" نیشانبدەین. لێرەدا من هاوڕام لەگەڵ رێکۆردا. کەواتە ئەو "ئەخلاق"ەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، ئەرکی راپەڕاندنی ئەو قانوونانەن کە حکوومەتێك بۆ کۆمەڵگا دروستی کردوون، تاکوو ئەو کۆمەڵگایە بتوانێت پێکەوە ئەرك و ماف، ئازادی و یەکسانی دەستەبەر بکەن. هەر ئەو قانوونانەشن کە هاووڵاتیان و دەسەڵات پێکەوە کۆدەکەنەوە. کەواتە ئەوە ئەخلاقێکی باڵای نیشتمانییە کەئازادی و قانوون کارا بێت و هاوکاتیش هاووڵاتیان بتوانن دەسەڵاتداران بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر کۆمەڵگایەك توانی وەك پرینسیپ ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەخلاق، ئازادی و قانوون تێبگا، کەواتە ئومێد، دڵسۆزی، بەختەوەریی و بەرهەمداری لەو کۆمەڵگایەدا لەگەشەسەندندا دەبێ. هەر کاتێك ئەخلاق بووە لەمپەرێك یان گەمەیەك بۆ قۆرخکردن یان چەواشەکردنی ئازادیی و قانوون، وەك ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا لەئارادایە، ئیتر دڵسۆزی، بەختەوەرییەکی گشتی، ئومێدێکی هاوبەش و بەرهەمدارییەکی گەشاوەو بگرە بڕوا بەئاییندە بەهایەکی نامێنێ.



رۆژنامە: ئایا سەبارەت بەوروژاندن‌و بەبابەتکردنی مەسەلەیەکی گرنگی وەك پەیوەندنی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، رۆشنبیری کورد کەمتەرخەم نەبووە؟

هەندرێن: بەدڵنیاییەوە "رۆشنبیری کورد"، تاك و تەرایەك لەو رۆشنبیرە نەبێ، ئەویش لەئاستێك سنووردارداا، نەك هەر سەبارەت بەو بابەتەوە، بەڵکو لەکۆی بابەتە گرینگەکانی دیکەوە کەمتەرخەمە. هەر بۆیە هەتا ئێستاش ئێمە نازانین، ئەو حکوومەتە کوردییە خاوەن کام پرنسیپە. بەکام ئەخلاق، قانوون، ماف تاك رەخنە لەو حکوومەتە دوو رووە، بەزار "مەدەنی" و بەکردار گەندەڵ و بێ پرنسیپە، ببینەوە. بەمجۆرە ئێمە چەندان ساڵەوەك شانۆیەك سەیری ئەو حکوومەتە دەکەین، کە تەنیا ئیشی نمایشکردنی پاساو و نکۆڵیکردنەکانە لەگەندەڵیی و بێ بەهاکردنی مافە نەتەوایەتییەکان و واتای هاونیشتمانیی و هاووڵاتی بوون. لەو دۆخەشدا رووناکبیر جارێك خەریکی جۆشدانی درووشمە سۆزاوییەکانەو جارێکیش، بەنقوومبوونی لەناو چەمکەکانەوە، خەریکی بابەتگەلێك کە نە تێیدەگاو نە سوودی بۆ خۆیی و نەبۆ کۆمەڵگاکەشی هەیە. ئەو "رۆشنبیر"ە هەتا ئێستاش نەبۆتە خاوەن ئەو خودە خاوەن پرنسیپ و ئاگاییە، کە بتوانێ بابەتگەلێکی ئەوها لەگوتارێکی هاوبەش و سیستەماتیکدا بوروژێنێ و ئەو حکوومەتە خەمساردەش ناچار بکا

کە،لەو دۆخە ئاڵۆزەی کە کورد بەسەری دەبا، بیر لەبەهاگەلێکی ئەوها بکاتەوە، کە بتوانێ هاووڵاتیان بۆ ئاییندەیەکی بەرهەمدار ئامادە بکا.

رۆژنامە: هاوڵاتی دیموکراسیی بەوە لەوانی دیکە جویدەکرێتەوە کەدەتوانێت دەرك بەوە بکات کە بەتەنها ئامانجی یاساکان نییە بەڵکو بەهەمان شێوە سەرچاوەی ئەو یاسایانەشە، ناهۆشیاریی تاکی ئێمە چەندێك کاریگەری هەیە لەسەر بەهەند وەرنەگرتنی ئەخلاق لەلایەن سیاسیەکانمانەوە؟

هەندرێن: بێگومان، نەبوونی هۆشیارییەکی باڵای تاکی ئێمە، هۆکردێکی سەرەکییە لە چەواشەکردنی بەهایەکانی وەك دیمۆکرای، دادپەروەریی و ئەخلاق. ئەوە نەبوونی ئەو ئاستە هۆشیارییە پێویستییەیە، کە بۆتە هۆی بەنۆرمکردنی ئەو ئەخلاقە داڕماو کارەساتە جڤاکیی و سیاسیانەی کە لەکوردستاندا پەرە دەسێنن. بەڵام لەکۆمەڵگای کوردستاندا، کە جیاوازە لەکۆمەڵگا هۆشیارەکانی دیکەی جیهان، ئەوە ئەرکی ئەو بەناو تاکە "رۆشنبیر"انەی کوردن، کە بەرزکردنەوەی ئەو هۆشیارییە بەیەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی خۆی بزانێت. کەچی بێئاگا بوونی ئەو "رۆشنبیر"ە لەو ئەرکە، لەناهۆشیاری تاکەکانی دیکە کاراسترە.



رۆژنامە: ئەو گەندەڵییەی کە سەرتاپای کۆمەڵگای ئێمەی گرتوەتەوە لەوێوە سەرچاوە ناگرێت کە سیاسیەکانی ئێمە ئەوەی حسابی بۆ نەکەن ئەخلاقی مەدەنییە؟

هەندرێن: گرینگە بزانین، سیاسییەکانی کورد هەڵگری ئەخلاقێکی کۆکتێلی لەخێڵ، ستەمگەر، خۆویست، خڵتەیەك لەئەخلاقی ئایینیە و ... هتد. بەمجۆرە سیاسیی کورد خۆی و هاووڵاتیی کوردیان تووشی دۆخێکی پووچگەرایی کردووە. لەو دۆخەدا نە ئەخلاقی باو بەهای ماوە نە ئەخلاقێکی نوێش لەئارادایە. بۆیە ئێستا قانوون ناتوانێ گرفتێکی سادەی کۆمەڵایەتیش چارە بکا. کارەساتی سیاسییەکانی ئێمە ئەوەیە، کە چەندانساڵەدەمامێکی "مەدەنی" بەسەر خۆی داداوە. لێرەوە بەهۆی ئەو ئەخلاقە عەنتیکەوە ئەو سیاسیانە هەم بەهای ئەخلاقی نەریتی کوردەواری، کە بەشێکی بریتییە لەجوامێریی، شۆڕشگێڕییەکی رۆمانتیکی نەتەوایەتیی و رێزگرتن لەخەڵك... سووککردو هەمیش بەهای ئەخلاقی "مەدەنی"، کە بریتییە لەرێزگرتن لەقانوون و سەڕاستی لەرەفتارو کردە، خاوەن پرینسیپی نیشتمانیی، رێزگرتن لەماف و ئەرکی خۆیی و هاووڵاتیان... ریسوا کرد. دیاردە جەرگبڕەکانی کۆمەڵگای ئێمە زۆر ئاشکران، بۆیە ئەگەر سیاسییەکانی ئێمە خاوەنی "ئەخلاقی مەدەنی" بن، مەحاڵەبتوانن ئەو ژیانە هەڵبژێرن کە دەیبینین. سیاسییەك بڕوای بە"ئەخلاقی مەدەنی" بێت، ناتوانێ ئەو

نامرۆڤایەتییەی کە لەئاستی نەخۆشخانە، کێشە نەتەوایەتی، دابەشکردنی سامانی کوردستان، بەرتیل وەرگرتن لەهەموو بوارەکان، بەواسیتەکردنی سادەترین ئیش... هتد قەبووڵ بکا.



## تێرۆریزم:

## بەرتەکێك لەترس و ئاستەنگێك لەدووانەیی

### 1

ئەگەرچی تێرۆریزم و تێرۆریست هەمیشە رووبەڕووی کۆمەڵگای کوردی بۆنەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەتێگەیشتن هەیە لەو تێرۆریزمە. چونکە لەرووداوەکەی یەکی شوباتی هەولێر بەدواوە ئیتر گەلی کورد رووبەرووی شەڕێکە کەدەکرێ لەکاتە دیارو نادیارەکاندا گەمارۆی بدات. وێڕای خۆ رەپێشکردنی هەڕەشەی ئەو تێرۆریزمە لەداهاتووی کورد، کەچی تا ئەمڕۆش دەسەڵاتدارو بەناو دەمڕاستی رووناکبیریی کورد هەوڵدەدەن بەلۆژیکە هەستەکیی و رووکەشەکانیانەوە ئەو کێشەیە لەسەر کورد بەپەراوێز بکەن، یان بۆ خۆپاراستنی کاتی، شێوازی گوێپێنەدان پێڕۆ دەکەن، کە ئەمەش یەکێکە لەگرفتەکانی سیاسەتی دیزە بەدەرخۆنە کردن کە حیزبی کوردی و لایەنگیرەکانی ئاوێزانینە. لەم روانگەیەشەوە لێرەدا دەبێ رایبگەیەنم، ئەو نووسینە بەرتەك ئامێزانەی، کە چ لەلای ئەو دووحیزبە، چ لای رووناکبیرەکان، وەك خوێندنەوەیەك لەسەر روداوەکەی شوبات لەهەولێر ئەوانی تر نووسراون، زیاتر شێوازی پەردەپۆشکردن و کردەی کشانەوەیە، تا خوێندنەوەو چارەسەرێکی ریشەیی.

هاوکات کێشەی تێرۆریزم دوای 11ی سێپتێمبەر و گرێدانی بەکارگێڕی- ئەدمینسترەشۆنی رژێمی ئەمێریکیەوە، پانتاییەکی ئاڵۆزکاوی لەدەسەڵاتی سیاسیی جیهانیی و هزری و ... هتد، تەنیوەتەوە. لێ بۆ سنووریدار کردنی پرسیار و راڤەکان، ئەم نووسینە خۆی بەدوور دەگرێ لەئاستەنگ و وردەکارییەکانی کێشەی سیاسەتی جۆرج بۆش لەشەڕی دژە تێرۆریزم و ئەو ئاراستە جیاوازانەی کە بەدژی سیاسەتی بۆشن. وێڕای ئەمەش دەکرێ لێرە ئەوە جەخت بکەمەوە، کە شێوازەکانی بەڕەوا زانینی رژێمی بۆش و هەوادارنی بۆ پێناسەی تێرۆریزم و شەڕ لەگەل کردنی، هەلگرو بەرهەمهێنانی کۆمەڵێ پەرادۆکس و قەیرانی قووڵن: بانگەشە کردنی رژێمی ئەمێریکی هاوپەیمانەکانی، وەك دەسەڵاتێکی رزگارکار لەچارەسەرکردنی دیاردەی تێرۆریزم بەزەبری سەربازی، خۆی لەخۆیدا زەمینە خۆشدەکا بۆ ژیانێکی توندوتیژو رقهەلگر. چونکە تاوانبار کردنی "ئەوانیتر"، وەك تاکە لایەنێك لەتاوان و خۆ بەبێگوناح دانان، وێڕای ئەو ئاڵۆزکارییانەی کە وەك مێژوویەك لەو بونیاتەی رۆژئاوای باڵادەست و رۆژهەڵات، یان جیهانی ئیسلامییدا هەیە، ئاکامی ئەمەش دەبێتە، یان کردۆتە گشتگیرییەك، ئەمەش وایکردووە کە ئیتر خودی کێشەی هێزو سەرچاوەی تێرۆریزمی نادیارو تەمومژاوی کردووە. هاوکاتیش لەلایەك، خەریکە بەرەی دژی تێرۆریزم دەبێتە بازاڕێکی پان و پۆڕ و ململانێی بازرگانییەکی قەبە، لەلایەکەی تریشەوە، بەتایبەتی لەباری ئێستای عێراقدا، هەم بۆتە



بازاڕێکی رەشی مافیاو گەلەکۆیی پاشماوە خوێڕییەکانی رژێمی سەددام، هەمیش هێمای"جیهاد"ی وەرگرتووە، کە ئەمەش مانایەکی مێتافیزیکی لەخۆپۆشیووە بۆ وێنەی پاڵەوانی و بەپیرۆزکردنی کەسە تێرۆریستییەکان. لەم روانگەیەوە وپێدەچێ کێشەی بنەبڕکردنی تێرۆریستان و ململانێیەکانی بەرەی دژو لایەنگرەکانی تێرۆریزم، لەبڕی دیارکردنی ئاسۆی چارەسەرکردن، زێدەتر تەڤلەهەڤ دەبێت. بۆیە هەروەك دەبینین، نە هاوپەیمانەکانی بەدژی تێرۆریزم، خاوەنی نەخشەو ئاکامێکی دیاریکراو و ئاشکران، نە خودی تێرۆریستان و هێزە لایەنگیرەکانیشیان، هەلگری نەخشەو ئامانجێکی بەرجەستەکراون. لێرەوە کۆمەڵگای ئەم سەردەمەی تێرۆریزم سەرقاڵەبە دیاردەیەك، کە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەبێهوودەیی. جێگەی وتنە، هەم بەرەی هاوپەیمانەکانی دژی تێرۆریزم و، هەمییش بەرەی تێرۆریستان نقوومن لەڕاگەیاندن و پەیامی سەرکەوتن، کە هەموو ئەمانەش، لەرەوابێژیەکی وەهمی و مێتافیزیکی خۆیان دەنوێنن، تا ئاوەزگەرایی .

هەر بۆیە بڕوا بوون بەدەستەبەرکردنی ئاکامگیرییەك بۆ داهاتوو و ئاستەنگی چەمك و رەهەندە واقیعییەکانی تێرۆریزم، بۆ خۆی جۆرێکە لەوەهم و بانگەشە. بەهەمەحاڵ.

لەم روانگەیەوەی سەرەوە، کێشەی ئەو نووسینە لەوەوە سەرهەڵدەگرێ، کە حیزبی کوردی، لەلایەك خۆی بەهاوپەیمانی دژە تێرۆرییزمێکی وەك رژێمی ئەمێریکی دەزانێ و، لەلایەکی تریشەوە

هەوڵدەدا خۆی و کۆمەڵگای کوردی بخاتە دەوەوەی پڕیشکی ئەو تێرۆریستانەی کە خۆی وەك دژێکی ئەوان راگەیاندووە.

لێرەوە ئەو گومانەی کە لەدڵی ئێمەدا دەمێنێتەوە، رەنگە ئەوە بێ کە ئەو رووداوە تێرۆریستیەی شوبات و ئەوانەی بەدوایدا هاتن و دێن، دیسانەوە وەك تەواوی ئەزموونەکانی تری کورد نەبنە بیرۆکەو خوێندنەوەیەك لەیادەوەری کوردیدا.

هەروەك دەزانین بوونی هاوپەیمانی کورد لەگەل جۆرج بۆش بەدژی تێرۆریزم، یەکێك لەئاکامەکانی، بەر لەوەی دەڤەرە بەعەرەبکراوەکانی کورد ئازاد بکات، کەچی یەکەم پاداشتی لەرووداوی یەکی شوباتدا، بەبریندار کردنی رۆحی کورد بەرجەستە کردەوە.

وێڕای ئەمانەش دەکرێ ئەو بیرۆکانەی کە لێرەدا لەم نووسینەدا خۆیان ئاوەڵا دەکەن، تاکە وەڵامێك و کردنەوەی ئاسۆیەك، یان لاواندنەوەی ساتە تەمومژاوییەکانی ئەمڕۆی کورد نەبن، بەڵکو هێشتنەوەی مەودایەکە لەنێوان خودی خۆم و ئەو جەستە شەکەتەی بوونی کوردە، کە ئاوێزانی ئاگایی منە.

لێرەوە ئەو ئەم نووسینە روونکردنەوەی چەمك و رەهەندەکانی تێرۆریزم و مێژووی وردەکارییەکانی سەرهەڵدان و هۆکارە گشتییەکانی بەئەرکی خۆی نازانێ، چونکە ئەمڕۆ مانگانە لەتەواوی زمانەکانی جیهاندا بەسەدان وتارو راڤەکاری لەسەر تێرۆرکردن و تێرۆریزم بلاّودەکرێنەوە. بۆیە ئەو نووسینە لەسنووری چەند بیرۆکەیەکی سنووردارداـ کە لەمەبەدواوە خۆیان دەردەخەن،



چەقدەبەستێ، کە رەنگە، بەدیدی من، ئاماژە پێکردن و وروژاندنیان بۆ ئاخێوەری زمانی کورد سوودمەند بن.

بەهەمەحاڵ، دەکرێ بپرسین: گەلۆ رۆژئاوا چۆن لەکێشەی تێرۆریزمی ناوەکی خۆیدا دەڕوانێ؟ هاوکاتیش ئەو سەرچاوانەی کە تێرۆریزم بەرهەمدێنێ لەکوێوە دێن؟ ئایا دەکرێ لەبونیاتی ئیسلامدا رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تێرۆریزم بەدی بکرێن؟ ئەو هێزە هزری و ئاینی-سیاسیە چین کە خۆراکی دیاردەی بەرهەمهێنانی تێرۆریزمن؟ دواجاریش ئاخۆ کورد سەرچاوەیەکە بۆ ترس، یان ترساندن، یا واتایەکی تر، ئایا لەئاراستەکانی بوونی کوردییدا تێرۆریزم ئامادەییەکی هەیە، یان بوونێکە لەبەردەم هەڕەشەی تێرۆریزمدا؟

بەڵام لەبەرەیڕا گرینگە بوترێ کە ئەو نووسینە ناخوازێ بخرێتە ناو بازنەیەکی ئیدیۆلۆژیی، تێوریی، یان تاکە وەرامێکی داخراو، بەڵکو ئەو روانگەو بیرۆکانەی کە لەپشتەوەی ئەو نووسینەوە ئامادەن ، تەنیا دیوێك و رەهەندێکن لەو سەرچاوەو ئەزموونە جوداوازانەی کە بوونەتە ئاکامگیرییەك، یان وزەیەك بۆبەرهەمهێنانەوەی ئەو تەرزە تێرۆریزمە. وێڕای ئەمەش لێرەدا قسەکردن لەسەر ئیسلام، مەبەست لەو ئەزموون و رەگ و هۆکارانەن کە بوونەتە پێکهێنانی ئەو ئەقڵ و ئاوەزەی کە زەمینەیان خۆشکردووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی نەریتی تێرۆریزم. کەواتە ئەوە سەرەنجامی تێرۆری بەناو ئیسلامیین، یان سەرەنجامی پرۆسەی ئەو ململانێیانەن کە تایبەتمەندن لەهەناوی

کۆمەڵگای ئیسلامییدا، ئەمەش لەدواجاردا ئاوەزێکی ترساوی لەبەرانبەر ئەویتر بەرهەمهێناوە، کە خۆی لەروخان و وێرانکردنی خودا نمایش دەکا.

ماوتەوە بڵێم، کە دەکرێ ئەو نووسینە لەسێ تەوەردا بخوێنرێتەوە: تێرۆر وەك بەرتەکێك لەونبوون و نادیاریی، تیرێژێك لەجیهانبینی رۆژئاوا سەبارەت بەدیاردەی تێرۆریزم، دیدی جیهانبینی ئیسلام و بەراوردکردنی لەگەڵ مەسیحییەت و دواجاریش بوونی کورد وەك ئاستەنگێك لەدووانەیی سەربەخۆیی و تۆڵەلەخود کردنەوە.

2

ئەمڕۆ کێشەی تێرۆریزم پانتاییەکی فرەی داگیرکردووە لەجیهانی ئەدەب و هونەرو تێوری رۆژئاوادا. بۆ نموونە، لەشانۆی تێرۆریزمدا،[1] کە شانۆنامایەکە زستانی 2004 لەستۆکهۆلم نمایشکرا، ترس دەبێتە بنەما و کێشەیەك تاکەکەسەکانی کۆمەڵگا بەخۆیەوە سەرقاڵدەکات. لەئاکامدا هەم دەبێتە دیاردەیەکی بێبنەمای و، هەمیش دەبێتە بنەمایەکی بەهێز، کە لەگومانی نێوان تاکەکەسەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە. لێرەدا گومان لەهەموو شتێك دەبێتە تەنگانەیەك، دواجاریش بەرهەمهێنانی بنەمایەك، کە ئەمەش بەرهەمی سیستەمێکە لەترس، سەرچاوەی ئەو ترسەش لەخودی پرسیار کردنی تاکەکەس لەکێشەی کۆلێکتیڤی و ئەو هاریکاریەی کە پەیوەندی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، هەڵدەقووڵێ. واتا پرسیارکردن



دەبێتە دڵەڕاوکێییەك وخۆشاردنەوەیەك لەبێبڕوایی، کە تاکەکەس رووبەرووی دەبێتەوە. چونکە تاکەکان هەست دەکەن چارەنووسیان جودایەو هیچ شتێك پێکەوە لەگەڵ یەکتر کۆیان ناکاتەوە. ئەم کێشەیەش لەسیستەمی کارەوە تا دەگاتە خێزان رەگی کێشاوە. لێرەدا لەدیمەنەکانی شانۆی تێرۆریزمەوە، تێرۆردەبێتە دیاردەیەك کە زەمینەکەی تەواو جیاوازە لەوەی کە لەجیهانی ئیسلامدا هەیە.

تێرۆریزم، لەڕێگای کردەکانی ئەو شانۆیەوە،لای مرۆی رۆژئاوادا دەبێتە دیاردەیەك لەهزری پۆستمۆدێرنیتە، کە کۆمەڵگاو تاکەکان هیچ بنەمایەکی دیاریکراویان بۆ ژیان نییە: هەموو ژیان و پاڵنەرەکانی لەگۆڕانێکی خێرا ونبوونی روانگەیەکی دیاریکراو و وێنەگەلێکی فرە رەنگ ...هتد،گومڕا دەبن. لێرەوە لای ژیان دەبێتە بازنەیەکی بۆش کەهەموو شتەکان دەبنە پرسیارێکی بێکۆتایی و وێران بوونی مانایەکان. لەشانۆنامەی تێرۆریزمدا، دوو جۆرە تێرۆر: دەرەکی و ناوەکی خۆیان دەردەخەن. لەلایەك مرۆڤ بۆ لەزەت پەنا دەباتە بەر سێکس. بۆیە کرداری سێکساندن دیمەنێکی زۆری ئەو شانۆیە پێکدەهێنێت. لەوێدا چێژ خۆی بیرۆکەیەکە کە تاکەکەس لەدژی کۆنترۆڵکردندا دەیەوێ ئەزموونی بکا. ئاکامی ئەو کۆنترۆڵەدەبێتە ئەو بیرۆکەیە کە لەرۆژئاوادا گیانی تێرۆر لای تاکەکەس بەرهەمدەهێنێ. رەنگە بنەمای ئەو خاسڵەتەی هەست بەگوناهکردن لەجیهانبینی مەسیحییەتەوە سەرچاوەیان هەڵگرتبێ.

بۆیە سەبارەت بەکێشەی ترس و گومان، کە مرۆی رۆژئاوا لەسەردەمی پۆستمۆدێردا تێیدا دەژی، زیگمونت باومان Zygmunt Bauman، لەکتێبی ئێمە دردۆنگین لەپۆستمۆدێرندا ، دەڵێ: "بۆ پەنایەك بەدژی ئەو سێکوچکە هەڕەشەیەی کە شاراوەیە لەجەستەی لەرزۆکمان و لەدونیای سەرسەخت و جیرانەکانماندا، دەبوو ئازادی ببێتە قوربانی؛ لەپێشەوەیان ئازادی تاکەکەس کە دەبوو روو بکاتە لەزەتێك".[2]

ئەوی باومان دەیەوێ جەختی لەسەر بکاتەوە ئەوەیە، کە لەسەدەمی پۆستمۆدێرندا ئازادی تاکەکەس لەنامۆ بووندا لەقاڵبدراوە، کە دەبێ تاکەکەسەکان ئەو ئازادییە داگیر بکەن، یان بەسەریدا زاڵبن، کە ئەمەش مەرجێکە تاکەکەسی تووشی قوورسایی کردووە، لێرەدا ئازادی دیمەنێکە کە هیچ لێبووردنێکی بۆ ئەو تاکەکەسە نییە.

ئەو ترسەشە وایکردووە کە لەتۆڕی ئینتەرنێتەوە، هەر لەمۆبایل تەلەفۆنەوە تا دەگاتە کۆنتۆی بانك و زانیاری کەسەکانەوە ببنە کەرەسەیەك بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆی کۆمەڵگا. بەڵام ئەگەر ئەو ترسە کۆنترۆڵ بکرێ تا رێگە لەشەڕی تێرۆر بگیرێت، نابێ تەنیا ئەوانەی کە دیارن لەرێگەی بەڵگە بەجەهێڵانەوە کۆنترۆل بکرێن، بەڵکو دەبێ ئەوانەش کۆنترۆل بکرێن کە خاوەنی مۆبایل تەلەفۆن و ژمارەی بانك و کۆدی ئینتەرنێت ... هتد، نین. چونکە ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو کۆنترۆڵەن سەرچاوەی تێرۆرن.



لێرەوە کێشەی نادیاری تێرۆریزم دەبێتە ئەو سەرەگێژیەی ئەمڕۆی رۆژئاوا، کە وێڕای توانستەکانی، کەچی هێشتا لەرێگە گرتنی دەستەوەستانە. ئەم نادیارییەش خۆی بەرهەمی ئەو پەرش و بڵاویەیە کەکۆمەڵگای پۆستمۆدێرن سەرچاوەکەیەتی.

بەڵام ئەو سەرچاوانەی کە لەجیهانی ئیسلامییدا تێرۆریزم بەرهەم دەهێنن، رەهەندێکی تریان هەیە، کەرەنگە ئەمڕۆ، بەجۆرێك لەجۆرەکان، کایەی ئەو نادیاریی و ترسە بێ کە لەبێبنەمایی کۆمەڵگای پۆستمۆدێرنەوە سەرچاوەیان هەڵگرتبێت. لێرەوە ئەم نووسینە بەو رەهەندانەی ئیسلام سەرقاڵ دەبێ، کەدەکرێ تایبەتی ئەو تێرۆریزمەی کەئەمڕۆ لەئارادایە، لەو کۆنتێکستە سەرچاوە هەڵبگرێ کە مەرجگەلێکە بۆ زەمینە خۆشکردنی تێرۆریزمی بەناو ئیسلامگەرایی. ئەمەش بەردەوامی پێکهاتی ئەو کولتورەیە کە دورگەی عەرەبی، سەرەتای سەرهەڵدان و بەردەوامیەتیەکەی دەستنیشاندەکات.

3

تێگەیشتن لەتێرۆری ئەمڕۆ کە بەدەم خوێندنەوەی ئایەت و وتەکانی پێغەمبەرەوە ئەنجام دەدرێن، ئەوە دەخوازێ بگەڕێینەوە بۆ سەهەڵدان ئیسلام و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عەرەبی و مێژووی ململانێی دەسەڵات، بۆ ئەوەی ئەو هێڵەبدۆزینەوە کەئەمڕۆ تێرۆریزمی بەناو ئیسلامی خۆراکی لێوەردەگرێت.

لێرەوە دەکرێ بڵێین هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ململانێی دەسەڵاتی سیاسیی عەرەبی، کە لەنێوان ساڵانی 632-750ی

دەستپێدەکا. بەگوێرەی خوێندنەوەکانی موحمەد ئەرکۆن، موحمەد عابد جابری و کامیل النجار، کە محمەدی پێغەمبەری خوا، لەساڵی 622 ی هیجری دایمەزراندو پاش ئەویش جڵەوی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیە عەرەبیە کەوتە دەست هەر چوار خەلیفە، کە ئەبو بەکر کە لە632-634 ، عومەری کوری خەتاب 634-644، عوسمان 644-656 و ئیمام عەلی 656-661 حوکمڕانییان کرد. ئاشکرایە عومەر، عوسمان و عەلی لەشەڕی دەسەڵاتدا کوژران، یان بەواتای ئێستا، تیرۆر کران. بۆیە ئەوەی گرینگە ئاماژەی پێبکرێت، کە لەشەڕی بەناو (جمل)، لەساڵی 656 دا، کە بەپاڵپشتی عایشەی خێزانی پێغەمبەر دژی عەلی ئەنجامدرا. لەم پێکدادانەی نێوان دەسەڵاتداراندا زۆر لەداکۆکی کارانی ئیسلامی راستینە تیرۆر کران، ئەمەش یەکێکە لەتراژیدیترین رووداوی مێژوویی ئیسلام. لەوێوە ئیسلام وەك ئایینێکی تازە، یان دوا ئایینی ئاسمانی، تووشی ئاستەنگی روحانیەت دەبێ؛ لەدیدییێکی روحییەوە دەبێتە کێشەی دەسەڵاتی دونیایی.

بەدوای ئەو رووداوەوە، سەردەمی بەناو خەلیفەکانی معاویە لەساڵی 660ی هیجری بوو، کە دیمەشق دەبێتە پایتەختی دەسەڵاتی ئیسلام. لێرەوە بەگوێرەی خوێندنەوەی محەمەد ئەرکۆن "قورئان دەبێتە مێژوویەك و بەس، بۆ معاویەکانیش مەسەلەی دەوڵەت دەکەوێتە پێش ئایین".[(3)] جێگەی تێڕامانە ابن خلدون ئەو گۆڕانکارییەی بەو زەمەنە چواند کە "ئەوکات ئایین لەباردەچێ". چونکە هەریەکە



لەخەلیفەکان خودی خۆیان کۆنترۆڵ دەکرد. لەو سەردەمەوە هەر یەکە لەگرووپە عەرەبەکان دوا پلەی خۆیان لەدەسەڵاتدا پێکا. بەواتایەکی تر کە دەسەڵاتی مەلیك معاویە پێکهات، کێشەی دەسەڵات لەململانێدا لەساڵی 750 دا دەگاتە دەستی عەباسییەکان و بەغداش دەبێتە پایتەخت. لەم قۆناغەدا کێشەی دەسەڵات لەنێوان (موالی و عەرەبەکان) دەستپێدەکا، ئەمەش دەبێتە لێکترازانی یەکێتی دەسەڵاتی عەباسییەکان .

هەر بۆیە تا ئەمڕۆش ئەو دژایەتییە لەپێکهاتی کۆمەڵگای عەرەبی-ئیسلامیدا خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوەی ئەو دژایەتیەی نێوان دەسەڵات دەگەڕێنەوە بۆ ترسی ئیسلام-عەرەب لەبەرانبەر هزری تازەو جیاوازدا، کە ئەو هزرە تازەیە لەجیهانبینی ترادیسیۆنی ئیسلامی عەرەبییدا، مانای "ئیلحاد" و لەدەستدانی خەونی هەزارساڵەی حوکم لەسەر زەوی و مەرگی ئیسلام دەگەیەنێ. ئەو جیهانبینیەش بەهۆی بەپیرۆزکردنی ناخی جیهانی ئیسلامی داگیر کردووە. هاوکاتیش پاڵپشتی کردنی ئەو جیهانبینیە، کێشەی سستی گەشەی ئابوری و ئاوێزان بوونە بەدابونەریتە داخراوەکانی عەرەبی، کە تا ئێستاش لەجیهانی عەرەبییدا باڵادەستە. وێڕای ئەمانەش دەسەڵاتی خێڵ و نەبوونی بواری تاکەکەس، بۆتە ئاستەنگێك لەهێشتنەوەی ئەو مێژووە داخراوەی عەرەبییدا. لێرەوە "فیقی" وەك فۆرمی قانوونی تازەی جیهانی عەرەبی دەبێتە بڕیاردەری جوڵەی مرۆی عەرەب، کە ئەمەش پێوانەیەکە بۆ ئایین و سیاسەت.

ئەو ململانێیەی سەبارەت بەقورئان و رەوایەتی پێغەمبەرایەتی تا ئەمڕۆش یادەوەری عەرەبی داگیر کردوو. هاوکاتیش تەماشاکردنی مرۆی ئیسلام وەك وێنەیەك لەخوا، کە خوا بۆ بەرجەستە کردنەوەی خۆی مرۆڤی دروست کردووە، ئەمەش مرۆڤی خستۆتە دەست قەدەرێکی نادیارەوە.

لەم روانگەیەوە دەکرێ جۆرێك لەمرۆی ئیسلامگەریی عەرەبی مەسەلەی (فیدرالی) و داوای سەربەخۆی کورد وەك "ئیلحاد" و هەڕەشەیەك بۆ ئیسلام-عەرەب لێکبداتەوە، کە بۆ ئەمەش بواری گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەی ئیسلامیی هەیە، کە لەجیهانبینیەکی توندڕەوانەی لەمێژینەی ئیسلامییدا رەوایەتی خۆی هەیە.

هەر بۆیە تێرۆرکردنی کورد، لەجیهانبینی نەتەوە باڵادەستەکانی ئیسلامییەوە، هەر یەکەو بەفۆرمێکی خۆی، دەبێتە رەوایەتییەکی ئایینی و سیاسی بۆ کۆی رژێم و گرووپەکان. ئاشکرایە هەمیشە سەرتاپای هێزی سیاسی و ئایینی جیهانی ئیسلامی، لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد هەڕەشەیەکە لەسەر ئومەی عەرەبی و فارسی و تورکی. دیسان جێگەی سەرنجە، کە "الزرقاوی" دەڵێ: "کورد ئەمڕۆ رۆحی ئیسلامیان کز بۆتەوەو خەریکی کوردایەتین، هەرچەندە کەمێکیش رۆحی رۆناکیان تێدا ماوە"[(3)]. هاوکاتیش ئەو دەربڕینانە لەهێزەکانی تری غەیرە ئیسلامیش بەرەواجن.

ئامادە بوون و بەپیرۆز مانەوەی ئەو بیرۆکانەی ئیسلامیی و قەتیسمانیان لەئەقڵیی سیاسی عەرەبییدا، رەوایەتییەك بەئامادەبوونی



تێرۆریزم دەبەخشن، بۆ ئەوەی ئەو ناسنامە ئیسلامی- پان عەرەبییە بپارێزن.

4

سەبارەت بەکێشەی پێکهاتی دەسەڵات و میکانیزمی ململانێی سیاسەت لەجیهانبینی ئیسلامییدا، کە ئاماژەیان بۆ کرد، دکتۆر کامل النجار لەکتێبەکەیدا، "خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ ئیسلام"[(5)]، کە لە2004لەسایتی ئیلاف دا بڵاو کراوەتەوە، پێمان دەڵێ، لەو سەردەمە زێڕینەی عەرەبییدا، واتا سەردەمی دەوڵەتی عەباسی، رەخنەگرانی ئیسلام وەك ئێستای دونیای ئیسلام چارەنووسیان داپڵۆسین بووە. کاتێ خەلیفە مەئمون کە وەك "المعتزلە"کان، گوتی قورئان دروست کراوە، کاربەدەستانی دەوڵەت ئەو بوچوونەیان خستە بەردەم زانایانی ئیسلام، بەڵام ئەوان بڕیارێکیان دەرکرد کە هەرکەسێك باس لەقورئان دروستکردن بکا دەبێ سازا بدرێت. دواجار مەرجەعەکان ئەو بڕیارەیان قۆستەوە، کە هەر کەسێ بۆچوونی جیاوازی لەگەڵ ئەوان هەبووایە لەزاندەقەیان دەدا. هەروەك لەدەوڵەتی: ئومویە"شدا ئەوانەی جیاواز لەو روانینەی ئیسلام بیریان دەکردەوە، کوشتن چارەنووسیان بوو. بن درهم یەکێك بوو لەهزر جیاوازانە کە بەفرمانی هشام بن عبدالملکی خەلیفەی ئوموی ساڵی 742 کۆچی کوژرا. تاوانی بن درهم ئەوە بوو کە پێیوابوو خوا موسای ناونەبردووە و ئیبراهیمیشی بەبرا نەزانیووە. هاوکاتیش لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی مەنصوردا چاودێریکارانێکیان بەناوی "صاب الزنادقە"

دامەزراند، ئەوانە دەستیان کرد بەکوشتنی هەموو ئەوانەی کە رەخنەیان لەئیسلام هەبوو. لەنێوان ئەوانەدا ابن ابی العوجای، بشار بن برد"ی شاعیر بوون، کە ساڵی 784 ی کۆچی کوژران و سالح بن عبدالقدوس، ابو عیسی محمد بن هارون الوراق بۆ ئەهواز سورگوومکران. دواجاریش حەلاجی سۆفی شاعیر لەو سەردەمە زێڕینیەدا رەجم کرا، کە هێندەی خوای خۆشدەویست، وایدەزانی خۆی بۆتە خوا، دواجاریش هاواری "انا الحق" رۆحی یاخیانەی بەکوشتنیدا.

کەچی ئەمڕۆ عەرەب لووتبەرزە بەو سەردەمەو لەوەهمی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە زێڕینییە پەنای بۆ تێرۆرکردنی ئەویتر دەبات، هەروەك ئەویتری بەرانبەر لەمپەرێکە لەبەردەم لەدەستدانی ئەو سەردەمە. هەر لەداخی مەحاڵبوونی ئەو گەڕانەوەیەدا، کە رۆژانە ئیسلامگەرایەکان بەکۆمەڵ خۆیان دەتەقێننەوە. دواجاریش ئیسلام لەو تێرۆریزمەدا قەتیسماو دەمێنێتەوە، کە ئەمەش گوایە بەمانای گەڕانەوەیە بۆ "سحوە"ی ئیسلامی، کە بن لادن دەبێتە هێمای ئەو سحوە تازەیەی ئیسلام.

هەروەك النجار، وەك چەندان مێژووناسانی تری عەرەبی باسی دەکەن، کە ئیسلام سەریهەڵدا، عەرەب کۆمەڵگایەکی قەبیلەیی دژ بەیەکبوون و هەمیشە لەشەڕدا بوون. هەر قەبیلەیەکیش بتێکی خۆی دەپەرست. محمەدی پێغەمبەر توانی بەغەزوەکانی ئەو قەبیلانە لەو دۆخە دژوارە رزگار بکا. بەڵام لەگەڵ مەرگی موحەمەدی پەیامنێری خوا، شەڕەکان دەستپێدەکەنەوە. هەموو ئەوانەی بەدژی پێغەمبەر



راوەستان بەشیر کوژران. لەوێدا "الانصار-المهاجیرین" سەریانهەڵدا. الانصارییەکان سعد بن عبادە فرۆشت و المهاجرەکانیش بەخەلیفەی خۆیان دەزانی. لەرێگای ئەو ململانێیە شەڕاویانەدا بێجگە لەابو بکر هەموو خەلیفەکان بەدەستی خودی ئیسلامیەکانەوە کوژران، کە گوایە ئەو خەلیفانە خوڵقێنەری سەردەمی زێڕینی عەرەبین.

لەڕوانگەی کامل النجارەوە ، وەك ئێستای کاربەدەستانی ئیسلامی ، فێڵ و ساختەو تێرۆرکردن خاسڵەتی خەلیفەی راشیدیەکان بوو. کێشەی گەورەی ئیسلام،لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ، هەموو حەزو خواستێك بە"بدعە" و کفر دەبینێ. بدعەش کە چارەنووسی دۆزەخە. لێرەوە گۆڕان و ئاوەڵایی لەجیهانبینی ئیسلامیدا، لەرێگای بەدروستکردنی ئەو ئەقڵیەتە داخراوەی کە کۆمەڵێ فاکتەری کولتوری و مێژووی و کۆمەڵایەتی بەرهەمی هێناوە، نەك خودی خۆی دیاردەیەکی جەوهەری بێ، دەبێتە تاپۆیەك لەدەستی ئیسلامی توونڕۆدا. بۆیە ئیسلام لەو گرفتەدا چەقی بەستووە. لەم رونگەیەوە تەواوی حوکمڕانی جیهانی ئیسلامی ئیسلامخوازە باڵادەستەکان تۆقیون لەرەخنەو گۆڕاندا. لەکن دەسەڵاتی عەرەبییدا هەر حەزێك بۆ گۆڕان و رەخنە، هاومانای کفرو ئیلحاد دەگەیەنێ.

جێگەی ئاماژەیە، کاتێ ساڵی 1940 کە هیندوستان رزگار بوو، پاشان کە پاکستانیش لەهیندوستان جیابۆوە، کەچی بەو جیابوونەوەیە، لەدەوڵەتێکی دیمۆکرتییەوە بوو بەدەوڵەتێکی دیکتاتۆری. کێشەی ئەمەش ئیسلام بوو. رەنگە یەکێك لەکێشە

www.pertwk.com

بنەڕەتییەکانی مەیلی دیکتاتۆریەت لەجیهانبینی ئیسلامییدا بگەڕێتەوە بۆ بڕوا بوونی ئیسلام بەتاکە خوایەك. ئەمەش لەقورئاندا لەسورەی "الزمر"، ئایەتی 38 دا جەختی لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە دەڵێ: "ولئن سالتهم من خلق الموت والاژ وليقولن الله". هەر چۆنێك بێت، ئەوەی کێشەی جیهانبینی ئیسلامە ئەمڕۆ، کە هەموو گوناحێك دەخاتە ئەستۆی دەرەوی خۆی، خۆشی بەتاکە راستییەك دەبینێت. ئەمەش گرفتێکە لەتەواوی گوتاری جیهانی ئیسلامییدا ئامادەیە.

بەڵام زیاتر روونکردنەوەی کێشەکانی ئەم نووسینەو فروانکردنی بیرۆکە پێشنیاز کراوەکان، بەکورتی جەخت لەسەر جیاوازی بیرۆکەی ئیسلام و مەسیحەت دەکەینەوە. هاوکاتیش دەبێ بڵێم، کە نەبوونی تێرۆریزمێك بەناوی مەسیحگەرایی، لەوێنەی تێرۆریزمی بەئیسلامی، مانای ئەوە نییە کە مەسیحییەت لەجەوهەردا وا خولْقاوە، بەڵکو مەبەستی ئەو نووسینە ئەوەیە کە کۆمەڵێ فاکتەری گرینگ و کۆنتێکستێکی مێژوویی رۆژئاوا، هەرلەکۆتایی سەدەی ناوەڕاستەوە تا ئەمڕۆش، ئایینی مەسیحیی لەدەسەڵاتی سیاسیی گۆشەگیر کردووە. لێرەوە ئەو ئایینە دەبێتە سرووتێك لەدەرەوەی دەسەڵات. دواجاریش ماسیحییەت نەیتوانیووە ببێتە تاکە نوێنەری راستییەکانی خواوە.

5

سەبارەت بەدەوڵەت و ئایین، مەسیح ئامۆژگاری بڕوادارانی خۆی دەکرد، کە نابێ ئامانجیان قەیسەر بێ، یان دەسەڵات بێ. چونکە راستینەی حوکمڕانی مەسیحییەکان لەم دونیایەدا نییە، بەڵکو



لەدونیای ناجات بوون و خوادایە. بۆیە مەسیح لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا تا مەرگ ئازاری چێشت. هەرچەندە مەسیح بەدەست دەسەڵاداران ئازاری خوارد، کەچی رێگەی نەدا، یان هانی بڕوادارانی نەدا دژی دەوڵەت و قەیسەر زەبروزەنگ بەکار بهێنرێت. هەوکاتیش مەسیحییەت هەڵگری پەرەدۆکسێکە، بۆ نموونە کە خوا لەکەسێکدایە، ئەمەش باوك، خوا، مەسیحیش کە کوڕەکەیەتی. بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان بەتاکە خوایەکە ئەو پەرادۆکسەیان قبوولْ نەکرد. مەسیحیەکان لەناو ئەفسانەدا باسی مەسیح دەکەن، نەك وەك کەسێك بوونی هەیە، وەك ئیسلامییەکان کە پێیان هەموو شتێکی ناو قوررئان راستییەکی رەهان. گرینگە کە بزانین، بیبیل 200 ساڵەلەلایەن 40 کەسەوە، لەزمانێك زیاتر، وەك زمانی، ئەرمێنی و عیبری و نووسراوەتەوە و راڤەی جوداوازی لەسەر کراوە. بەڵام قورئان یەك پیاو و بەیەك زمان کە زمانی عەرەبیە نووسراوەتەوە، یان دابەزیوە، بەدیدی ئیسلامی بەڕاستیش وەرگێڕانی کفرە. هاوکاتیش لەبیبل - Testamentی کۆنینەدا، تاکەکەس و گەلی جیاواز ناویان دێت، کە لەلەشفرۆشەوە بگرە تا دەگاتە شاژنە جوانەکان ئامادەییان هەیە، نموونەی ئەمانەش: "سارا، بودیت، ئێستەر، لێییە، رەهاب تەمەر و...هتد، کە ئەمەش ئاماژەیە بوونی بۆ فرە دەنگیی لەبیبلدا. بەڵام لەداستانەکانی قورئاندا ناوەکان تەنیا عەرەبیین و فرە کەسەکان نابینرێن.

هەڵبەت عەرەبی موسڵمان تا ئەمڕۆش بەوە شانازی دەکات کە قورئان زمانێکە کە تەرجەمە ناکرێت. بچووکترین گومان لەقورئاندا پاداشتەکەی دۆزەخە.

رەنگە بەراورد کردنی جیهانبینی بودیزم و هیندویزم لەگەڵ جیهانبینی ئیسلام لەو بیرۆکەیە نزیکمان بکاتەوە، کە ئەو نووسینە هەوڵی گەیاندنی دەدات. بیرۆکەی ئەو دوو ئایینە بۆخۆی ئاوێنە بوونەوەی هەژاری بوو. بۆیە دەبینین گاندی، وەك رزگارکارێك بۆ گەلەکەی خۆی کەسێکی هەژار بوو، کەچی بن لادن دەوڵەمەندترین نوێنەری توندڕەوی ئەمڕۆی موسڵمانانە. وێڕای ئەمانەش "شهادەت" لەدیدی ئیسلامدا جەخت لەسەر پیاوەتی دەکاتەوە. ئەمەش وایکردووە کە ئەمڕۆ لەجیهانی ئیسلامییدا شهادەت، وەك گەورەترین داهێنان، ببێتە دروستکردنی پێشبڕکێی خۆتەقاندنەوە.

دەکرێ لەوە تێبگەین کە هەموو ئایینێك دیدی خراپی تێدایە، بەڵام ئەمڕۆ هیچێك لەو ئایینانەی تر، وەك "القاعیدە" و دەمڕاستی ئایینی وەك خومێنی، بن لادن، الزرقاوی و... هتد، تێدا نییە. هاوکاتیش رەنگە مەسەلەی لێبووردن لەمەسیحیەت، کە بوارێك بۆ گوناح پاکبوونەوە برەخسێنێ، دواجاریش ئەمە هاندانێك بێ بۆ ئاسنکردنەوەی دیاردەی تاکەکەس و گۆڕانی بەردەوام لەرۆژئاوای مەسیحیدا. کەچی لێبووردن لەئیسلامدا تەنیا بەرانبەر خوادا راستە، نەك مرۆڤ. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە موسڵمان نەتوانێ بچێتە ناو وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کە لەرۆژئاوادا هەیە. ئەو



بنەمای گوناح و رەخنە لەخۆگرتنە بۆتە مایەی پێشکەوتنی رۆژئاوا. جێگەی سەرنجە، کە تیرۆر بەدژی رۆژئاوا ، بەناوی ئیسلامەوە، بەرێژەیەکی فرە لەجیهانی ئیسلامییدا پشتیوانی لێدەکرێ. دوا ئامار، کە سایتی الجزیرە، سەبەرەت بەکوشتنی بیانییەکان دەکرێ، ئەوە گیانە بەهێزەی تیرۆریزم لەجیهانی عرەبییدا جەختدەکاتەوە.

راستە کە ئیسلام لەسەدەی دوانزەدا کولتووری بەرهەمهێنا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو کولتوورە لەسەر بەرهەمهێنانی "حیجاب" و بن لادن خۆی نمایشدەکات. هونەر لەوەدایە گەر موسڵمانی ئەمڕۆ بیر لەو قەیرانە بکاتەوە کە رووبەرووی بۆتەوە. کەچی بەپێچەوانەوە موسڵمانی "بەڕاستی" ئەمڕۆ لەجیاتی رەخنە و بەرهەمهێنانی کولتووری هاوسەردەمییانە، وەك قوربانییەك لەبەرانبەر رۆژئاوادا خۆی پیشاندەدات. بۆیە هێشتا هیچ بزاڤێك لەئیسلامیی سیاسیی ئەمڕۆدا سەریهەڵنەداوە، لەجیاتی ترس و رق و تۆڵەساندنەوە لەبەرانبەرە جیاوەزەکەی، پێشبڕکێی دیالۆگێکی کولتووری تازە بکاو ئەو کولتوورە بەرهەمبێنێتەوە کە پێشتر خاوەنی بووە. لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەوەیە، کە بۆ ئیسلامگەریی لەرق و تۆڵەدا قەتیسماوە؟ بۆ بزاڤە ئیسلامییەکان هێندە سوورن لەسەر بێگوناحی و قوربانی بوونی خۆیان؟

بەڵام ئامادەبوونی ئەو هەستی قوربانیدان و گوناحبار کردنی دەرەوەی کورد، لەرەوانبێژی (رێتۆریك)ی سیاسیی و رۆشنبیریی کورد، لەکوێوە سەرهەڵدەگرێ؟ کەواتە لێرە بەدواوە، ئەم نووسینە

www.pertwk.com

بەهەڵوەستە کردنێك لەسەر ئەو کێشەیە ئەنجامگیریەك بۆ پرسیار، نەك داخستن، پێشنیاز دەکا.

## 6

بوونی کورد هەمیشە لەناکۆکییەکی لێکترازاودا دەژی: لەلایەك هەست بەگوناحکردن و قوربانی لەژێر باڵادەستی داگیرکەردا دەکا، لەلایەکی تریشەوە ئاوێزانی مەرجێکی قورس، کە بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆییە. تەواوی ئاگایی کوردی هاوار کردنە بۆ ئازادی سەربەخۆیی، کە ئەم خەونەش هەمیشە خۆی بەرهەمهێنەری ئاستەنگە دووانییەکانی ئەستەمتر کردووە. هاواری ئەو خەونەی کورد، هەر لەشیعرەکانی ئەحمەدی خانی، شەرفخانی بەتلیسی و ئەفسانە و هۆنراوە دەڤۆکییاکانەوە تا دەگاتە شیعرەکانی نالی و مەحوی و حاجی قادر و شیعری ئێستامان، جەختکردنەوەی ئەو ئاستەنگە دووانەییەی بوونی کوردە. کەڵەکە بوونی هاواری ئەو خەونە لەدەروونی مرۆڤی کورددا، وایلێکردووە بەخۆتاوانبار کردن و ئاوێزانی سەرکەوتن ئاوێزان بێ، کەئەمەش چەند لکێدژییەکی ئاڵۆزی لەبوونایەتی کوردییدا بەرهەمهێناوە. ئاکاری ترس و شەرمنی یەکێکە لەناسنامە باڵادەستەکانی کورد. کورد بەهۆی دەستەوەستان بوون بەرانبەر مەحاڵی ئازاد بوونی لەژێر شەرمی ئەو بندەستییەدا، پەنای بۆ شەڕی خۆ کوشتنێك بردووە، کە بەشەڕی "براکوژیی" ناودێر دەکرێ. کورد لەرێگای ئەو شەڕە روخێنەرەوە ئەو ناکۆکییە دەروونییەی خۆی نمایشدەکا. هەر بۆیە بەدرێژایی سەدەکان کورد ئاوێزانە بەزمانێك کە



تەنیا گوتنەوەی وتراوەکان دەچرپێنێ. لێرەوە زمانی کوردی دەستەوەستانە بەرانبەر دانانی خاڵێك لەسەر ئەو راستیە گوتراوانەی ناخ، یادەوەریی و زەمەنی داگیرکراوی بوونی کورد. تا ئەمڕۆش زمانی کوردی، بەواتای هایدگەریی وەك "ماڵی بوون"ی کوردی، سەرقاڵەبە فەرامۆشکردنی ئەزموونە مێژوویيە لێکچووەکانی خۆیەوە، نەك ئامادە کردن و ئاوەڵا کردن، رزگارکردن ئەو یادەوەرییە.

لێرەوە گومان و دوودڵی، یان لاوازی زمانی کوردیی لەبڕیار و ئاوەڵا کردنی مێژووی یادەوەریی خۆی، هەمیشە گوتاریی خەونی کوردی ناچار کردووە رووبەڕووی خۆی ببێتەوە. ئەزموونی ئەو چەندان ساڵەی حکومەتی باشووری کوردستان و تەقینەوەی خودی ئەو ناکۆکییە دەروونییەی کورد بەشەڕی خۆکوژیی، وەڵامی ئەو زمانە لاوازە، یان لەشپرزەیەی یادەوەریی کوردیی بەرجەستەکردەوە. لێرەوە بزاڤی کورد لەنێوان ئەو دووانەییەی ترس و بەرانگاربوونەوەیەدا، رەوابێژی-رێتۆریکی سەرگێژیی خۆی لەپەنا بردن بۆ بەڵگە و داکۆکی کردن لەخۆی هەڵبژاردووە، کە ئەمەش وای لەکورد کردووە هەمیشە لەدەرەوەی یادەوەریی خۆیدا گومڕا بێ. بەواتایەکی تر، دەستەوەستانی زمان و رەوانبێژی کوردی لەدەستنیشانکردن و دابڕان لەنا ئامادەیی یادەوەریی و دووانەیی ترسی خۆ بەگوناحدار زانین و بەرانگاریی، لەدواجاردا کوردی ناچار کردووە بۆ تێرۆرکردنی ناوەوەی خۆیی و ئەو یادەوەرییەی کە بەسەرکۆنە کردن هەستاوە، سەرقاڵ بێت.

www.pertwk.com

لێرەدا بۆ پوختەکردنەوەی ئەو روانگەی سەرەوە، دەخوازم نموونیەك بێنمەوە کە پابەندە بەکوردو تێرۆریزمەوە. لەستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، یەکێك لەو رادیۆیانەی کوردی بەبۆنەی رووداوە تێرۆریستییەکەی 1ی شوبات، چەند مەلایەکی کوردیان هێنا بوو کە لەڕوانگەی ئیسلامی کوردییەوە لەو رووداوە بپەیڤن. لەمەڕ ئەو پرسەی، کە بۆ مەلایە کوردەکان، وەك زۆربەی ئەو مەلاو زانایە ئیسلامییە عەرەبی، تورکی و فارسییانە، رووبەڕووی حوکمەتە داگیرکەرەکان نابنەوە. وەڵامی یەکێك لەو مەلایانە، کە وەك کوردێك لەسوێد دەژی و نۆرمی ئەو وڵاتە قبووڵدەکا، ئەوە بوو، کە ئەی بۆ ئەو دوو حیزبە یەکتر دەکوژن و شەڕی دژی ئیسلامییە کوردییەکان دەکەن. کەوایە بۆ دەبێ ئێمەی موسڵمانی کورد ئەو ئەرکە ئەنجام بدەین...هتد.

بیر کردنەوەو دەربڕینی ئەو مەلایە کۆی ئاگاییەکی فرەی مرۆی کوردیە. ئەمەش بەرهەمی ئەو مێژووە ئیفلیجەیە کە بزاڤی کوردی ئەمڕۆ بەهەموو باڵەکانیانەوە بەرهەمیان هێناوە. ئیتر کوردگەلێك لەو یادەوەریە بێئومێدە کە بتوانێ ئەو خەونە بەکۆمەڵیەی بێتە دی. رەنگە بۆ خوێنەری ئێمە ئاشکرا بێ، کە زۆرێك لەرووناکبیریی خۆ بەسەربەخۆزان و گرووپی سیاسیی خۆ بەفریادڕەسی ئەمڕۆ، لەزۆر بواری ئاخاوتن و دانووساندندا، هەمان وەڵامی ئەو مەلایەی ستۆکهلمیان هەبووە لەسەر کێشەی هەڵوێستەکان. بۆیە لێرەوە میکانیزم و ئاراستەی رق وتۆڵەو ترسی کوردی، وەك عەرەب، فارس و



تورك، بەرەو دەرەوەی خۆی نییە، بەڵکو بەرەو ناوەوەی خۆیەتی. لەئەزموونی دوای تەپینی رژێمی سەدام، ئاراستە و جوڵەکانی ئەو رق و تۆڵەیەش لەکۆی هەردوو حیزبی کوردی و کۆمۆنیست و ئیسلامی کوردی بۆ ئێمە ئاشکرایە. هەر بۆیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی کورد، هەم هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو ، هەمیش کۆمۆنیست و ئیسلامیی کوردیی، هەریەکە و بەئاوەزی خۆی، لەوپەڕی دیموکراسیی، برایەتی و ئینسانی ...هتد بۆ دەرەوی خۆیان دەپەیڤن و کردار دەکەن، کەچی لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا، لەگەڵ کۆمەڵگای کوردییدا، بەدژوارترین شێواز رەفتار دەکەن. وێڕای ئەو هەموو سوکایەتی و وێرانکارییەی کە رژێمە داگیرکارەکان بەدژی کورد ئەنجامی دەدەن، کەچی ئیسلام و کۆمۆنیستیی کوردی هیچ بەرتەك و وەڵامێکی، تەنانەت بەقسەش راناگەیەندنیشیان نییە. هاوکاتیش لەپاش حوکمڕانی ئەو دوو حیزبە باڵادەسەتەی کوردی لەهەردوو ئیماراتدا، بەهەزاران مرۆی کوردیان ئەتك و سوڕگوومی هەندەران کرد، کەچی، وێڕای پەلاماردانی رۆژانەی دوژمانانی کوردی لەهەر چوار پارچەدا، ئەو دوو حیزبە سەرمەستن بەبانگەشەی برایەتی و ئەڤینداریی لەگەڵ ئەواندا، بێ ئەوەی ئەو بانگەشە بێبنەمایانە ئاکامێکی هەبووبێ. ئەمەش ئاوازی وەهمێکە، کە ئیتر کوردگەلێکی فرە سەرمەستە پێیەوە، هەروەك ئەو وەهمە وەڵامێك بێ بۆ بنبەستبوونی زمانی کوردی لەبەرجەستەکردنەوەی هاوارەکانی یادەوەریی خۆیدا. یان ئەو وەهمە بۆ ئەو یادەوەرییەی کورد، پشووەیەك بێ بۆ چاوەڕێکردنی خود

لەهەڵبـــژاردنێکی وەهمیانـــەی تـــر، کـــە لـــەدۆڕانێکی ناچـــارکراودا سەرسامامان بکات.

هەڵبـەت ئاخـاوتنی ئـەم نووسـینە زیـاتر لەسـەر ئـەزموونی باشـوور چەقدەبەسـتێ، بۆیـە لـەبیرمان نەچـێ هـەموو لەتـە زامـدارەکانی لەچاوەڕوانی ئەو ئەزموونەدا هەناسەی ئومێدەواری دەکێشێن.

لێرەوە جێگەی خۆیەتی بڵێین، کە ئـەمڕۆ تـەواوی حیزبـی کـوردی، بەهەردوو حیزبی باڵادەست و گۆشەگیر کراوەکانیشەوە، تەواوی کـردەو پلانـەکانیان، بێجگـە لەئەنـدام و لایـەنگیرەکانی خۆیـان، کـۆی کـوردی بێبەشـە لـەماف بەشـداریکردنی. ئـەمڕۆ حیزبـی کـوردی خـۆی، هـەم شـانۆیە و، هـەمیش رۆڵـی ئەکتـەرەکانی کـوردی نمایشـدەکا. ئـەوەی لەدەرەوەی ئەو شانۆیەیە لەمۆنۆلۆگێکی داخراودا ژیـان بەسـەر دەبـات، کە بەس خۆی گوێی لەخۆیـەتی. دواجاریش ئـەو ژیانـە ناچـارماندەکا هەست بەخوێن تاڵی خۆمان بکەین، کە ئیتر مانەوەمان تەواو گۆشەگیر دەبێ لەژیانی کۆمەڵ و مێژووی داهاتوومان. بـەمجۆرە بەرەبـەرە رق و تۆڵـەو تـرس لەناخمانـدا بـەدژی خۆمـان، نـەك دژی دوژمانمـان گەشـە دەسێنێ. هەر بۆیـە مرۆڤـی کـورد سـیخناخە بەگازانـدەکردن لەبـەختی خۆی. ئەو خاسڵەتەش هەر تەنیا لەکۆی ئەو خەڵکانـەدا نابینرێـت کـە بێبەشکراوە لەبەشداری، بەڵکو لـەخودی ئـەو حزبانـەی کـە دەمڕاسـتی کوردن. بەڵام گلەیی و گازاندەی ئەو حیزبانە لەدەرەوەی خۆیەتی نەك لـەناوەوەی خۆیـدا. چـونکە وەك گوتمـان، کـە ئـەو حیزبانـە کارامـەن لەدەمبەستکردنی ناوەوەی خۆیاندا.



بەڵام بۆ ئـەوەی کـورد جوانناسـانە ببێتـە مرۆیـەکی سیاسـی، دەبـێ سـەرەتا لەگـەڵ خـودی خۆیـدا دیـالۆگ و برایـەتی بەرقـەرار بکـا، دواجـاریش بـەوەوە دەتـوانێ ببێتـە هەڕەشـەیەکی دێمـۆکراتی لـەدژی بەرانبـەرە ترسـاوەکەییدا، نـەك تێـرۆر. چـونکە خـودی بەرانبـەر، بـۆ ئەوەی خۆی جەخت بکاتەوە، کورد وەك ئامانجێك بۆ بەرەوایـەتکردنی تێرۆرەکەی هەڵبژاردووە.

لێـرەوە، هـەروەك چـۆن ئێمـە لەشـەڕو رەهەنـدەکانی سـەردەمی تێرۆریزمدا دەژین، هاوکاتیش سەرکەوتن و بردنەوە مێتافیزیکیەکانی کۆتایی نایێ. بۆیە گەر کورد بخوازێ ئەو زەمەنە رەخساوە داگیر بکات، دەبـێ زمـانێکی وەرچـەرخاو و مشـتومالْ بەئەزموونـەکانی خـۆی دابهێنێـت، کـە هـەر بەمـەش دەتـوانێ لەگـەڵ تێـرۆری دەرەکیـی و ناوەکییدا رووبەڕوو بێتەوە.

2004 - 10 /2004 - 02

سوێد

<u>ژێدەرەکان:</u>

1. Nyqvist Michael, Terrorism, Dramatens Elverket, Stockholm, 200401141-
2. Zygmunt Bauman, Vi vantrivs i det postmoderna, Diadalos, Göteborg 1999 s. 9

3. Muhammed Arkoun, Arabiska idehistoria, Alhambras pocket encykopedi,1993, Lund, si 26.

4. بڕوانە سایتی الاکترۆنی "ئیلاف"، نووسینی حسین لرکوش، قرایە ڤ *وسیقە الزرقاوی: تشخیص لخصوصیە عیراقیە تناقچ مع افکار تنڤیم القاعدە*،20040219 .

سەرچاوە گرینگەکانی تر کە سوودم لێبینیوون ئەمانەن:

1. الدکتور کامل النجار، قراوە نقدیە للاسلام، سایتی ئیلاف

3 . قورئانی پیرۆز

3 . بیبل، بەزمانی سوێدی.

4- Danusha V. Goska, Phd, Islam and TERROR-Some Thoughts after 9/11, 2004-02-07, htttph://65.54.246.250/cig-bin/getmsg curmbox=f000000001&a=613060355969e0 ac0d…



## لەچەوسانەوەی نەتەوایەتیەوە
## بۆ بەخڵتە کردنی کورد

**خوێندنەوەیـــەك بـــۆ "حزبـــی کۆمۆنیســـتی کرێکـــاری عێـــراق" و پاشخانی بەکۆیلەبوونی کورد**

1

ئەو هاوارنامەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئاراستەی کۆڤی ئـەنانی سـەرۆکیUN ی کـرد؛ دەبـێ کـەرکوك لـەژێر دەسـەڵاتی ئـەحزابی ناسیۆنالیسـتی بپـارێزن. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە، کـە ئـەو حیزبــە کۆمۆنیســتە لینگەوقووچــە دژی ئەوەیــە کــەرکوك شــارێکی کوردسـتانی بێـت. ئـەو هەڵوێسـتەش نـاخی ئـەو بەخڵتەبوونـەی ئـەو گروپەی کورد بەرجەستە دەکاتەوە.

دوا بەدوای ئەمەش، سکرتێرەکەی ئەو حیزبە و بەرپرسیارەکانیان لـەزۆر کـۆڕو قسـە کردنـدا بەڕاشـکاوی بـەدژی گەڕاندنـەوەی عەرەبـە جێنشـینکراوەکان لەکـەرکوك وەسـتاونەتەوە و هاوکـاتیش "ئەحزابـە ناسیۆنالیسـەکانی کـورد"یـان بـەوە تاوانبـار دەکـەن کـە لێناگـەرێن کــەرکووك ببێتــە شــارێکی "ئینســانی"، دواجــاریش ئــەو چەشــنە "ئەحزابانــە" هــەم وەك هاوپــەیمانی ئــەمێریکی و هــەمیش وەك

(ناسیۆنالیست) لەمپەرێکن لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی"ئینسانی" لەتەواوی عێراقدا.

کەواتە: ئەو هۆکارانە چین کە وا لەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەکات، لەدۆخێکی وەك ئێستادا، داوای سەرفرازی کوردستان و "ئەحزابە ناسیۆنالیستیەکانی کورد"، کە هێشتا "ئەحزابێك"ی ناسیۆنالیستی مۆدێرنی لەدایك نەبووە، بەناڕەواو هێزێکی دژە "ئینسانی" تەماشا بکات؟

ئاخۆ ئاکامە سیاسی و ئاخلاقییە جیاوازییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئیسلامیە سیاسییە توندڕەوەکانی کوردی چین؟

گەلۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەو دورشم و تێڕوانینانە، دیاردەیەکی واقیعیی و پێداویستییەکی کۆمەڵگای کوردییە؟

ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بونیاتە ژێرخان و سەرخانانە چین کە ئەو حیزبە لەسەری دەژیت؟ ئایا ئەو نوێنەری چینی کرێکارە، یان نوێنەری "خڵتە"ی گروپێکی داچەمیوی ژێر دەستەیی داگیرکردن؟

وێڕای ئەمانەش، ئاخۆ ئەو کۆمۆنیستانە بۆ بەگشتی کولتووری کوردیی بەدواکەوتووانە لەقەڵەم دەدەن و، بەتایبەتیش زمانی کوردیی وەك نیشانەیەك لەناسیۆنالیزمی کوردی دەپێون؟ هاوکاتیش قسەکردن



بەئاوازو وشەگەلی زمانی نەتەوە باڵاسەستەکان، بەتایبەتی فارسی، بەپێشکەوتنخوازی و شارستانی دەبینن؟

لەڕوانگەی ئەم پرسیارانەوە هەڵدەدەم لەم نووسینەدا، بەدیدگەلی جیاوازەوە، ئەنجامگیرییەك لەکۆی خوێندنەوەکانی خۆم سەبارەت بەدیاردەی ئەم حیزبە "ئینسانخوازە" پێشکەش بکەم.

هەڵبەتە، بەبۆچوونی من، تەواوی دروشمەکانی حیزبی کومۆنیستی کرێکاری عێراق، بەرهەمی پرۆسەکانی داگیرکردنی بوونایەتی کوردە، کە دواجار توانیوویەتی ناخی مرۆڤی کوردی بشێوێنێ و بەنامۆی بکات. هاوکات لاوازی بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی و لێترازانەکانی ئەو گووتارە نەتەوایەتییە هۆکارێکی ترە لەبەرهەمهێنانی ئەو تەرزە گروپ و حیزبانە. لێرەدا هەردوو حیزبی کوردی و ئەوانی تریش، هەڵگری خاسڵەتەکانی ئەو خڵتە بوونەن، لێ لێرەدا، بۆ سنووردار کردنی بابەتەکا، تەنیا لەکاتی پێویستدا ئاماژەیان پێدەکرێن.

## 2

جێگای سەرنجە، بۆ پوختەکردەنەوەی مەبەستەکەمان، کە رەنگە لەرووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە، نزیکایەتی هەبێ لەگەڵ باردۆخی ئەمرۆی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی. کاتێ لەسەرەتای کۆتایی سەدەی شازنە و سەرەتایەکانی سەدەی حەڤدەدا

www.pertwk.com

تووشی تەنگژەی ئابووری و سیاسی بوو، کێتبەکەی (تۆماس مۆر(، " _Utopiaئۆتوپیا" ، کە سەرەتایەکە بۆ دیدی مارکسزیم، بووە ئاوێنەی ئەو دەردو تەنگژەیەی کەکۆمەڵگای ئینگلیز تێیدا دەژیا. تۆماس مۆر لەکتێبەکەیدا، سیستەمێکی کۆمۆنیستیانە دادەمەزرێنێ، کە ئەو ئۆتوپیایە، لەتەواوی مێژووی سیاسی دونیای رۆژئاوادا، بەتایبەتی لەقۆناغە گرژ و سەختەکاندا، هەمیشە دیاردەی هەبووە. بەڵام بەوێڕای شۆڕشی کتێبەکەی مارکس، "سەرمایە"، کە ئەگەر لەئاستی واقیعیانەتی تێورییەکانی ناو ئەو کتێبەی مارکس، کە توانی سەرمایەداری و کۆمەڵگایەکەی بخوێنێتەوە، ئەوە وەك شۆڕشێك بۆ سەرچاوە و بیرۆکەی ئەو ئۆتوپیایە ئاوێنە بکاتەوە، کە خۆی لەدەستەبەرکردنی یەکسانی و بەدەسەڵات گرتنە دەستی چینی کرێکارو دواجاریش کۆمەڵگایەکی بێ چین بەرجەستە دەکاتەوە. بەڵام ئەو تێوریانەی مارکس و خودی مارکسیزم، وێڕای گرینگی ئەو تێوریە، وەك روانگەیەکی دروست بۆ تێگەیشتن لەوردەکاریەکانی سەرمایەداری، تا ئەمڕۆش نەیتوانی ببێتە واقیعێکی سیاسی. بەتایبەتیش پاش حەفتا ساڵ کلۆڵی و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، کە بووە هۆی سەرمەست بوونی بەهازاران ملوێن خەڵکی جیهان، ئۆتوپیای جیهانێکی یەکسان و رەوای چینی کرێکار، مەحاڵتر بوو.

لەم رونگەیەوە، ئاکامی تێکشاندنی رۆح و دەروونی مرۆی کورد بەرێگەی چەوساندنەوەی کورد لەژێر رکێفی رژێمە شۆڤینیست و



داگیرکارەکانی عەرەب، تورك و فارس، کۆمەڵگای کورد لەهەموو ژیانێکی ئازادو ئاوەڵا بێئومێد کراوە. بەمجۆرە مارکسیزم و کۆمۆنیزم و ئایین دەبێتە ئەو ئۆتوپیایە، کە هەرچەندە ئەو ئۆتوپیایە لەرووی واقیعیەوە مەحاڵی سەرگرتنی پیشاندا، کەچی لەبەر قەتیسمانی کۆمەڵگای کوردی لەناو تەنگژەی سەربەخۆ نەبوون و کاریگەری کووشتنی رۆحی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە، خۆراکی ئەو ئۆتوپیایە لەناو کۆمەڵگای کوردی ژیانی بەردەوام دەبێ.

بە تایبەتی پاش ئەو وێرانییەی کە شەڕی خۆ کوژیی و براکوژیی لە باشووری کوردستاندا زیاتر زەمینەی خۆشکرد بۆ دیاردەی ئەو ئۆتۆپیە. لەئاکامی ئەو شەڕە بێهوودەیەدا، یەکێتی پارتی کۆمەڵگای کوردیان، نەك هەر باشووردا تووشی ئەو تێکشکانە رۆحی و ئایدنتێتەیە کرد، کە کورد لەژێر دەستی داگیرکاراندا گیرۆدەی ببوو، بەڵکە ئەو شەڕە بووە هۆی بێئومێد بوونی سەرتاپای مرۆی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا. بەهەرحاڵ، ئەو حیزبگەرایی و خێڵگەراییەی کە پارتیی دیموکراسیی کورستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وەك دەسەڵاتێك بەسەر کوردیاندا سەپاند، بووە مایەی جەغتکردنەوەو زەمینە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدان و قووتبوونەوەی دیاردەی روحی خڵتەگریی لەناخی کۆمەڵگای کوردییدا. بەهۆی ئە دووبەرەکێ و "میرنشن"ەی پارتی و یەکێتی، ئەو رەوتە تا ئێستاش بوونی کوردی بەخڵتە کردووەو پەرەش دەستێنێ .

www.pertwk.com

ئەوەی ئەم وتارە مەبەستیەتی، کە لەروانگەی ئەم بەخڵتە بوونەی مرۆی کورد، دیاردەی رەفتارو ئیدۆلۆژی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق"ە، بخوێنێتەو، کە گوتمان لەیەکاتدا بەرهەمی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و کارەساتی شەڕی براکوژی کوردین، کە پارتیی و یەکێتیی لێی بەرپرسیارن. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە هەلگری مێتۆدێك بێ، هەوڵدەدەم کەمێك بەگەڕانەوە بۆ بیرۆکەکانی مارکس و هێگڵ ئەو تێکشکانە ئەخلاقیی و دەروونییەی کورد رۆشنبکەمەوە، تاوەکو ئاخاوتنەکانمان سەلماندنێکی لۆژیکی هەبێ، هەرچەندە گەر ئەو سەلماندنە رێژەییش بێ.

3

هێگڵ لەکتێبی Andens fenomenologi – "فێمێنۆلۆگی رۆح"دا، کە سالی 1807 نووسیوویەتی، لەوێدا باسی دیالێکتی پەیوەندی نێوان کۆیلەدارو کۆیلەدەکا، کە بەلای ئەوەوە ئەو دیالێکتە سەلماندنە بۆ راستی کۆیلدارو کۆیلە. لەروانگەی هێگڵەوە تاکەکاسی مۆدێرن دەبێ لەدەرەوەی خودی خۆیدا، وەك سۆبژەیەك، واتا کەسێکی بەئاگاو بیرکەرەوە، ئەو سەلماندە دەستەبەر بکات. بەگوێرەی تێگەیشتنی هێگڵ، بۆ ئەوەی کۆیلەدار ئەو دانپێدانانە بەدەست بێنی، دەبێ کۆیلەبخولقێنێ. لێرەودا، بەتێڕوانینی هێگڵ، حەتمیەتی ئەو خواستە بووە ئاکامی ئەوە کە کۆیلە بەوە رازیبێ کە ببێ بەکۆیلە، کەچی کۆیلەدار دانی نەنا بەکۆیلەوەك ئینسان .



لێرەدا کێشەی کۆمۆنیستی تازە باباتی کورد، کەوەك کورد داوای ماڤ "ئینسان"ی دەکا، نەك ماڤ نەتەوایەتی کە ئێمە وەك کورد، لەبنەڕەتدا وەك کورد دەچەوسێنرێنەوە، نەك وەك "ئینسان". پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەوەی کە (حککع) داوای دەکا، ئەوە دانانە بەکورد ئینسان بوونی کورد؟ هاوکاتیش، گەر چەوسێنەر کۆیلەدار بێ، چۆن بەوە رازی دەبێ دان بەکورد بنێ وەك ئینسانێکی سەرەبەخۆ؟ لێرەدا ئەو حیزبە، یان دەبێ لەهێگڵ نەگەیشتبێ، وەك سەرچاوەیەك لەئایدیۆلۆژییەکەی، وەیان ئەو چەوسانەوە نەتەوایەتیە کردوویەتی بەخڵتەیەك کە، وەك مرۆی مۆدێرنی کورد لەبوونی خۆی بێئاگایە.

وێڕای ئەمەش، هێگڵ لەکتێبی " Historiens _filosofiفەلسەفەی مێژوو"، کە کۆی سەمیناریێکە، کە هێگڵ لەساڵی 1822_1831دا پێشکەکەشیی کردوون. هێگڵ لەو کتێبەیدا جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا، ئامانجی کۆتایی تاکەکەس لەدەسکەوتی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێتەوە. دەوڵەت لەروانگەی هێگڵەوە، واتا ئازادی، یەکسانی ئاوەزە. هێگڵ کە کتێبی ناوبراودا دەڵێ: "لەمێژووی دونیاییدا، لەپرسیاری دامەزراندنی دەوڵەت بترازێ، هیچی تر نیە"(1) بۆیە "دەوڵەت، واتە بەرزترین بەواقیعکردنی بەرزترین ئامانجە"(2). دواجاریش تەواوی رۆحیە واقیعیەکەی خۆی " لەرێگای دەوڵەتدا بەدەستی دێنێ".(3) سەبارەت

بەنەتەوەی بێ دەوڵەت هێگڵ پێمان دەڵێ: " گەلی بێدەوڵەت لەدەرەوەی مێژووە".(4)

بەڵام کۆمۆنیستی تازە باباتی کورد، هەوڵدانی ناسیۆنالیستی کورد بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی کورد، بەکۆنەپەرست دەزانێ. ئەو رقەی حککع بەرهەمی ئەو چەوسانەوە نەتەوایەتییەیە کە داگیرکار لەرۆحییدا چاندوویەتی .

لەهەمان کاتدا، هێگڵ لەکتێبی_ "R□ttfilosofi")فەلسەفەی ماف"1821)دا، کە ئەوە زمان و راستی هونەر و ئەفسانەو سومبوول، دەبێتە بنەمای پێکهێنانی دەوڵەت. بەدیدی هێگڵ هێزێکی رۆحی جیهانی هەیە، کە لەپرۆسەی مێژوودا، بەرێگەی دیالێکتیکی دژە یەکدا خودی مرۆڤ خۆی دەستەبەر دەکا، کە ئەم روانگە هزرییە بەئیدیالی هێگڵ ناسراوە.

بەڵام مارکس لەبری ئەو "هێزە رۆحییە جیهانی"یەی هێگڵ، ماتریالیزم دەکاتە دینەمۆی پرۆسەی ململانێی ئەو دیالێکتیکە لێکدژەی کە دواجار خود بەدیدێنێت. بەلای مارکس پرۆلتیتار دەبێتە بەرهەمهێنەری ئەو مێژووە جیهانییە .

ئەو بیرۆکەیەش لەدونیابینیی ئیدیالییەوە نزیکە. چونکە لەدیدی هێگڵ و مارکسەوە، ئەو هێزەی کە دونیا دەگۆڕێ و ئامانج دەپێکێ، ئەوە هێزێکە لەدەرەوەی مرۆڤدا. لێرەدا مرۆڤ دەبێتە قەدەرێك کە لەچاوەڕوانی ئەو هێزە"رۆحی جیهانی"ی و "ماتریالیزم" ە



دەمێنێتەوە. ئەو تێزەش لەرووی پراتیکیەوە نەیتوانێ ئەو ئۆتوپیایە لەقۆناغە جوداکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەرجەستە بکاتەوە.

4

کەواتە روانگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرکاری عێراقەوە، ئەگەرچی لەژێر ناوی یەکسانی و ئینسانی ...هتد، خۆی نمایشدەکا، بەڵام ئەو حیزبە هەمیشە جەخت لەسەر کۆنەپەرستیی کولتوور و ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمیی کورد دەکاتەوە، ئەگەرچی لەخودی روانگەی مارکسیزمییەوە مافی سەربەخۆیی کوردم مافێکی رەوایە، هاوکاتیش، ئەوەندە جەختکردنەوە لەسەر دواکەوتوویی بوونی کوردی، لەگەل ئەو بانگەشانەی ئەو حیزبە ناکۆك دەبێ. لەروانگەی ئەو حیزبەوە دەبێ کێشەی بەپەرەنەسەندنی کۆمەڵگای کوردی بخرێتە ئاستۆی نەتەوی داگیرکار. چونکە ئەوە دەسەڵاتی ناوەندە کە سەرچاوەی بوژانەوەی ژێرخانی کورد دەگۆڕێت. هاوکاتیش گەر کۆمۆنیست خەمخۆری کێشەی هەژار و کرێکار بێ، دەبێ لەو پێناسانە بەدوور بێ. بەڵام ئەو دیدەی حیزبی کۆمۆنیست عێراقی، بەرهەمی ئەو دیالێکتیکەی مارکسیزمە: لەروانگەی مارکسیەوە بۆرژوا نموونەی دواکەوتوویی دەبەخشێ و چینی کرێکاریش پێشکەوتن. لێرەدا ئەو روانگەیەی حککع دەکەێتە ژێر کاریگەری باڵادەستی نەتەوەی داگیرکار، کە کورد بەدواکەوتوو دەبینێت ، ئەمەش لەچوارچێوەی ئەو ئایدیۆلۆژییەوە

دەکەوێتە خانەی دواکەوتن، کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم شۆڕشی چینی کرێکار و دەسەڵاتی داهاتوویدا.

لێرەدا، کەسێکی وەك (مەنسور حیکمەت). دەبێتە سەرچاوەی هەموو پێشکەوتنێك. بەسوومبولکردن و پیرۆزکردنی "مەنسور حیکمەت"، هەر لەکەسایەتی ئەودا نامێنێتەوە، بەڵکو ئەو دەبێتە بەهانەیەك بۆ قبووڵکردنی باڵادەستیی و بەنوێنەرزانینی فارس و عەرەب و تورك، وەك سوومبولێك بۆ پێشکەوتنخوازی. لێرەوە ئەو بەشەی کورد، وەك خڵتەیەك لەبەرهەمی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییدا، نەتەوەی باڵادەست وەك کۆیلەدار قبووڵدەکا، کەهێگڵ باسی دەکرد، کەچی نەتەوەی باڵادەست، بەهیچ جۆرێك کورد قبووڵ ناکات، کە وەك ئینسانێك کە مافی سەربەخۆیی و ناسنامەی خۆی هەیە.

جێگە سەرنجە لایەنگیرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و ئێرانیش، لەشارە بەعەرەبکراو و بەفارسکراوەکاندا، وەك کەرکوك دەڤەری گەرمیان و کوردانی بەغدانشین و کرمەشان و سنە ...هتد، زیاتر لەدەوری ئەو تەرزە کۆمۆنیستە ئاڵاون. لەلایەکی ترەوە لەو شوێنانەی کەدەسەڵاتی ناوەند، داگیرکەر بەچڕی ئیشدەکا بۆ کوشتنی روحی کوردی. لەو شوێنانەدا زمانی داگیرکار بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دەکۆشێ بۆ گۆڕینی بونیاتی بیرکردنەوەی کوردی. هاوکاتیش لەو تەرزە شارانەی کوردییدا کولتووری ناوەند خۆی لەوێنەی رازاوەو



پێشکەوتوو دەنوێنێ، کەچی بەهۆی توانای ئامادەیی پروپاگەندە لەشاردا، وێنەی کورد بەشێوەیەکی دواکەوتوو دەناسێنێ.

5

لەبەرایدا گەرەکە بێژم، من هەڵوێستی هەموو هێزێکی کوردی لەگوتاری یەکلاکردنەوەی پرسیاریی رزگارکردنی کەرکوك لەتەپۆتۆزی مێژووی داگیرکەران، بەعەرەبکردن، راگوێزان و هۆکارەکانی تردا دەبینمەوە. دەبێ ئەوە بزانین کە بانگەشەیەکی بەناو " ئینسانی"ی سەبارەت بەکێشەی کەرکووك، کە بانگی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە بۆ چارەسەری کەرکوك، لەخودی ئەو ئەفسانە"هومانیسزمە"ی کە بەرهەمی "رۆشنگەریی" رۆژئاوا بوو و پاشان بووە دروشمێکی مارکسیزم، ئەفسانەترە. چونکە هیچ هێزێکی سیاسی عەرەبیی و تورکمانی نە بەپیل ئەو بانگە ئینسانیەوە دێن و نە هێزێکی سیاسیش لەعەرەب و تورکمان هەڵگری ئەو دروشمەن، کە ئەوان بەپرسیارن لەتێکدانی ناسنامەی کەرکووك و دەرکردنی کورد. بۆیە ئەو بانگە "ئینسان"یە هەڵقووڵاوی روحێکی کۆیلەیە نەك ویستێکی ئینسانیی.

ئاشکرایە ئێمە ئاگامان لێیە لەگەڵ جەختکردنەوەی ئەو دروشمە "ئینسان"یەی حککەوە بۆ چارەسەرکردنی کەرکووك، دروشمی توونـدڕەویی و تێکدەریی لای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق راشکاوتر دەبێ .

www.pertwk.com

لێرەدا گەر دروشم و بانگەکان هەر لەئاستی دروشمدا مانەوە، ئیتر ئەو دروشمانە ناتوانن خاوەنی تیۆریی و میتود و پراکتیکیە پێویستییەکانی هزرێکی زیندوو بن. هەربۆیە ئەو دروشمانە دەبنە تۆپەلەقسەك و بەس، یان دروشمێکی دوور لەناوەرۆکێکی خاوەن زانین"ئێپستم"ی. لەدیدی هزری- فەلسەفییەوە، جیاوازی قسەی زانین "ئێپستم"یی و قسەی تۆپەڵە،لەوەدایە، کەقسەی ئێپستمیی لەواقیعیەت و شارەزاییدا بەرجەستە دەبێتەوە، کەچی قسەی تۆپەڵەش لەدووپاتکرنەوەی قسەی گوتراو و زانراوەکان، یان هەبوو و نەبووەکاندا دوخوولێتەوە. وێڕای ئەمەش، ئەو دوو جۆرە زانینە ئزانینە ئپستم"ە ئاراستەیان بەرەو دوو بابەتی جیاوازە. قسەی زاینینیی دەکرێ تەنیا باس لەژیانێکی راستەقینەی ناگۆڕ، وەك خودی بیرۆکەیەك "IDE" بکات، کە ئاوەز "لۆگۆس" بەرهەمهێنەری ئەو تەرزە زانیارییە.

بەڵام قسەی تۆپەلەباس لەشتێکی هەستیی و نادیار دەکات، کە بەرهەمی ژیان وئاوەزی مرۆڤ نییە.

بۆیە ئاکامی ئەم پەنابردنە توندڕەوییەی ئەو "حیمەتیست"ە دەبێتە نەخۆشییەکی کوشندەو دواجاریش گۆشەگیر بوونی خودی ئەو حیزبە مەنسوور حیکمەت پەرستە. ئەگەر ئەمڕۆ باری سیاسیی کورد پێویستی بەهێزیکی سیاسیی جیاواز بێ، کەهەوڵبدات رێگە لەهەلەسیاسیی و کۆمەڵاتییەکانی ئەم دوو حزبە باڵادەستەی کوردستاندا بگرێ، دەبێ بەکردەوە پێویستییە سیاسیی و ئەرکە



هاوبەشەکانی کۆی کوردی بکاتە ئەرکی خۆی. ئێمە دەزانین سیاسەت لەجڤاکیی کوردییدا، وەك هەر جڤاکێکیی رۆژهەڵاتیی، لای تاکە حزب تاپۆکراوە. بۆیە ئەرکی حزبێکی جیاوازو خاوەن دروشمی پێشکەوتنخوازی و دێمۆکراتی، جەختکردنەوەو کارکردنە بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی هاووڵاتیان و رۆشنکردنەوەی هەلەسیاییەکانی ئەم دوو حزبە، نەك ئاڵۆزکردن و دروستکردنی تاکڕەوییەکی تر؛ نەك لەژێر دروشمی "ئینسانیی و کرێکاریی"دا، ئیدیۆلۆژیی سەرۆك پەرستییەکی تر بەرهەمبهێنێ.

لێرەوە ئەرکی هێزێکی تری جیاواز لەو نەریتە تاکڕەویی و تاکەکەس پەرستییە، دەبێ بەرجستەکردنەوەی ئەو توانا دێمۆکراسیی و خواستی ئازادییە بێت، کە لەجڤاکیی کوردییدا هەیە. مانای ئەو هێزە سیاسیە جیاوازەش تەنیا دروستکردنی حزبێك نییە، یان ئەلتەرناتیڤێك بۆ دەسەڵات، بەڵکو پێویستییەتی ئەو هێزە لەوەدا گرینگ دەبێ، کە بتوانێ بۆچوونە جیاوازەکان و مافی هاووڵاتیان لەپرۆسیەکی دێمۆکراسییدا بەرجەستە بکاتەوە. بەمجۆرە هێزێکی لەم تەرزە دەتوانێ ببێتە دیاردەیەکی ریالیستیی.

چونکە ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان هەیە لەدیاردەی دروست بوونی حزبی تازەو جیابۆوە لەحزبە گەورەکان. هاندەرەکانی دروست بوونی ئەو حزبانە زیاتر تۆڵەکردنەوە و ناکۆکی دەسەڵات بووە لەنێو حزبەکاندا. بەواتایەکی تر، دروستبوونی حزبی ترو بانگەشە جیاوازییەکانی ئەو ئەو حیزبە بەناو نوێیانە، پرۆژەیەکی هزریی

تۆکمەو جیاواز لەپشتەوەی جیابوونەوەو دروستبوونی ئەو حزبە نوێیانەوە نەبووە.

بۆیە ئاکامی ئەو حزبانە هەمیشە، گەڕانەوە بووە بۆ ناو حزبی دایك، یانیش وەك ناوێکی پەراوێز ماونەتەوە.

دواجاریش ئەو دیاردانە بوونەتە بەهێزبوون و تاکڕەوی حزبێك.

## 6

ئەمڕۆ یەکێك لەو حزبانەی کەخۆی وەك حزبێکی جیاواز پیشاندەدات، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە؛ "حیکمەتیستەکانە". دروشم و راگەیاندنەکانی ئەو حزبە تەواو بەدژی خواستەکانی کۆمەڵگای کوردییە، یان بەو واتای ئەو روانگە زانین "ئێپستم"ەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، قسەی تۆپەڵەن و دوورن لەبەرهەمی ئاوەزێکی لۆژیکیی. چونکە کردارو قسەکانی ئەو حزبە دژی هەموو قوربانیی و خەون و خەباتی کۆی کوردییە بۆ ئازاد بوونە لەو بندەستییەدا. هاوکاتیش ئەو حزبە کۆمۆنیستە مەیلی دیکتاتۆری و توندڕەوییەکی ترسناك لەکۆی دروشمەکانیاندا خۆیان نمایش دەکا. ئەو حزبە "حیکمەتیست"ە کێشەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی رەتدەکاتەوە، کە تەواوی مێژووی کورد قوربانی ئەو چەوساندنەوەیەیە. وێڕای ئەمەش، کورد هێشتا خۆی خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نەتەوایەتییە نەبووە، کەئەم کۆمۆنیستانە دژایەتیکردنی بەئەرکی سەرەکی خۆیان دەزانن. کێشەی نەفامی و دۆگمایی ئەو



حزبە لەوەدایە، کە تەواوی نەگبەتییە مرۆڤایەتی و کێشەی کورد لەبوونی ناسیۆنالیستی کورددا دەبینێتەوە نەك مێژووی ئەو چەوساندنەوەو داگیرکردنەی نەتەوە باڵادەستەکان.

وەڵامی ئەو حزبە کۆمۆنیستە بۆ کێشەی ئازارەکانی کورد، لەسڕینەوەی رۆحی کوردبوون و بەگەردوونی کردنی کوردو بێنەتەوەکردنی بوونی کوردیە. ئەمەش خواستێکی ئاینیانە و نالۆژیکییە.

ئەو روانگە بێبنەمایە ساختەیەی کۆمۆنیستی کورد لەوەدایە، کەکێشەکانی: سێکس، چینایەتی، یەکسانی، سەرمایەداریی و باڵادەستی دەسەڵاتی ئەمێریکی...هتد، دەخاتە سەر ئەستۆی "ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد."

بەمجۆرە تەواوی ململانێکانی نەتەوەو چەوساندنەوەی جڤاکیی کوردی، گرووپی خۆیان: لەنەمانی ناسیۆنالیستی کوردییدا، کۆتاییان دێت.

لێ جێگەی سەرنجە ئێمە نازانین تێگەیشتنی ئەو حزبە کۆمۆنیستە کرێکارییە عێراقییە چییە لە"ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی"؟ ئاخۆ هەموو حیزب و بزاڤێك کە خەبات بۆ مافی رەوای نەتەوایەتیی کورد بکا، دەبێتە ئەو ناسیۆنالیستەی کەئەو حیزبە بەکۆنەپەرستیی پێناسەی دەکا؟ یان هەر کەسێك و گروپێك نەبووە ئەندام و لایەنگیری

ئەو حزبە، دەچێتە بەرەی ناسیۆنالیزمەوە؟ ئایا ڕەتکرنەوەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی کردارەکی کۆنەپەرستانەی ناسیۆنالیستییە؟

وێڕای ئەو ڕوانینە توندڕەو و دۆگمایانەی ئەو حزبە کۆمۆنیستە، شێوازی دەربڕینەکانیان لەزمانێکی تێکشکاودا، لەنەبوونی بابەتێکی دیاریکراو، هەمیشە لەوڕێنە و خوتبەی سیاسیانەی ئایینی دەچێ، تا قسەی لۆژیکیی کە ئەو حزبە بانگەشەی بۆ دەکات.

بیانۆیەکانی ئەو حزبە لەڕێز نەگرتنی زمانی کوردی لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە زمان بەئامرازێکی ڕووتی قسە کردن دەزانن. کەچی ئەندامانی ئەو حیزبە "حیکمەتیستە" بەختەوەرن بەقسەکردن و ڕێزگرتن لەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکییدا، کە زمانەکی فەرزکراو بەسەر بیکردنەوەی ئەواندا. لەهەمان کاتدا ئەو کۆمۆنیستانە بەرانبەر زمانی داگیرکار ئەو بیانۆیانە ناهێننەوە.

لێرەدا بەگرینگی دەزانین ئاماژەیەکی خێرا بەهێگڵ بکەین، کە گوایە ئەو کۆمۆنیستانەی ئێمە میراتهەلگری ئەون. هێگڵ لەکتێبی "جواناسییدا"، دەبێ ئەو کۆمۆنیستانە بیخوێننەوە، دەڵێ: لەزمانی شیعردا، شێوەو بیرۆکە و ماتریال لەپلەی بالادا دادەنرێن. لێرەدا لەئێستێتیکای زماندا ماتریال دەبەێتە کەرەستەو ئامراز.

بەلام کۆمۆنیستی "پێشکەوتووخواز"ی کورد هەر باسێکی زمان بەباسێکی ناسیۆنالیزمی کوردی دەقرسێنن. گەر زمان ئامراز بێ، ئەکات مرۆڤ خۆشی دەباتە ئامرازێك بۆ ئیدیۆلۆژییەك!



وێڕای ئەمەش ئەو کۆمۆنیستانە هەرگیز ئامادە نین بۆفراوان بوون و تێگەیشتن لەماناو جەوهەری زمان، هزرڤانگەلی مارکسیستی ڕۆژئاوای وەك: فردیناند ساوسەر 1857-1913، والتەر بنیامین 1892-1940 و تیۆدۆر ئەدۆرنۆ 1903-1969 ئەوانیتر، بخوێننەوە، کە لای ئەوانە زمان بەهایە جوانەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکاتەوە. لێرەدا تا لەبیانۆیە حازر بەدەستەکانیان ڕزگار بین، ئاماژە بۆ فەیلەسوفانی تر ناکەین کەلای ئەوانە زمان ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لەبوونی مرۆڤ و بیرکردنەوەدا.

بەلام ئایا گەر زمان نەبووایە، چۆن مرۆڤ دەیتوانی لەدونیای خۆی بەرجەستە بکاتەوە؟ ئایا هزر بێ زمان چۆن خۆی ئاوەلا دەکاتەوە؟

لێرەوە دیاردەی ئەو حزبە بەرهەمی لاوازییەکانی هزریی و هەڵەزۆرەکانی حیزبی شیوعیی عێراقیی، یەکێتیی و پارتییە، نەك ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابووری و پێداویستیەکانی چیانیەتی کوردی. بۆیە دەکرێ ئەو حزبە کۆمۆنیستە بەوێنەیەك بچووێنین، کە پێیدەگوترێ: ***خڵتەی کۆمەڵێ کەسی لەخۆ نامابووی کوردی.*** لێرەدا مەبەستمان لەخڵتە مانای پاشەڕۆ، پاشماوە یان بەرماوەی مادەیەکە کە لەئاکامی پرۆسەی پالاوتنەوە دروست دەبێت. بۆ نموونە، لەپرۆسەی نیشتنەوەی لافاوێك یان پالاوتنی شلەمەنییەك یان تێکردنی تۆچا لەئاوێکی کولاوەوە دروست دەبێت. بەکورتی خڵتە، ئەو مادەیەیە مردووە کە هیچ چێژ، سوودو بەهایەکی نییە.

لەم روانگەیەوە، گەر بمانەوێ رێز لەهزرو چەمکەکان بگرین، دەبێ بڵێین، نە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، هەڵگری کۆمۆنیزمەو نە یەکێتیی و پارتیش، "ئەحزابی ناسیۆنالیستین."

چونکە، بەلای کەمییەوە، مارکسیزم هەڵگری پێناسەیەکی لۆژیکیی ئابووریی- جڤاکییەو روانگەیەکی دیاریکراویشی هەیە بۆ کێشەی نەتەوایەتیی. هاوکاتیش هزری نەتەوە داخوازییەکی جەوهەرییە بۆ بەرجەستەکردنەوەی کولتورو بوونی نەتەوەیەك. چونکە ئەوە پرسیاری جیاوازییە کە هانی کۆی نەتەوەکان دەدا بوونی تایبەتی خۆیان پێناسە بکەن؛ سەروەریی خۆیان بپارێزن و رێز لەوانیتریش بگرن. بۆیە هەر ئەو جیاوازیەشە کە وادەکات دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەب، فارس و تورك هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەی کورد بدەن.

لێرەدا ناسیۆنالیزم وەك چەمێکی هزری سیاسیی، مانای دیکتاتۆریەتی چینی بورژوازی، یان ئیدیۆلۆژیی فاشیزم و نازیزم نییە، بەڵکو مانای کۆبوونەوەی کۆی نەتەویە لەماڵێکی جیاوازو دیاریکراوی خۆیدا، بێئەوەی ماڤی چین و گروپەکانی تری ئەو کۆمەڵگایە پێشێل بکات. ئەوکات دابینکردنی مافەکانی هاوڵاتی لەپرۆسەی دیموکراسیی و هەڵبژاردنی شێوەی حوکمدا بەرجەستە بکاتەوە.

کەچی هێشتا ئەو ناسیۆنالیستە لەژیانی کوردیدا، وەك دەسەڵات نەبۆتە واقیعێکی سیاسیی پەیڕەو کراو، کەواتە: چۆن کۆمۆنیستەکانی کوردی "ئینسانخواز"، خەبات بۆ ئازادی مافە زەوتکراوەکانی دەکا نەك چەسێنەریی نەتەوە و کرێکارانی کوردو نەتەوەکانی دیکە؟



لێرەوە ئەو حزبە کۆمۆنیستە وێنەی وجاخکوێریی خۆی پێشاندات، کە نەك تەنیا دیاردەیەکی سیاسی واقیعی کوردی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی قەتیساو و تێکشکاویی کوردییە، دەیەوێ بەلاملی خۆی بکاتە هێزێکی سیاسیی پێویست. لەم رونگەیەوە دیاردەی ئەم گروپە بیژۆکە چەندان هۆکاری هەیە، لەوانە: کاریگەریی داگیرکردن لەسەر دەروونی کورد. هەروا لاوازییەکانی گوتاری نەتەوایەتی کوردیی و هەستی خۆ بەکەمزانینی تاکی کوردی بەرانبەر نەتەوەی باڵادەستدا، کە ئەمانەش یەکێکە لەپلانە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی نەتەوە داگیرکەرەکان.

7

وێڕای روانینی خۆم، ئەزموونی 10 ساڵی خۆم، وەك کارکردن لەگەڵ حزبی شیوعی، کە وێنەی "پێشکەوتنخوازی" زۆرینەی خوێندەوارو هەژەرانی کوردو عەرەب بوو، منیش یەکێك بووم لەو لایەنگرانە. دیارە سەرەتای هەشتایەکان زۆرینەی خوێندکارو رۆشنبیرانی کوردی لایەنگریی حیزبیی شیوعیی یان چەپڕۆیی بوون. دواجاریش دوای هاتنم بۆ سوێد لەسەرەتایەکانی نەوەدەکان و دەستکردن بەخوێندنی"مێژووی هزر" لەزانستگایەکی ستۆکهۆلم، کە مارکسیزم بەشێك بوو لەو خوێندنە، لەنزیکەوە شارەزابوون لەچەپی سوێدیی و رۆژئاوایی و وێجا گوێگرتن و ناسینی ئەو "کۆمۆنیستە تازە"یەی کورد، گەیشتمە ئەو باوەرەی کە ئەو تەرزە کۆمۆنیستە

بەناو کوردییە، بێ فەرهەنگترین کۆمۆنیستی جیهانی و داخراوترین گرووپی کوردیین.

بۆیە من پێموایە "خڵتە"ی گروپێکی کوردی، باشترین پێناسە بێ بۆ ئەو حزبە. چونکە ئەو حیزبە "حیکمەت"پەرستە، لەکاتێکدا لەخەیاڵاندندنی "ئینسان"خوازیی و "یەکسانی"یدا، هەموو قسەو کرداریان رەتکردنەوەی کولتوورو ماڤی نەتەوایەتیی کوردە. .ئەوکاتە قسەیان هەیە کاتێ رووداوێکی نالەباری وەك: لەکوشتنی کچێك، یان کە پارتیی و یەکێتیی هەڵەیەك دەکەن. لەبەرانبەر ئەوەدا، .سەرنجدانی لایەنە باش و رۆناکەکانی ژیانی کوردی بۆ ئەو کۆمۆنیستانە پرسیار نییەو لەبەرنامەی حزبەکەیان توڕدراوە. هاوکاتیش سەرپێچی لەهەموو گفتوگۆیەکی جیاواز دەکەن و ئامادە نین گوێ لەهیچ رەخنەیەکی سیاسی لەحزبەکەیاندا بگرن. بڵاوکراوەکانیان داخراوە بەرووی خوێنەرانی ئازاددا. باسەکانیان لەفۆرم و زمان و لێکدانەوەدا، هەمیشە دوورە لەژیانی واقیعی روداو دیاردەکانی جڤاکیی کوردیی. روحیەتی گشتگیریەکی ئاینیانەو رەهاگەراییەکی چەقیوو لەبیرکردنەوەیاندا ئامادەیە. هەروك ئەوان تاکە نوێنەری راستییەکانی جیهان و خەباتبن. بێجگە لەحزبەکەی خۆیان، کە گروپێکی قەتیسماوی کوردیین، تەواوی حزب و خاڵکانی تر، کە پرسیاری کوردییان بۆ گرینگە، بەپێوانەی ئەوان دواکەوتو و نەزانن.

ئەو کۆمۆنیستە عەنتیکەی کوردیی، خەبات و قوربانی 70 ساڵ زیاتری حزبی شیوعی عێراقیان بەلاوە گاڵتەجارییە، کە ئەو حزبە



بەر لەوان هەڵگری ئەو دروشمانە بووەو کردەوە کاریان بۆ کردووە.کەچی ئەو حیزبە کۆمۆنیستە عیراقییە، "حیکەمەتیستە" تازە خەریکە بەلینگەوقوچی ئەو دروشمانە دووپاتە دەکاتەوە. ئەگەر حیزبی شیوعی عێراق، خاوەن چەندان کاریی مێژوویی، وەك راپەڕینی شێخان و هۆرێ و ، هاوکاتیش بەلەسێدارەدانی سەلام عادل و جەمال حەیدەری و چەندان قوربانی تر بێت، کەچی هێشتا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بێجگە لەچەند کردەی سادە، لەگووتنەوەی سەر زارەکیی قسە گوتراوەکان، هیچی تری ئەنجام نەداوە، کەخڵتەیی خۆی بکاتە گووتنێکی تازە بۆ کۆمەڵگای کوردی.

دواجار لەهەموو ئەو نموونانە تراژیدیتر، رق لەبوونی کورد وایلێکردوون بڵێن کەرکوك شارێکی کوردی نییە. لەوکاتەی کە سەدام لەماوەی 35 ساڵ هەوڵیدا ئەو تاوانە بکات. دواجاریش یەکێك لەو هۆیانەی کە کورد تووشی ئەنفال و بەعەرەبکردن و راگوێزان بوو، لەبەر کێشەی شارگەلێکی وەك کەرکوك بوو.

بەڵام ئەو هەڵوێستە کۆمیدییەی کۆمۆنیستی عێراق بووە درێژەدانی خەونەکانی سەدام، کە لای گرووپێکی خودی کورد، کەرکوك وەك شارێکی کوردستانی نەناسرێت. وێڕای ئەمەش ئەو رق لەخۆ بوونەوەو روحییەتی تۆڵەکردنەوەی ئەو گرووپە کۆمۆنیستە وایانلێدەکات ببنە هاوپەیمانێکی بێڕێزی بەرەی کۆنەپەرست و شۆڤینیستەکانی عەرەب.

لەمەش سەیرتر، ئەو حیزبە خلّتە کۆمۆنیستەی کوردیی، ئالاّی کوردستان بەسیمبولێکی کۆنەپەرستی دەزانێ. لەکاتێکدا هیچ حزب و بزاڤێکی راست و چەپ لەجیهاندا، لەقۆناخێکی وەك ئێستای کوردییدا، هەڵوێستێکی کۆمیدی لەم چەشنەی کۆمۆنیستی کوردی نەبووە. ئێمە دەبینین تەواوی گرووپە چەپە جیاوازەکانی رۆژئاوا، وێڕای لاوازییەکانی ئەو هەڵوێستەیان، لەباڵەکانی تر راشکاوتر هاوسۆزن لەگەڵ پرسی کوردو سەربەخۆ بوونی کوردستان. کەچی خلّتەی کۆمۆنیستی کوردیی، کە هێشتا خۆیان رزگار نەبوونە لەکۆیلەی چەوسانەوەی نەتەوایەتیی و مرۆڤایەتی، داوای رزگاریی چینی کرێکاری جیهانیی و بەکۆمۆنیستکردنی گۆی زەوی دەکەن.

## 8

لێ رەنگە پەنابردن بۆ ئەو رق لەکورد بوونەی ئەو کۆمۆنیستانە ئەوەبێ، کە بەرێگەی ئەو دروشمە سڕکەرانەوە خۆیان رزگار بکەن لەو هەستی خۆ بەبچووك زانینەی کەچەوساندنەوەی نەتەوایەتیی تووشیانی کردووە.

ناشیرینکردنی کورد لەلای رژێمە داگیرکەرەکان بەرێگەی پروپاگەندە بەربلاّویەکانیانەوە کاریگەری بەجێهێشتووە لەسەر ئەو حیزبە "حیکمەتیستە"دا.

لێرەدا ئەوکاتە مانای مرۆڤ بوون کۆتایی دێت، کە دەگاتە ئەو ئاستەی بەئاگاییەوە ژیانی کۆیلایەتی قبوولّ بکات. ئەوکاتەی کە



کۆیلایەتی دەبێتە ژیان، ئیتر مرۆڤی کۆیلەبەو بیانۆیانەی کە کۆیلەدار لەناخی چاندووە، ئەو بوونە کۆیلەیەی خۆی بەبەختەوەر دەبینێ. چونکە ویستی ئاگایی ئازادی تییادا نییە، بۆیە دەستی لەوە هەڵگرتووە کە یاخی بێت. لەو بارەدا کۆیلەوادەزانێ بەو کۆیلەبوونە خۆشەویست دەبێ لای کۆیلەدار. بۆیە ئەو جۆرە کۆیلەیە دوا پلەی روخانی مرۆڤی کۆیلەیە.

ئەو کۆمۆنیستانە دەبێ ئەوە بزانن، کە لەروانگەی فیکری مارکسیزمەوە خودی چەوساندنەوە، چ لەئاستی نەتەوایەتیی یان چینایەتییەوە بێت، مرۆڤەکان تووشی لەخۆنامۆبوون و تێکشکان دەکات. ئەو لەخۆ نامۆبوونە یەکێکە لەتێزە گرینگەکانی خودی "سەرمایە"یەکەی کارل مارکس. بەلاّم مارکس لەو کتێبەدا رزگاری مرۆڤەکان، چینی کرێکار لەشۆڕشکردن دەبینێتەوە، نەك پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانەوەی رق لەخۆبوون و دژ بەنەتەوە بوون. کەچی خلّتەی چینی کرێکاریی کورد، لەجیاتی خەبات بەدژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، تۆڵەکردنەوە لەکورد بوون و هاوپەیمانی شۆڤینستی داگیرکەر هەڵدەبژێرن.

ئەو حزبە خلّتە، "کۆمۆنیستی عێراق"ە، کە هەست دەکات چونکە کوردە بۆیە کەس خۆشیناوێت، ئەمەش هانیدەدات خۆی لەپاڵ ناسنامەی کۆسمۆپۆلیتیکی، دژە نەتەوەیی بناسێنێت. بەمجۆرە ئەو کۆمۆنیستانە هەوڵدەدەن بۆ ئەوانەی کە خۆیان بەرانبەریان بەکەمدەزانن، خۆشەویستییەك بەدەست بێنن، کە دەشزانن، عەرەب،

فارس و تورك قەت ئەو خۆشەویستیی، قەبوولکردنەیان پێنابەخشن. چونکە ئەو نەتەوانە خۆیان بەکۆیلەنازانن بەرانبەر کورد، بۆیە تا ئێستاش، وێڕای دڕندەیی دەسەڵاتدارانی ئەو نەتەوانە، نموونەیەك لەتەرزی "حیزبی کۆمۆنیستی کرکاری عێراق"، نەبۆتە بزاڤێکی سیاسی یان فۆرمێکی حزبی.

بەڵام ئەوانە چونکە هەست بەکۆیلەیی دەکەن بەرانبەر دوژمنانی کورد، بۆیە ناتوانن یاخیبن لەوان، ناچار بەرەنگاری ئایدنتێتیی نەتەوەیی خۆیان دەبنەوە، کە هەست دەکەن هەم کۆیلەدار نییەو، هەمیش بۆ داگیرکەر خۆشەویست دەبن.

بەهەرحاڵ. ئەو دەردە دەروونییە پرۆسەیەکە، لەخەونێکی مێردەزمەی درێژو بارێکی میتافیزیکی دەچێ کە گیان سڕکەرە. بۆیە شێوەی کردارو قسەکانی ئەو کۆمۆنیستە کۆڵەوارانە زۆر جار رێزپەڕ، شازو ئەنارشیانە دەنوێنن.

هێرشبردن بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی، خۆی لەخۆیدا، دەلالەتی ناواقیعانەی بوونی ئەوانە. چونکە ئەگەر گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی خاوەن پرۆژەیەکی خەملێوو و رۆشنگەرییانە بووایە، ئەوکات ئەو کۆمۆنیستە کۆڵەوارە باسێکی بۆ قسەکردن بۆ نەدەمایەوە.

لێرەدا حەز دەکەم بڵێم، من دەزانم ئە دوو زلحیزبەی باشووری کوردستان، تاوانبارن بەسەرکوتکردنی، نەك هەر ئەو گرووپە کۆمۆینیستە، کە من لەڕوانگەی حەزی هەبوونی جیاوازییەوە، دژی



ماڤی هەبوونیان نیم، بەڵکو ئەوانە بەرپرسیارن لەدروستکردنی ئەو داهێزرانە روحیەی کە بەرهەمی ئەو شەڕە ناوخۆییە بوون.

بەڵام، لەلایەك نە ئەم نووسینە مەبەستی ئەو دوو زلحیزبەیە و نە ئەوانیش لای من نوێنەری ئەو ناسیۆنالیستە کوردیەن، کە من بیری لێدەکەمەوە.

9

بەڵام پرۆژەی هەبوونی ئەو هزرە ناسیۆنالیستیە کوردییە، بەهۆی ئازاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی کوردەوە، مەرجێکی "حەتمیە"، بەمانای ئەو حەتمیەتە مارکسیەی، کە "حزبی کۆمۆنیستی عێراق" میراتگێکی کلۆڵیەتی. مادام مرۆڤ رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە تێیدا دەژیت، ئەوە ناسیۆنالیستی چەوسێنەر نەتەوی چەوساوە ناچار دەکات ناسیۆنالیست بێت و بیر لەپێناسەکردنی جیاوازیی بوونایەتی خۆی بکاتەوە. بەواتایەکی تر: کە نەتەوەی چەوسێنەر دەیەوێ کورد بکاتە کۆیلە، مادام کورد بوونێکە، کەواتە لەجیاتی قەبوولکردنی کۆیلایەتی، لەدەسەڵاتی کۆیلەدار یاخی دەبێ، تا هەستی رێزو سەروەری بوونی مرۆڤانە و نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ، کە کۆمۆنیستەکانی کورد، پاراستنی ئەو رێزە، بەکۆنەپەرستی دەزانن.

لێرەدا دەبێ "حزبی کۆمۆنیستی عێراق" هەوڵبدات خۆی لەکاریگەریی نەخۆشییەکانی بەعسیزمی سەدام، ئەتاتورکی و

www.pertwk.com

مەنسوور حیکمەتی فارسخواز رزگار بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ لەقەتیسمانی لەناو ئەو ورێنەی رق و تۆڵەکردنەوەیە بەئاگا بێتەوە.

کاتێ "حزبی کۆمۆنیستی عێراق" وا دەزانێ خوێنی پێشکەوتنخوازی لەرافتارەکانیانەوە شەپۆڵدەدات، کەچی ئەوە خودی ئەو دوو حزبەی، کە "حکك" بە"ئەحزابی ناسیۆنالیست"ی ناوێریان دەکا، ئەو کۆمۆنیستانەی بەرهەم هێناوە. لەهەمان کاتدا ئەمڕۆ لەسایەی هاوپەیمانیی ئە دوو زلحیزبەی باشووری کوردستانەوە، خودی ئەمێریکا دەرفەتی جۆرێك لەئازادی بۆ ئەو حزبە کۆمۆنیستە رەخساندووە کە بتوانن قسە بکەن، ئەگینا ئەگەر ئەمێریکا لەعێراقدا نەبووایە، "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" هەرگیز نەیدەتوانی ناسریە و بەغدا بەچاو ببینێت! ئێمە دەزانین "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" خۆپیشاندانی بێکاران لەو شارانە، بەسەرەتایەك لەپاڵەوانیەتی خەباتی خۆی دەزانێت .

لەوەش بترازێین، ئەگەرچی گوایە حیزبی خڵتەی، "کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" لەفۆرمی ناودا، خۆی بەدژێکی سەرسەختی حزبی ئیسلامی کوردی دەزانێ، بەڵام رەوتی ژیان و ئامانجەکانیان، کتومت لەگەڵ ئیسلامیەکاندا یەکدەگرێتەوە. ئیسلامیەکانش دژی خەباتی نەتەوایەتی کوردن و پێیانوایە کورد موسڵمانە، کەواتە دەبێ خەبات بۆ سەرکەوتنی ئیسلام بکات. بەلای ئیسلامی کوردییەوە سەرکەوتنی "ئوممە"ی ئیسلام ئەرکی کوردە، نەك نەتەوەی کورد. کەچی ئەو ئیسلامە کوردییە پێمان ناڵێن: کام لەو هێزە ئیسلامییانەی عەرەب،



فارس و تورك، خەمخۆری خۆی راگەیاندووە بەرانبەر تەفروتوونا کردنی کورد، کە بەشێکە لەو "ئوممە ئیسلامییە"؟

دۆستایەتیی ئەو ئیسلامیانە لەگەڵ "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"دا لەوەدا ئەنجامگیر دەبێ: بەلای ئیسلامییەکانەوە ئەو کوردەی کە ئیسلامیی نەبێ، کافرە و دژی سەرکەوتنی "ئوممە"ی ئیسلامە. هاوکاتیش بەلای "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"ەوە، ئەو کوردەی کە هاوڕای ئەو کۆمۆنیستانە نەبێ، ناسیۆنالیستێکی "کۆنەپەرست" و "دواکەوتوو" و "نائینسانی" یە...هتد. کەواتە ئەو کۆمۆنیستە "سێکولار" و ئیسلامییە "ئوممە" ئیسلامییە خوازە، بەدەستهێنانی سەروەریی مرۆڤی کورد لەبڕوا بوون بەئیسلامگەرایی و ئینسانیخوازییەکی کۆیلەیی و چینگەرایدا دەبیننەوە، نەك خاك و ویستی ئازادیخوازی نەتەوایەتی.

دواجار وەك ئاکامگیرییەك لەو بۆچوونەی سەروەمان، دەبێ بێژین، ئەگەر قسەکەری ئیسلامیی و کۆمۆنیستی کوردیی دەیانەوێ جڤاکیی کوردی رزگار بکەن: ئەوە لەدیدی سۆسیالیزمەوە دەبێ جڤاکیی کوردی لەنێوان ئابووریی و سیاسییدابەشبکرێ. لەئاکامدا ئەو مۆدیلەسۆسیالیزمە گرژیی و زەبروزەنگ بەرهەمدوهێنێ. یان بەرەو رووی زەبروزەنگی دەبێتەوە. چونکە واقیعی ژێرخان و سەرخانی کوردی هەڵگری ئەو راستییەیە. ئەنجامی ئەو سۆسیالیزمەش دەبێتە سادیزم. چونکە ئازادیی خۆی لەئازاردانی ئەویتردا دەبیننەوە ؛

بەرێگای دەمکوتکردن و رێگەندانی ئەو هاووڵاتییە سەربەخۆ و خاوەن بڕوا جیاوازانەی ناو کۆمەڵگا، ژیان قۆرخبکەن.

هاوکاتیش ئیسلامی سیاسی کوردیی، کە ئەنجامەکەی دەبێ جڤاکیی کوردی لەنێوان مەلاو شەریحەتدا دابەش بکات. کەواتە دەبێ بەزەبروزەنگ وەڵامی هێزە جیاوازەکان بداتەوە، کە لەگەڵ هاوڕای ئیدیۆلۆژیی ئەو نییە. بەمجۆرە وەك چۆن ئاکامی سۆسیالیزم دەبێتە سادیزم، ئاکامی ئیسلامیی سیاسیش هەر لەسادیزمدا بەرجەستە دەبێتەوە.

ئاخۆ جڤاکیی کوردیی دەبێ ببێتە قوربانی حەزکارانی ئەو دوو مۆدیلەسیاسییە سادیزمە؟ ئاخۆ دەبێ سەرجەمی مێژووی یاخیبوون و قوربانیاکان و خەونەکانی کورد، لەدوو زاتی وەك مەنسوور حیکمەت و ئەو کوردە ئیسلامییگەرانە بەرجەستە بکەینەوە؟!

10

لێرەدا دەبێ بڵێم، خودی مارکسیزم، وەك دنیابینییەك هەڵگری روحیەتی ماسیحیانەیە. مارکسیزمیش وەك مەسیحییەت دونیا و ئاکامەکانی مرۆڤایەتی لەبە گشتگیریکردن، گەردوونیی دەبینێ. بەلای مارکسیزمەوە، بوونی مێژوو و ململانێی چینایەتی و حەتمیەتی سەکەوتنی پرۆلیتاریا... هتد، هەمووی لەتاکە روانگەیەکدا داسەپێنراوە. هەروەك هێزێکی بان مرۆڤ هەبێ بۆ بریاڕدانی ئەو پرۆسەی گۆڕانی مێژوو و مرۆڤایەتییە، نەك خودی مرۆڤ .



ئەم نووسینە ناخوازێ بچێتە ناو وردەکارییەکانی مارکسیزمەوە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هزریی مارکسیزم بێناوەڕۆك و مانا ببینم، بەپێچەوانەوە. لەدیدێکی ئیدیالییەوە ئەو هزرە جێگەی بایەخدانە، بەڵام مارکسیزمم، وەك ئیدیپلۆژیی، تژییە لەئاستەنگ.

بەهەرحاڵ، مارکسیستی کوردی، بەهۆی جیاوازی کۆنتێکستەکەی، ناوکۆییە ئابووری—جڤاکیی و مێژوویی کوردییەوە؛ ئەو شێوە تێگەیشتنە کوردییە لەمارکسیزیمدا، لەجیاتی کاریگەریی مەسیحییەت، کاریگەری ئیسلامیی وەرگرتووە. واتا ئەو مارکسیزمە لەکوردیدا رەهەندی ئاینی ئیسلامی وەرگرتووە. دروشم و رەفتارەکانی ئە کۆمۆنیستانەی کوردی، وەك بەرزبوونەوەی روحیەتی ئیسلامیەکانی ئەمڕۆ، توندڕەویی و وشکەڕۆیی بەخۆوە گرتووە. ئەگەر سەرنجبدەین لەزمانی راگەیاندن و گفتوگۆیەکانی ئەو کۆمۆنیستانە، هیچ رێزێك بۆ بۆچوونی جیاواز دانانێن. سەرسەختانە دژی شەڕی ئەمێریکا و رژێمی بەعس بوون.

بۆیە ئەگەر "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق" حەز بکات ببێتە دەمڕاستی چینی کرێکاری کوردی، کە گەر هەشبێ ئاگای لەو کۆمۆنیستانە نییە، هەروا ئەگەر خۆی بکاتە هێزێکی جیاوازی بەرهەڵستکار، دەبێ واز لەو توندڕەویی و میتافیزیکییەی بهێنێ. چونکە، بەلای کەمییەوە، چینی کرێکاری کورد هێشتا نە ئەو چینە خەملیووەیە و نەهەڵگری ئەو پەیامە مێژوویی، کۆمۆنیزمەشە، کە مارکس خەونی پێوە دەبینی. ئەگەر لەدایکبوونی سەرمایدارو بازاری

سەمایەداریی، هۆیەك بێت بۆ پێداویستی خەباتی چینایەتیی و سەرهەڵدانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، کەچی هێشتا لەکوردستاندا نە سەرمایدار و بازاڕەکەی هەیەو ، نە بۆرژوازیەکەشی. ئەو مەیلەو چینە کرێکارەی کوردی کە هێشتا لەچەوسانەوی نەتەوایەتییدا رزگار نەبووە. وێڕای ئەمەش، گەر ئەو فاکتەرانەش بەلای ئەو کۆمۆنیستە "حیکمەتیست"ە گرینگیان نەبێ، بەڵام وەك ئەزموونە تاڵەکانی کۆمۆنیستی شوورەوی و بلۆکەکەیی و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی مێژوو پێمان دەڵێن، دەسەڵاتی تاکە چینێك ناتوانێ داخوازییەکانی چین و تاك و توێژەکانی تەواوی کۆمەڵگا دابین بکات. بۆیە تاکڕەویی لەدەسەڵات و رەوایەتیدان بەچینێك نابێتە هەڵگری ناوەڕۆکی دیموکراسیی و ئازادییەکانی تاکەکەس.

ئەمڕۆ نەك "حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"، کە خڵتەی کوردیین، توانای ئەوەی نییە ببێتە ئۆلتەرناتیڤێکی هزریی، ئابووریی-سیاسیی و ململانێی لەگەل بازاڕو دەسەڵاتی سەرمایەدارییدا بکا، بەڵکو تەواوی بەرەی چەپی جیهانی ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز و واقیعی نییە بەرانبەر ئەو تۆڕە ئاڵۆزانەی بازاڕی سەرمایەداری جیهانی.

لەکۆتاییدا ئەمڕۆ لەگروپی جیاوازیی کورد، وەك هێزێکی بەرهەڵستکار، چاوەڕوان دەکرێ کە گیان و دەروونیی حیزبەکان لەئیدیۆلۆژیی بەعسیزم و کولتووریی سەدام پاك بکاتەوە. هاوکاتی کولتوورێکی ژیاندۆست و رۆشنگەریی لەکولتووری کوردیدا بچێنن،



نەك تۆوی خڵتەی مرۆڤی رقئەستوور و مەیلی کۆیلایەتی، کە بەرهەمی دەسەڵاتی کۆیلەخوازی سەددام بوو.

بەڵام ژان پۆل سارتەر واتەنی: ئێمە "فەرەنسییەکان" هیچ کاتێك هێندەی ئەوکاتەی کەلەژێر داگیرکاریی ئەلمانیادا بووین، ویستی ئاگایی ئازادیمان نەبووە. من پێموایە، یەکێك لەکاریگەرییەکانی چەوسانەوەو داگیرکردن، بەرهەمهێنانی مرۆڤی کۆیلەو مرۆڤی یاخی و روح بەرزە. یان بەواتای سارتەریی، کورد دەبێ پاش ئەو مێژووە درێژە لەداگیر کردندا، لەداگیرکەرەکان زیاتر شەیدای ئازادی بوونی خۆی بێت. بۆیە ئەرکی بزاڤی جیاوازیی کوردی، کۆکردنەوەی مرۆڤی رۆح بەرزی کوردییە، کە نەیویستووەو نایەوێ وەك مرۆڤێکی کورد کۆیلەبێ.

لێرەوە، گەر من مارکسیزم وەك هزرێکی ئیدیالیی ببینم، دەبوو چەپی کوردی هاوارێکی وەك "ئەدۆرنۆ"ی مارکسی راگەیاندبووایا، کە پاش "ئاوشوێس"، لەناوبردنی جوولەکەکان بەجیهانی راگەیاند: پاش کارەساتی قڕکردنی جوولەکان، نەك هەر توانای شیعر نووسین نەمایەوە، بەڵکو توانای ژیانیش مانای نامایەوە.

کەواتە، ئەگەر کۆمۆنیستیی کوردی هەڵگری ئەو مارکسیزمە ئیدیالییە بوونایە، نە تەنیا دەبوو شەرم بکەن لەوەی کە بڵێن کەرکوك، شارێکی "ئینسانییە"، بەڵکو، پاش تراژیدیای ئەنفال و بەعەرەبکردن و راگوێزانی زۆرەملێی کورد لەدێهات، شاروماڵەکانی خۆیانەوە، دەبوو بڵێن عەرەبیی بوونی خودی عێراق و پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەو نەتەوە کوردکوژانەدا، مانای بێنرخکردنەوەی"ئینسانی"یە.

www.pertwk.com

سێپتێمبەری 2003

ستۆکهۆڵم

سەرچاوە:

. Svante Nordin: 1995, *Filosofins historia*, 1Studentlittratur, , Lund, swed., s. 422-428.

2. هەمان سەچاوە.

3. هەمان سەرچاوە.

4. هەمان سەرچاوە.



## بەشی دووەم

## وەرچەرخانی جڤاکیی

### پەیوەندییە دووانەییەکانی
### ئازادی و چەوساندنەوە

خودی مرۆڤ ئازادی و چەوساندنەوەی داهێناوە، کەواتە ئەوە خودی مرۆڤە کە ئەو دیاردانەی هەڵبژاردووە. مرۆڤەکان بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیانەوە ئەو دەستەواژەنە پێناسە دەکەن و پیادە دەکەن،

www.pertwk.com

لێ بەگشتی مرۆڤەکان ئازادی بەگرینگتر دەزانن، نەك چەوساندنەوە. هاوکاتیش لەهەناوی هەموو مرۆڤێکدا ویست و پەرێشانییەك بۆ ئازادی و چەوساندنەوە هەیە. گەلۆ بۆچی مرۆڤ بەدوای پراوەکردنی ئازادی و چەساندنەوەدا خەون دەبینێ؟ بەڵێ، تاکوو ئەو مرۆڤە ببێت بەخۆی و مرۆڤەکانی دیکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و لەناو خۆیدا بیانتوێنێتەوە، دواجاریش بەوە خۆی لەمرۆڤەکانی تر جودا بکاتەوە.

ئەمەش واتا ئەگەر مرۆڤ شتێکی لەبیرکردنەوە هەبوو، یان شتێك بەرەو خود بوون هانیدا، کەواتە ئەو شتە بەرەو بڕوا بوونێك دەیجوولێنێ. ئەمەش هانمەدەدا کە ئەو بڕوایە لەپیادەکارییدا بەرجەستە بکەمەوە. بەمجۆرە رەنگە هەر مرۆڤێك لەلای خۆیەوە جۆرە بڕوایەکیان لەو چەشنە هەبێ. کاتێك کە مرۆڤ دەهەزرێ، بۆ ئەوەی بتوانی بڕوا بەخۆ بوونی بەرجستەبکاتەوە؛ واتا ئەم منە بپارێزێ، کەواتە دەبێ ئەوانی دیکەو بگرە خودی خۆشی بچەوسێنێتەوە. بەبڕوای من، سەرچاوەی ئەو هەستە لەسەرەتاگەیەك، لەرۆژگارە دێرینەکانەوە؛ واتا ئەوکاتەی کە مرۆڤ ئاگری دۆزییەوەو خۆی بەسەر چینەکان دابەشکرد، هەروا کاتێك دیاردەی دەسەڵات بوو بەبیرۆکەیەك لەژیان و پرینسیپی مرۆڤ، سەریهەڵدا، هەر لەو رۆژگارەوە مرۆڤ دەستیکرد بەبیرکردنەوەو خۆڕاهێنان بەخۆکردنە ناوەندو خاوەنداری شتەکان و بگرە مرۆڤەکانیش. بەواتایەکی دیکە، مرۆڤ لەرێگای بیرکردنەوە لەشتەکانی دەوروبەری خۆیەوە، فێر بوو بیر لەدەستبەسەرداگرتنی مرۆڤیش بکاتەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی



مەیلی خاوەندارییەوە، هاوکاتیش چاوساندنەوە دەستیپێکرد، چونکە مرۆڤ وایدەزانی کە لەکوێدا چاوساندنەوە هەبێ، ئەوە لەوێشدا ئازادی هەیە. بەمجۆرە مرۆڤ ئەو هەستەی لا دروستبوو، کە بێ چەوساندنەوە، ئازادی لەدایك نابێ. بۆ نموونە، لەئێستاشدا، کاتێك مرۆڤ هەوڵدەدا مرۆڤێکی تر رازیبکات کەبڕوا بەو نەبوونی گەندەڵیی سەرکردە، رازیبوون بەماوەك پاشکۆیی کورد بەدەوڵەتی عێراق، بەبانگەشەیەکی "حەکیمانە"، ئاوەزیی سەرۆك پەرستیی، گەمەی پاساو هێنانەوە بۆ هەموو نەهامەتییەکانی حیزبیی کوردیی، نادادپەروەیی لەکوردستان، بەرەوازانینی باڵادەستەکان بەسەر بێدەسەڵاتەکاندا و ... هتد، ئەمەش مانای وایە ئەو مرۆڤە خاوەن دەسەڵات یان پاشکۆیان یانیش چەوسێنەرانە، بۆ ئەوەی خۆیان ئازاد بکەن، هەوڵدەدەن مرۆڤەکەی تر بچەوسێنینەوە. کەواتە مرۆڤ لەچاوساندەوەی مرۆڤەوە، دەخوازێ خۆی ئازاد بێ. هاوکاتیش کاتێك مرۆڤ بەکایەکانی هەوڵدەدا، مرۆڤێکی تر بکاتە هاوڕای خۆی، ئەوە مانای وایە کە ئەو مرۆڤە دەخوازێ ئازادی لەو مرۆڤە داگیر بکات، یان ئەو ئازادییەی کە ئەو مرۆڤە بۆ خۆی تیادا دەژی، بشوێنێ و بیکاتە کەسەرەی ئازادی خۆی. بۆیە ئازادی مرۆڤگەلێك لەچەوساندنەوەی مرۆڤگەلێکی ترەوە فەراهەم دەبێت. لەو روانگەیەوە، کاتێك مرۆڤ خۆی لەمەرجەکانی سروشت جیاکردەوە ئەوە چەوساندنەوەش دەستیپێکرد. ئەوکات مرۆڤ وەك شتێکی هەستەکی ئەو چەوساندنەوەی ئەنجامدەدا، کەچی لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو

چەساندەوەیە بۆتە بزاڤێکی گشتگیرو ڕێکخراو و لەئاکامی ئەمەشدا، هەرارکیی و سەردار، یان سەرۆکایەتی گەشەی سەند. بەمجۆرە دەسەڵاتدارەکان دەستییانکرد بەگەمارۆدانی ژیانی ئازادی مرۆڤەکان. کاتێک دەسەڵاتدار هەبێ کەواتە دەبێ "هەقیقەت" و "ناهەقیقەت"یش هەبێ. چونکە کە مرۆڤ دەسەڵاتدار بوو، یان کەسێکی وەك دەستەڵاتدار بەسەر خۆیەوە قەبووڵکرد، ئەوە چەساندنەوەش قەبووڵدەکا. لەئاکامی ئەمەدا، شوێنی ئازادی دەبێتە شوێنی سەرۆك؛ واتا شوێنی ئازادی بەشوێنی سەرۆك دەبەسترێتەوە. بۆیە کە سەردار و سەرۆکەکان دەستیانکرد بەکردەی چەوساندنەوە، هاوکاتیش ئەو سەردار و سەرۆکانە پێویستییان بەکۆمەڵێك سەرداری جودا هەبوو.

بەمجۆرە دوای قووتبوونەوەی سەرکردەکان دەوڵەتیش دامەزرا. دەوڵەتیش دەستیکرد بەدارشتنی دامودەزگایەکان. لەدامودەزگایەکانیشەوە دەسەڵات لەدایکبوو. دەستەڵاتیش، لەرێگای ستەمگەریی و چەوساندنەوەدا دەرفەتی بۆ رەخسا ، کە ئازادی کۆیلەبکا.

بەمجۆرە مێژووی مرۆڤایەتی دەستیپێکرد و بەمجۆرەش خۆی لەناو هەناوی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکاندا ریشاژۆ کرد. چونکە بەشێك لەو مرۆڤانەی کەدەکەونە دوای دەسەڵاتدارو کردەی چەوساندنەوە، بەسەر ئەو مرۆڤانەی تر کە دژی ئەو دەسەڵاتەن. باڵادەست دەبن. کاتێك مرۆ



ناچار دەکرێ بەگوێرەی حەزو بڕیارەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتدارێك بژی، ئەوە دەچەوسێنرێتەوە.

بەڵام مرۆڤ لەسەرتاپای ژیانیدا هەم خۆی چەوساندۆتەوەو هەمیش چەوسێنەر بووە. هەر لەو روحە بەکۆیلەو کۆیلەدار ئاوێزانەی مرۆڤەوە چەوساندنەوە لەدایکبوو. دواجاریش ئەو رەوشتەی مرۆڤ بوو بەدابونەریت و کولتوور. بەمجۆرە ئەو دابونەریت و کولتوورە کەڵەکەکراوانە بوونە سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی چەوساندنەوەو یاریکردن بەواتایەکانی ئازادی. لێرەوە، لەوێ و لێرە، جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکان دەستیپێکرد. مرۆڤ لەگەڵ مێژوودا ئەو نەریت و کولتوورانەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتوو و لەهەر قۆناغێکی مێژوودا، بەشێوەیەکی جودا، لەئایین پەرستییەوە بگرە هەتا دەگاتە ئیدیۆلۆژییەکان، ئازادی و چەوساندنەوەی بەرهەمهێنایەوە. لەئاکامی ئەوەدا مرۆڤ لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتردا، دڵنیایی و ئارامی لەدەستدا. هاوکاتیش دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد زیاتر و زیاتر ئاڵۆز بوو،

خودی ئازادی بریتییە لەزانیاریی و لەبوونماندا مانایەکی سەرەکی هەیە. وەلێ چەوساندنەوە سێبەرێکە بەسەر رێگای ئەو سەفەرەی کەبەرەو ئازادییمان دەبات. لەم سەردەمەدا چەوساندنەوە بۆتە تەرزە مەکینەیەك و دەسەڵاتیش بەمەیلی خۆی جەستەی ئازادی پێ دەسازێنێ. لەوکاتەی کە دەسەڵات نەیارانی خۆی دەچەوسێنێتەوە،

هاوکاتیش پێناسەی ئازادییمان بۆ دەکا: ئەو بکەو ئەوێهێ مەکە، ئەوە هەقیقەتە و ئەوێهێش درۆ... هتد.

لێرەوە ژیانی مرۆڤە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتدارەکان؛ ئازادی و چەوساندنەوە لەوێنای زیندانە لێکئاوێزانەکان دەچێ. لەوێدا مرۆڤ بەرەو فرەوانکردنی و جۆراو جۆرکردنی زیندانەکان دەفراژێ.

بەمجۆرە مرۆڤ لەدەست ئەو چەوساندنەوە و ئازاد بوونەدا، وەك بوونەوەرێکی کۆیلەسەرگەرمە بەکووشتنی ڕەچەڵەکی ئازادی خۆی.

کەواتە مرۆڤ لەو دۆخە کۆیلەیەدا بێهوودە بەرەو گومڕابوونێك دەجمێ، کە کۆتاییەکی نییە. لەوێدا مرۆڤی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات؛ ئازاد و چەوساوە، بەدەم گێڕانەوەی حیکاتێك سەر دەنێنەوە.

2006.5

ستۆکهۆڵم



## چەمکی دیموکراسیی
## و بەکاڵاکردنی لەزمانیی کوردییدا

ئەو مەرج و هۆکارگەلەی کە بوونە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار لەگرێکی کۆندا بارو دۆخێکی نوێ بێتە کایەوە، لەئاکامی ئەمەشدا بۆ یەکەمجار دیاردەی شارو توێژێکی ئەرستۆکراتی، بازرگانی و فرە کولتووری لەدایك دەبێ. لەوێدا شار دەبێتە شوێنێك بۆ جموجۆڵەهەمەجۆرەکانی خەڵك. وێڕای ئەمەش، لەجیهانبینی فەلسەفەو کولتووری گرێکی کۆنینەدا، جۆرێك لەپلورالیزمی، ئاکاری چاکەو ویستی بەرجەستەکردنەوەی ژیانێکی هارمۆنی لەدایك دەبێ. بەمجۆرە لەگەڵ خەملێنی ئەو مەرجە ئابووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییانەوە، پێکهێنانی هاوژیانی لەو شارانەدا دەبێتە پێداویستییەکی جڤاکی.

بۆیە ئەوەی کە لەشار- دەروڵەتەکانی گرێکدا روویدا، دەکرێ وەك دەرهاوێشتەیەك لەو هزرینە بزۆك و فرەوانە سەیر بکەین، کە لەشارەکانی گرێکی کۆنینەدا لەئاستی فەلەسەفە و جڤاکێکی سیاسییدا لەئارا دابوو. لەوێدا دیموکراسی، وەك ئەوەی لەکۆمەڵگایە نوێباوەکاندا دەیبین لەقاڵبدراو نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لەپێداویستییەکی جڤاکیی، کردەیەکی چاڵاکانەی خەڵکیدا، رەنگیدەدایەوە.

www.pertwk.com

لێرەوە جیاوزی نێوان دیموکراسی لەرۆژگاری شار— دەوڵەتەکانی گرێکی کۆنینە و دەوڵەوت کۆمەڵگایە نوێباوەکان دەردەکەوێ، کە دیموکراسی لەئاستی هزراندندا، بریتی نەبوو لەئامانجێکی ئیدیۆلۆژییی یان سیاسەتێکی دیاریکراو، بەڵکو بریتی بوو لەئامانجێکی "گەردوونی" ، یان بەواتای گرێکی بەشێك بوو لەArete؛ واتا ویستی سەرکەوتنی ژیان، ئاکاری چاکە، گەڕان بەدوای سەرکەوتنێکی چاڤاکی، کەچی، وێڕای ئەوەی کە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و سەدەی ناوەڕواست و تا دەگاتە شۆڕسی فەرەنسی ئەو ژیانە ئاوا دەبێ و زیاتر دەسەڵاتی تاکڕەوانەی میر، قەیسەر، کڵێسە و... هتد دەسەڵات دەگرنە دەست ، بەڵام دوای ڕێنسانس و شۆڕشی ئەمێریکی، وەك شەماڵ ئاماژەی پێکرد، دیموکراسی بەمانای زۆرینەو کەمینە، دواجاریش نوێنەرایەتییەکی هەڵبژێردراو، سەیر دەکرێ.

هاوکاتیش هەر بەلەبەرچاوگرتنی تێورییەکانی خودی پلاتۆ و ئەریستۆ، دەکرێ ئەو دیموکراسییە نوێباوەی، کە هەر لەسەردەمی ڕۆشنگەریی و دوای ڕۆشنگەرییەوە پیادە دەکرێ، وەك جۆرە ڕاڤەکردنێك و گەشەپێدانێك لە بەشێك لەتیۆرییەکانی ئەوان، تێبگەین. چونکە یەکێك لەفەیلەسووفە مۆدێرنەکان دەڵێ ، سەرتاپای فەلسەفەی ڕۆژئاوا، پەراوێزی فەلسەفەی گرێکی و بەتایبەتیش پلاتۆ و ئەرستۆیە. وەك دەزانین، زۆرینەی ئایدیۆلۆژیی و تیۆرییە نوێیەکان لەمەر دامەزراندنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، لەهەردوو کتێبی "کۆمار" و "سیاسەت"دا سەرچاوە هەڵدەگرن، بۆ نموونە، هزرڤانی



ئەمێریکی Rawls/راولس، و مێژووی هزرناس Martha Nussbaum/مارتا نوسباوم، کە بیرۆکەی سۆسیال دیمۆکراتەکان دەبەستنەوە بەتیۆرییەکانی ئەریستۆ.

هەڵبەتە پلاتۆ پێیوابوو کە تاکە ڕێگایەکی ڕاست بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەفراندنی "گەردوونی بیرۆکەکانە". کەچی لەکن ئەریستۆ گەڕان بەدوای باشترین فەرمانڕاوییکرنی دەوڵەتێك، "سوود وەرگرتنە لەبنەمایەکانی دادپەوەریی ئەزموونی شار—دەوڵەتاکانی دیکە". بۆیە پلاتۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەئەرکی فەیلەسووفان دەزانی، کە ئەمەش جۆرێکە لەبیرۆکەی توێژێکی هەڵبژێردراو، دەکرێ ئەو کەمینەیەی کە لەدەوڵەتی نوێباودا، کە بەناوی زۆرینە خەڵك بەڕێوە دەبات، وەك ڕاڤەکارییەك لەو بیرۆکەی پلاتۆ سەیر بکەین. لەبەرانبەر ئەمەشدا، ئەریستۆ پێیوابوو کە دیمۆکراست لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە "هاووڵاتییە ئازادەکان" نوێنەرایەتی خەڵك بکەن و فەرمانڕاوایەتی بگرنە دەست.

لەو ڕوانگەیەوە دەبینین دیموکراسی هەمیشە، لەنێوان تیۆری، ئیدیال و پیادەکردندا، ڕاڤەگەلی جوادی بۆ کراوە. لەکورتکردنەوەیەکدا دەکرێ بڵێین، کە ئەگەر دیموکراسی لەسەردەمی شار—دەوڵەتەکانی گرێکییدا لەرەهەندێکی "گەردوونیانەی بیرۆکەکان" سەیر کرابێت، کەچی لەسەردەمی نوێباودا، لەرەهەندگەلێکی ئیدیۆلۆژییی و ئابوورییدا پیادە کراوە. لێرەوە

www.pertwk.com

بەهای بیرۆکەکانی ژنە فیلۆسووفی بەرەگەز جوولەکەی ئەڵمانی، هەنا ئارێند، گرنگی خۆیان هەیە. ئارێند هەوڵیدا بەگەڕانەوە بۆ شار—دەوڵەتەکانی گرێکی کۆنینە، کۆمەڵگایەکی فرە رەنگەندو ئاوەڵا پێشنیاز بکا، لەپاڵ ئەوەشدا، ئارێند رەخنەیەکی رەوادارانە ئاراستەی بەئیدیۆلۆژییکردنی کۆمەڵگا سیاسەت دەکا، کە رێگرە لەبەردەم هاوژیانییەکی دیموکراسییدا.

بەڵام چەمکی دێمۆکراسی نوێباو دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی فەڕەنسی، شۆڕشی ئەمێریکی ، شۆڕشی پیشەسازیی و پرۆژەی رۆشنگەرییەوە. بەڵام لەسەدەی حەڤدەدا لەگەڵ پرۆژەی رۆشنگەرییدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بەسەر هزری رۆژئاوادا هات، کە ئەمەش ئاکامی ئەو شڵەژاوییەی مێژووی رابردووی سیاسی رۆژئاوا بوو؛ واتا کۆمەڵگایەکانی رۆژئاوا زنجیرەیەك لەشەڕ و سیستەمی سیاسی دیکتاتۆرانەی وێرانکاری بینی بوو. بۆیە لەسەدەی هەژدەدا بەهۆی ئەو وەرچەرخانە فەلسەفی و سیاسییەی کە هاتە کایەوە، ژیانێکی نوێی جڤاکی و کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنا. یەکێك لەو گۆانکاریانە سەرهەڵدانی سیاستەمی دیموکراسی بوو، ئەو سیستەمەش، سیستەمی دیموکراسی بۆرژوازی بوو. لەئاکامی ئەو وەرچەرخانە فەلسەفی سیاسییەدا کە رۆشنگەریی بەرهەمیهێنا، رۆژئاوا توانی سیستەمی تاکڕەویی و نەریتە باوەکان بەجێبهێڵێت و لەبری ئەوەش بنەمایەك بۆ کۆمەڵگایەکی هاوبەش دامەزرێنێت، کە کۆڵەکاکانی لەسەر ئازادی



رەفتارکردن، ئازادی دەربڕین، ئازادی چاپەمەنی، داکۆکیکردن لەئاسایشی خەڵك و ... هتد دامەزرا بوو.

بەڵام دەتوانین بڵێین، کە سەرەتایەکانی ئەو دیموکراسییە نوێباو/مۆدێرنە لەسەدەی شانزەو ئەو خولیا هزرییانەی کە لەسەدەی حەڤدەدا سەریان هەڵدا دەستیپێکرد، هەروا ئەو بیرۆکە نوێباوە لەپێناسەکردنی دیموکراسییدا، لەشۆڕشی فەرەنسیی و ئەمێریکیدا، هەڵقووڵان. کەواتە شۆڕشی ئەمێریکی لەساڵی 1776 و شۆڕشی فەرەنسیی بوونە هێمایەك بۆ سەدەی هەژدە و گەشەکردنی چەمکی دیموکراسییەکی نوێباو. شایەنی باسە دیموکراسی لەسەدەی حەڤدەدا لەئازادی تاکەکەسی و ئازادی هاووڵاتیان بەرجەستە دەکرایەوە. لەهەمان کاتدا لەسەدەی حەڤدەدا خەڵك بۆ بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا، مافی بەشداریکردنی دەنگدانی نەبوو. دواجار ئەوە هزرڤانە رۆشنگەرەکان بوون کە داوای ئازادی هاووڵاتیان و مافی دەنگدانیان دەکرد. بۆیە یەکەمجار لەسەدەی هەژدەدا بیرۆکەی ئازادی هاووڵاتیان هاتە گۆڕێ، کە زۆرینەی خەڵك لەرێگای دەنگداندا لەدەسەڵاتدا بەشدار بن.

بەمجۆرە دیموکراسی لەسەدەی هەژدەدا بەدەسەڵاتی بۆرژوازییەوە گرێدرا، کە جەختی لەسەر ئازادی هاووڵاتیان دەکردەوە، هاوکاتیش ئەوکات لەوە دەترسان کە مافی دەنگدان بەجەماوەر بەرەوا ببینرێت. لەپاڵ ئەمەشدا گروپە لیبراڵەدیموکراسییەکان لە"دیموکراسیی بۆرژوازی" ناڕازی بوون و بزاڤی کرێکارانیش دەستیانکرد بەدەنگ

بەرزکردنەوە بۆ مافەکانی خۆیان. لێرەوە دەبینین کە ئەو دیموکراسییەی کە لەسەدەی هەژدەدا باو بوو، دیموکراسییەك بوو گوزارەی لەو قۆناغە دەکرد؛ واتا ئەو دیموکراسییە، کە بەند بوو بەتێگەیشتنی بۆرژوازییەوە، جۆرە راڤەکردنێك بوو لەچەمکی فرە رەهەندی فەلسەفی "دیموکراسی"دا. بۆیە ئەوە چینی دەسەڵاتداری بۆرژوازی بوو کە رەوایەتی بەمافی خەڵك و چەمکی دیموکراسی دەدا، نەك کۆی جەماوەرو چینەکان، یان کۆی ئەو راڤەکارییانەی کە چ ئەمڕۆ یان لەکاتی گرێکی کۆنینەدا، بۆ چەمکی دیموکراسی دەکرێن/دەکران. بەواتایەکی دیکە دەکرێ وا تێبگەین کە چەمکی دیموکراسی هەر هەمان واتای چەمکە گرێکییەکەیە؛ واتا چەمکێکی بزواوەو هەمیشەش لەکاتی پیادەکردن و راڤەکاریشدا، رەهەندە بەرجەستە نەکراوەکانی تری لەئاستی ئیدیالیدا دەمێننەوە، بەڵام لەهەر قۆناغێکدا بەشێکی بۆ زیادکراوەو بەشێکیشی لێ کەمکراوەتەوە، یاخود دەکرێ بڵێین، کە چەمکی دیموکراسی چ لەئاستی سیاسیی و چ لەئاستی فەلسەفیشدا، بەگوێرەی گۆڕنکارییەکانی بوونی مرۆڤ و پێداویستییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی،هەڵگێرو وەرگێڕی بەسەر داهێنراوە، ئەگینا چەمکی دێمۆکراسی، هەمان ئەو چەمکەیە کە لەگرێکی کۆنینەدا، سەریهەڵداو بەگوێرەی پێداویستییە سیاسییەکانی ئەو رۆژگارە، تاقیکرایەوە. بەهەمە حاڵ، گرینگە بزانین، کە چەمکی دیموکراسی هەر تەنیا بریتی نییە لەمافی دەنگدان یان مافی هاووڵاتیبوون، بەڵکو دیموکراسی بریتییە لەزنجیرەیەك بەها، پێوانە و



ئاستی پێکەو بەستراوە. بۆیە، بۆ نموونە، بڕوابوونی دەسەڵاتێك بەمافی دەنگدان، یان مافی هەڵبژاردن، مانای ئەوە نییە کە ئەو دەسەڵاتە دیموکراسییە. لەو روانگەیەوە دیموکراسی چەمکێکە هەمیشە لەئاستی ئیدیالیدا دەمێنێنەوەو راڤەکردنەکانیشی کۆتاییان نایێ. ئەمەش مانای ئەوەن نییە، کە دەسەڵاتە چاوەشەکار و کۆنباوەکان، ئەو تێگەیشتنە بکەن بەرەوایەتیەك بۆ سیاسەتە گەندەڵ و وێرانکارەکانی خۆیان! دەسەڵاتێك ئەگەر بنەما سەرەکیەکانی وەك: یەکسانی، دادپەروەریی، مافی بڕیاردانی نەتەوەکان لەچارەنووسی خۆیان، بەرابەریی ژن و پیاو، ئازادی دربڕینی بێ قەیدو شەرت، هەڵبژاردن و... بۆ سەرتاپای هاووڵاتییان مسۆگەر نەکات، بێگومان ئەو جۆرە دەسەڵاتە، فڕی بەسەر دیموکراسییەوە نییە.

ئەگەر لەسەدەی بیستدا سەیری دەسەڵاتی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بکەین، دەبینین، کە ئازادی هاووڵاتیبوون مانایەکی نەبووە. بەڵام لەروانگەی رۆژئاواوە، چەمکی دیموکراسی، بەگشتی، واتای ئازادی سیاسیی، دادپەروەریی و ئازادی هاووڵاتیبوون، دەگەیەنێ. هاوکاتیش لەڕوانگەی فەلسەفییەوە، چەمکی دیموکراسی، واتای ئێتیك، بەرپرسیاریی دەگەیەنێ. کەواتە دیموکراسی لەڕوانگەی سیاسی و روانگەی فەلسەفییدا جودایە: فەلسەفە لەروانگەی مرۆڤبوونەوە، لەخەمی رەوشتێکی ئازادانەی تاکەکەسەکان و شکۆمەندکردنی مرۆڤە، سیاسەتیش، بۆ ئەوەی رەوایەتی بەبەرژەوەندییەکانی خۆی بدات، ئەو دیموکراسییە راڤە دەکا. لێرەوە جێگەی ئاماژەیە، کە فێلسووفانی

www.pertwk.com

سەدەی حەڤدە پێیانوا بوو کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاوەزگەرایە و حەز دەکا ئازاد بژی، کەچی فەیلەسوفانی سەدەی بیست کۆمەڵی تێگەیشتنی جودایان هەیە لەسەر مرۆڤ. بۆیە لەم سەردەمەدا، دیموکراسی لەبڕوابوونێکی فەلسەفییەوە بووە بەناچارکردن و کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگایەکان، هەروەك ئەمڕۆ ئەم "بە دیموکراسیکردنە" ناچارییە، لەپرۆژەی "بە دیموکراسیکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین"ی جۆرج دەبلیو بۆشدا دەبینینەوە.

لێ سەبارەت بەچەمکی دیموکراسی، کە من لێرەدا حەز دەکەم ، بۆ ئەوەی خۆم نە بەستمەوە بەو پێناسانەی، کە دواجار بەجۆرێك لەجۆرەکان هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ روانگە ئیدیۆلۆژیی-سیاسی، تیۆری-فەلسەفییەکان، هاوکاتیش بۆ ئەوەی بتوانم بوار بۆ راڤەکانی تر لەو چەمکە بهێڵمەوە، کە شەماڵ و ئیدریس، هەیانە، دیموکراسی، وەك خۆی، بە"چەمکێکی گەردوونی/بزۆك بەڕێوە" ، ناودێر بکەم. من ئەو جۆرە خاسڵەتە لەچەمکی دیموکراسی دەبەستمەوە بە"ئێرۆس"ی گرێکی، کە بۆ مرۆڤ واتای ئەڤینێکی دڵڕفێن و شکۆمەند و باڵا دەگەیەنێ. لێرەدا مەبەست لە گەردوونیەتی- بزۆکی دێمۆکراسی، خۆشخەیاڵی و بگرە ئیدیالیش نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو ویستەیە کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هزرکاری سرووشتی، نەك تەنیا ئاژەڵی و ئاوەزگەر، لەپرۆسەی بووندایە ”is in the process of being”، هەمیشە رووبەڕووی دۆشدامان و پرسیار دەبێتەوە.



لەبۆیە بەهۆی ئەو مەرجانە جڤاکییانەوە مرۆڤ ناچار دەبێ بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و بوونایەتییەکانی دیکەوە؛ هاووڵاتیانی وڵاتەکەی و دەرەوەی خۆی، پابەند بێ، ئەوە وای لێدەکا لەژیانێکی هاوبەشدا، بیر لەبوونێکی هاوئاهەنگ و بەختەوەر بکاتەوە، بۆ ئەوەی مەیلی سەرکەوتن بەرجەستە بکاتەوە، سەرکەوتنیش واتا ئامانجێکی گەردوونی؛ بزۆك، نەك پایە، یان دەسەڵاتێکی دیاریکراوی ئیدیۆلۆژیی. بەواتایەکی سادەتر، مرۆڤ کە لەبووندا هەیە، سەرکەوتنیشی لەپرۆسەیەکی بێسنووردایە. بۆیە بەدەستهێنانی بەشێك سەرکەوتن، لەرێگای دیموکراسییەوە، بەدەستهێنانی ئاسایش و دڵنیاییەکە، تاکوو مرۆڤ لەرێگایەکەیدا بەرەو دۆزینەوەی ئەو نادیاریانەی کە لەبوونەکەیدایە و هێشتا دەستەبەری نەکردووە، بەردەوام بێ.

لەم روانگەیەوە ، لەکن من، کە لەرۆژهەڵاتدا دەکرێ "تا ردەیەك دیموکراسی" پیادە کرد، بەچاوەشەکردنی دیموکراسی تەواو دەبێ، چونکە ئەوە ئەو یارییە کە دەسەڵاتە نادیموکراسییەکان، بەتایبەتی رژێمە کۆنپارێزەکانی رۆژهەڵات، کاری بۆ دەکەن، تاکوو رەوایەتی بەنادادپەروەیی خۆیان بدەن. هەموو دەزانین ئەو رژێمە نادیموکراسیانەی ئەمڕۆی رۆژهەڵات لەسەرەتادا بە"تا رەدەیەك دیموکراسی" دەستیان پێکرد و دواجاریش بە"دیکتاتۆرێکی رەها" گەیشتن. هەر بۆیە حکومەت، یان دوو هەردوو حیزبی باشووری کوردستان، بەچاولێکەریی رژێمە ستەمگەرەکانی رۆژهەڵات، نابێ بەبیانۆی " تا رادەیەك دیموکراسی هەیە"، رەوایەتی بەگەندەڵیی و

نادادپەروەری حکومەتەکەیان بدەن. بۆیە لەسایەی ئەو دەسەڵاتەدا، تەنیا توێژیکی مشەخۆر و چاوەشەکار؛ توێژێك لەحیزب، نەك چینێکی دیاریکراو یان خەڵك، سوودمەندن و دەسەڵات پیادە دەکەن. لەوەش زیاتر، ناکرێ مۆدێلی ئەو حکومەتەی باشووری کوردستان، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ پچێك لەمۆدێلی حکومەتەکانی رۆژئاوادا، بەراورد بکرێ. چونکە هێشتا هەڵگری ئەو چەمکە دیموکراسییە "گەردوونییە" وە نییە کە من روونمکردەوە. هاوکاتیش، وەك وتمان، واتای دیموکراسییەکی خەملێو و تۆکمە لە"تا رادەیەك هەیە" بەرجەستە ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێ لەو زنجیرە چەمکگەلەدا بەرجەستە بکرێتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد. بۆیە، بەپێودانگی ئەو بانگەشە زێدەڕۆییەی کە ئەو دوو حیزبە بۆ دیموکراسی دەیکەن، کەچی ئەو پرۆسە لاوازەی کە وەك دیموکراسییەکی شێوەیی/فۆرمێل، لەکوردستانی باشووردا دەیبینین، بێجگە لەلاسیکردنەوەیەك لەدیموکراسییەکی شێوەیی، هیچی تر نییە. بۆ ئەوەی بۆچوونەکانم چڕ بکەمەوە، ئەوەندە بەسە، ئاماژە بەپەرلەمانی کوردستانی باشوور بکەم، کە گوایە وەك جۆرێك لەسیستەمی دیموکراسی، نوێنەری زۆرینەی خەڵکە، کەچی وەك پێکچوونێك لەشێوەی حکومەتەکانی ئەو دەڤەرە، بێدەسەڵاترین و عەنتیکەترین پەرلەمانە. بۆ نموونە چۆن دەکرێ لەسەدا سەدی پەرلەمان دەنگ بۆ هەڵبژێردراوەکان بدەن؟ بەهەمەحاڵ، ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێ و منیش لەنووسینی دیکەمدا زیاتر لەسەری دواوم. بەڵام ئەوە راستە هەندێ لایەنی ئاوڵەمەیی



لەحکومەتی باشووری کوردستاندا هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو "تا ردەیەك لەدیموکراسی"یە، بەلەبەرچاوگرتنی شێوازی ئیشکردنی ئەو حکومەتە، بەرەو کام ئاراستە دەڕوات؟! ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێ و لێرەش، لەبەر کەمی بواری قسەکردن، ناتوانین شیبکەینەوە.

لەمەڕ دیدی پلاتۆ و ئەریستۆوە، زیاتر مەبەستم لەو "گەردوونی" و روحی ئاکار چاکی، هاوئاهەنگی و ئیرۆسگەرایەیە کە جیهانبینی کولتووری گرێکی کۆنینەدا ئامادەیە، هەروا ئەو خولیا دیموکراسییە جڤاکیەیە کە لەوێدا کارا بوو. هاوکاتیش ئەگەرچی پلاتۆ و ئەریستۆ پێیان وابوو کە دەبێ فیلۆسووف و ئەریستۆکراتەکان حوکمڕان بن و لەبەشداریکردنی ماڤی سیاسیشدا تەنیا "پیاوە ئازادەکان"ی ئەسینا، نەك کۆیلەو ژنان لەبەرچاو دەگرت، لێ بەڵێ لەدەقەکانی ئەوانیشدا، ئەو جۆرە جیهانبینییە "گەردوونگەرایيە" ئامادەیی هەیە؛ واتا جەختکردنەوە لەرەهەندی بەها و کاکڵەی مرۆڤایەتی وەك بوونەرێکی سیاسیی گەردوونی. کەواتە دەبێ هەر دەسەڵاتێك، جا هەر روانگەیەکی هەبێ لەدەسەڵاتدا، ئەگەر "خەڵك" فەرمانڕوایی نەکەن و بڕیاردەر نەدەن، ئەوە دەسەڵاتی "خەڵك" نییە. کەواتە ئەوکاتە دەسەڵاتێك، واتای چەمکی دیموکراسی پیادە دەکا کە توانی مرۆڤ لە"خەڵك" بەهەموو جیاوازییەکاییەوە، لەبەرچاو بگرێ. بۆیە من ئەو تێگەیشتنەی ئەریستۆ پڕ بەپێستی دیموکراسی دەبینم، کە دەڵێ، "مرۆڤی سیاسەتکار یان دەسەڵاتێکی چاك دەبێ روحی مرۆڤی

خوێندبێ و فامکردبێ". من لەوتارێکدا زیاتر لەسەر ئەو روانگەیەی ئەریستۆ دواوم.

بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی کراوە بۆ چەمکی دیموکراسی بدۆزینەوە، بەدەستەواکردنی ئەو وتەی نیتشە، کە دەڵێ، "ئەرکی فەیلەسووفی نوێ ئەوەیە کە ئەو رمەیەکە فەیلەسوفانی پێش خۆی هاوێژتوویانە وەبگرێ و بەرەو پێش بیهاوێژێتەوە"، رابگەیەنم، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش جەختبکەوە، کە "هاوێژتنەوەی ئەو رمە"، مانای هەڵە کردن و شێواندنی چەمکگەلی وەك چەمکی دیموکراسی نییە، بەڵکو، لەکن من، بەمانای زیاتر خەملاندن و بەرەو گەردوونی بردنی ئەو چەمکە دیموکراسییە، دەگەیەنێت. ئەمەش چڕترین ئەرکە کە فەیلەسووف رایدەپەڕێنێ. کەواتە لەئاستی چەمکی دیموکراسییەوە وەك خۆی، بەبڕوای من، کێشەکە "پێناسەکردنەوە"، "نۆرماتیڤ". بۆیە بەبڕوای من، مۆدێلی دیموکراسی "لیبراڵ دێمۆکراتەکان، "سۆسیال دێمۆکراتەکان" و ئەوانیتر، هەموویان، بەگوێرەی ئەو پێشکەوتنە هەمەلایەنانەی کە لەکۆمەڵگایەکانی رۆژئاوادا لەئاستی خەڵکی و ئابووری روویانداوە، راڤەکردن و تاووتۆکردنێك، یان بەواتای ژێل دۆلوزیی، مۆنتاژکردنی چەمکی ئەو دیموکراسییە گرێکییە و شۆڕشەکانی رێنسانس و رۆشنگەریین. لە روویەکی تریشەوە، من پێموایە گۆڕانی ئابووریی و پەرەسەندنی چینی ئۆرستۆکراتی و بۆرژوازی، کە ئەوانە باڵادەستن بەسەر بازاڕی شاردا، فاکتەرگەلێکی گرنگن لەهەمیشە بەرهەمهێنانەوە و گەشەپێدانی چەمی



دیموکراسییدا. وێڕای گرنگی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا، کە زیاتر بوار بۆ فراژاندنی دیموکراسی دەکاتەوە. هەڵبەت رەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە هەمیشە لەمپەرێك بوو بێ لەقەتیسمانی چەمکی دیموکراسی لەدەڤەری رۆژهەڵاتدا، بەکوردستانی باشووریشەوە، نەبوونی شارگەلی نوێباو و گەورەو ئیفلیجی چینی ئۆرستۆکراتی بێت.

ئەمەیە تێگەیشتنی منە لەواتای "گەردوونی" بۆ چەمکی دیموکراسی. وەلێ بەدڵنیاییەوە ئەو وێناندنە لەچەمکی دیموکراسی، پێناسەیەکی سیاسیی یان ئیدیۆلۆژییەکی دیاریکراو نییە بۆ چەمکی دیموکراسی. بۆیە لەروانگەی ساسییەوە، ئەوەی من مەبەستمە، بۆ نموونە، ، کوردان لەهەموو پارچەیەکی کوردستاندا، لەئاستی تێوریی و سیاسییدا، بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی، یان سەرفرازکردنی کورستان، دەبێ لەروانگەیەکی ئیرۆس؛ گەردوونی؛ بزۆکییەوە سەیری چەمکی دیموکراسی بکەن. ئەوەی کە ئیدریس پێیوایە پێناسەکردنی چەمکی "گەردوونی" دیموکراسی لەئاستی سیاسیی و واقعیدا دەبێتە کێشەو دواجاریش دەکرێ بەناوی زۆرینەوە، بۆ نموونە دەسەڵاتی تورك و ئەوانی تر، رەوایەتی بدەنە خۆیان لەزەوتکردنی ماڤی نەتەوایەتی کورد، کە دوو نەتەوەی جیاوازن و نەهێڵن بەزمانی خۆیان بخوێنن و داوای رەوانانەی قەوارەی سیاسی خۆیان بکەن، دەکرێ شرۆڤەی لەم جۆرە، بەرەوایەتی کردنی سیاسەتێکی ئەوها بکێشتەوە. بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە، بەپێچەوانەی ئەو گریمانە سیاسییەیە، کە

دەسەڵاتێکی بەشێوە دێمۆکراس و بەکردار چاوەشاکاری وەك تورکیا و هاونموونەکانی، بیری لێدەکەنەوە. من پێموایە تێگەیشتنە گەردوونگەرا؛ ئێرۆس؛ بزۆك لەچەمکی دیموکراسی لای کوردان، وادەکا کە بتوانن لەروانگەی ئەو بەها مرۆڤ- خەڵکەیەوە، دەسەڵاتی داگیرکار ناچار بکەن، وەك "نەتەوەیەکی جیاواز"، نەك زۆرینەیەك لەچین و توێژی دەسەڵاتێکی ئێتنیکگەرای خۆسەپێنەر، کە دەکرێ بۆ ماوەیەك لەبەشێك مافی جڤاکیی، نەك نەتەوەیی، فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتدا بێبەش بن، ملکەچ بکات/بکەن بۆ مافی سەبەخۆیی کورد. بەواتایەکی سادەتر، مەبەستی من ئەوەی کە کورد ئەگەر وەك پرنسیپێکی گەردوونگەرایی لەدیموکراسی بڕوانێ و بهزرێ، ئەوە دواجار رەوایەتی بەمافی نەتەوایەتی خۆی بدات، هەورەك دەسەڵاتێکی سیاسیی لەرێگەی زۆرینەوە، دەتوانێ رەوایەتی بەخۆی بدات کە خۆی بەنوێنەری خەڵکی خۆی بزانێت. بەڵام لەو وڵاتانەی کە کوردییان تیادا دەژی، ئەوە شتێکی بەڵگەنویستە کەدەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەسەڵاتێك نییە کە کوردان وەك نەتەوە سەردەستەکانی ئەو وڵاتانە، لەمافی هاووڵاتی و نەتەوەیی یەکسان بن، کورد لەو وڵاتانەدا، تەنیا بەزۆرەملێی لەبەرانبەر دەسەڵاتێکی نارەوادا، ئەرکەکانی ئەو راپەڕێنێ، بێئەوەی خاوەن هیچ لەمافە بنەڕەتییەکانی خۆی بێت. لەم روانگەوە، وەك پێشتر جەختم لەسەر کردەوە، چەمکی دیموکراسی بریتییە لەزینجیرەیەك چەمك و هەموو چەمکەکانیش تەواوکەری بەهایەکانییەتی. بۆیە بەناو کردنی چەمکی دیموکراسی



بە"گەردوونی"، دەتوانێ ئەو ئاسۆیە لەبەردەم کوردان بکاتەوە، کە لەگشت ئەو پارچانەی کە بەبێ "ویستی" خۆیان کراون بەکۆیلەی دیموکراسیی دەسەڵاتی نەتەوەیەکی باڵادەست، رووبەڕووی ئەو ئەرکە "گەردوونی"یان دەکاتەوە، کە لەچەمکی دیموکراسیدا بژین؛ تاقیبکەنەوە. لەراستیدا هەر ئەمەشە کورد هاندەدا، وەك دۆخێك لەمرۆڤێکی گەردوونی، لە بەرانبەر ئەو دۆشدامان و پرسیارانەی، کە هەمیشە وای لەمرۆڤ کردووە، بهزرێ، بیر لەو رێگایانە بکاتەوە کە بەرەو بەدیموکراسیکردنی هەبوونایەتییەکەی دەبەن.

لەبەر کەمی بوار بۆ فرە ئاخاوتن لەسەر رەهەندە جیاواز و گۆڕانکارییەکانی چەمکی دیموکراسی بەگشتی وگرفتەکانی دیموکراسی لەولاتە دیموکراسییەکان و ئەوجا باشووری کوردستان، بۆ ئەوەی جیاوازەییەکانمان "سوودمەندتر" بێ نەك "سەپێنەر"، هەوڵدەدەم بەتیرێژگەلێك ئەو دیموکراسییە "گەردوونی"ی من، کە ئیدریس بە"دووفاقی" ناودێری دەکا، کەمێك رۆشنبکەمەوە.

هەڵبەتە، من دەزانم، کە بەرجەستەکردنەوەی چەمکی دیموکراسی وەك خۆی، کارێکی دژوارە. بۆیە چ لەسەردەمی گرێك و چ لەسەردەمی ئەمرۆدا، دیموکراسی لەنێوان کۆمەڵگایەکی ئەکتۆریتێ و کۆمەڵگایەکی ئازاددا، هەمیشە لەسازشکاریدا بووە/ دایە. لێرەوە بەواقعیکردنی

کۆمەڵگایەکی دیموکراسی پەیوەستە بەدەوڵەتێکی دێمۆکراس و خودی مرۆڤەکانەوە، چونکە دیموکراسی بەشێکی ڕێکخراوەییە و بەشێکیشی بەندە بەباری دەروونیی مرۆڤەکانەوە. لەو دیدەڕا، بەبڕوای من، دیموکراسی وەك چەمك، لەپیادەکردنێکی تەواو بەدەرە. چونکە بەگوێرەی مەرجەکانی سروشتی مرۆڤ، دیموکراسی لەگەڵ پیادەکردنی دەسەڵاتدا، جارێکی دیکە کۆمەڵگا بەرەو ستەمگەریی دەگەڕێنێتەوە. بەو واتایە هەموو کۆمەڵگایەکانی رۆژئاواش، بەجیاوازییەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگایەکانی رۆژهەڵاتدا، ستەمگەرن. نەبوونی دیموکراسی، هەر بەبوونی زەبر و زەنگ نییە، کە دەسەڵاتێکی تاکڕەو و یان دەستبژێر بەڕێوەی دەبا. بۆیە چ لەسەردەمی گرێك و چ لەکۆمەڵگا نوێباوەکانی ئەمڕۆدا، دەسەڵات هەمیشە بەدەست دوو توێژ بووە: ئۆرستۆکرات/بۆرژوا و کۆنپارێزەکان. لێرەوە من گرفتی ئەو شێوە دیموکراسییەی کە باوە، لەو خاڵانەدا کۆدەبنەوە: 1. ڕێکخراوێکی دیموکراسی، کە بریتییە لەپێکهاتێکی لێکناکۆك. چونکە ڕێکخراوێکی ڕێکخەرە. بۆیە هەرگیز ناتوانێ دیموکراسی بێ. 2. سروشتی مرۆڤ، بۆ خۆی لەئاستی مەیلی تاکەکەسییەوە لێکجوودایە؛ ئاستی ئاگایی و کارامەییان جیاوازن. بۆیە هەر یەك لەو تاکانە بەشێوەی جیاواز خواستیان دەسەڵاتە. بۆ نموونە مرۆڤە زەنگینەکان زیاتر حەزیان لەدەسەڵاتە. هاوکاتیش "ئاپۆرەیەك لەخەڵك"، هەرگیز ناتوانن دەسەڵاتداربن و دەسەڵاتداریش نەبوونە، چونکە بەگوێرەی ڕەوتکارییەکان "ئاپۆرەی خەڵك" هەمیشە لەلایەن نوێنەرایەتییەك



لە"سەرەوە" حوکمکراوە. بۆیە لێرەدا بە*جەختکردنەوە*، دیموکراسییەکی گەردوونی" بریتییە لەفەرمانڕوایی؛ دەسەڵاتێك کە لە"خوارەوە" دەسەڵاتدار بێ. کەواتە مادام دەسەڵات، کە دەستبژێرێکی هەبژێردراو لە"سەرەوە" ئاپۆرەی خەڵك بەڕێوە دەبا، ئەوە ئەو تەرزە دەسەڵاتە ئەستەمە دیموکراسی بێت.

لەم گۆشەنیگایەوە من دەڵێم، کە بزاڤێکی ئازادیخواز تا ئەوکاتە دێمۆکراسە کە لەپرۆسەی خەباتدایە، بەڵام کە گەیشتە دەسەڵات بەهۆی کێشەی ڕێکخراوەییەوە، کە دەبێ لەدەستبژێرێك لە"سەرەوە" باڵادەست بێ، لەدواجاردا لەلایەن هێزە کۆنپارێز و مشەمخۆرەکانی کۆمەڵگاوە هەڵدەلووشرێ. بۆ نموونە، ئەگەر سەیری بزاڤە رزگاریخوازەکانی جیهان بکەین، هەموویان بەو چارەنووسە گەیشتوون، کە هێزە کۆنپارێز و بەرژەوەندخوازەکان بوونەتە میراتگری. بۆیە دیموکراسی هەر تەنیا دەنگدانی "خەڵك" و ڕێگدان بەئازادییەکی "پاوانکراو" لەلایەن دەسەڵاتەوە، مانای بوونی "تا ردەیەك دیموکراسی" نییە. بۆیە من ئەو دیموکراسییە بەدیموکراسییەکی "جڵەوکراو" ناودێر دەکەم.

سەبارەت بەباشووری کوردستانیش، کە ئەمڕۆ دەستبژێرێکی حیزبی گەندەڵ، بازرگان، "فایلدار" ، بەناوی نوێنەری"خەڵك" و مێژووی بزاڤی کوردەوە، لەرێگای هەڵبژاردنێکی عەنتیکە، خەڵك لێدەخورن. بەڵام بۆ من ئەوە دەسەڵاتێکە نادادپەروەرە. راستە ڕێگا درا "خەڵك" دەنگبدا و لەئاستی وەشاندن و قسەکردندا خەڵك دەتوانن

بەئازدییەکی "جڵەوکراو" قسە بکەن، بەڵام نوێنەرەکانی ئەو خەڵکە، تا ئەمڕۆش، لەخۆ تێرکردن بترازێ، هیچ مافێکی تری بۆ ئەو خەڵکە مەیسەر نەکردووە. وێڕای ئەمەش، ئەو نوێنەرانەی خەڵك، کە لەلایەن دوو حیزبیەوە، لەپێشوەختدا دانرا بوون، نەك لەئەنجامی مەیلی خەڵك. هەرو ئەو حکومەتە کوردییە، لەتەواوی تەمەنی حکومیی خۆیدا بانگەشە بۆ مۆدێلی بێوێنەی دیموکراسی دەکا، کەچی تا ئەمڕۆش بەیاسای بەعس خەڵك سزا دەدرێن. ئەگەر وەك پرۆسەیەکیش سەیری دیموکراسی بکەین، دەتوانین وڵاتی سوێد وەك نموونە بێنینەوە، کە لەسەرەتادا زۆر دیموکراسیتر بوو لەئێستا، بۆیە لەپەنجا و شەستەکاندا بوو بەوڵاتێکی "رەفاهی" نموونەیی لەدادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام لەڕوانگەی بەرپرسیاری/ئێتیکییەوە ئەوەی پەیوەندی بەباشووری کوردستانەوە هەیە، بۆ من ، گرینگە کە بزانین ئەو بنەما گرنگانە چین، کە ئەو دەسەڵاتە کوردییە گەرانتی ئەوە بەخەڵکی کوردستان دەدا کە بەرەو دیموکراسییەکی "کامڵ" بچێت؟! کێشە ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان کە هەتا ئەمڕۆش، تەنیا ئەرکیان بەڵێ و چەپڵەلێدانە، چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ بتوانێ دادپەروەی کۆمەڵایەتی مەیسەر بکات، کە بۆ دۆخی ژیانی کوردستان زۆر گرینگە.

لێرەوە، ئەمن پێموایە، کە لەئاستی سیاسییدا ئێمە دەبێ جەخت لەسەر دەستپێوەگرتنی بنەمایە سەرەکییەکانی ماف و دیموکراسییەوە بگرین. سەقامگیرکردنی ئەو بنەمایانە لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەوکاتە



دەبێ، کە هاووڵاتیان لەکەش و هەوایەکی ئازاددا بتوانن لەسەر کێشە چارەنووس سازەکاندا لەگفتوگۆیەکی بەردەوامدا بن. بەمجۆرە هەموو خەڵك دەتوانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەستەبەرکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد و شکۆمەندکردنی کۆمەڵگای کوردستان بەشدار بن. بۆ کورد، بێ بەرجەستەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوایەتی، بەدیهێنانی دیموکراسی بە"نێوەچڵ"ی دەمێنێتەوە. چونکە وابەستە بوونی کورد بەدەسەڵاتی "نەتەوەی زۆرینە"، دواجار ناچارە ملکەچ بێ بۆ نوێنەری زۆرینەی خەڵك، کە ئەویش نەتەوەی عەرەب و تورك و فارسە.

لەکۆتاییدا، بۆ ئەوەی دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆری نەڕوات، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگایەکی وەك کوردستاندا، دەبێ دەسەڵات بەسەر ڕێکخراوگەلێکدا دابەشبکرێ، چونکە زۆر ئاسانە دەسەڵات بەناوی زۆرینەی خەڵکەوە، بەشێکی زۆر لەخەڵك بچەوسێنێتەوە، بەمجۆرە دامەزراندنی دەسەڵات لەتۆڕەکان؛ پەرت و بڵاوکردنی لەناو دامەزراوە مەدەنیی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەوێدا هەموو خەڵك لەئاست و بوارە جودایەکاندا بەشدار بن لەدەسەڵاتدا، دەکرێ چەمکی دیموکراسی بەرجەستە بکاتەوە، چونکە شێوەیەکی لەم جۆرە دەسەڵات، لەلایەن تەواوی خەڵك؛ "خوارەوە" دەسەڵات پیادە دەکا، نەك تەنیا توێژێکی هەڵبژێردراو لە"سەرەوە" خەڵك بەڕێوە ببات.

(1) هەفتەنامەی بەزۆر داخراوی "رۆژهەڵات" لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، لەپۆشپەڕی 1385دا، مێزگردێکی سەبارەت بەناوی "دیموکراسی؛ رابردوو، ئێستا و داهاتوو" بۆ شەماڵ کاوە، ئیدریس ئەحمەدی و بەندە (هەندرێن) سازاندبوو، کە لەهەمان مانگدا بڵاوکراوەتەوە. بەهۆی بەگرینگزانی "چەمکی دیموکراسییەوە بەپێویستم زانی، بەداوای لێبووردن لەهاوڕێیانی ناوبراو لەو مێزگردەدا، ئەو بەشەی ئاخاوتنەکانی خۆم کە لەو مێزگردەدا دەربڕیبوون، لەکۆی ئاخاوتنەکانی ئەوان بچنمەوە.



## دیموکراسی و دەسەڵات لەکوردستاندا
## گفتوگۆی سایتی دەنگەکان

(ئەم گفتوگۆیە تایبەت بوو بەتەوەرێکی دەنگەکان. لە2006.6.14 دا بڵاوکراوەتەوە)

**ڕزگار عومەر:-** ئەزموونێك کە دەسەڵاتی کوردی لە15 ساڵی ڕابردوودا بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا ساغی کردەوە ، هەڵگری زۆر سیماو دیاردەیە ، یەکێك لەسیماکانی ئەم ئەزموونە مامەڵەو تێگەیشتنی ئەم دەسەڵاتە بوو لەئازادی و لەدیموکراسی . ڕووی ڕاستەقینەی تێگەیشتنی ئەم دەسەڵاتە لەشەڕی ناوخۆدا بەرجەستە بوو ، بەڵام دوا بەدوای ڕوخانی ڕژیمی عێراق لەساڵی 2003 وە ، چەندین پەردەی تری مامەڵی ئەم دەسەڵاتەمان بینی ، بەڕای تۆ ئەم مامەڵەو ئەم تێگەیشتنەی دەسەڵاتی کوردی ، لەچ لێکدانەوەدا کۆی بکەینەوەو چۆن تیۆریزەی بکەین ؟

**هەندرێن :-** لەدەستپێکدا حەز دەکەم ئەوە لەزەینی خۆمان بگرین، کە ئێمە لەسەر "سیما و دیاردە"ی ،"ئەزموون"، دەسەڵات"، "ئازادی"، "دیموکراسی"ی کوردی دەئاخڤین، دەبێ ناوکۆیی/کۆنتێکست و پاشخانی کوردی بکەینە سەرشاری گفتوگۆیەکانمانەوە، نەك رەهەندی ئەو چەمکگەلەوەك ئەوەی کە

لەکتێبەکان یان رۆژئاوادا یان نەتەوە و وڵاتێکی دیاریکراوی دەرەکی کوردییدا دەیبینین. چونکە، بەجۆرێك لەجۆرەکان، خەملاندن و بەرجەستەبوونەوەی، یان بەدیاردەبوونی هەموو پرۆسەیەکی سیاسی، کولتووری و ...هتد، وێڕای کایە دەرەکییەکان، بەڵام لەدواجاردا، رەنگدانەوەیەکە لەدەرهاوێشتە و بەرەنجامی ناوکۆیی دەڤەرو نەتەوەکان. بەواتایەکی دیکە، هەر نەتەوەو دەڤەرێك، بەگوێرەی ئەو ناوکۆییەی خۆیەوە لەئاستی پێڕۆکردن و پراکتیزەکردندا، بچم و رەهەندێکی دیارکراو، یان خاسڵەتێکی تایبەت بەخۆی بەدیموکراسی، ئازادی و دەسەڵاتەکەی دەبەخشێ.

کاتێك ئێمە لە"ئەزموون"ی دەسەڵاتی کوردی دەپەیڤین، بەگشتی، جۆرە تێگەیشتن و مۆدێلێکی حازربەدەستمان هەیە، دەخوازین بەوە، لە"دەسەڵاتی کوردی" بڕوانین. کەواتە، هەتا ئەو رادەیەی کە من لەزمانی کوردی؛ نووسینی سیاسی و رۆشنبیریی کوردی تێبگەم، ئەوەندەی بەئاگایی و رۆشنبیرییەکی دەرەکی بونیات و ناکۆییەکەی خۆیەوە لەو چەمکگەلەدەدوێ، هێندە بەئاگایی و رۆشنبیرییەکی ناوکۆیی کوردی لەو چەمکگەلەناهزرێ. روونتر بڵێم، ئەو "سیما و دیاردە" دیموکراسی، ئازادی و دەسەڵاتەی کە لەرۆژئاوا هەیە، جودایە لەو سیماو دیاردە دیموکراسی، ئازادی و دەسەڵاتەی کە لەدەوڵەتۆچکە/شاردەوڵەتانەی گرێکی کۆن هەبوون، کەوەك دەزانین، گرێکی کۆن بێشکە ئەو چەمکگلەن. یان سەیرکردن و پیادەکردنی دەسەڵاتی رۆژئاوا لەو چەمکگەلە، کە لەوتاری "بە کاڵاکردنی چەمکی



دیموکراسی لەزمانی کوردییدا" فرەتر باسمان کردووە، لەسەدەکانی 17 ، 18 و...هتد، لە زۆر روانگەوە جودابوو لەئێستا. لەوەش زیاتر، وێڕای پرنسیپە بنەڕەتییەکان، بۆ نموونە، زۆر لەوردەکارییەکانی پیادەکردنی ئەزموونی ئەو چەمکگەلە، لەسوێد جودایە وەك ئەوەی لەفەرەنسا یان هۆڵەند پیادە دەکرێن. کەواتە ئێمە، بۆ ئەوەی رێگە چارەیەك بۆ ئەو ئاڵۆزکاریی و سەرگێژییە بدۆزینەوە، دەبێ هەوڵبدەین ئەوە لەزەینی خۆمان بگرین، کە لەناوکۆییەکی کوردی و جیهانی عەرەبیی-ئیسلامییەوە شرۆڤەکردن و فامکردنێك بۆ کێشەی "ئەزموون"، دەسەڵات"، "ئازادی" و دیمۆکوراسی" کوردستان، دەستەبەر بکەین.

ئەو کورتیلەروونکردنەوەم بۆ ئەوە بوو بپرسم، کە ئاخۆ کورد شتێکی هەیە ناوی "ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی" بێت؟ دواجاریش، پێناسەی "تایبەتی" ئەو "سیما و دیاردەیە" چتۆیە کە کورد بە"دیموکراسی" و ئازادی" بەخشیووە؟ ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو دوو حیزبەی هەیانە، سەرچاوە ماریفییەکانی لەکێڕا هێناوە؟

دەکرێ کەسەکان بەگوێرەی لایەنگیری حیزبی، ئیدیۆلۆژیی، یانیش روانگەکانی خۆیانەوە وەڵامی جیاواز و راڤەی جیاواز بۆ ئەو تەرزە پرسیارانەیان بکەن. لێ ئەز، لەئاستی ئەو ئاگاییەی کە بۆ ئەو چەمکگەلەناوبراوانەم هەیە، بەگومانم لەدیاردەیەك کە ناوی "دەسەڵاتی کوردی" بێت. هاوکاتیش، بەگومانم لەوەی کە لای ئەو دەسەڵاتە کوردییەدا، (هەرچەندە تا ئەمڕۆش کورد بەناو دوو

دەسەڵات، یان دوو حیزبی دەسەڵاتدار و دوو چەشنە دیموکراسی و ئازادیی کوردی هەیە؟)، تێگەیشتنێك یان پرۆژەو میتۆدێکییان بۆ بەفرچکدان و پیادەکردنێکی کوردییانە بۆ چەمکەگەلی دیموکراسی و ئازادی هەبێت. لەوەش زیاتر، من بەگومانم لەوەی کە بەشێکی بەرپرس و لێپرسیارانەی تەواوی حیزبە درشت و وردەکانی کوردستان، کە وێنەی "دەسەڵاتی کوردی" دەنوێنن، ئاگایەکی چاوەڕوانکراو و تۆکمەیان بۆ ئەو چەمکگەلەهەبێ. چونکە، بەگشتی، بەدەراوێتەکردنی چەند بەرپرسێکی دەگمەن نەبێ، کە رەنگە دەسەڵاتێکی مامناوەندییان هەبێ لەو حیزبانەدا، بەهۆی ئەو ناوکۆییە کوردی و پشتێنەی خەباتی حیزبی کوردی لەشاخ، نە لەزانستگایەك لەو بوارانەی کە ئەوان کاری تێدا دەکەن خوێندوویانە و نە بەخۆشیان حەزکاری رۆشنبیرییان هەیە.

وێڕای ئەمەش، من بەگومانم لەوەی کە هەتا ئەمڕۆش لەهەناوی حیزبی یان حکومەتی کوردییدا، پرۆژە و تیۆرییەك بۆ پراوەکردنی دەسەڵاتێکی ماریفەداریی هاوسەردەمانە هەبێت. ئەوەی کە ئەو گومانە لای من دروستدەکا، کێشەی ئەو ناوکۆییە کۆمەڵایەتی و بنەما رۆشنبیرییەی خودی ئەو حیزبانە و کۆمەڵگای کوردییە، کە ئەو حیزبانە ئاراستەدەکا. بەبڕوای من، بەهۆی ئەو پرۆسە دژوارەی کە کۆمەڵگای کوردی لەبندەستی رژێمی فاشی بەعسییدا تێیدا ژیاو دواجاریش ئەو قۆناغە تاریکەی، کە دوای راپەڕین لەئاکامی ئەو شەڕە خۆ خۆریەی نێوان ئەو دوو زلحیزبە، داوێنگریی بوو، ئیتر کۆمەڵگای



کوردی لەپرۆسەی وێڵبوونی خەونەکانییدا، ناخ و یادەوەریی تاڵانکرا. بەمجۆرە لەلای کورد بیرکردنەوە و ویستی دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی زانین و بەرهەمهێن، لاواز بوو. لەهەمان کاتدا، ئەو دوو زلحیزبە بەهۆی شەڕی خۆکوژیی و داگیرکردنی شوێنەکانی یەکتر، ئەوەیان لە یاد چوو کە وەك حیزبێکی دەمڕاستی نەتەوەیەکی جیاواز، بیر لەبە ماریفەکردنی دەسەڵاتی ئایندە بکەنەوە.

وەك دەزانین، کتوپڕ، بەهۆی رووداوی 11ی سێپتێمبەر، دەمگۆی رووخاندنی رژێمی سەددام هاتە ئاراوە. ئەگینا حیزبی کوردی هەرگیز لەبیری ئەوە نەبوون کە ئێستا دەیبینین.

بۆیە میکانیزمی بونیاتی ئەو دوو حیزبە کوردییە، ئەوەندەی بەندە بەلایەنگیریی ناوچەیی، ئەزموونی پێشمەرگایەتیی و حیزب پەرستیی، هێندە بەند نییە بەبونیاتی دەسەڵاتی دام و دەزگایەکی ژیاریی و مەدەنیی، کە لەنەخشە و پرۆژەی ئابووری، بونیاتنانەوەی کۆمەڵگا، پەروەدە و ... هتد. خۆی بەرجەستە دەکاتەوە.

لەم گۆشەنیگایەوە تێگەیشتن و هەرسکردنی ئەو چەمکانە، پێویستی بەخوێندنێکی پوخت و بەدواچوونێکی قووڵ هەیە. هاوکاتیش پیادەکردنی ئەو چەمکانە لای سیاسەتوان، بەبوونی ئەزموونی پەروەردەیەکی پێشینەوە فەراهەم دەبێ؛ واتا دەبێ سیاسەتوان لەپێشڕا بەو چەمکگەلەفرچکدرابێ و ژیا بێ.

بۆیە یەکێك لەهۆکارە هەر راشکاوەکانی "ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی" کە لەماوەی 17 ساڵدا "رووی راستەقینەی لەشەڕی براکوژیی

بەرجەستەکردەوە" ئەوەیە کە ئەو "دەسەڵاتە کوردییە"، بەو ناوکۆییە خێڵەکیی؛ تاکڕەوییەکەیەوە، لەسەر بناخەی ڕەتکردنەوەی بەرانبەر بەرهەمهاتووە، ئەو چەشنە پێکهاتەی دەسەڵاتەش هی کوردیی بێت یان نەتەوەیەکی تر، سیما و دیاردەیەکی شەڕانگێزو سەرکوتکار بەرهەمدەهێنێت نەك دەسەڵاتێکی دیمۆکراس. پێچەوانەکەشی مەگەر ڕوودانی وەرچەرخانێك یان دابڕانێکی رادیکالانە لەهەناوی کۆمەڵگا یان هێزی ڕووناکبیریی و سیاسییدا ڕووبدات، کە ئەو چەشنە دەسەڵاتە بەرەو هاوسەردەمبوون بەرێت.

بە دیوێکی دیکەشەوە، حیزبی کوردی، کە ئەمڕۆ بەسەر سێ شاری کوردییدا دەسەڵاتدارە، بەرهەمێکی هەڵبزڕکاو و شەپڵداری ئایدیۆلۆژیی سۆڤییەتی کۆن، بەتایبەتیش، لاسایکارەوەو تێکەڵییەکی دەستکورتی ستالینیزم، حکومەتە داپڵۆسێنەرەکانی جیهانی عەرەبیی-ئیسلامیی، یان بەلای کەمییەوە دەرهاوێشتەیەکی خێڵسالارانەی کوردییە.

وەلێ مخابن، دوای تەپینی کارەساتاوی مۆدیلەکانی ستالنیزم و ریسوابوونی حکومەتەکانی ناوچەکە، کەچی حیزبی کوردی- دەسەڵاتی کوردی و بگرە ڕووناکبیرە دەمڕاستە سیاسییەکانیش لەباشووری کوردستاندا، نەیتوانییووە بەویستگەراییەك، لەبونیاتەوە خۆیان بگۆڕن، بەڵکو، وەك دەبینین، لەکاتێکدا ئەمڕۆ سەرتاپای رۆشنبیریی و مێدیای کوردی لەلایەن ئەو دوو زلحیزبەوە قۆرخکراوە، بەڵام بەهۆی فشاری دەرەکیی یان دەستخەڕۆدانی هاووڵاتیاندا، هەوڵدەدا دەمامك و



دێوجامەیەك بەناوی "کۆمەڵگای مەدەنی"، "ئازادی دەربڕین" و ... هتد، ، بپۆشن.

ڕاستییەکەی کۆمیدیای ئەو دەسەڵاتە کوردییە و جڤاکیی ئێمە لەوەدایە، ئێستا هەڵگری مۆراڵێکە بەهێنانەوەی کۆمەڵێك بڕ و بیانۆی وەك: "زلهێزەکان و وڵاتەکانی دەوەر و بەرمان، ڕێنادەن سەربەخۆ بین". سەبارەت بەو هەموو ناعەداڵەتیی و وێرانکاریانەی کە لەژیانی کوردی تەنیوەتەوە، قسەگەلێکی وەك: "چیمان پێناکرێ"، "جارێ ئەمێریکا لێرەیە ئەو حیزبانە ناتوانن شەڕ بکەنەوە"، "خۆ من/ئێمە لەو خەڵکە زیاتر نین" و ... هتد، هەموو دیاردەیەکی روخێنەریان لەژیانی کوردییدا کردۆتە حیکات. ئیتر هەموو کەسەکان، بەدەسەڵات و غەیرە دەسەڵاتەوە، حیکایەت دەگێڕنەوە، بێئەوەی کەسێك لەو هەموو دیاردە بەحیکاتراوانە، بگاتە کۆتاییەك. بۆیە دەکرێ وەك دیاردەیەك لە"حیکاتخواز"، ئەو "دەسەڵاتە کوردی"یە، ناودێر بکەین.

لێرەڕاتێدەگەین کاتێك ئەو "دەسەڵاتە کوردییە" کە ئەزموونەکەی بە"شەڕی براکوژی" خەتم دەکا، دیاردەیەك نییە کە لەمەتەڵ بچێ کە سەرمان لێی دەرنەچێ. بەڵکو، بەپێچەوانەوە، ئەوەی کە ئاراستەی ئەو حیزب و بەناو دەسەڵاتە کوردییە دەکا، ئەوە ناکۆکیی، کۆنتێکستێکی کوردییە. هاوکاتیش بەلاساییکردنەوەیەکی قەتیسماو مۆدیلی حکومەتە ئیفلیجەکانی جیهانی ئیسلامی پیادەکاتەوە.

بە وتەیەکی دیکە، شێوازی هزرینی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو دەسەڵاتە کوردییەی کە تۆ ناوی دەبەی، ئەوە شێوازی هزرینی کوردی نییە، بەڵکو شێوازی هزرینێکی بیژۆکی دەستەواکراوە، کە لەرێگای زمانی ڕۆشنبیریی و ئاگایی دەسەڵاتە باڵادەستەکانی دەرەکییەوە، ئاراستەی ناخ و ئاگایی کوردی کراوە.

کارەساتی زۆرینەی نەتەوەی بندەست و داوێنگر بەجەنگ و کوشتوبڕی، کە کورد نموونەیەکی بەرجەستەکراومانە، دوای رزگار بوون بەنەخۆشییەك دەتلێتەوە، کە لەدەروونناسییدا پێی دەوترێ "posttrauma/**پۆست تراوما**"؛ واتا ئەو مێژووە شەڕنگیرەی کورد برین و ئازارێکی زۆری لەدەروون و ناخی حیزب و جڤاکی کوردی دروستکردووە، کە رەنگە هەتا مەودایەکی دوور و درێژ بەرۆکی بەرنەدا. ئەمەش لەئاستی سیاسییدا نموونەیەك لەدەسەڵاتی گەندەڵ، ئفلیج، خۆ خۆر، رق لەخۆبۆوە، دڕدۆنگ، تەمبەڵ، خەمسارد، سپلەو... هتد بەرهێناوە کە ئەمڕۆ دەیبینین.

ئەگەر، بەواتای فۆکۆ، دەسەڵات، وەك بەرهەمێك لەماریفە، دیاردەیەکی کاراو بەرهەمهێنەر بێت، کەچی لەئاستی واقیعی ڕۆشنبیریی و سیاسییە کوردیدا، دەسەڵات دیاردەیەکی کەهێڵ (پەسییڤ) و روخێنەرە. چونکە دەسەڵاتی کوردی، لەپانتاییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکەیدا، هێزێکە لەرەوتە ستراتیژییەکەیدا، هێندەی خەریکی تێکشکاندن و ئیفلیجکردنی ویستی ئەفراندن و سەرفرازی روحی



کوردی بووە، ئەوەندە هەڵگری پرۆژەیەکی داڕێژراوی فرەژاندن و بونیاتنانی ڕۆشنبیریی و ئاگاییەکی جڤاکی نییە.

لەم روانگەیەوە، دەکرێ گشت سیماو دیاردەکانی "دەسەڵاتی کوردی"، وەك نموونەی دەسەڵاتێکی تۆڵەکەرەوە لەو رابردووەی خۆی، تیۆریزە بکەین. رەنگە شتێکی نوێ نەبێ، ئەگەر بڵێین، لەروانگەی دەروونناسییەوە، پەروەردە و هەڵسوکەوتی یان ژینگە کاریگەریی و شوێنپێیەکانی خۆی لەسەر باری روحی و دەروونی مرۆڤگەل یان کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێ. بۆیە "دەسەڵاتی کوردی"، ئەوەندەی هێزێکی ئامادەکراوە بۆ شەڕەنگێزی و تۆڵەکردنەوە لەبێدەسەڵاتەکان، هێندە هەڵگرێ یادەوەریی لێبووردن و لاشەڕی نییە.

وێڕای ئەو ئامـاژە خێرایانەی کە بۆ تیۆراندنی ئەزموونی رەفتارەکانی "دەسەڵاتی کوردی" ، پێشنیازمان کرد، بەڵام دوای رووخاندنی رژێمی عێراق لەساڵی 2003 ەوە، ئەو هەڵسوکەوتە دووانە هزرین/پەرادۆکسانەی کە لەو "دەسەڵاتە کوردی"یەدا دەیبینین، دەکرێ لەروانگەی تیۆریگەلی چەندان بواری وەك کۆمەڵناسی، دەروونناسی و بگرە جیهانگیرییشەوە، راڤەی بکەین. لێ، بەبڕوای من، کێشە ئەوەیە ئەمڕۆ هیچ تیۆریزەکردنێك لەرەفتارەکانی ئەو "دەسەڵاتە کوردی"یە، نە شتێك لەژیانی خۆمان دەگۆڕێ و ، نە ئەو دەسەڵاتە کوردییەش باکی بەپێشنیازەکانی ئێمەوە هەیە. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە: بەبەراورد لەگەڵ ئاستی ئەو ئاگایی و

www.pertwk.com

خەونەی کە دەسەڵاتی کوردی هەڵگریەتی، هەروا ئەو پاشخانەی کە ئەو دەسەڵاتە خاوەنیەتی، ئەمڕۆ لەو کاتەی کە کۆمەڵگای کوردی و عێراقی لەچرکەساتێکی کلۆڵی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... هتد بەسەر دەبا، کەچی بەهۆی ئەو کۆمەکییە ماددیی و مانەوییە زۆرەی کە لەلایەن ئەمێریکاوە بەو دوو حیزبە دەبەخشرێ، توانیوویانە لەرێگای بەرژەوەندییەوە زۆرترین هێزی جەماوەری و رووناکبیریی لەدەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە. بۆیە هەروەك دەبینین، وێڕای ئەوەی کە ژیانی کوردی لەپێداویستییە سەرەتایەکانی وەك ئاو، کارەبا، خزمەتگوزاری و مافە مرۆڤایەتییەکانی بێبەشە، کەچی ئەو دەسەڵاتە کوردییە، بەدوو قۆڵی، لەرێگای فیستیڤاڵ و یادکردنەوە هەمەجۆرەکانییەوە، بەهەڵپەڕاندن و بەتاڵکردنی ئەو هێزە جەماوەریی و رووناکبیرییەی کوردییەوە سەرمەستە.

کەواتە لەو دیمەنگەلەرۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ رووناکبیر لەکاتی پێشهات و شەقامی کوردیدا نمایشی دەکا، ناتوانین ئاستەنگ و قەیرانەکانی ئەزموونی ئەو دەسەڵاتە کوردییە ، تەنیا بەخەوشی خودی ئەو دەسەڵاتە بزانین. بۆیە ئەو ئاستنگ و قەیرانەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی بەرهەمیهێناوە، بەندە بەخەمساردی و ئیفلیجی ئەو هێزە چاوەڕوانکراوەی کە پێیدەڵێین "دەسەڵاتی رووناکبیریی".

لەم دیدەوە ئەوەی کەئێمە بە"دەسەڵات" ی کوردی ناویدەبەین، دەربڕینێکی لەبارنییە. چونکە دەسەڵاتێکی سیاسی، **خاوەنی "گوتار/دیسکۆرسێکی تایبەتمەند بەخۆیەتی.** لەوانە: دەبێ خاوەن



بڕیارێکی سیاسی بێ بۆ پاراستنی سەروەریی دەوڵەتەکەی؛ واتا خاوەن هێزێکی سەربازی تۆکمەی یەکگرتوو بێت، کەبتوانێ لەکاتی هەڕەشەکردن بۆ بەزاندنی سنووری سەروەری وڵاتەکەی، داکۆکی لەخۆی و خاکەکەی بکات. بەڵام وەك دەزانین دەسەڵاتی کوردی لەبەرانبەر هاووڵاتیانی پاڵەوانە، کەچی ئێستا دەبینین کەتورکیا رۆژانە هەڕەشە لەسەرەوەریی خاکی باشووری ژێر دەسەڵاتی کوردیی دەکا، ئێمەش چاوەڕوانی حکومەتی بەغدا و ئەمێریکا دەکەین کە لەو هەڕەشانەی تورکیا بەدەنگ بێت! لێرەوە کێشەی پێناسەکردنی ئەو "دەسەڵاتە کوردی"یە و توانای بەرانبەر هێزی دەرەکی بۆ دەردەکەوێت. کەواتە، بەکورتی، دەسەڵاتێکی سیاسیی لەهەر وڵاتێك، دەبێ خاوەن سیاسەتێکی تایبەتمەندی ناوەکی و دەرەکی خۆی بێت. پرۆژەیەکی کولتووریی سیاسی، ئابووری، پەروەردە و ... هتد، خۆی بێت.

وەك دەبینین دوای رووخانی رژێمی عێراق، وێڕای ئەوەی کە هێزە سەربازییەکانی ئەمێریکا، زاڵەبەسەر هەموو سەروەریی کوردستان، کەچی دەسەڵاتی کوردیی بەخۆی بڕیاری ئەوەیدا کە "دەسەڵات"ی خۆی و سەرەوەریی کوردستان تەسلیمی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بکاتەوە، کە 13 ساڵێك بوو خۆی بەڕێوەی دەبرد. لێرەوە ناتوانین بڵێین کە دوای روخانی رژێم، ئەو دەسەڵاتە وەك دەسەڵاتێك بیر لەداهاتووی خۆی دەکاتەوە، بەڵکو وەك دەسەڵاتێکی **کاتیی و دەراوێتەیی** لەخۆی روانیووە. وێڕای ئەمەش ئەو دەسەڵاتە کوردییە،

خاوەنی هیچ بنەمایەکی ئابووری سیاسی خۆی نییە، بەڵکو وەك هێزێك ئەمێریکا بەخێوی دەکا. لەوکاتەی بەناو دەسەڵاتێکی کوردی، دوای 15 ساڵ زیاتر (لە1991ەوە تا 2006)، خاوەنی هیچ دامودەزگا و دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی و ... هتد سەربەخۆ نەبێ، چۆن دەتوانین بە"دەسەڵات" ناوی بەرین؟ دەسەڵاتێك تا ئەمڕۆش، پەرلەمانێکی هەیە کە نەیتوانیووە هیچ بڕیارێکی سیاسی بدا، ئەو چ دەسەڵاتێکە؟ دەسەڵاتێك کە دوای 15 ساڵ لەفەرمانڕوایی، نەیتوانیووە، بیر لەگۆڕینی سیستەمی پەروەردەی ڕژێمی بەعسی بکاتەوە، چۆن بەدەسەڵاتێکی کوردی ناودێری بکەین؟ دەیان ئاستەنگ و کۆتی گەورەی لەم تەرزە، کە وامانلێدەکا، گومان لەڕاستینەیی، ڕەسەنی و واقیعییەتی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بکەین.

بۆیە، بەلای منەوە، ئێمە دوو حیزبی باڵادەستیی کاتی و دراوێتەییمان هەیە، نەك دەسەڵاتێکی خودان سەروەریی کوردی. تۆ بڵێی کورد دوای ئەو هەموو ساڵەلەبەرانگار بوونەوەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عەرەبیی باڵادەستی عێراقی و دواجاریش ئەو هەموو "تەهجیر"، "تەعریب"، ئەنفال"، "هەڵەبجە" و ... هتد، بەو گاڵتەجارییەی کە دوو دوو حیزبی کوردی چەندانە ساڵە، بەئارەزووی خۆیان بەسەر دوو حکومەتی "بێ" حیکمەت، "بێ" قانوون،"بێ " پرۆژەی ئابووری سیاسی و کولتووری، "بێ" سەوەرەی سیاسی کوردستان و ... هتد، دابەشیکردووە، ڕازی بێت؟! ئەگەر ئەوە ویست و خواستی نەتەوەی کورد بێت، کەواتە قسەکردن لەخەبات و



قوربانییەکانی سەردەمی سەددام، قسە کردن لە"خەونی کورد"، لەحیکایەتییەکی دەستخەڕۆدەرانە بترازێ، هیچی تر نەبووە/نییە.

لێرەوە ئەو دەسەڵاتە کوردییە، لەو بارودۆخەی کە ناوچەکە و خودی ئەو عێراقەی کە ئەو، لەسەر حیسابی قوربانی جەماوەری کورد و بەقوربانیکردنی ئەو دەسەڵاتە نیوەچڵەی خۆی کە لەگەمژەی بەڕێوەبردنی گێژی کردووە، ڕەگەزێکی کارای دامەزراندنەوەیەتی، هەوڵدەدا وەك کەسێکی برسی هەتا ئەو کاتەی کە لەبەغداوە جڵەو دەکرێتەوە، مەیلەدەمبەستکراوەکانی خۆی، کە لەژێر دەسەڵاتی سەدامدا هەست و دەروونی سیخناخکردووە، دواجاریش فەشەل و ڕیسوابوونە قێزەونەکانی ئەو 15 ساڵەی حوکمی خۆی، لەو ماوە کورتەدا، بەدزین، گەندەڵی، ڕەفتاری هەڵەشەیی، سەرکوتکردنی جیاوازییەکان و... هتد، بەسەری بردووە، قەرەبۆ بکاتەوە.

بەهەمە حاڵ، لێرەدا بواری ئەوە نییە کە سەر لەدوو ئەو پرسە تەڤلەهەڤە بنێین، بەڵام ڕەفتارەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییەی، کە من بەدەسەڵاتێکی **نیوەچڵی** حیزب، نەك کوردی ناودێری دەکەم، بەرهەمی **ناکۆییەکی نووشست هێنەر و یادەوەرییەکی تاڵانکراوە.**

لێرەدا دەستەواژەی نیوەچڵ واتای شتێك نییە کە هێشتا تەواو یان نەخەملیووە، بەڵکو بەواتای شتێکە کە نە **ئەوەیە و نە ئەویهێشە**؛ واتا ئەوەی کە پێی دەوترێ دەسەڵاتی کوردی، نە دەسەڵاتە بەمانای دەسەڵات، نە دەسەڵاتیش نییە. بەکورتی **دیاردەیەکی نەخوازراو، خۆنەکردە، یانیش لەتیۆریزەکردن بەدەرە.** کەواتە ئەو دەسەڵاتە

کوردییە، بەرهەمهێنانەوەی قەیرانی ئەزموونێکی هەرەسهێنەرە، کە لەستالینیزم و رژیمە عەرەبیی-یسلامییەکاندا دەناسرێنەوە. وێڕای ئەمەش، ئەو بونیاتە قەتیسماوەی کۆمەڵگای کوردی، کە لەنەریتگەرایی و ئاوەزی خێڵسالارییەی کوردستاندا بەرجستە دەبێتەوە، وێڕای **بیژۆکی دیاردەی رووناکبیریی** کوردیی، رێگە خۆشکەرە بۆ مانەوە و باڵادەستی ئەو دەسەڵاتە حیزبگەرا و دەمامکدارە.

وێڕای ئەم بیرۆکانەی کە من بەخێرایی بۆ تیۆریزەکردنی ئەو دەسەڵاتە کوردییە نمایشمکردن، نابێ ئەزموونی میرنشینەکان؛ یادەوەریی مێژووی سیاسی کورد لەیاد بکەین، کە ئاکامی تەواوی ئەو مێژووە، بەتێکشکان و خاکەساریی، کۆتاییان هاتووە.

ڕزگار عومەر :- دوای پانزە ساڵ لەئەزمونی دەسەڵاتی کوردی، ئەم دەسەڵاتە لەڕۆژگارێکدا درێژە بەم ئەزمونەی خۆی دەدا، کە لەگرەوی کۆنترۆڵ کردنی نارەزایەتیە جەماوەریەکاندایە. بۆ ئەم کۆنترۆل کردنە زۆر ڕێگا دەگرێتە بەر، جارێك بەمیلیتاریزە کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و تەقە کردن لەخەڵکی سیڤیڵ، جارێکی تر بەهەڕەشە، جارێکی تر بەبۆیە کردنەوەی بەڵێنە سواوەکان، جارێکی تر بەمیدیا. پێت وایە ئێمە لەئایندەدا بەرەو ڕووی گۆڕانکاری چارەنوساز دەبینەوە، کە هیچ لەم وەسیلانەی دەسەڵات نەتوانێ کۆنترۆڵی ئەم شەپۆڵانە بکات؟



هەندرێن :- بێگومان ئەو پێشهاتانەی کە پێشهاتن، واتای نارەزایییەکی راشکاوانەی جەماوەریی و سیاسی لەبەرانبەر ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەرجەستە دەکەنەوە. من لەبەرسیڤی پێشوودا هەوڵمدا ئاماژە بەو ئاراستەیە بکەم کە ئەو دەسەڵاتە ئاڵۆزکاوەی کوردی پەرەی پێدەدا. ئێمە کە لەنیگەرانیمان بۆ دەسەڵاتی کوردی، رەنگە بتوانین، بەهۆی زۆر هۆکار، چاوپۆشی لەکۆمەڵێك کارەساتی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بکەین، کە لەقۆناغی شەڕی ناوەخۆییدا بەرهەمهێنەری بووە، بەڵام ئەو دیاردە گەندەڵیی و ناعەدالەتییەی کە لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە ئەو دوو حیزبە بەشێوازی جیاواز پیادەی دەکەن، ئەگەر ئێمە خەمخۆری یادەوەریی خۆمان بین، جێگەی تێڕامانێکی قووڵە. لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا، وێڕای ئەوەی کە ئەو دوو حیزبە خاوەن بودجەیەکی گەورەی پارە و بانگەشەکارێکی زێدەڕۆی "دیموکراسی، "کۆمەڵگای مەدەنی"، "ئازادی دەربڕین"ن، کەچی ئەو رەفتارانەی کە لەبەرانبەر ئەو زنجیرە نارەزایی و داواکاریانەی هاووڵاتیان نیشانیانداوە، ئەوە بەدەر دەخەن کە ئەو دەسەڵاتە هەڵگری ئەزموونێکی داپلۆسێنەرە. لێرەوە دەبینین، لەو ماوە کورتەدا، ئەو دوو حیزبە بەخۆی، رەفتار و بانگەشە ساختەکارەکانیان ریسواکرد.

میتۆد و شێوازەکانی پدك ینك لەبەرانبەر رووداوەکانی ئاکرێ، کەلار، خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران، خەڵکی هەڵەبجە و ... هتد، ئاماژەیەکی بێئومێدە بۆ داهاتووی خۆیان و کۆمەڵگای کوردی.

www.pertwk.com

هەڵبەتە کاتێك ئەو دوو حیزبە لەرێگای هێزی ئاسایش و یاری مێدیایەکانیەوە، بەرەفتارە رەق و مانۆڕە دواکەوتووەکانیەوە ، هەموو خەوشەکانی خۆی دەکاتە حیکایەت؛ واتا نکوولی لەهەموو گەندەڵی، دزی، بەبازاڕکردنی حیزب بۆ فایلدار و کۆنە جاشەکەکان، ناعەدەلەتی، بێ کارەبایی و ... هتد، دەکا و بەبانگەشە ساختەکانیان ئەو دیاردانە رەوادار دەکەن؛ کاتێك هەموو ناڕەزایی و دەنگهەڵبڕینەکانی هاووڵاتیان بەبوونی "دەست"ی دوژمنان، پینە دەکرێن و سەرکوتدەکەن؛ کاتێك رۆژ لەدوای رۆژ بۆشاییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە و گروپە جیاوازەکانی دەرەوەی ئەو دوو حیزبە قووڵتردەبنەوە، ئیتر ئەگەر ئەو دەسەڵاتە حیزبییە بەخۆیدا نەچێتەوە، ئەوە بێگومان، لەئاییندەیەکی دوور و نزیکدا، دەنگی ناڕەزایی ئەو "شەپۆل"ە پەرژ و بڵاوانە خۆیان رێکدەخەن و دەتەقنەوە. ئەوکاتەش ئیتر دەسەڵاتی کوردی بەبیانۆیە حازر بەدەست و بەو میتۆدە لەکارکەوتووانە، ناتوانن ئەو تەقینەوانە کۆنترلبکەن.

ئەگەر ئەو دوو حیزبە لەهەناو هیلاك و لەرووخسار بەختەوەرەی کوردیی، کەمێك لەو سەرمەستیی سەرمایەدارییە بەئاگا بێنەوە، ئەوە تێدەگەن کە بەو ژیانە جەڵەبییەی کە بۆ خەڵکیان درووستکردووە، بەو میتۆدە ماددی و سەربازییەی کە بۆ فریودان و دەمبەستکردنی کۆمەڵ پێڕۆی دەکەن، ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەو هەموو گروپە لەهاووڵاتی و هێزە جودایە خوێن تاڵکراوانە: لەمافی ئازادی، یەکسانی، ئازادی سیاسی، ئابووری و ... هتد، بێدەنگ بکەن.



چونکە خوێن تاڵکردن و گۆشگیرکردنی گروپە جودایەکان لەمافی ژیانی ئازادی، سیاسی، هاووڵاتیبوون... هتد، شێوازێکە لەکوشتنی مرۆڤ.

کەواتە ئەو دەسەڵاتە ئەگەر بەمجۆرەی کە دەیبینین بەردەوام بێ لەخوێن تاڵکردن و پەراوێزکردنی ئەو "شەپۆلان"ە، ئەوە بەو حیکایەتانە ناتوانێ مەرگی داهاتووی خۆی فەرامۆشبکا.

ڕزگار عومەر :- سەبارەت بەئایندەی ئەم جموجۆڵەجەماوەریانەی کوردستان تێگەیشتنی جۆراوجۆر تاوتوێ دەکرێ. ئەگەر ئەم جموجۆڵە فراوانتر ببێ و شارە سەرەکیەکانی کوردستانی بگرێتەوە ، بەئاستێك کە هەیبەت و هەژموونی ئەم دەسەڵاتە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەرزی گەورەی تێ بکەوێ لەکۆنترۆڵ کردنا. لەبارودۆخێکی وادا، لەنەبوونی پرۆژەیەکی دیاری کراوی سەرتاسەری جەماوەری لەکوردستان بۆ دیموکراسی و بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پێت وانیە ئەنجامەکانی بەشێوەیەك بێ کەبچێتە گیرفانی بەدیلەکانی تر کە برا بەشن لەدەسەڵاتی کوردی وەکو حیزبە دینیەکان؟ ئەگەر ئەم دوو دڵییە راستیەکی تێدایە، پێت وایە چ پرۆژەیەك دەتوانێ بەر بەئەنجامی لەو بابەتە بگرێ؟

هەندرێن :- پێشهاتەکانی ئەو دواییانەی ناوچە و جیرانەکانی کوردستان، ئەزموونێکی بەلگەنەویستن بۆ ئێمە و ئەو دوو زلحیزبەی کوردی بگرە جیهانیش. ئەو دۆخە نوێیەی کە"جیهانگیریی و

بەجیهانبوون" قووتی کردۆتەوە، دیاردەیەکی ئاڵۆزکاوی لەجیهانی ئیسلامی دروستکردووە. لەوێدا بەهۆی هێرشەکانی بازاڕی سەرمایەداری و بەرەواجبوونی تەکنکیك، کە لەوەدا چەمکەکانی وەك ئازادی و دیموکراسییش کراونەتە کەرەسەیەك بۆ بازرگانی سیاسیی، ئەوانە ناخی مرۆڤی جیهانی ئیسلامییان لێکترازاندووە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە، هەبوونی دەسەڵاتی سەربازی ئەمێریکا لەو ناوچەیە باڵادەستبوونی بەسەر سیاسەتی جیهانییدا، ئەو دۆخەی زێتر تەڤلەهەڤ کردووە. وەك دەزانین ئەو شاڵاوە تەکنیکی و سیاسی و کولتوورییەی کەرۆژئاوا و ئەمیریکا، بەرتەکدانەوەیەکی بەرچاوی لەجیهانی ئیسلامیدا بەرهەمهێناوە، دواجار بەبیانوی سەپاندنی کۆمەڵێك مەرج و دیاردەی جودا لەلایەن بازاری سەرمایەداری و هێزی باڵادەستی سەربازییانەی ئەمێریکی بەسەر دەسەڵات و کۆمەڵگایەکانی جیهانی ئیسلامیی، رەوتی ئیسلامی سیاسی بەگوتارە "ئیدیال"ەکانییەوە، توانیوویەتی رەوایەتییەکی بەرچاو لەو کۆمەڵگایانەدا بەدەست بهێنێت.

بەڵام لێرەدا ئێمە رووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورەی پێوانەکارییین، چونکە لەکاتێکدا کە ئێمە وێنایەکی دزێومان بۆ ئەو حیزبە ئیسلامییانە بەرهەمهێناوە، کەچی ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی لەسایەی ئەو "دەسەڵاتە کوردی"یەدا، لەژیانێکی هەرزان و چەواشەکاردا دەژی. گەلۆ لەکاتێکدا لەماوەی پانزە ساڵە ئەو دەسەڵاتە کوردییە بوونی کوردی تێکدەشکێنێ، دەبێ جیاوازی ئەو دەسەڵاتە لەبەرانبەر حیزبی



ئیسلامی، لەچیدا بێ؟! ئایا ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بەمجۆرە مێگەلاندنەی خەڵك بەردەوام بێ، ئەوە کوشتنی ژیانی ئازادی و ئاییندەی کورد نییە؟ بۆ من تێکشکاندنی ویستی جیاوازی سەروەری مرۆڤ، لەژێر دەسەڵاتی هەر هێزێك بێت، یەك گەهەوری هەیە.

هەر چۆنێك بێت، وەك دەزانین بەهۆی نەبوونی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتە سەرکوتکەر و وابەستەکانی جیهانی ئیسلامی، هێزە ئیسلامییە سیاسییە جودایەکان، هەتا دێ هەڕەشەی زیاتر لەو حکومەتە گەندەڵانە دەکەن.

لەئاکامی ئەمەدا بینینمان هێزێکی ئیسلامی وەك حەماس لەفەڵەستین بەهەڵبژاردن و لەرێگای چەمکی دیموکراسی و ئازادیدا بردیانەوە. وەك دەزانین ئەوەی کە زەمینەی بۆ سەرکەوتنی حەماس خۆشکرد، گەندەڵیە زۆر و قۆرخکردنی هەموو مافەکانی خەڵکی فەڵەستین بوو لەلایەن بزاڤی فەتحەوە، لەپێشەوایان دزییەکانی یاسر عەرەفات و سەرکردایەتی ئەو بزاڤەوە.

هاوکاتیش ئەوە بانگەشەکانی ئەحمەدی نەژادی بوو بۆ کۆمەکی هەژاران و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هەروا راگەیاندنی سیاسەتی راشکاوانەی بەدژی ئەمێریکا بوو، کە لەهەڵبژاردندا توانی دەنگێکی زۆری خەڵك بۆ خۆی دەستەبەر بکا و لەئاکامیشدا ببێتە سەرۆکی ئێران. ئەمانە چەند بەڵگە و ئەزموونی دیارن کە لەو ماوە کورتەدا، لەئەکامی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی، ملهوڕی و ... هتد، دەسەڵاتە چەواشەکارەکان بەرجەستە بوونەوە.

www.pertwk.com

بە هەمان شێوە، ئێستا هێزە ئیسلامییەکانی ناو ئەو بەناو حکومەتانەی کوردی بەرەو هەمان هەنگاو کار دەکەن. ئەو هێزانە لەرووی سیاسی و شێوازی کارکردنەوە زۆر زرنگانە ئازارەکانی جەماوەری خوێن تاڵکراو و پەراوێزکراوی کورد دەلاوێننەوە. ئەو گوتارە ئایینیەش لەناخی کۆمەڵگای کوردییدا دەکرێ بەئاسانی لەلایەن ئەو حیزبە ئیسلامیانە مۆبیلیزە بکرێ و بەرەو بەئیسلامیکردنی جۆشبدرێن.

بۆیە رێگە گرتن لەو رەوت و ئاکامەی کە چاوەڕوانکردنی شتێکی سەیر نییە، لەئاستی تیۆریدا زۆر ئاسانە، لێ لەئاستی پراوە و پیادەکردنی بۆ ئەو دەسەڵاتەی کوردی بەئاسانی نابینم. من لێرەدا دەتوانم بۆ رێگەگرتن لەو ئەگەری بردنەوەی هێزی ئسلامییە لەکوردستان، لیستێك لەپێشنیازی رادیکال نمایش بکەم. بەڵام ئایا حکومەتی کوردی، لەو دۆخەی کە سەرمەستە بەسەرمایەداریی و مشەخۆری، ئامادەیی تێدایە، نەك هەر ئەو پێشنیازانە پیادە بکا، بەڵکو بشیان خوێنێتەوە؟! من یەك بەباری خۆم گومانم هەیە. راستە ئەو دوو حیزبە بەهۆی بێزەوەری ئەو ئەزموونەیان، خەریکی کۆمەڵێك چاکسازیی لاوەکین و رەنگە لەداهاتوودا، "ناچاربن" لەو چەشنە چاکسازییە رووکەشانە بەردەوام بن، بەڵام من پێم وایە هەتا ئەو هەرارکییەی حیزبی کوردی لەسەرەوە هاتا خوارێ، پچڕ پچڕ لێکجودا نەکرێتەوە، ئەو حیکایەتەی دەسەڵات؛ گەندەڵی و پرۆسەی مێگەلاندنەی کۆمەڵگا، هەر درێژەی دەبێ.



مەبەست لە"حیکایەت"، ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەو حیزبانە، بەوتنەوەی بیانۆگەلێکی وەك: "خەڵك ناهۆشیارە"، دوژمنانمان چاویان بەئەزموونی ئێمە هەڵنایێ، "دوای یەکگرتنەوە" و دوا ... هتد، بەردەوامن لەقووڵکردنەوەی ئەو کێشە گەورانەی کە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردییان گرتووە. لەوەش کارەساتر، هەمیشە وتنەوەی وشەی "گەندەڵی" لەجەم سەرۆك و ئەو بەرپرسیارانەی، کە خودی خۆیان گەورەترین گەندەڵن، ئیتر خودی گەندەڵیی بۆتە شتێکی ئاسایی؛ ژیانێکی داسەپاو. لەروانگەیەوە دەبینین کاتێك کە دیاردەیەکی مەترسیداری وەك "گەندەڵی" دەبێتە دەنگۆ و هەموو کەس لەسەری قسە دەکا، ئیتر ئەو دیاردەیە، جا هەر جۆرە دیاردەیەك بێت، ناوەڕۆکەکەی خۆی لەدەستدەدا.

لەوەش زیاتر، گەلۆ تۆ بڵێی تا هەنووکەش ئەو حکومەتە کوردییە، هەستی بەوە نەکردبێ کە ئەو هێزە ئیسلامییە هەڕەشەیەکە لەسەری؟!

لێ ئەوەی ئەوەی دەتوانێ لەبنەبڕکردنی ئەو نیگەرانییە دڵنیامان بکاتەوە، گەڕانەوەی ئەو دوو زلحیزبە کوردیی و حیزبەکانی تری کوردستانە بۆ بیرکردنەوە، گەڕانەوەی بۆ پرسیارکردن لەرابردوو و داهاتووی خۆیان، گەڕانەوە بۆ باوەشی جەماوەر، بۆ گوێگرتن لەناڵەی ئەو خەڵکەی کە تا ئێستاش بەئازاری ئەنفال، تەهجیر و ... هتد، دەتلێنەوە، بۆ ئەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەو گروپ و توێژە جودایانەی

کۆمەڵگا کە ئەو دەسەڵاتە بەرەفتارە گەندەڵەکانی، لەژیانی ئازادی، مافی خزمەتگوزاری، یەکسانی و... هتد، گۆشەگیر و خوێنتاڵکراون.

لەکۆتاییدا من پێم وایە، بۆ ئەوەی بەرێگای دیموکراسییەکی ڕاستگۆیانە، رێگە لەو دوودڵییە بگرین دەبێ سەرتاپای ئەو ئەو شتەی کە ناوی دەسەڵاتی کوردییە، هەڵوەشێتەوە. بەمەش جارێکی تر جەستەی ئەو حکومەتە بەمێشك و وزە و توانای سەربەخۆ؛ کارامە و دڵسۆزەکان، پێکبهێنرێتەوە. ئەمەش دەکرێ بەداڕشتنی پرۆژە و پرۆسەیەکی تۆکمە، کە تەرزێکی هێدی هێدی و لەسەرەوە بۆ خوارەوە، نەك تەنیا لەخوارەوە، پیادە بکرێ.

کەواتە دەبێ ئەو حکومەتە واز لەو بانگەشە چەواشەکارانە بێنێ، کە لەژێر دەمامکی "رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، ناوەندی رۆشنبیری، چاپەمەنی، رێکخراوی ژن/ئافرەت"، "کەرتی تایبەتی"، زانکۆ" و... هتد، کۆمەڵێك مەقەڕ و رێکخراوی حیزبی وەك کارگە و تەمبڵەخانەی فریودەر و گەندەڵی قووتکردۆتەوە. بەمەش دیاردەی بەمشەخۆرکردنی خەڵکی جودا و رووناکبیرانی کردۆتە سووکترین دیاردە لەبەر چاوی کۆمەڵگای کوردییدا.

وابزانم کێشەکانی دوو حکومەتە کوردییە هێندە راشکاون، تەنانەت نەخوێندەوارێکیش دەتوانێ پەنجەیان بخاتە سەر و رێگا چارەیان بۆ دابنێ. بەڵام دواجار ئەوەی کە دەتوانێ رێگا لەو دوورِدۆنگییە لەئاییندەی مەترسیداری ئەو حکومەتە کوردییە بگرێت، هەبوونی ویست و ئیرادەیەکی شۆڕگێڕانەی هاوچەرخ و ئەمکدار بوونی ئەو



حکومەتە و هێزی بەناو رووناکبیریی کوردییە بۆ یادەوەریی پڕ لەئەموونی تاڵی کوردیی و ئەزموونە نوێیەکانی دەوربەرەکەی خۆیدا.

**ڕزگار عومەر** :- دەسەڵاتی کوردی قەت وەکو شەخسیەتی دەوڵەت مامەلەلەگەڵ دونیای دەرەوەو پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ناکا. بەڵکو وەفادارێکی سەد لەسەدی یەکێتی خاکی عێراق بۆ دونیا دەدوێ. بەڵام هەر ئەم دەسەڵاتە بۆ گیانی هاوڵاتیانی کورد ، وەکو دەوڵەتێکی پۆلیسی، بەسەرخانێکی تێکەڵ لەپاتریارك و بەخیتابێکی ئیستیعارە کراو لەموفەرەدات و ریکلامی دیموکراسی سەرکوت پیادە دەکا، ئێستاش ئەم دەسەڵاتە لەتازەترین هەنگاوەکانیدا "یاسای دژی تیرۆری " لەپەرلەمانەوە بۆ خۆی پەسەند کرد، یاسایەکی لەو بابەتە کە هاوڵاتیانی ئەمریکا لەساڵی 2001وە باجەکەی لەئازادیە مەدەنیەکانی خۆیانەوە دەیدەن، لێکدانەوەی تۆ چیە لەم بارەیەوە؟

**هەندرێن** :- شتێکی بەڵگەنەویستە، کە"دەسەڵاتی کوردی" و "پەرلەمانە" شەکەتەکەی وەك درێژەدانێك لە"وەفاداری" بۆ ئەمێریکا، بەمجۆرە دەست و بردە "یاسای دژی تێرۆر"ی داناوە. هاوکاتیش ئەو یاسایە بیانۆیەکی لەبارە بۆ ئەو یاریانەی کە ئەو دوو حیزبە لەمەودوا بتوانن بەئارەزووی خۆیان، کەی پێویست بوو، دژی تاك و گروپە ناڕازییەکانی خۆی بەکاری بهێنن، بۆیە هەردووکیان، بێگرفت، لەسەر دانانی ئەو یاسایە رێککەوتن. لەکاتێکدا کە ئەو دەسەڵاتە و پەرلەمانەکەی پێویست بوو لەبری ئەو قانوونە، قانوونێك

www.pertwk.com

بۆ چاککردنی ژیانی کۆمەڵگا دابنێن. یاسایەك بۆ دادگاییکردنی خۆی، دز، کۆنە جاش و فایلدارەکان، بۆ مێژووی پڕ لەنەهامەتی و شەڕەنگێزی خۆی دەربکات. دواجاریش قانوونێکی بەڕاستی بۆ داکۆکیکردنی لەمافی ژن، زارۆك و ... هتد، سەپاندبا.

بۆیە ئەو قانوونە ئەوەندەی دژی خودی هێزە تێرۆریستەکانە، هێندەش دژی سەرکوتکردنی ئەو نارەزەییانەی تاك و گرووپە ئازادیخوازەکانی کوردە. بەلەبارچاوگرتنی ئەوەی کەئەمرۆ کۆمەڵگای کوردی، لەچاو کۆمەڵگای عەرەبیی عێراقییدا، هەڕەشەی تێرۆری لەسەرنییە. وێڕای ئەمەش، ئەو دەسەڵاتە بەدەملاسکەیەکی ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییە ئیسلامییە هاوپەیمانەکانی خۆی دەکا. بۆ نموونە لەکاتی خۆپیشاندانی هێزە ئیسلامییەکان لەشارەکانی کوردستاندا بەدژی بڵاوکردنەوەی پۆرتەرێتی موحەمەد لەدانیمارك، بەراشکاوی پشتگیری خۆیان بۆ تێرور نیشاندا. ئەوکات هەر ئەو دەسەڵاتە، نەك هەر هەڵوێستی نەبوو، بەڵکو هاوسۆزی خۆشی بۆ ئەوان نیشاندا.

وەك ئاماژەمان پێکرد، ئەو دوو حیزبە، لەوەتەی جڵەوی ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستانیان بەدەستەوەیە، وەك نوێنەرێکی بێوێنەی ئاشتی مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییە عەرەببیەکانی ناو عیراق، تورکیا، سوریا و ئیراندا دەکەن، کەچی لەرەفتاری خێڵسالاری و چاوسوورکردنەوەدا لەبەرانبەر خەڵکی برینداری کورد، زۆر ئازان. ئەو حکومەتەی کوردستان سالانە، لەژێر بانگەشەی دیالۆگیی کوردی-



عەرەبیی، فیستیڤاڵی ئەدەبیی و هونەریی سەدان نووسەر، گۆرانبێژ و سیاسیی عەرەبیی داوەتی کوردستان دەکا، گوایە بەوە کورد سەرفراز و شیرین دەکا. لەکاتێکدا، بەدەگمەن نەبێ، نووسەرگەلێك نرخدار لەسەر ئەو گاڵتەجاڕی و پارە پەخشان و تەخشانکردنە نانووسن! ئەو خاسڵەتە خۆ نمایشکارە بێ ویستگەراییە لەحیزب و نووسەرانی کورددا، بێجگە لەسووککردنی کورد و بەدواهاتنی هەرەسی کوشندە، هیچی تر نەبووە/نییە، لەمەش زیاتر، وەك کولتوورێك هەمیشە ئەو دیاردەیە بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەمەش، بەواتای نیتشە، زادەی هەستیRessrntiment /رێسنتمێنت؛ ناخێکی لەرزۆك و یەخسیری مرۆڤە بێئیرادەکانە. بەدەربڕینێکی دیکە، دەسەڵاتی کوردیی دەخوازێ لەژێر دەمامی ئەو جۆرە قانوون و یارییە چاوەشەکارانەدا، تۆڵەکردنەوە لەجەماوەری مافخوراوی کوردی، کە بێدەسەڵاتە، بکاتە رەوشتێکی بنەڕەتیی خۆی و هاوکاتیش بەدەرکردنی ئەو قانوونە، دەیەوێ لەهەمبەر ئەمێریکا، دەرەوەی خۆیدا، کە بێدەسەڵاتە لەبەرانبەریدا، وەك هێزێکی ئەمکەدار، خۆی نیشنابدا،

بۆیە ئەو حکومەتە بە"یاسای دژی تێرۆر"، هەم دەتوانێ بەکەیفی خۆی هەر کردەوەیەکی توونەدنی تاکەکەسیی یان گرووپێکی کوردیی دوو لەتێرۆریستیش سەکوتکبا و هەمیش کەسانی تێرۆریست.

**ڕزگار عومەر :-** حیزب و حیزبایەتی، نەك تەنیا لەکوردستان بەڵکو لەهەموو ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەندیەکی نەبووە

بەبزوتنەوەیەك بۆ دیموكراسی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی. من خۆم لەگەڵ ئەوە هاوڕام كە حیزب تەنیا وەسیلەیەكە بۆ پڕێزگاری، وەرگرتن و جێ گۆڕكێ لەدەسەڵات، جا ئەم حیزبە چ خۆی لەدەسەڵات بێ كەناچارە بۆ مانەوە لەدەسەڵات حیزب بەكاربێنێ، چ لەئۆپۆزسیۆن بێ كە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات حیزب بەكاردێنێ. بەڵام ئەم جۆرە لەتێگەیشتن بەجۆرێك لەنائومێدیەوە هێشتا بەرپەرچی دەدرێتەوە، جەماوەرێكی بەرین لەدەرەوەی حیزبەكاندا پرسیاری زۆرە لەو وەسیلەی كەدەتوانێ بەكاری بێنێ بۆ بەدەست هێنانی گۆڕان لەژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی خۆیدا، پرسیار لەوەی گۆڕان لەكۆمەڵگە چۆن بەبێ حیزب و بەبێ رابەرەكانی مەیسەر دەبێ؟ ئێمە لەدرەوەی حیزبدا رێگایەكی تر هەیە بیگرینە بەر بۆ دیموكراسی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی ؟

هەندرێن :- بەگشتی لەسەرتاپای ئەو جیهانەدا، حیزبێك نییە لەكاتی دەسەڵات پیادەكردندا، وەك ئەوەی كە لەدەرەوەی دەسەڵاتە، "عادل" بێت. هاوكاتیش بیرۆكەی "عەدالەتی" هەمیشە بیرۆیەكی ئیدیالی بووە و هێشتا بەشێوەیەكی رەها لەهیچ شوێنێك بەدینەهاتووە، هیچ ئیدیلۆگی و جیهانبینینەیەكی زانستی و ئایینیش ناتوانێ وەك ئەوەی دەخوازرێ و دەوترێ بەرجەستەی بكەنەوە.

من خۆم، وەك ئەوەی لەمرۆڤ و مەیلەكانی حاڵی ببم، كەیفم بەهیچ دەسەڵاتێك نایێ، كە ئەو مرۆڤە هەیبێ، بەتایبەتیش، هەتا باری ئاوەزیی و دەروونی مرۆڤی كورد و رۆژهەڵاتی بەمجۆرەی كە



دەیبینین بمێنتەوە، هەرگیز خاوەنی ئەو ویست و توانستە نییە، كە بەرهەمهێنەری دەسەڵاتێكی "مەیلەو عادل" یش بێت.

بەڵام چێژی عەدالەت لەهەبوونی بزاڤێكی تۆكەمەی ئیدیالی هەمیشە لەبەردەوامی و بەڕێوە بوونی تامدەكرێ. بەڵام لەكۆمەڵگای ئێمەدا، دەكرێ بەكۆكردنەوەی كۆمەڵێك ژیاندۆست لەبۆتەی چەند رێكخراوی هەمەجۆر و فرە دەنگ، كەبوونی ئەو ژیاندۆستییە زۆر كزە، پرۆژە و رەتێك بۆ گۆڕان و شكۆداركردنی پایەی "عەدالەت" بەرهەمبهێنن. ئیشكردن بۆ لەدایكبوونی كولتووری رێكخراوی سەربەخۆ، دوور لەئەمانجی وەرگرتنی دەسەڵات، یەكێكە لەپێداویستییە گرینگەكان لەكۆمەڵگای ئێمەدا. وەك دەزانین لەرۆژئاوادا، گەلێك لەنموونەی رێكخراوی ئیدیالی ئازادی وەك: رێكخراوی سوندیكالیستەكان، رێكخراوی داكۆكیكردن لەژینگە، رێكخراوی ژنان و دەیان رێكخراوی لەو جۆرانە هەن، كە لەزۆر بواردا رۆڵیان هەیە لەداكۆكیكردنی ژیاندۆستی و دەستەبەركردنی داخوازییە كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەكان.

لێرەوە خەملاندن و بەرجەستەبوونی هێزگەلێكی كوردی كە بتوانن، بەویستێكی ئیدیالی هاوبەش، وەك هێزگەلێكی چاودێر، خۆیان لەچوارچێوەی چەند رێكخراوێكی كولتووری، كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا كۆبكەنەوە، دەكرێ لەپرۆسیەكی بەردەوامدا، باشتر لەحیزبێكی بەرهەڵستكاری بانگەشەكاری "عەدالات"، كە لەدواجاردا، مەرامی وەرگرتنی دەسەڵات و سنووورداشكردنی عەدالەتە، ژیان

www.pertwk.com

بە"عەدالات" ببەخشن و ئاگاییەکی راستتر بۆ تێگەیشتن لە"عەدالاتی" بەرهەمبهێنن. هەروا گرنگی ئەو فرە رێکخراوە ئیدیالانەیە لەوەدا بەرجەستە دەبنەوە، کە چیتر حیزب بەئیدیۆلۆژییە دەسەلاتخوازەکەی و ئایینش بەمەرامە سۆزاوییەکانی، بەناوی "عەدالەت" کۆمەلگا دەسخەڕۆ نەدەن؛ واتا هێزگەلێکی ئیدیال و دوور لەئامانجی دەسەلات پیادەکردن، دەتوانن رەوتێک لە"عەدالاتخوازیی" دروستبکەن و بەمەش بەڕێگەی ویست و فشارەکانی جەماوەر دەتوانن دەسەلات ناچار بکەن کە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەلگا، بەدڵی خۆی "تامی عەدالەت" بکەن، کە مافی خۆیانە تامی بکەن. ئەگینا حیزب هەمیشە بەمەرامی خۆی و لەبەر بەرژەوەندی دەسەلاتی خۆی، دژی عەدالەتییە.

بەڵام ئەو جۆرە خەباتەی کە تۆ پێشنیازی دەکەی، لەبەننەڕەتدا، بەرهەمی کۆمەلگایەکی هۆشیارو مەدەنییە، نەك مێگەل، چونکە ئەگەر کۆمەلگایەك، کە دەسەلاتێکی خێڵەکی و نامەدەنیی؛ دەسەلاتێك کە هەتا ئێستاش قانوونی بەعس پەیڕەو بکاو لێپرسراوە بالادەستەکانی بەمجگێزی خۆیان خەڵك بکڕن، بفرۆشن، زیندان بکەن، بگرن و گۆشەگیر بکەن، هەروا بەمیتۆدی چەواشەکاریی و توندوتیژ، وەك باوکێکی خاوەن ماف، خۆی بەحوکمڕانێکی رەها بزانێ و کۆمەڵ لێبخوڕێ، ناتوانێ رەوتێکی ئاشتیخوازنە بەرهەمبهێنێ. ئەو جۆرە خەباتە دژ بەتوندو تیژییە لەپەیوەندییەکی دوو لایەنیدا پایەدار دەبێ؛ واتا دەبێ بوارێکی دیموکراسی لەنێوان دەسەلات و ئەو رێکخراوە



ئاشتیخوازانەدا هەبێت. وەکو تر، لەکۆمەلگایەکی وەك کوردستاندا، کە بەهۆی زاڵمیی دەسەلاتی حیزب، ناچارە یان خۆی بەدەسەلات هەڵواسێ و هەلەکسەی بۆی بکا، وەك ئێستا بەڕاشکاوی ئەو دیاردەیە دەبینین، یان بێدەنگ بێ یانیش دژی بێت، هەبوونی ئەو تەرزە رێکخراوانە لەدواجاردا یان دەبنە لایەنگرێکی نادیاری دەسەلات، یانیش بەرەو بێ مانایی و کۆمیدیی بوون دەچن. ئەمڕۆ ئەو چەشنە بەناو کۆمیتانە: سەندیکای رۆژنامە نووسان، یەکێتی نووسەران، رێکخراوی مافی مرۆڤ و ... هتد، کە گوایە سەربەخۆن و خەریکی خەباتی مەدەنی و مرۆڤایەتین، کەچی لەدیکۆر بترازێ هیچی تر نین.

وەك دەبینم ئەو دیاردانە بەهەبوونی رەوتێکی تۆکمە لەڕۆشنبیریی هزریی و چینێکی تەکنۆکراتی خەملیو دێنە کایەوە. وەلێ ئەوەی کە ئەمڕۆ لەکۆمەلگای ئێمەدا مردۆخە، ئەو هێزە رووناکبیرو تەکنۆکراتە مەدەنییە بەڕاستییەیە، کە لەڕێگای شێوازە جودایەکانی دەربڕین و کایەکانی، هەمیشە هێزێك بووە بۆ داکۆکیکردن لەبیرۆکەی "عەدالەتی" و رێگا گرتن لە"ناعەدالەتی" دا.

**رزگار عومەر** : توندوتیژیی نەك تەنیا لەلایەن دەسەلاتەوە پیادە دەکرێ، بەڵکو لەنێو نارەزایەتیە جەماوەرییەکانیش بەهۆی جیا جیاوە خۆی دەنوێنێ. ئایا خەیاڵە یان مومکینە ، چەمکی " ئەنتی توندوتیژی " بکەینە یەکێك لەستراکتۆرەکانی پرۆژەیەك بۆ خەباتی جەماوەری لەپێناوی دیموکراسی و عەدالەتدا ؟

هەندرێن : لەڕاستیدا "توندوتیژیی" خەسڵەتێکی باڵادەستە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، چونکە سەرتاپای ژیانی هەر یەك لەئێمەو مێژووی ژیانی کۆمەڵگای ئێمە، بەتوندوتیژی فرچکدراوەو گەورە کراوە. بۆیە روحی توندوتیژیی بەناو ناخماندا ریشەی کێشاوە. کۆمەڵگای ئێمەو حیزبی ئێمە هێندەی بەکرداری توندوتیژی چێژ وەردەگرێت، ئەوەندە لەئاشتی و نەرمونیانی چێژ وەرناگرێ. لەو روانگەیەوە، بەهەڵەدا ناچین، ئەگەر بێژین، کە ئێمە کۆمەڵگایەکین لەڕوحی دووانەیی مازۆخیزم و سادیزم.

کۆمەڵگایەك کە هەر لەگەڵ چاوکردنەوە لەماڵەوە هەتا دەگاتە دوا پلەی خوێندن، بەچاو سوورکردنەوەو لێدان پەروەردە بکرێت، یان نەریتێکی لەسیستم، حیزب، دەسەڵاتی سیاسی و... هتد نەبێت، ناکرێ توندوتیژ نەبێت.

تۆ ئەمڕۆ دوو زلحیزبی کوردییت هەیە، کە تەواوی مێژووەکەیان بەتوندوتیژیی بەسەر بردووە، ناتوانێ گوێ بەداخوازیی و رەخنەیەکی ئاشتیانەی جەماوەر بگرن. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە رووبەڕووی حکومەتێکە کە هەر خێزانێکی کورد بگری، چەندان کەسی بەدەست حکومەتەکانی ئەو حیزبانە ئازار دراوە، زیندانکراوەو کوژراوە. ئاخر ئەو خەڵکە چۆن دەتوانێ بەتەنیا بەشێوازی ئاشتیانە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو حکومەتەدا بکا؟

بەبڕوای من ئێمە لەسەرەتاوە دەبێ لەوتەزای "عەدالەت و دیموکراسیی" تێبگەین ئەوجا بیر لەئەو خەباتە بکەینەوە، چونکە



دەبێ بزانین، کە ئەو "عادیل و دیموکراسانە"ی کورد کێن، کە نوێنەری "عەدالەت و دیموکراسی" ئێمە دەکەن؟ وەك دەزانین، کوردان ئەزموونێکی زۆریان لەگەڵ ئەو نووسەر، سیاسیکارو رێکخراوانە هەیە، کە ماوەیەکی دوور درێژ، وەك دەمڕاست، "عەدالەت و دیموکراسی"یان فرۆشتووە، کەچی لەهێکرا بەفیکەیەك، یان بەفرپیدانی لەتکە نانێك لەلای ئەو حکومەتەی کە ئەو دەمڕاستانە بە"ناعادیل و دیموکراس" پێناسەیان کردوون، بوون بەدەستکەلای هەمان حکومەت. حەوجە بەوە ناکات حیکایەتی ئەو هەموو نموونە دیارو نزیکانە بۆ خوێنەر بگێڕینەوە. بۆیە من بەگومانم لەهێزێکی راستگۆو رەسەنی کوردی کە هەڵگری ویستێکی هی دڵی بێت کە بتوانێ رێبەری "پرۆژەیەکی ئەنتی توندوتیژیی" بکات! هاوکاتیش ئەوە هەرگیز مانای ئەوە نییە کە تاکەکەسانی ئەوتۆ نەبن کە هەڵگری بیرۆکەو مەیلی دڵسۆزانەی ئەو "پرۆژەی ئەنتی توندوتیژیی"یە نەبن. لێ من لەبونیاتی ئاوەزو ئاستی هەبوونی ئەو ویستە لەهەمبەر مرۆی کورد بەتایبەتی و مرۆی رۆژهەڵاتی بەگشتی، بەگومانم. هۆکاری ئەمەش، لەناوکۆیی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتییدا بەرچاوە: سەرتاپای مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەڤەرە رۆژهەڵاتییە، لەتوندوتیژیدا دەتلێتەوە.

لەم روانگەیەوە ئەوەی کە رەوایەت و زەمینە بۆ توندوتیژیی خۆشدەکا، پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتەیە. ئەوە دەسەڵاتە کە دەبێ بوار بۆ هێزە جودایەکانی دەرەوەی خۆی خۆشبکات کە داوای مافە دیموکراسییەکانی بکات. بەپێچەوانەی ئەوەش، رەنگە ئەگەر هێزێکی

ئیدیالی خاوەن پرۆژەیەکی خەباتی مەدەنی راستینە هەبێت، لەپرۆسەیەکی درێژ خایەندا، فێری ئەو بەناو حکومەتۆکەی کوردی بکات، کە گوێبگرێ لەدەنگی ناڕازیی و دژی خۆی. بەتایبەتی ئەگەر لەهەندەران ئەو هێزە لەڕووناکبیرو هوشیارەی کورد، بتوانێ بەشێوەیەکی هاوچەرخانە پرۆژەیەکی هەبێت بۆ ئەو جۆرە خەباتەی کە تۆ باسیدەکەی، لەداهاتوودا بتوانێ نەریتێك لەخەباتی "دژە توندوتیژیی" بەرجەستە بکاتەوە، هەروا بەجۆرێك لەجۆرەکان، حکومەتی کوردی، کە نازانین دوای وابەستە بوونی بەبەغدا، چتۆ دەسەڵاتێکی لەدەست دەمێنێتەوە، ناچار بێ دان بەزۆر داخوازی خەڵك بنێ و بۆ دەنگە جودایەکانی کورد ملکەچ بکات. وەلێ دیسان هەتا ئەمڕۆش، ئەو هێزەی هەندەران ئەو پرۆژەی لێ چاوەڕوان ناکرێ، چونکە هەر رۆژەو دەبینین، کە نووسەرێك ماوەیەك بەنووسین لەو ماڵپەڕانە بەبانگەشەی "مافپەروەریی و ئازادیی" گێژمان دەکا، کەچی کتوپڕ لەهاولێر سلێمانی دەیبینینەوە بۆتە پۆلیسێکی غەدارو پوول پەرست لەدەزگایەکانی ئەو حکومەتۆکانەی کوردیی، کە هەر ئەو نووسەرە دەمڕاستەی کوردی بوو، بەناعادلی پێناسەی دەکردن.

کەواتە ئەوەی کە دەتوانێ مۆژدەی ئەو پرۆژە "ئەنتی توندوتیژیی"یە بۆ خەباتی جەماوەری رابگەیەنێ، هەبوونی گوتارێکی ویژدانی رەسەنە لەهەناوی مرۆی خوێندەواری کوردییدا، چونکە لەئەزموونی مێژووی جیهانییەوە ئەوە دەزانین، کە ئەو هێزەی کە هەمیشە هەڵگری پرۆژەی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی". "دیموکراسی" و



ئەو رەهەندە مرۆڤایەتیانە بووە، ئەوە هێزی رووناکبیرو هزرڤانان، کەچی ئەمڕۆ ئەو هێزە رووناکبیرە لەکوردستان و بگرە تاراوگەشدا، کلۆڵترین و خوێنتاڵترین هێزی کوردییە. بۆیە ئومێدەوار بوون بەو هێزەی وەك ئەوەی کە ئێستا خۆی دەنوێنێ، تووشی ئاستەنگێکی ئاڵۆزمان دەکاتەوە. زیدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین، زۆرینەی رووناکبیری کورد، کەهێلترین و بێ ئیرادەترین توێژە لەکۆمەڵگای کوردییدا.

ئەمەش ئاکامی ئەو سیاستەی حیزبی کوردییە کە دوای راپەڕین و رووخانی رژێمی سەددامدا، توانی ئەو هێزە رۆشنبیرییە لەپرۆسەی بازاڕاندندا بەرخۆر بەکاڵا بکات.

لێ بیرکردنەوە لەڕێکخستنی پرۆژەیەکی "ئەنتی توندوتیژیی" بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی هاووڵاتییان، پێداویستتیەکی گرینگە.

وێرای ئەمەش، من هەستدەکەم، ئەو مەیلە لەقێزەونکردنی "توندوتیژیی"یەکی ئێستێتیکیی بۆ حکومەتی کوردیی سوودمەند بێت. وەك ئاگامان لێیە، ئەو دوو حکومەتە ماوەیەکە فێر بووە، بەبیانووی ئەوەی کە دیاردەی "توندوتیژیی" شتێکە لە"کۆمەڵی کوردەواری ناوەشێتەوە" ، هەوڵدەدەن خەڵك بکەنە مێگەلێکی بێدەنگ. کێشە لەوەدایە کە خودی دەسەڵاتی کوردی هەتا سەر ئێسقان توندوتیژە، کەچی بەخەڵك و لاوی کورد دەڵێ، کە بێبەشە لەسادەترین ماف، نابێ رەفتاری توونـدو تیژیی بەکاربهێنن! ئەمەش یەکێکە لەو کۆمیدیایەی کە ئەمڕۆ دەسەڵات بەکوردی دەفرۆشێ. گوایە بەخۆی

www.pertwk.com

زۆر نەرم و نیانە. ئاخر ئەگەر "زینـدانی مەحتـە" و ئـەوانی تـر، پڕ بێـت لـەمێرد منـداڵ و ژنـان بـەناوی "سـوزان"ی، ئـەو هـەموو زەبـرو زەنگە دەروونیـی و جەسـتەییانەی کـە ئـەو دەسـەڵاتە لـەماوە درێـژەی دەسـەڵاتییدا بـەکاری دەهێنـاوەو دەهـێنێ، چۆن دەکـرێ نارەزاییـەکان بەدژی ئەو ناعەدالەتی و گەندەڵیانە، بەئاشتی نیشانبدرێن؟!

بەڵێ، لەهەندێك باری پێویستدا، ئەو "توندو تیـژیی"یانـە لـەپێناو یەکسـانی و ئازادییـدا، نـابێ بـەخراپی سـەیر بکـرێن. وەك دەزانـین، لەزۆربەی وڵاتانی رۆژئاوادا ساڵانە لەزۆر بۆنەدا ئەو تووندو تیژییانـە بەرچاو دەکەون. نموونەی خۆپیشاندانەکانی فەڕەنسا، سوێد، دانمـارك، دیاردەی سەرنجکێشن. دەمەوێ بڵێم، هەر کۆمەڵگایەك لەکارو خـەباتی بۆ ئازادی ، جۆرە نەریتێکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵگای فەرەنسی، بەتایبەتی رووناکبیرو خوێندکارەکانی، چونکە کولتـوورێکی ئیدیالیی و خەونی مەیلـەو جوانناسـی (ئێسـتێتیکی)یـەکی بـەرزفڕیان هەیـە، هەمیشـە لەیـەکانگیر بـوون لەگـەڵ دەسـەڵاتدا تووندو تیـژن. کەچـی، بـۆ نموونـە، کۆمـەڵگای ئینگلیـزی، چـونکە زۆر واقیعـی و لۆژیکین، وەك فەرەنسی نین.

بۆیـە کـورد، چـونکە هەمیشـە بـەهۆی ملـهوڕی دەسـەڵاتە داگیرکـەرەکان، لەخـەباتێکی چـەکدارانەو تووندو تیـژدا بـووە، ئـەزموونێك لەتوونـدو تیـژیی لـەگیان و یادەوەرییـدا کەڵەکـە بـووە. ئەمەش رەنگە هەمیشە بەرهەمبێتەوە. لێرەوە نـاکرێ لەئێستاوە، کـە ئەمرۆ دوو حیزبی دەسەڵاتداری نامەدەنییمان هەیەو هەموو مێژووی



کوردییشیان کردۆتە بازاڕ، هەموو کردەیەکی تووندو تیژ لەلایەن لاوان و چـینەکانی تـری کوردسـتان، وەك ئـەو دوو حیزبـە ئـەوەیان بـەدەم گرتـووە، بـەنارەواو تێکدەرانـە، یـان "دەسـتێکی دەرەکی و دوژمنانیـان لەپشتە"، ناودێر بکەین. من ئەو قسانە بە"حیکایەت" دەزانم، چونکە ئـەو توێژانـە، لەبەرانبـەر تـاقمی دەسـەڵاتدارانی ئـەو حیزبانـەو کوڕو کیـژی خۆیانـدا، هـەتا سـەر ئێسقان مـافخوراون. بۆیـە مـن ئـەو جۆرە راسـان و هەڵشـاخانەی لاوان و زینـدووانی دوای ئـەنفال، بەتوونـدو تیژرییەکی جوانناسیی (ئێستێتکیی) سەیردەکەم.

لێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە من خوازیاری خەباتی "توندو تیـژ"ی بم و خەباتی "دژی توندو تیژیی" بەگەوهەری نـەزانم، بەپێچـەوانەوە لەکۆمـەڵگای کوردییـدا هەوڵـدان بـۆ تـەرزە پـرۆژەو نـەریتێکی ئـەو خەباتـە لاشـەڕییە، بەپێویسـتییەکی بنـەڕەتی دەزانم. بەومەرجـەی لەپێشـڕا حیزبـی دەسـەڵاتدار لەکوردسـتاندا، خـۆی فێـری گـوێگرتن، لێبـووردن و بەمـەدەنیبوونی خـۆی بکـا. هاوکـاتیش، واز لەپـەیمانی ساختە، نەریتی خۆ بـەڕەوا زانـین و سـووککردنی هـەموو راسـتییەکان بێنێ.

**رزگار عومەر** :-لە6 مانگی ڕابردوودا، دوو کێشـە بـوو بـەگۆڕەپانی ڕوبەڕوبونەوە. کێشەی د.کـەمال و کێشـەی مـەریوان هەڵەبجـەیی. ئـەم دوو کێشەیە لەزۆر لاوە دەکـرێ هـەردووکیان بدەینـە بـەر لێکۆڵینـەوە. ئایا تۆ خۆت لەو باوەڕەی کە بێجگە لەفاکتەری ئازادی بیرو ڕا، هەردوو

کێشەکە بەهەموو تایبەتمەندی و لاوازی خۆیانەوە، فاکتەری هێرش بۆسەر" موقەدەس" کۆیان دەکاتەوە، یەکێکیان هێرشە بۆ "تابو" سیمبولی موقەدەسی دەسەلات، ئەویتریان هێرشە بۆ "موقەدەس" ئاین و ئەو حیزبانەی لەپشتیەوە هەناسە دەدەن؟

هەندرێن :- وەك خۆت ئاماژەت پێکرد، ئەو دوو پێشهاتە، دوو دیاردەی زەقن کە جەخت لەرەهەندی "تاپۆ" و "موقەدەس" لەلای دەسەلات و حیزبی ئیسلامی کوردی دەکەنەوە. وێڕای ئەوەش، کە ئەو دوو "کێشە"یە، وەك خودی دەسەلاتی کوردی، بەهۆی گەوهەری ئەو کەسانەوە، دوو ئەزموونی پڕ لەکێشەن، کە لێرە بواری شیکردنەوەیانم نییە.

ئەو دوو دەستەواژەیە واتا "تاپۆ و موقەدەس" رەگرێژترین فاکتەرن لەژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی کوردییدا. ئەمەش ئاستەنگێکە کەتەواوی مێژووی کۆمەلگای رۆژهەلات و کوردی قەتیسماو کردووە. ئەم دوو فاکتەرە هەمیشە بۆتە رێگر لەبەردەم گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەلگا و گوتاری دەسەلات.

ئەو دەسەلاتە بەناو "عیلمانی" و "ئایین"یەی کورد، زۆر زیرەکانە ئیش بۆ قوولکردنەوە و رازاندنەوەی ئەو دوو فاکتەرە دەکەن. تۆ سەیرکە ئەمڕۆ ئەو دوو زلحیزبە کوردییە، هەر یەکە و بەشێوەی خۆی، بەهەموو شێوەکان، چۆن سیمبولەکانی حیزب تەلیسماوی دەکەن؟ لای پارتیی مەلا موستەفا بۆتە سیمبوولێك کە رۆژانە



بەنمایشێکی سەیر میوان و خەلك دەبەنە سەر "مەزاری نەمران"، دواجاریش ئەو سەردانانە لەکەش و هەوایەکی "موقەدەس" دا لەتێڤێیەکانیاندا نمایشدەکرێنەوە. وەك دەزانین کوردستان نیوەی "مەزارگا"یەکە لەقوربانیانی ئەنفال و کوشتنە بەکۆمەلییەکانی کورد، کەچی ئەو قوربانیانە مانایەکیان نییە لەکن ئەو حکومەتەدا. ئەوە مانای ئەوە نییە نابێ پدك رێز لەبارزانی بگرێ، بەلام ئەو جۆرە بەپیرۆزکردن و مەراسیمە سەیر و سەمەرانە، لەدواجاردا، هێندەی بە"تاپۆ" کردنی حیزبیەوە تەواو بووە/ دەبێ، هێندە نابێتە سیمبوولێك بۆ سەرچاوەیەکی زیندووی سیاسیی و نەتەوایەتیی. ئەو جۆرە بە"تاپۆکردن" و بە"سیمبوولکردن"ە ی بارزانی لەلای پدك، دوو ئاراستەی دژ بەیەکی بەرهەمهێناوە یان بەرهەمدەهێنێ: بەپیرۆزکردن یان سووککردنی ئەو مەزار و سوومبوولەیە. لێرەوە ئەندامانی پدك و سەرکردایەتییەکەی، ئەگەر خەلکان وەك "موقەدەس"ێك بارزانی و خەباتەکەی پەسن نەدەن، ئەوە هەر جۆرە سەیرکردن و لێکدانەوەیەکی تر، بەکوفر، ئیلحاد، دوژمن و دەست لەپشت بوونێك، رووبەڕووی ئەو سەیرکردن و لێکدانەوانانە دەبنەوە. دواجاریش بەفتوای کوشتنی ئەو کەسانە کۆتایی دێ. هاوکاتیش لەئاستێکی دیکەدا، ینك، لەهەولی ئەوەدایە کە کۆمەلێك شەهید و کاری سیاسی خۆی بکاتە "تاپۆ" و لەبۆنە و یادەکاندا، بەمەراسیمی جۆرا و جۆر، ئاهەنگ و تازیمانەیان بۆ دەڕازێنێتەوە.

وێڕای ئەوە، حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستانییش، بەچاولێکەری حیزبە ئسلامییەکانی عەرەبیی و فارسی، پێیان وایە هەر کەسێك لەدەرەوەی مەلا و خوتبەدەرەکانی خۆیان، باسی مێژووی ئیسلام و پێغەمبەر و سیمبوولەکانی بکات، ئەوە بەکوفر و ئیلحادە و یەکسەر فەتوای کوشتنی بۆ دەر دەکەن.

لێرەوە دەبینین، کە دەسەڵاتی کوردی و حیزی ئیسلامی کوردی، بەسوود وەرگرتن لەهەرارکی خێڵسالاری کۆمەڵگای ئێمەدا، لەهەوڵی ئەوەن فاکتەری "تاپۆ" و "موقەدەس" قووڵبکەنەوە و لەرێگای ئەمەشەوە، رەوایەتی بەرەفتاری دەمبەستکردن و مەحفکرنەوەی دەنگە جیاواز و ئازایدخوازەکان بدەن.

من پێم وایە لەبنەڕەتدا، سەرچاوەی بیرۆکەی "تاپۆ" و "موقەدەس"، لای مرۆڤ، لەترسەوە بەرهەمهاتوون. لەبنەڕەتدا مۆرڤ کاتێك دەرەقەتی دیاردەکانی سروشتی و هێزەکانی دەوربەری خۆی نەهاتووە، هەوڵیداوە لەرێگای "بە پیرۆزکردن"ەوە ئەو ترسە لەدڵی خۆی دوور بخاتەوە. بۆیە یەکێك لەو فاکتەرە بەیزانەی کە خودی ئایین، بەتایبەتیش تا ئێستاش ئایینی ئیسلام کاری لەسەر دەکا، فاکتەری بە"موقەدەسکردن"ی پێغەمبەر و قورئان و سیبمووولەکانی تری ئیسلامە. ئەمەش بۆ ئەوەی لەرێگای ترساندنەوە خەڵك ناچار بکەن ئەو سیمبوولانە بپەرستن.

ئەمرۆ حیزبە ئسلامییەکان لەرێگای ئەو فاکتەرەوە توانیوویانە رەوایەتی بەرەفتارەکانی خۆیان بدەن و دواجاریش خۆیان بەدەمڕاستی



هەقیقەتەکان بزانن. وەك دەزانین، لەرۆژئاوادا، بەتاتیبەتی لەسەردەمی رۆشنگەرییدا، ئیشی فێلەسووف و زاستوانەکان، راڤە کردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو فاکتەرە "موقەدەس"انەی مەسیحییەت و ئایینییانە بوو. لێرەدا پێویست بەوە ناکا، کە ئاماژە بەهەڕەشە و فتوایەکانی کەڵێسە بکەین لەبەرانبەر ئەو فەیلەسوف و زانستوانانەی کە توانیان لەرێگای کار و لێکدانەوەکانیان، وێنای ئەو فاکتەرە "موقەدەس"انەی مەسیحییەت لەزەین و دەروونی خەڵك، جێلەق بکەن.

هاوکاتیش وەك دەزانین، دەسەڵاتی سیاسی غەیرە ئیسلامیش، بەتایبەتیش لەکاتی قەیراندا، لەسەر هەمان حیکاتی ئایینی، هەوڵدەدا لەرێگای بە"تاپۆکردن و موقەدەسکردن"ی سیمبوولەحیزبییەکانی رووبەڕووی فشاری جەماوەری و هێزە جیاوەزەکانی دەرەوەی خۆی ببێتەوە. نموونەی رژێمی سەددام هێندە لەمێژ نییە، کە سەخت بێ لەو یارییە تێبگەین، کە چۆن لەدواجاردا کە تووشی قەیرانێك لەهەڕەشەی رووخان بوو، ئایەتێکی لەسەر ئاڵای عێراق نووسی و لەژێر ئایەتەکانی ئیسلامیش کوردی ئەنفال کرد.

لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ئەوە ترسە لەگۆڕان، لەگوێگرتن و لەهاوسەردەم بوون، کەدەسەڵاتە ترسنۆکەکان ناچار دەکا لەرێگای بە"تاپۆکردن" و "موقەدەسکردن"ەوە، رووبەڕووی ترسی سیلاك بوونی خۆی ببێتەوە، بەمەش خۆی لەداخوازییە رەوایەکانی هاووڵاتیان و هێزە جودایەکانی کۆمەڵگای خۆی گێلبکات.

لێرەوە ئەوە "موقەدەس" نییە کە دەسەڵاتی کوردی دەیەوێ بەسیمبوولەکانی خۆی ببەخشێ، بەڵکو ئەوە ترسە لەگۆڕان و لەبێتوانایی ئێستای خۆی. ئەو ترسەی کە بەناو "عیلمانی و مەدەنی" کوردی کە بەناوی "موقەدەس" و "تاپۆ" بانگەشەی بۆ دەکەن، بێجگە لەخەونی ئەبەدی دەسەڵاتداری لەسەر زەوی کوردی و ترسان لەدەنگە جیاوازەکان، هیچی تر نییە. بەهەمەحاڵ، ئەو دوو وتەزایە، زۆر شرۆڤە هەڵدەگرن، وەلێ لێرە بواری بەدوا چوونیانم نییە

کەواتە ئەوە ناکۆیی ئایینی، مێژوویی، ئابووریی-سیاسی، سۆسیۆجڤاکییە، ئەو دیاردە و حیزبە "تاپۆ و موقەدەس"دارانە، بەرهەمدەهێنتەوە.

**ڕزگار عومەر :-** کاك هەندرێن بەناوی خۆم و سایتی دەنگەکان سوپاست دەکەین .

**هەندرێن:-** سوپاس بۆ تۆ و بۆ بەڕێوەبەرە خەمنەناسەکانی دەنگەکانیش. ئومێدەوارم بەبوونێك لەرووخسارێکی کولتووری و رازانکارانە، ببێتە دەنگێك بۆ ئەو دەنگە ئیدیالانەی، کە دوور لەچەواشەکاری و دڵەکوتێ بۆ پارە و پۆست، لەخەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و خوێن شیرینکردنی بوونی کورد، دەنووسن.



## وێنەی ژنی رۆژئاوا لەسەدەی حەڤدە
## و
## ژنی کورد لەسەدەی بیست و یەکدا

### دەروازەیەك بۆ کۆمەڵگای رۆژئاوا و
### داخوازییەکانی بزاڤی مشتومڕی ژنان

هەڵبەتە دەستەواژەی ژنگەرایی/feminism وەك بوارێکی تیۆریی و فەلسەفیی، کە رەنگدانەوەی بزاڤە سیاسییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەمە، تا ئەمڕۆش لەئەوروپادا بەدیاردەیەکی مەیلە و تازە سەیر دەکرێت، کەچی ئەم دەستەواژە لەدەڤەری رۆژهەڵات بەگشتی و، کوردستانیشدا بەتایبەتی، لەئاخیر و ئۆخری سەدەی بیستەوە، وەك بوارێکی "نوێ" دەکەوێتە سەر زاران و بەدەمگۆ دەکرێت. هاوکاتیش بزاڤی ژنگەرایی لای ئێمە بۆخۆی، تا ئێستاش، نەیتوانیووە هەڵگری گوتار/دیسکۆرسێکی خەملیوی خۆماڵی بێت، بەڵکە بەهرە و سەرچاوەکانی لەرەوت و تیۆریەکانی بزاڤێ ژنگەرایی/فێمینیسزمی هەنووکە، نەك قۆناغێکی دیاریکراوی رۆژئاوا دەستەوا کردووە/دەکا،

www.pertwk.com

ئەمەش رەنگە یەکێك بێت لەکێشەکانی بزاڤی ژنی لا ئێمە. بەواتایەکی تر، ئەو بزاڤە ساوایەی ژنی کورد لەوێنەیکردنی خۆیدا ئەو ناوکۆیی/کۆنتێکستەی بزاڤی فێمینیزمی رۆژئاوا فەرامۆشدەکا. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە درووست نییە ژنی کورد سوود لەئەزموون و بیرۆکەکانی فێمینیستی رۆژئاوا وەربگرێت، بەڵکە مەبەست لەئاستەنگی گواستنەوەیەکی راستەوخۆ و پەرەپێنەدانییەتی؛ واتا تا ئەمڕۆش کۆی ژنە چالاکەکانی کورد و رێکخراوەکانییان، بەدەراوێتەکردنی کاری کردەوەیی بەرچاوی هەندێك لەتاکەکەس و رێکخراوەکان، نەیانتوانیوە لەپرۆژەیەکی داڕێژراودا لەسەر تیۆریی و ئەزموونێکی دیاریکراوی فێمینیزمی رۆژئاوادا، ئاسۆی مشتومڕێکی سوود بەخش دابهێنن، کە بتوانێت لەرینەوەیەك؛ ئارەستەیەکی دیاریکراو دروستبکات. روونتر بێژم، بەجۆرێك لەجۆرەکان، تا ئێشتاش بابەتی ژن و دەنگی ژنی کورد بەرهەمی ئیدیۆلۆژیی_حیزبەکانن، نەك خودی ژن. هەروا هێشتا لەپانتایی رۆشنبیریی کوردییدا، ژنە چالاکەکانی ناو نووسینی کوردیی وابەستەی ئەو پیاوە دەسڕۆیشتووانەن، کە بەرهەمهێنەری بە"زەحیفە" و "سێکساندن"ی ژنن لەجیهانبینی کوردییدا. لێرەوە پارادۆکس/لێکناکۆکی بزاڤی ژنگەرایی ئەمڕۆکەی کوردیی دەردەکەوێت. رەنگە لەرێڕەوی ئەم نووسینەشدا ئەو لێکناکۆکیی وئاستانگانە بۆ خوێنەر بەرووتی دەرکەون.



ئاشکرایە بزاڤی ژنگەرایی لەرۆژئاوادا لەهەریەك لەقۆناغەکانیدا هەڵگری گوتار/دیسکۆرسێکی دیاریکراو بووە، ئەو گوتارانەش گوزارەیان لەو ئەرك و مافانە کردووە کە پابەند بوونە بەسەرتاپای بزاڤە سیاسییەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوا.

بەڵام ئاخاڤتن لەئاستەنگ و هۆکارەکانی بزاڤی ژنگەرایی لەدەڤەری ئێمەدا پێویستی بەتاووتۆکردنێکی فرە رەهەند هەیە، کە لێرەدا ئەم نووسینە ئەو ئەرکە بەهی خۆی نازانێت.

بەلام دەکرێ بپرسین: ئایا دەکرێ باس لەلێکچوواندنێك لەنێوان کێشەی ژنی رۆژئاوا لەسەدەی حەڤدە و ژنی ئەمڕۆی کورد بکرێت؟ ئەو کێشە و خاسڵەتە هاوبەشانە چین، کە لەژنی سەدەی حەڤدەی رۆژئاوا و ژنی کورد لەقۆناغی ئێستادا بەرجەستەدەبنەوە؟

شایەنی باسە، بنەمای ئەو بابەتە "وێنەی ژنی رۆژئاوا لەسەدەی حەڤدەدا" کە لێکۆڵینەوەیەکی ماریا شۆباری Maria Sjöberg ە، وەك ئەرکێك لەخوێندنی زانکۆ کە لە2002 دا لەوانەی مێژوودا راڤەم کردووە و پێشکەش بەمامۆستا و پۆلەکەم کردووە. هەرلەوکاتەوە ئەوەم بەزەین داهات کە دەکرێ ئەو بابەتە بۆ وروژاندن، نەك داخستن و بڕیاردان، بکرێتە بابەتێك لەمەڕ پرسی ئەمڕۆی ژنی کورد. وێڕای ئەمەش، دەکرێ ئەو بەراوردکارییە لەزۆر دیوەوە راڤە بکرێت، وەلێ لێرەدا من هەوڵدەدەم بەچڕی تیرێژێك لەو بیرۆکەیە، لەگەڵ نمایشکردنی پاشخانێك لەبزاڤی ژنگەرایی رۆژئاوا، پێشکەش بەبخوێنی ئەو بابەتە بکەم.

جێگەی ئاماژەکردنە لەرۆژئاوادا مشتومڕی فەلسەفیانەی ژنگەرایی سەد ساڵ پێشتر لە"شەپۆلی یەکەم" و "دووەم"ی بزاڤی ژنان لەئارادابووە: ئەو بزاڤە لەرۆژئاوادا بە"مشتومڕە سەبارەت بەژنان/querelle des femmes" ناودەبردرێت. دەستپێکی ئەو مشتومڕە سەبارەت بەپرسی ژن بۆ بەرایی 1400ەکان دەگەڕێتەوە، کە هەتا 1500ەکان بەردەوام بوو. ئەو مشتومڕە لەسەرەتادا تایبەت بوو بەکێشەی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، کە هەتا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لە1789 درێژەی هەبوو.

"بزاڤی مشتومڕی ژنان/ querelle des femmes" وەك بزاڤێکی جڤاکی هەتا سەرهەڵدانی کولتووری کۆمەڵگای مەدەنیی و دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن لەفراژاندنا بوو. بەڵام ئەوکات ژن و پیاوە چالاکەکانی ئەو بزاڤە خۆیان بەفێمینیست ناوبێژ نەدەکرد، بەڵکو بە"داکۆکیکاران" یان "رابەران"ی رەگەزی ژن دەناسران. بۆیە ئەو بزاڤە لەتیۆرییەکانی ئەمڕۆی ژنگەراییدا گرینگییەکی زۆری هەیە.

فەیلەسوفی فێمینیست سیمۆن دێبۆڤوار/ Simone de Beauvoir لەمەڕ "بزاڤی مشتومڕی ژنان/ querelle des femme" ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو بزاڤە گفتوگۆیەك بوو لەنێوان پیاواندا. سەرچاوەی کێشەی ئەو بزاڤە بەلای سیمۆن دێبۆڤوارەوە، مەسەلەی خێزانداری، ژن و مێردایەتی بوو، کە کلێسە کردبووی



بەمەسەلەیەکی نهێنی یان پیرۆز و هاوکاتیش کلێسە ژن هێنانی لەتوێژی مسیحییەکان قەدەغە دەکرد. لەلایەکی تریشەوە داب و نەریتێك لەئەدەبی کەجەختی لەسەر پایەی نەزاکەت دەکردەوە لەئارادا بوو. ئەم تەرزە ئەدەبەش ژنی وەك وێنەیەکی باڵا بەرجەستەدەکردەوە. دێبۆڤوار باس لەکریستینە دێپیسان (1364_1430) دەکا کە لەو سەردەمەدا یەکێك بوو لەو ژنە دەگمەنانەی کە لەگفتوگۆیەکانی سەبارەت بەژن چالاك بووە. سەرباری ئەمەش بۆڤوار باسی ژنە شاعیری گرێکی کۆن سافۆ، ماری وێلستۆنکرافت و شاژنی سوێدی کریستینە دەکا، کە بەدیدی بۆڤوار تەنیا ئەو تاك تاکە ژنە گۆشگیرانە بوون کە چارەنووسی رەگەزی خۆیان خستە ژێر پرسیار. بەڵام نەیانتوانی لەبنەڕەتدا کێشەی ژن بگۆڕن.

وێڕای ئەمەش "بزاڤی مشتومڕی ژنان" بووە بنەمایەك بۆ بزاڤی هزری سیاسیی و بزاڤەکانی دوای خۆی. لەسەروبەندی سەدەی حەڤدەدا ماری ویلستۆنکرافت بەهێنانە ئارای پرسی هاووڵاتی ژنان مشتومڕی کێشەی یەکسانی نێوان رەگەزی ژن و پیاوی مشتومالْتر کرد. هاوکاتیش ماری ئان رادکلیف لەمەڕ کێشەی کارکردنی ژنان و کێشەی لەشفرۆشی دەپەیڤی. سەرهەڵدانی ئەو پرسە کۆمەڵایەتییانە رەنگدانەوەی ئەو دۆخە سیاسیی و ئابوورییانە بوون کە سەدەی حەڤدە بەرهەمهێنەری بوو.

لەسەدەی حەڤدەدا وێڕای پەرەسەندنی شار و کۆچی خەڵك بۆ شارەکان هاوکاتیش چینی بۆرژوا دەستی بەگەشەسەندن کرد. لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە جڤاکیانەدا پەیوەندییە گەرمەکانی نێوان ژن و پیاوانیش جێلەق بوون. بەمجۆرە بنەمایە باوەکانی هاوسەری، کە لەسەر بناغە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان وەستابوو، هەڵوەشایەوە.

تاکەکەسەکان لەکۆمەڵگای پێشتردا ئەرکیان ئەوە بوو ڕێز لەو ئەرك و بوچوونە بەکۆمەڵیانە بگرێن کە بۆی دەستنیشانکرابوو. دوای گۆڕانی ئەو دابونەریتانە وێنەیەکی نوێ لەژن و ڕۆڵەکانی لەژیانی هاوسەریدا دروستکرا. ئیتر لەمە بەدواوە لەشارەکاندا بۆ تاکەکەس ئاسان نەبوو هاوسەرێك بدۆزێتەوە. بۆیە ئاگاداری هاوسەرخوازی/ annons Kontakt کە لەشێوەی نامە دەنووسرا ئەرکی دۆزینەوەی هاوسەر هەڵدەگرێت.

مێژووناسی سوێدی ماریە شۆباری/Maria Sjöberg (*) لەلێکۆڵینەوە زانستییەکەیدا باس لەخواستی پیاو دەکا، کە لەگەڕان بەدوای هاوسەردا جەختی لەسەر تەرزە ژنێك دەکردوە کەپاك و بێخەوش بێت. هاوکات ئەو ژنە هەم ژنێکی جوان بێت و هەمیش دەست بەکار بێت، واتا بەخۆی بتوانێت باری ئابووری خۆی بەڕێوەببات. خواستی پیاوان لە دووتوێی ئەو نامانەدا دۆزینەوەی وێنەیەك بوو لەژن، کەدەستەبەرکردنی ئاسان نەبوو. ڕەنگە سەختی و پیسی ژیانی شار لەو سەردەمەدا هاندەرێك بووبێت بۆ پیاو کەخەونە بەوێنەیەکی خەیاڵی ژن ببینێت کەلێوانلێوبێت لەجوانییەکی بێگەرد.



هاوکاتیش پڕ بوون و فرە بوونی شار لەخەڵك و مەرجی کارکردن، بەجۆرێك لەجۆرەکان، ژیانێکی ئازادی بۆ ژنان ئاوەڵاکرد، کەچیتر پیاو نەتوانێ ژیانی ژنان کۆنترۆڵ بکات. بۆیە پیاوان تووشی گومان بوون و کەوتنە دوای گەڕان بەدوای ژنی پاك و بێگەرد، کە دوور بێت لەپیسی و ژیانی سەختی ناو کارگەکان.

مرۆ لەو نامانەوە هەست بەوە دەکا کەچۆن پیاو حەودالە بەدوای ئەو ژنە جوان و پاکە، هاوکاتیش پیاوان لە دووتوێی ئەو نامانەدا لاوازی و کێشەکانی خۆی بەئاوەڵایی بەرجەستەدەکەنەوە. بۆیە دەبینین لەو قۆناغەدا پەروەردەیەکی نموونەیی بەهایەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ژنێك ببێتە جێگەی سەرنجکێشانی پیاوان. چونکە لەوێدا ژن وەك "بوونەوەرێکی نوێ" لەجاران سەربەستر بوو و ئەمەش وایلێکرد کە لەبەرانبەر پیاودا ببێتە ژنێکی گومانلێکراو تەواویش جیاواز بێت لەو ژنایەتییە باوەی پێشوو. سەرەڕای ئەمەش لەوێدا مەرجی هەست و سۆزو ژیریی لەژیانی هاوسەری نێوان ژن و پیاودا جەختی لەسەر دەکرایەوە، کە ئەمەش ناکۆکییەك بوو لەژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا. ئەوکات بۆ پیاوان خوێندەواری ژن و هاوکاتیش ببێت بەخزمەتکاری، دوو مەرجی گرینگ بوون لەهاوسەریدا. ئاماژەکردن بەمەرجی ژیریی لەهەڵبژاردنی هاوسەریدا ڕەنگدانەوەی ڕوانگەکانی ڕۆشنگەریی بوو، کە لەوێدا لەو نامانەدا ئاوەزگەرایی جەختی لەسەر دەکرایەوە.

www.pertwk.com

کەچی لەوێدا ژن هەڵگری دوو هەڵوێستی لێکدژ بوو: لەلایەك، ژن بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن ژیانێکی سەربەخۆو رزگار بێت لەکۆنترۆڵی خێزانەکەی، حەودالْ بوو بەدوای ژیانی هاوسەرییەك کە ببێت بەژنێکی باوی ماڵەوە، لەلایەکی تریشەوە، ژن زیاتر هەوڵیدەدا ببێتە وێنەیەکی خەیاڵی، نموونەیی؛ باشترین ژنی ماڵ بۆ ئەوەی حەزەکانی پیاو پڕبکاتەوە، واتا هەم ببێتە ژنی ماڵەوەو هەمیش بەخۆی خۆی بەڕێوە ببات. بەمەش دەبینین کە چۆن ژن دەبێتە کەرەسەیەك لەبازاڕی پیاودا، چونکە لەوێدا رێژەی هەبوونی پارەو پول رۆڵێکی گرینگی دەگێڕا لەدروستبوونی ئەو پەیوەندییە دوو لایەنییەدا. لەنامەکانی هاوسەرخوازیدا ژن وەك نموونەی ژنێکی بێوێنە بۆ سەرنجکێشکردنی پیاوخۆی دەناسێنێت. ژن بەهۆی بەئاگاییبوونی لەو وێنە نموونەییەی کە پیاو بۆی دروستکردبوو، ئازاری دەکێشاو هاوکاتیش هەوڵیدەدا خۆی وەك ئەو وێنەیە بنوێنێت.

ئەو ژنە نموونەییە بەرهەمهێنەری ئیدیالی چینی بۆرژوا بوو، کە وەك گوتمان، لەو سەردەمەدا لەفراژانێکی خێرا بوو. بۆیە لەو سەردەمەدا بۆرژوازییەت بوو بەدەمڕاست و زمانحاڵی کۆمەڵگا. ئەو مرۆڤە ئیدیالەی کە بۆرژوا مەرامی بوو لەپیشەی رەسمی دەوڵەت، بەڵگەنامەی خوێندنی باڵادا بەرجەستە دەبۆوە، کە ئەو مرۆڤەش، بەلای بۆرژواوە هەڵگری روانگەی زانیاریی و حەزی زانستییە. بەمجۆرە لەو سەردەمەدا بەئیدیالی رۆشنگەریی چەشنە مرۆڤێکی نوێ دروستبوو.



لەو دۆخەدا پیاو وزەو توانا بوو، کەچی ژن رۆڵی هەست و سۆز و خزمەتگوزاریی دەگێڕا. وەلێ هاوکاتیش چینی بۆرژوا گرینگی خوێندن و فێربوونی هەم لەسەر ژن و هەمیش پیاودا کردە مەرجێك، کە ئەمەش بۆ بوو بەچەشنە وێنەکردنێکی دوو لایەنی: دەبوو هەم رووناکبیر و هەمیش سۆزدار و هەستەکی بێت. بەمەش تاکوو ژن بتوانێت گشت مەیلەکانی پیاوی بۆرژوا مەیسەر بکا.

ئیتر لەمە بەدواوە چینی بۆرژوای چیتر پێویستی بە"ژنی دێهاتی" نەمایەوە، کە هەرچەندە بەپوختی ئەرکەکانی ناوماڵی رادەپەڕاند. ئەو ژنە "نوێی"ە لەجێگەی ژنی دێهاتی، بوو بەوێنەیەك بۆ ماڵەوە، کە دەبوو خۆی بۆ سەرتاپای خەڵك نمایشبکات. هاوکاتیش پیاو وێنەیەك بوو لەدەرەوەی ماڵ کە ئەرکی راپەڕاندنی باری ئابووری بوو، لەگەڵ ژنەکەشی هاموشۆی دەوروبەرەکەی بکات. لەوێدا بۆ ژن گرینگ بوو کە لەبەرانبەر خەڵکدا وەك ژنێکی جوان و زەنگین خۆی بنوێنێت. جێگەی سەرنجە لەو سەردەمەدا وێنەو پۆرتەرێتی مێینە بەجۆرێك دەکێشرا، کە دەبوو گشت لایەن و شێوەکانی ژن دڵڕفێن بێت.

لەبواری هونەری وێنەکێشاندا پۆرتەرێتی ژن زۆر گرینگی پێدەدرا، کە رەنگدانەوەی روحی رۆمانتیکی و سروشتگەرایی بوو. هاوکاتیش لەپانتایی ئەدەب و شیعردا ئەو وێنە نموونەییەی مرۆڤ بوو بابەتێکی گرینگ و لەوێدا رۆڵی ژنیش وێنەیەکی رازاوەو پۆشتە دەنوێنێت.

بەمجۆرە دەبینین وێنەکانی ژن و ئەرکەکانی بەندە بەو گۆڕانکارییانەی کە سەدەی حەڤدە بەرهەمهێنەری بوو.

www.pertwk.com

## کۆمەڵگای کورد و وێنەی ژن

هەڵبەتە پرۆسەی گۆڕانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەکوردستان جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ رۆژئاوادا. وێڕای ئەوەش بەهۆی ئەو دۆخە سیاسیی و ئابوورییەی کە نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەر بەسەر بەشەکانی کوردستانیان سەپاندووە، ئاکامی ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر یەك لەو بەشانە، بەجۆرێك لەجۆرەکان، رەوت و ئاستی گۆڕانەکانیان لەیەك نەچن. بەڵام لەسەرەتایەکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ رزگار بوونی گەلان و کاریگەرییەکانی رۆشنگەریی رۆژئاوا، بەتایبەتیش روانگەی مارکسیزم و سۆسیالیست و بیرۆکەی نەتەوایەتی، گوڕ و جۆشێکی نوێی هێنایە ناو جەستەی کۆمەڵگای کوردیی. لەبواری رۆشنبیرییەوە کۆمەڵێ رۆناکبیری گۆشکراو بەبیری پێشکەوتنخوازی لەپێناوی بونیاتنان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردییدا دەکەونە چالاکی رۆشنبیریی و سیاسیی. ئەو بزاڤە رۆشنبیرییە بەهەوڵی کۆمەڵێ روناکبیری سەوداسەر بۆ ئازادی و بوژانەوەی کۆمەڵگای کوردستان، تەکنیکی نوێ بەجەستەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد دەبەخشن.

لێرەدا ئەرکی ئەو نووسینە تەرخان نییە بۆ راڤەکردنی ئەو بزاڤە رۆشنگەرییە، بەڵکە گوزەرێکی بەلەزە بۆ دۆزینەوەی پاشخانێکی



بابەتی نێوبراو. بۆیە بۆ چڕکردنەوەی مەبەست ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بەرووناکبیرانێکی وەك: ئەحمەد موختار جاف. پیرەمێرد، قانیع، بێکەس، گۆران، رەفیق حیلمی مستەفا بەگی ساحێبقڕان، تۆفیق وەهبی، جەمیل سائیب، عەلائەدین سەجادی و دڵدار ... هتد، بکەین کە هاندەرو دەنگی ئەو پرۆژە رۆشنگەرییەی کوردیی بوون. لەوێدا ئەو بزاڤە رۆشنگەرییە لەچالاکی فرە دیووی کولتووری و سیاسییدا، هەر لەکتێب و گۆڤار و بڵاوکردنەوەو کۆڕدا خۆی بەرجەستەدەکردەوە. لەپاڵ ئەمەش بەرانگاربوونەوەی کورد بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەمر بەرووی دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیز و دواجاریش بۆ نموونە، بزووتنەوەی "حیزبی هیوا" و "ژێکاف" درێژەپێدەری ئەو پرۆژە کولتووری و سیاسییەی کوردستان بوو، کە لەرێگای ئەو بزاڤانەشەوە، سێ جومگەی جەستەی کوردستان لێکتر نزیکدەبنەوە.

لەباکووری کوردستان وێڕای راپەڕینی شێخ سەعیدی نەمر، بزاڤی کولتووری و چاندی کوردییش دەفرازێ. پرۆژە رۆشنبیرییەکانی بەدرخانییەکان نموونەی بەرچاوی ئەو قۆناغەن. لەبەشی رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو بزاڤە سیاسیی و کولتوورییە لەبەرهەمی کۆماری مەهاباد/کوردستانی کۆست کەوتوودا، بەسەرۆکایەتی قازی محەمەدی گیانفیداکار، وەك گزنگێك دەردەکەوێ.

لەوێدا، ئەو رووناکبیرو بزاڤە سیاسییانە پایەی ژن و هۆشیارکردنەوەی بە راشکاوی جەختدەکەنەوە. هاواری پیرەمێرد،

قانیع، بێکەس، بەدرخانییەکان و ئامادەبوونی ژنان لەژیانی کۆماری کوردستانی جوانەمەرگدا، بەڵگەو بەهای رۆشنگەرانەی ئەو بزاڤە نوێیە لەمێژووی کورد دەنوێنن.

لێرەدا رەنگە گرنگ بێت گەر ئاماژە بەوە بکەین، کە وەك تایبەتمەندییەکی کوردییانە، ژن لەڕوانگەی کوردییدا، تاکوو ئەمڕۆش، لەوێنەیەکی شۆڕشگێڕانەو سەربەخۆ بوونی سەرتاپای کوردستان وێنەدەکرێت. ئەمەش، رەنگە بەشێکی زۆری، بەند بێت بەو ئاستەنگە مێژووییەی کە نەتەوەی کورد لەژێر ژانی داگیرکراوییدا دووچاری بووە. بۆیە رزگاری ژن گرێدراوە بەرزگاربوونی ناسنامە نەتەوایەتییەکەی لەژێر دەستی داگیرکەراندا. لەو ڕوانگەیەوە دەبینین، گەر شیعرە گەرم و سەرکێشەکانی حاجی قادری کۆیی، سەرەتایەکی تازەبن لەهزری نەتەوایەتی کورد، هەر بۆیە تا هەنووکەش دەکرێ بێژین، بزاڤە سیاسیی و کولتوورییە یەك لەدوا یەکەکانی کوردستان وەك دەنگدانەوەییەك، بەردەوامییەك لەهاوارە ئازادیخوازییەکانی حاجی قادری کۆیی پێناسە بکەین.

شایەنی باسە، پرسی ژن لەکوردستاندا، هەم لەو رابردوو ، هەمیش لەئێستادا، دابڕاو نەبووە لەبزاڤی سیاسیی و نەتەوایەتی کورد. واتا خودی ژن، لەدەرەوەی ئەو بزاڤە سەرتەسەرییەدا، خودان بزاڤێکی تایبەت بەژن نەبووە.

بۆیە، بەبڕوای من، ئاسان نییە، وەك ئەوەی لەرۆژئاوادا دەبینرێت، باس لەڕەوتێك و قۆناغێك بکەین، کە بەبزاڤی ژن بناسرێتەوە. رەنگە



هۆکاری ئەمەش فرەبن، بەڵام سەبارەت بەکورد، دەکرێ ئاستەنگی بندەستی کورد هۆکارێکی بنەڕەتی بێت بۆ نائامادەیی بزاڤی ژنی کورد.

وێڕای ئەو هەڵبەزو دابەزەی کە لەماوەی شەست، حەفتا و هەشتایەکاندا بەسەر بزاڤی سیاسیی و کولتووری کۆمەڵگای کوردییدا هات، کەچی لەکۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، جڤاکی کوردستان بەگشتی وێنەیەکی جیاواز لەوانەی پێشتر دەنوێنێت.

هەڵبەتە، لەئاکامی ئەوەی کە لەم قۆناغەی ئێستادا، بەبەجیهانیبوون و جیهانگیریی ناسدەکرێت؛ واتا ئاوەڵابوونی سنووری نێوان وڵات و کولتوورەکان، هاوکاتیش ئاسانکاری ئامرازەکانی ئاڵوگۆڕی و پەیوەندییەکان، بەتایبەتی بەهۆی مێدیای بینراو و ئینتەرنێتەوە، وەك فشارێکی دەرکی جڤاکیی ئێمە ناچاری گۆڕانێکی رووکەشی و مەیلەو ئاڵۆزدەکات. وێڕای ئەمەش لەماوەی ئەو چارەکە سەدەیەی دواییدا، لەئاکامی بەرزبوونەوەی پێداویسیی و گەشەی بازاڕی سەرمایەداریدا، کۆچگەلی بوو بەدیاردەیەکی بەرفرەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیی بەگشتیی و کۆمەڵگای کوردیی بەتایبەتیش. وێڕای ئەمەش لەکۆتایی هەشتا و نەوەدەکاندا لەئاکامی سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێی رژێمە داگیرکارەکان لەسەر کورد، بەشێکی زۆر لەدێهاتنشینەکان، کە لەهەموو بەشەکانی کوردستاند پیادەکرا، ئاوارەی ئۆردوگا زۆرەملێ و شارەکان بوون. بەمجۆرە شیرازەی کۆمەڵگای

www.pertwk.com

کوردیی لەو بارە کە دەقی پێوەگرتبوو لێکدەترازێ و ژنی کورد لەوێنەیەکی بێگەردەوە و دەبێت بەبوونەوەرێکی لێڵ. هاوکاتیش ڕوانگە تازەکان دەخزێنە ناو ئاگایی تاکەکەسی کوردییەوە.. ئەمەش کولتوور و وێنەیەکی شێوە جودای بەرهەمهێنا. بەمجۆرە وێنەی ژن لەکۆمەڵگادا گۆڕانێکی تازە بەخۆوە دەبینێت. ئیتر ژن لەو چوارچێوەیە دەردەچێت کە پێشتر تیادا دەژیا. هاوکاتیش، ئەگەر پێشتر خانەدانی و پاکیزەیی لەشووکردن بەخێڵ و چاوناس بەرجەستە بکرابایەوە، ئەوە ئێستا لەپیاوێکی کوردیی ئەوروپاییی. ئاکامی ئەو دۆخە، بەجۆرە وێکچوونێك وەك ئەوەی کە لەشێوەدا بەسەر کۆمەڵگای رۆژئاوای سەدەی حەڤدەم هات، ئیتر پیاو لەتوانای نەمایەوە وەك پێشتر ئەو هاوسەرە بدۆزێتەوە، کە لەکۆنترۆڵکردنی دڵنیا بێت. بەڵام لەو قۆناغەدا، وەك ئەو لێکدژایەتیەی کە لەژنی سەدەی حەڤدەی رۆژئاوادا بینیمان، لەلایەك دۆزینەوەی هاوسەرێکی ئەورپانشین یان دەوڵەمەند مانای ئازادبوون دەبەخشێت لەژێر کۆنترۆڵی ماڵەوەو دەوروبەر، لەلەیەکی تریشەوە، دەبێ ژنێکی خوێندەوار، جوانێکی نموونەی و پاك داوێنیش بێت. شایەنی بەیادهێنانەوەیە کەبەشێکی زۆری ئەو ژنانەی کە شوویان بەپیاوی ئەوروپانشین کردەوەو دەکەن، بریتین لەو ژنانەی کە گوایە هۆشیارن و داکۆکیکاری مافی ژنانن. (لێرەدا من ژن وەك ڕەگەز بەکاردێنم، نەك بەواتای ئەو ژنانەی کە شوویان کردووە، هەروا لای من ژن و کیژ بەها و مانایەك نابەخشن). لێرە بەدواوە، بەتایبەتی دوای روخانی سەدام و



هاتنی ئەمەریکا بەشێوەیەکی سەربازی بۆ ناوچەکە بەدەمگۆکردنی بانگەشەگەلی وەك: بەئازادی، دیموکراسییکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین ... هتد، بەشێوەیەکی جەڵەبی مۆدە سیاسیی و کولتوورییەکانی رۆژئاوا دەزێتە ناو زەینی مرۆی کوردو دەبێتە وێردی سەر زاری خەڵك. لەگەڵ ئەمەشدا، بەجیاوازیەکی زۆرەوە لەگەڵ چینی بۆرژوای رۆژئاوادا، لەکوردستان توێژێك، نەك چینێکی بۆرژوای "مشەخۆر" یان "شێوە بۆرژوا" سەرهەڵدەدات. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کورد لەدەرەوە و گەرمبوونی هاتوچۆیەکان لەنێوان کوردستان و ئەوروپادا، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێ دیاردەی رووکەش بێتە ناو ژیانی کوردەوە. بەتایبەتیش بەشێکی زۆری کوردیی هەندەران، بەهۆی ژیانی رووکەشی خۆیان و رەچاوکردنی ئەو نەدارییەی کە بەشێکی فرەی کۆمەڵگای کورد دووچاریەتی. دەستییانکرد بەگواستنەوەی دیاردە رووکەشەکانی رۆژئاوا، ئەوەندە بەسە کەئاماژە بەوە بکەین، کەخەڵکی کورد، بەتایبەتیش ژنان، تا ئێستاش وادەزانێ هەموو ئەوانەی لەئەوروپان، بوونەتە ئەوروپی، ئەوەش لەو ئۆتوپیایەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، کە مرۆڤی رۆژهەڵات دەمێکە، بەهۆی رژێمە تۆتالیتارو داخراوی کۆمەڵگایەکەوە خەونی پێوە دەبینێت. بەهەمەحاڵ، ئەوانە بابەتگەلێك شرۆڤەی فرە رەهەندی گەرەکە، بەڵام ئەم نووسینە ئەو ئەرکە بەهی خۆی نازانێت.

بەڵام ئەو لێکچوونانەی کە لەنێوان ژنی رۆژئاوا لەسەدەی حەڤدەو ژنی ئێستای کورد بەرجەستەدەبنەوە، ئەو پەرۆشی ومەیلانەیە کە

لەئاکامی ئەو "مرۆڤە نوێ"یە یان " ژن و پیاوە نوێ"یەدا بەرهەمهاتووە. بۆیە ئەمڕۆ پیاوی کورد خەون بەو ژنە ئیدیالیە دەبینێت کە هەم پاك و بێگەرد بێت و، هەمیش بۆ دەوروبەر شۆخو شەنگ و بەرچاو بێت. چونکە ئەمڕۆ بەشێکی فرەی کۆمەڵگای کوردیی لەوێنەیەکدا خۆی نمایشدەکا، کە ئاڵۆزکاوە: لەلایەك نە ئەرکی ژن وەك کابانی ماڵەوە مایەوەو نە پیاویش لەچوارچێوەیەکی تەسکدا ئەرکی بەخێوکردنی ماڵەوەیە. ئەو توێژە مەیلەو بۆرژوا یان خاوەن ئابوورییە کە ئەمڕۆ شانۆی جڤاکی کورد دەنوێنێت، ڕۆڵی دەرەوە دەگێرێت و هاوکاتیش ژنی ئەمڕۆی کورد هەم ڕۆڵی ناوماڵ و هەمیش لەدەرەوەی ماڵدا وێنەی جوانی بنوێنێت. لێرەوە دەکرێت بڵێین، کەیەکێك لەو هۆیانەی کەبۆتە هۆی دیاردەی کوشتنی ژنی کورد لەئەوروپادا، کە بە"شەرەف" ناودێردەکرێت، بۆ ئەو پەرادۆکس/ناتەباییەی پیاو و ژنی کورد دەگەڕێتەوە. لەکاتێکدا پیاو ناچاری ئەوەیە کە هاوسەرەکەی یان کیژەکەی کار بکات یان بخوێنێت، کەچی هاوکاتیش دەخوازێت لەپاکی و بێگەردییان دڵنیا بێت. ژنی کورد لەلایەك خوازیاری ئازادیە، لەلایەکی تریشەوە نە دەتوانێت لەو شێوازە باوەی هاوسەری کەپیاو خوازیاریەتی ئازاد بێت، نە دەشتوانێت بەمەرجەکانی ئەو ڕازی بێت. وێڕای ئەمەش ئەمڕۆ ژنی کورد ملکەچە بەوەی کە هەم جوان و چێژپرژێن بێت و هەمیش پاکیزەو خانەدان بێت.



ئەو ئاستەنگەی کە لێرە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، لەوکاتەی کە دەمانەوێ ئەو بەراوردکارییە بەلەزە پیادە بکەین، ئەوەیە کە وێڕای ئەو گۆڕانە سیاسیی و ئابووریەی کە لەکوردستاندا لەم قۆناغەدا هاتۆتە کایەوە، کەچی ئاسان نییە پێناسەیەکی تۆکمە بۆ بزاڤی ژنی کورد بدۆزینەوە. لەوکاتەی کەلەو قۆناغەدا ژنگەلێکی چالاك هاتوونەتە سەر شانۆی کۆمەڵگا، کەچی لەهەموو بەشەکانی کوردستان بزاڤێکی خاوەن گوتارێکی بەرجەستەکراوی ژن بەدیناکرێت. وێڕای ئەو تاکەکەسە جودایانەی کە ماوەیەك دەردەکەون و زووش، وەك ئەستێرەی بەربەیان ئاوادەبن. بەواتایەکی تر، بەبڕوای من کێشەی بزاڤی ژنی کورد لەوەدایە کەتا ئێستا توانای بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی تیۆری/کردەیی نییە. پرۆژەیەك کە بەهاوئاهەنگی پشتینەی ژنی کوردو کۆمەڵگایەکەی بتوانێت دابڕانێك لەوابەستەیی ژنی کورد بەحیزبی کوردیی دروستبکات. چونکە تا ئەمڕۆش ئەوە حیزبە؛ پیاوی باڵادەستە کە دیکۆرێك بەناوی کێشەی ژن دەسازێنێ. هەڵبەتە لەنیوەی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستاش حیزبەکان دەست گەرمبوونە بەدروستکردنی بەشێك بەناوی ڕێکخراوی ژنان. لەدواجاریشدا ئەرکی ژن لەو ڕێکخراوانەدا ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزب بووە نەك بەرجەستەکردنەوەی مافی ژن، کە وەك هاووڵاتییەك، هەم لەیەکسانیدا بەکەم سەیریکراوەو، هەمیش لەڕێگای ئایدۆلۆژیی ئەو حیزبانەوە لەڕۆڵی خۆی دوورخراوەتەوە.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە حیزب مافی ئەوەی نییە ڕێکخراوی ژنی هەبێت، هەروا مەبەست ئەوەش نییە کە نابێ ژن لەحیزبێکدا چالاك بێت، بەڵکو مەبەست کێشەی ئەو دیاردانەیە کەحیزب وەك یارییەك بەناوی ڕێکخراوی ژن سازیدەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژن نەتوانێت خاوەنی بزاڤێکی سەربەخۆی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بێت. بەڵام دەکرێ بێژین، گەر بزاڤی ئێستای ژنی ڕۆژئاوا دەنگدانەوەیەك بێت لە"بزاڤی مشتومڕی ژنان"ی سەدەی چواردەو "شەپۆلی یەکەم و دووەم" بێت، ئەوە ئەو ژنە "نوێ"یەی کورد، ژنێکە کەئەمڕۆ ناتوانێت بەئاگایی یادەوەریەکی لەو تەرزە بزاڤەکەی خۆی بەرجەستەبکاتەوە.  وەلێ ناکرێ ڕۆڵی دیارکراوی ژنگەلێکی کوردو بۆ نموونە، دڵسۆزانی ڕۆژنامەی (ڕێوان) فەرامۆشبکەین.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەو وێنەیەی ژنی کوردو کۆمەڵگای کوردیی ئەمڕۆ، کە ئەم نووسینە گەرەکییەتی، لەنزیکەوە بەرجەستەبکەینەوە دەکرێ ئاماژە بەوێنەی "کۆنفرانسی ژنی کورد" لەستۆکهۆلم بکەین، کە بەگوێرەی "دەمڕاستی" ئەوڕۆی ژنی کوردو ئەو کۆنفرانسە، دانسقەترین چالاکی ژنی کورد بووە. کەچی بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی کە نەوزاد ئەحمەد عەلی لە"کوردستانی نوێ" لەسەر ئەو کۆنفرانسەی نووسیبوو، ئاماژە بەوە دەکا کەژنانی بەشداریکەری ئەو کۆنفرانسە "دانسقە"یە لەرۆژێکدا "حەوت جار" جلوبەرگیان گۆڕیوە. واتا ئەو کۆنفرانسە بۆ خوێنەری کورد، وەك "پێشەنگایەك"، زیاتر بۆ نمایشکردنی جوانی لەش و جلوبەرگی ژنی ئەوڕۆی کورد بووە، نەك



لێدوان و چارەسەرکردنی پرسی ژن. ئەو لێکدژییەش لەوێنەی ئەو ژنە "نوێنەر"انەی "کۆنفرانسی ژنی کورد لەستۆکهۆڵم" لەوەدا تۆختر دەبێتەوە، کە بەقسەی نەوزاد ئەحمەد عەلی، کەسییان ئامادە نەبوونە گفتوگۆ لەسەر نهێنییەکانی ئەو هەموو جل گۆڕینە بکەن. ئەمەش ئەو لێکدژی و ئاستەنگیەی ژنی کوردیی ئەمڕۆی کورد بەرجەستەدەکەنەوە، کە ئەمەش لەکێشەی دووانەیی، دۆبل مۆراڵی کۆمەڵگای سەدەی حەڤدەی ڕۆژئاوا دەچێت، نەك ئێستا. یەکێك لەخاڵەگرینگەکانی بزاڤی فێمینیستی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا، کە هەوڵدەدەن تێکیبشکێنن، ڕەتکردنەوەی ئەو وێنەیە نموونەییەی ژنە، کە پیاو خولقاندوویەتی. بۆیە ژنە چالاکەکانی زۆر لەبزاڤی فێمینیستی ڕۆژئاوا، وەك ئەنارشیست خۆیان دەنوێنن. بەڵام ژنی ئەمڕۆی کورد، وەك ژنی سەدەی حەڤدەی ڕۆژئاوا، لەلایەك "شۆڕگێڕ"انە باسی مافی ژن دەکا، کەچی نیوەی کاتەکانی، تەنانەت لە"کۆنفرانسە"کانیشدا، بەخۆرازاندەوەو جوانکردن دەباتە سەر. ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی جڤاکی ئەمڕۆ کورد بەرجەستەدەکاتەوە، کە بەخواستە ئیدیالەکانی پیاو بارگاویکراوە. لێرەدا مانای ئەوە نییە کە من جوانی و مێینەیی ژن ڕەتدەکەمەوە، بەڵکو مەبەست ڕووتکردنەوەی ئەو نهێنییە لێکدژانەن کە لەهەناوی کۆمەڵگای کوردو ژنانی دەژین. بەهەمەحاڵ،

لەم ڕوانگەیەوە ئاستەنگی سەرهەڵنەدانی بزاڤێکی خەملێوی ژنان لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسە ناسروشتیەی کە سەرتاپای

www.pertwk.com

جڤاکی کوردیی دەیبڕێت. هۆکارە بزوێنەرەکانی ئەو پرۆسەی گۆڕانە، هۆکاری دەرەکین نەك ناوەکی. ئاکامی ئەمەش دەبێتە دروستکردنی کولتووری پاشکۆیی و رووکەش، شێوە پەرستیی. بۆیە کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانە لەئاستێکی دەرەکیی و نیوەچڵدا قەتیسدەمێنن. هاوکاتیش پرۆسەی گۆڕان لەکۆمەڵگای ئێمەدا، هەروەك کۆمەڵگایەکانی تری رۆژهەڵات، لەئاستی توێژێکی باڵادەستی سیاسییدا تەسکدەبێتەوە، نەك سەرتاپای کۆمەڵگا. ئەو گۆڕانەش ناتوانێت وشیارییەکی گشتی و ریشەیی لەهەناوی کۆمەڵگادا بەرهەمبهێنێت.

2005.6.7

ستۆکهۆلم/سوێد

ژێدەر:

Lindkvist (Red) ”Metodövningar Historisk teori, metod 1.Thomas och källkritik

Maria Sjöberg, Föreställningar om män och kvinnor i det sena 1700-talet”, Studentlitteratur, Lund, s. 65-80.

بۆ زیاتر زانیار لەمەڕ بزاڤی ژنی رۆژئاوا، بڕوانە:

2. Joan Kelly, ”Women, History, Theory”, 1984



## گەنجان و حوکمەتی حیزبڕانی کوردی

(بەشێکی کورت و مۆنتاژکراوی ئەم دیدارە لەژمارە 53ی گۆڤاری "لڤین دا بلاوکراوەتەوە)

خۆپیشاندانەکانی گەنجان تەنها کردەوەیەك نەبوون بۆ نمایشی "بوونی گەنج" و لەوەش تێپەڕین کە تەنها کێشەی گەنج بخرێتەڕوو لەوێدا، لەوێ کێشەی کۆمەڵگەبوو گەنج دەریبڕی، زیاتر لەوەش بوو کە بەگێرەشێوێن و خائین لەقەڵەمبدرێن، بەڵکو خۆپیشاندانەکان ئەنجامێکن کە لەمیانی هەڵوێست و پرۆسەکانی دەسەڵات و پەراوێزخستنی هاوڵاتیانەوە بەرهەمهاتن، هەروەك لەدروشم و تورەیی هاوڵاتیان و گەنجاندا دەخوێنرایەوە. بۆ خوێندنەوەی ئەم دیاردەیەو روانێنیکی وردتر لەڕوانینی دەسەڵات لەخۆپیشاندانەکان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ شاعیر و رۆشنبیر (هەندرێن)دا سازدا.

www.pertwk.com

پ1/ پێتوایە تا چەند دەسەڵات خوێندنەوەی بۆ خواستی خۆپیشاندەران و داواکانیان کردوەو بەدوایانداچووە؟

هەندرێن: سەرەتا پێمخۆشە ئەوەتان پێبێژم، کە من هەستدارییەکی سەیرم بەرانبەر دەستەواژەی "دەسەڵات" هەیە کە بنەمای سەرچاوەی هەموو پرسیارەکانی ئێوەیە. بۆ زانینیش من ئەوە یەکەمجارە رووبەڕووی پرسیارێکی بەرهەستی وەك گەنج ببمەوەو هاوکاتیش بەهۆی بەباوکردن و لەبار بردنی ئەو بابەتەوە حەزم نەکردووە بەشداری ئەو بەهەدەر بردنەی وشە بکەم. دەخوازم بڵێم ئێمە کاتێك لەسەر پرسگەلێکی گەوهەری دەدەوێین، دەبێ دەست بەدەربڕینی دەسەواژەکانەوە بگرین. چونکە ئەوە زمانە کە خواست و ویست، گەوهەرو بەهای ئاوەزی ئێمە نمایشدەکا. کەواتە پێناسەکردنی ئەو حکومەتە ئاڵۆزەی کوردستان بە"دەسەڵات" ئاستەنگێکی زمانەوانییە. چونکە ئەمڕۆ لەئاستی تیۆریی و واتاییەوە دەستەواژەی "دەسەڵات"، وەك خۆی، پێناسەو رەهەندگەلی پێناسەکراو جیاوازی خۆی هەیە، کەچی ئەو دەستەواژەیە لەناوکۆیی/کۆنتێکستی سیاسیی، یان لەجیهانی زمانی کوردیدا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە یان پڕ لەگرفتە، یان تەنیا بەو هێزە دەوترێ کە بەناوی حیزبەوە چەکدارو هێزی ماددی هەیە. بەکورتی لێرەدا دەکرێ بڵێین "دەسەڵات" بریتییە



لەکۆی پەیوەندییەکانی گوتاری خۆی و تۆڕە جڤاکییەکان. دەسەڵات واتا: گوتارێکی رۆشنبیریی؛ شێوازی زمانێك؛ سیستەمێکی سیاسی خاوەن قانوون؛ کۆمەڵایەتیی؛ ئابووریی؛ سەروەریی نەتەوەیی؛ بەرپرسیارییەکی ئێتیکیی بەرجەستەکراو... هتد. لێرەوە ئەو شتەی کە لەباشووری کوردستاندا بەناوی "دەسەڵات" ناودێر دەکرێ، لێوانرێژە لەئاستەنگی ئەو بنەما و زمانەوانییە. چونکە لەکوردستاندا چەندان "هێز"ی سەربازی، ئایینی، نەرێتگەرایی، خێڵگەرایی، کەسگەلێکی کەڵەگاو ... هتد هەنە کەجڵەوی کوردیان بەدەستەوەیە، کەچی ئێمە لەئاخاوتن و نووسینەکانماندا ئەو هەموو هێزە رەمەکیی و نەرێتگەرایە حوکمڕانە لێکترازاوە عەنتیکانە بە"دەسەڵاتی کوردی" ناو دەبەین. بەکوردی ئەمڕۆ لەکوردستاندا وێڕای دوو حوکمڕانی حیزبی، سووپایەك لەدەمڕاستی ئایینی و خێڵەکیمان هەیە کە هیچ زمان، دەستوور و قانوونێکی دانپێنراویان نییە تاکوو وێنایەکی دیاریکراومان لەبارەیانەوە هەبێ.

کەواتە "دەسەڵات"ی کوردی هەر لەبنەڕەتدا نەك هەڵگری خولیایەك نییە بۆ خوێندنەوەی خۆپیشاندان و داواکانیان، بەڵکو رەتکەرەوەی هەموو بەرتەکێکە لەهەمبەر جەماوەر یان گەنجگەلێك کە دەخوازێ بەشێواز و رێگای جوودا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکاو مافەکانیان دەستەبەر بکاتەوە. لەبۆیە ئاخێوەری دەسەڵاتی حیزبی و رۆشنبیریی کوردی، کە لەرێگای زمانەوە خۆیان نمایش دەکەن، بۆ خۆیان دەدوێن نەك بۆ کۆی هاوئاخێوەرەکانی. لێرەوە "خوێندنەوە"ی

www.pertwk.com

"دەسەڵات"ی کوردی بۆ دیاردەی خۆپیشاندانەکان و نارازیبوونی جەماوەرو گەنجان، تەنیا لەهەوڵی ئەوەدا بووە ورێنەی غەریزەکانی بسەپێنێ نەک گوێ بۆ هاواری گەنجان و هۆکردەکانی تووڕەبوونی بگرێ. لێرەوە ئەو حیکایەتانەی "دەسەڵات"ی کوردی، جەختکردنەوەیە لەگرفتی نەبوونی بەرپرسیاریەتییەکی ئێتیکی، غیابی قانوون، دەستوور؛ دابەشکردنی ماف و ئەرک؛ سیستەمێکی نوژەن و بڕوا پێکراو لەنێوان جەماوەرو حیزبی کوردیدا؛ لەنێوان نوێنەرو هاووڵاتیاندا. دەسەڵاتی کوردی چونکە خۆی بەپیرۆزو تاپۆیەک دەزانێ، بۆیە هەوڵیداوە وەک کفرو ناماقوولییەک ئەو خۆپیشاندانانە وێنا بکا. سەرچاوەی ئەو جیهانبینییەش بۆ روانگە ئایین و شەڕەگەکانی خێڵ دەگەڕێنەوە نەک بنەمایە سەرەتایەکانی دەسەڵاتێکی مەدەنی، کە ئەو دەسەڵاتە بەناو بانگەشەی بۆ دەکا. بۆ نموونە، ئەگەر مرۆی وشیار سەرنج بدا، کە نوێنەرانی "دەسەڵات"ی کوردی لەسەر دیاردەی خۆپیشاندان و کۆچی گەنج بۆ هەندەران و گەندەڵییە ڕەگئاژۆیەکانی حوکمەتی کوردی قسە دەکەن، هەمیشە چەند قسەیەکی راشکاویان هەیە، ئەویش: "گەنجی کوردی تەمبەڵە"، "پرۆژەی نییە"، "هەستی نەتەوایتی نییە"، "بە فیتی دەرەکی تێکدەری دەکا"... قسەگەلێکی لەم تەرزە، کە ئەوپەڕی نەزانی چەواشەکاریی و تەڵەکەبازی دەسەڵات جەخت دەکەنەوە. چونکە ناڕەزایی گەنج و هاتنە سەر شەقام بەدژی رەوشێك، لەوپەڕی سادەییدا هۆکردی نادادپەروەریی و بۆشاییە قووڵەکانی دەسەڵات رادەگەیەنێ.



هەر نکۆڵی کردنێك لەو راستییە بەڵگەنەویستانە، بێجگە لەپێشلکردنی بنەما دیموکراسیی و بەرپرسیارییە ئێتیکییەکان، هیچی تر نییە. لەدواجاریش ئەو بەرتەکانە مانایەکی راشکاوی تەنگژەی دەستەڵاتە. چونکە هۆکردی ئەو خۆپیشاندانانە بەندە بەسیستەمی سیاسی، بەمانا فروان و ئێستێتیکییەکەی، کە بەرپرسیارییەکی ئێتکی و نەتەوایەتی هەیە لەبەرانبەر بەهایە نەتەوایەتیی، جڤاکیی، ئێتیکیی و خەونەکانی کۆمەڵگا. ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی روح بەرزو کارا دەخەملێنێ، سیستەمی پەروەردەیەکی بەرهەمهێنەرە. ئەوەی ئەو سیستەمەش دادارێژێ، گوتاری دەسەڵاتێکی نۆژەن و تەندرووستە نەک گەندەڵ و وێران. هەر بۆیە ئەوە سیستەمێکی خاوەن پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو تیمارکەرە کە دەتوانێ برینە قووڵەکانی کۆمەڵگای کوردستان و گەنجێك کەبەرهەمی دوو قۆناخی ئاڵۆزی رژێمی سەددام و شەڕی نێوان دوو حیزبی کوردییە چارەسەر دەکا، نەك بەپێچەوانەوە. بەڵام بەگشتی گەنج هەمیشە لەهەموو جیهان و قۆناخێکدا هەڵگری خولیایەکی ئەنارشیانەیە؛ هێندەی حەزی لەدۆزینەوەی نادیارییە هێندە حەزی لەژیانێکی قەتیسماو نییە؛ هێندەی حەزی لەتێکدانی بەها چەقیوەکانە هێندە حەزی لەپەرستنیان نییە...

لەو روانگەیەوە حیزبی کوردی هەتا ئەمڕۆش لەبیری ئەوەدا نییە دان بەهۆکار، رەوایەتی، رەهەند، ئاکامەکانی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزیبوونانەی گەنجەکان بنێ، کە دەربڕی کۆی ئازارەکانی خەڵکی

www.pertwk.com

مافخوراوی کوردستانن. چونکە ئەوەی حیزبی کوردی ئاراستە دەکا، بەردەوامییە کە لەدەسەڵاتێکی هەرارکییەکی خێڵەکی یان بەردەوامییەکە لەڕەفتاری رژێمە ملهووڕەکانی جیهانی ئیسلامی. دەسەڵاتێکی ئەوها کە بێبەرییە لەبنەمایە سەرەکییەکانی دیموکراسی، ناتوانێ بەهای مافی داخوازی کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵگاکەی بخوێنێتەوە. دەسەڵاتی کوردی کتو مت وێنای ئەو باوك و سەرۆك خێڵەخاوەن دەسەڵاتە رەهایەیە کە بڕیاریداوە هەموو ئەندامەکانی خێزان و خێڵ دەبێ بۆ دەسەڵاتە خوا پێدراوەکەی مل کەچ بن. ئەو جۆرە دەسەڵاتە هەموو ناڕازییەکی کۆمەڵگایەکەی بەکفرو تاوان دەخوێنێتەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە وێنای کەڵەگاییەك دەنوێنێ ، ئاراستەیەکی نەگۆڕی هەیە، لەبۆیە هەر جووڵەیەکی جەماوەر بەدژی ئەو ئاراستە روودات، وەڵامێکی گوتراوی جێگیری هەیە. هەر بۆیە هەتا ئەمڕۆش "خوێندنەوە"ی "دەسەڵات"ی کوردی لەسەر خۆپیشاندان و داواکارییەکانی جەماوەر، گوتنەوەی ئەو حیکایەتە داڕێژراوانە بووە کەهی نەریتی خێڵە. کەواتە خوێندنەوەی دەسەڵاتە لەو حیکایەتانە چڕ دەبنەوە کە نەخوێندەوارێکیش سەرچاوەکانیان دەزانێ: "دەستێکی دەرەکی لەپشتەوەی خۆپیشاندانەکاندا هەیە". "گەنجەکان تێکدەرن". "حیزبێکی نەیار هاندەرایانە". ئەوانە خائینن" و قسەگەلێکی تر لەسەر ئەو وەزن و قافییانە. بەدیوێکی تریش، بەهانەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی بریتییە لە: "هێشتا حوکمەت ساوایە". "حوکمەتی کوردی هەوڵدەدا داخوازییەکانی خەڵك



جێبەجێ بکا". "ئێمە بەهەڵبژاردنی زۆرینەی خەڵك دەسەڵاتمان وەرگرتووە"... چەندان قسەو پەیمانی زارەکی لەو چەشنانە، کە هەتا ئەمڕۆش لەقسە، قسە، قسە ... بترازێ، هیچی تر نەبوونە . سەرچاوەی ئەم قسە بێکردارانەش بۆ ئەخلاقی دەسەڵاتێکی تاکڕەوی لەخۆ بایی خێڵەکی دەگەڕێتەوە، کە هەوڵدەدا بەو قسە سۆز ورووژێن و دەست بەسەر داهێنان و بەزەیی پێهاتنەوە کۆیلەکانی هێور بکاتەوە. ئەو دەسەڵاتە لەبیری ئەوەدا نییە سەرنج لەو نەوە گەنجەی کورد بدا، کە بەرهەمی راپەڕینی 1991 و ئاکامگیرییەکانی ئەو نائومێدیانەن کە بوونە بەرهەمی دوای راپەڕین. هەر بۆیە تووڕەییەکانی ئەو گەنجە هەتا دێ بەرەو فرەوان بوون دەچێ. کەواتە ئێمە کاتێك بە روانگەی کۆمەڵێ دەستەواژەی هاوسەردەم و نامۆ بەزمانی کوردییەوە گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی دەخوێنینەوە، دواجار قسەکانمان لەهەوادا دەمێنێتەوە، چونکە ئەو زمانەی ئێمە پێیەوە دەپەیڤین لەپەیوەندییەکانی زمانی دەسەڵات و جڤاکی کوردییەوە بەرهەمنەهاتووە، بەڵکو لەجیهانێکی ترەوە هاتوون کە لەگەڵ پێکهاتی ئەو بەناو دەسەڵاتە نامۆیە. لێرەوە من بڕوام وایە نە "دەسەڵات" لەناوکۆییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کوردییەوە ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی جەماوەرو گەنج دەخوێنێتەوە نە زۆرینەی نووسەری کوردیش. چونکە ئێمە وێڵین لەناو ئەو دەستەواژەو تیورییە قەبانەی کە هێشتا لەنێوان زمانی خۆپیشاندەران و دەسەڵاتدا خەملێوو نییە. بەمجۆرە وەك دەزانین، ئەو دەسەڵاتە حەزی لەقسەی "مەدەنی"یە،

کەچی ناتوانێ "مەدەنی" بیر بکاتەوەو کار بکا؛ حەزی لەقسەی "دیموکراسیی"یە، کەچی گاڵتەی بەمافی هاووڵاتی و تاکەکەس دێ... نووسەری کورد زارقەڵەباڵغە ناوبردنی فەیلەسووف و تیۆرییەکان، کەچی ناتوانێ ئەو تیوریانە لەوشەوە بکاتە کردی ژیان. لەکۆتاییدا دەکرێ بپرسین: ئاخۆ ئەو دەسەڵاتە هەتا ئێستاش خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ خەونەکانی خۆی و ئایندەی ئەو هاوپەیمانییە رووکەشەی نێوان خۆی ئەمریکا و دەسەڵاتی بەغدا کردووە؟!

پ2/ توڕەیی نێوخۆپیشاندەرانی کوردستان و زۆری ژمارەی خۆپیشاندەران و فراوانی مەدای جوگرافی خۆپیشاندانەکان چیان لێدەخوێنرێتەوە؟

هەندرێن: تەنینەوەی ئەو خۆپیشاندانانە لەهەڵەبجەی کۆستکەوتووە بۆ دەڤەرەکانی تری کوردستان، پەنگدانەوەی ئازارەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان رادەگەیەنن. هاوکاتیش فرەوانبوونی و بەردەوامی ئەو بێزاریی و دەنگهەڵبڕینانەی خەڵکی کوردستان کە هەتا دێ فروانتر دەبنەوە، خەمساردی ئەو حیزب و هێزە باڵادەستانەی کوردستان لەڤەیرەنەکانیان نیشاندەدا. هەڵبەتە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە حیزبی کوردی لەدوای 1991وە هەتا ئەمڕۆ بەبیانۆی هەبوونی پلان و هەڕەشەی دەرەکی لەسەر کوردستان و بەپەیمانە سەر زارەکییەکانی خواستەکانی خەڵکی کوردی پێشێلکرد، هاوکاتیش دوای رووخانی رژێمی سەددامەوە لەماوەیەکی زۆر کورتدا مەنسوول و



کەڵەگایەکانی حیزبی و کۆنە جاشەکان لەسەر خوێنی ئەنفال و تێکۆشانی خەڵکەوە بوونە بازرگان و مشەخۆرو دەمڕستی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر جەماوەر بەگشتی و گەنجی کورد بەتایبەتی لەوە تێگەیشتن کە تەواوی ئەو بڕو بیانوویانەی کە ئەو دوو حیزبە دەسەڵات و هاوپەیمانەکانیان چەندان ساڵەبە خەڵکیان فرۆشتووە، تەنیا هەوڵێك بووە بۆ چاوەشە کردن. بۆیە فروانبوونی ژمارەی ئەو خۆپیشاندان و پەرەسەندنیان بۆ سەرتاپای دەڤەرەکانی کوردستان، زەنگێکی ئاشکرایە بۆ جیابوونەوەی جەماوەرو دەسەڵاتی ئەو حیزبڕانییەی کە لەکوردستاندا باڵادەستە. لەدۆخێکی هەستداری وەك ئەمڕۆی کوردستاندا، وێڕای هەڕەشەی دەرەکی،کە خەم و ناڕەزاییەکانی خەڵکی هەژارو گەنجی ئایندە وێڵی کورد هەتا دێ راشکاوتر دەبن، کەچی مایەی سەرنجدانە کە ئەو حیزبانە نەك هەر ناتوانن ئەو گرفتانە بەهەند وەرگرن، بەڵکو هەوڵدەدەن بەحیکایەتە گوتراوەکانیان سەرتاپای ئەو گرفتانەی گەنج و نەگبەتیەی خەڵکی کۆستکەوتووی کورد بە"تێکدەر و خائین" پێناسە بکەن. یەکێك لەخەمە گەورەکانی ئەو دۆخە داماڵینی هەستی دڵسۆزی گەنجە بەرانبەر یادەوەریی نەتەوەکەی و ئایندە نادیارییەکانی. لێرەوە دەسەڵات بەو هەڵس و کەوتە دوور لەبەرپرسیارییە ئێتیکییەکانەوە ئاییندەی خۆی و گەنجی کورد تووشی کارەسات دەکا. بەکورتی ئەگەر حیزبە باڵادەستەکانی کوردستان بەمجۆرە بەردەوام بن لەپێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵك، ئەوە لەئاییندەیەکی زۆر نزیکدا ژیانی

گەندەڵی حوکمەتی کوردی تووشی هەراسانییەکی بێپراده دەبێ. ئەگەریش ئەو بارودۆخە شپرزەیە لەعێراق یەکلاببێتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە حوکمەتی کوردی ڕووبەڕووی شەپۆلێکی توونـد و تیـژی جەماوەریانە دەبێتەوە، ئەوکاتەش نەك هەر چیتر قسەگەلێکی بێ کردەی وەك "مەدەنی و دیموکراسی" بەهانای دەسەڵاتەوە نایەن، بەڵکو جۆرج بۆش و حوکمەتی بەغداش بەهانای ئەو حوکمەتە حیزبڕانەوە نایێ.

پ3/لەهەندێك لەخۆپیشاندانەکاندا سیمبولەکانی نەتەوەش خرانە ژێر تورەییەوە، بەدەر لەوەی کە ئەمە کارێکی لەو شێوەیە بێت کە دەسەڵات پێیدەڵێت گێرەشێوێنی و خیانەت، ئەکرێ وردتر بڕۆین و چیتری لێبخوێنینەوە؟

هەندرێن: ئەو دەسەڵاتە لەڕوانگەی ئێتێکی نەتەواتییەوە سەیری ئەو سیمبوولانە ناکات، بەڵکو بۆ نموونە، وەك بەهایەکی پیرۆزی حیزبەکەی خۆیەوە سەیری مێنیمۆنتی هەڵەبجە دەکا. پەلاماردانی ئەو سیمبوولانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەڕووی دەرەکیی و ناوەکییەوە ریسوواکردنی سەرچاوەی ئەو دەستکەوتە مانەوی و ماددییەکانی دەسەڵات رادەگەیەنێ. هاوکاتیش کاتێك هەزاران گەنج و خەڵکی نەداری کورد لەڕووی ئەو رەفتارانەی دەسەڵات رادەپەڕن و سیمبوولی شارەکانی خۆیان دەڕووخێنن، ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئەو



دیاردەیە نەك هەر "گێرەشێوێنی" و نە "خیانەت"یش نییە، بەڵکو ئەوە پەلاماردانێکە بۆ ناخی دەسەڵات. چونکە لەڕووی کۆمەڵناسییەوە سیبمووولەکانی ناو شار واتای سیمبوولەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرجەستە دەکەنەوە کە باڵادەستە. هەر بۆیە لەهەموو جیهاندا کاتێك جەماوەر بەرووی دەسەڵات رادەپەڕێ، پەلاماری سیمبوولەزەقەکانی ناو شار دەدا، کە ئەمەش واتای پەلاماردان و ریسوواکردنی دەسەڵات خۆیەتی. هەر ئێستا کاتێك دەسەڵاتی دانمارکی بڕیاریدا سێنتەرێکی گەورەی گەنجان لەکۆپنهاگن دابخەن، گەنجان رژانە ناو شەقامەکان و پەلاماری تەواوی سیمبوولەکانی دەسەڵاتیان داو هەتا ئێستاش ئەو رابوونەی گەنجان بەردەوامە. دوای ئەوەی زۆرینەی گەنجی کورد لەوە تێگەیشتن کە ئەو سیمبوولانە بەهای یادەوەری ئەوان و کۆستی شارێکی وەك هەڵەبجە بەرجەستە ناکەنەوە، ئیتر لەپێناوی گێڕانەوەی ئەو بەهایە یادەوەریانەوە بوو پەلاماری ئەو سیمبوولانەیاندا، کە توێژێکی گەندەڵی حیزبڕان بازارگانی پێوە دەکەن. بەمجۆرە دیاردەی پەلاماردانی سیمبوولەکان لەلایەن گەنجی راپەڕیووی کوردەوە ڕێگە خۆشکردنە بۆ سەرهەڵدانی هێرشێکی کوشندە بەرەو ناخی ئەو دەسەڵاتە حیزبییەی کە ئەمڕۆ بەپێکهاتە گەندەڵییەکەی خۆی و ئامادەیی سەربازەکانی ئەمریکاوە سەر مەستە. ئەو دەسەڵاتە هەروەك پێیوایە ئەو دۆخە دەرئاوێتەیە ژیانێکی ئەبەدی بۆ ئەو مەیسەر کردووە. کێشەی حیزبی کوردیی ئەوەیە، جا بەئاگا و بێئاگا بێ، هێندەی لاسایی رەفتارەکانی رژێمی سەدام دەکاتەوە،هێندە بیر

لەچارەنووسی کۆتایی ئەو رژێمە ناکاتەوە. هەر بۆیە ئەو رەفتارە کەڵەگایی و حیزبڕانییەی کوردستان ئەگەر بەمجۆرە قسەگەلێکی وەك: "مەدەنی"، "دیموکراسی" و "بانگەشەی هەڵبژاردن" ... لەبانگەشەوە نەکاتە کردە، ئەوە لەداهاتوودا ئەوە نەوە گەنجە ژیانی ئایینەدەی خودی ئەو دەسەڵاتەش دەخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە. چونکە ئەوەی کە هێزی چەوساوەو پشتگوێ خراوی گەنجی کۆمەڵگا رێکدەخا، خودی رەفتارە چەواشەکارو پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکە لەلایەن دەسەڵاتەوە. کاتێك ئەو دەسەڵاتە بە بانگەشە زێدەڕۆییەکانی خۆیەوە ریسوابوونی خۆی رادەگەیەنێ. هەر بۆیە من وایدەبینم هەتا دەسەڵات بەردەوام بێ لەپێشێلکردنی ماف و سیمبوول و بەهایە شۆڕشگێڕییی و رووحییەکانی جەماوەری کوردستان، ئەوە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەسەتەڵاتە بەخۆی و سیمبوولەکانیشی دەبنە مێژوویەکی ریسوواکراو.

پ4/ دەسەڵات بۆچی ئەوەندەی لەخەمی سیمبول و گۆڕەکان و پیرۆزگەرایی سیمبولەکان و روخسارەکانەوەیە و لەوە کۆڵیەوە، ئەوەندە لەخواست و ناوەڕۆکی خۆپیشاندانەکان نەکۆڵیەوە، لەکاتێکدا سوتاندنی مینۆمێنت و رەمزەکان ئەنجامە نەك هۆکارو گێرشێوێنی گەنج؟

هەندرێن: چونکە حیزبی باڵادەستی کوردی هەموو هەوڵەکانی لەڕازاندنەوەی رووخسارە دەرەکییەکانیاندا چڕ کردۆتەوە. چونکە ئەو



دەسەڵاتە هەموو خەمەکانی ئەوەیە لەدەرەوە قەبووڵ بکرێ. ئەو دەسەڵاتە هەلگری پرۆژەیەکی نەتەوەیی و جڤاکیی نییە، چونکە هەست بەلاوازی ویستی خۆی دەکا، بۆیە لەخەونی ئەوەدایە بەو ئارایشکردنی رووخسارەکانی خۆی رەزامەندی زلهێزە دەرەکیەکانی خۆی مەیسەر بکا. هەر بۆیە جێگەی سەرنجە ئەو دەسەڵاتە رۆژانە خەریکی داواتکردنی میوانە بیانییەکانە. ئەمەش بەشێکی جۆرە سواڵکردنێکی دەسەڵاتە لەهێزە دەرەکییەکان. هاوکاتیش ئەو دەسەڵاتە کاتێك بەوپەڕی نەرمییەوە رووخساری خۆی بۆ هێزە دەرەکییەکانی خۆی نیشاندەدا، کەچی کەڵەگایانە وەڵامی داخوازیی و تووڕەییەکانی گەنج و هەژاری کورد دەداتەوە. بەهەمە حاڵ ئەو دیاردانە مایەی لێکۆڵینەوە راڤەی سەرنجکێشن، لێ مخابن هێشتا نووسەری کورد لەو ئەرکانە دەستکورتە. بۆ نموونە سەیری ئەو درووشمانە بکەن کە هەموویان دەلالەتی رووخسار پەرستی دەگەیەنن: "حکومەتەکەمان نموونەی دیموکراسییە"، کەچی بێبەرین لەبنەمایە سەرەکییەکانی بەهای دیموکراسی. نمایشکردنی ناوی پرۆژە بازرگانییەکان، کەچی هەموو پرۆژەکان لەخزمەتی گیرفانی مەنووسەلەکاندایە، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، کەچی وێڕای فشۆڵی ئەو پڕۆژانە، بەشێکی زۆریان قووڵکردنەوەی نادادپەروەرین. زارقەڵەباڵغییەکی زۆر لەکۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ، کەچی چەوەشەکارترین پرۆسەی مەدەنی لەکوردستاندا لەئارادەیە. جێگەی سەرنجە، ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەوە سەرمەستە کەسەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ جۆرج بۆش

www.pertwk.com

بەجلی کوردییەوە دانیشتووە، گوایە بۆشی بابە گەورە بەوە مافە نەتەوایەتییەکانی بەئێمە بەخشیوە. هاوکاتیش دەسەڵات پێیوایە کاتێک سەرۆکی ئێراق لەکۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەکوردی دوو قسەی کرد، ئیتر ئەو ڕێکخراوە دانی بەکورد ناوە. ئەو دەسەڵاتە بەبانگەشەیەکی بێوێنە لەمافی ژن و بەگەڕەکێك لەڕێکخراوی بەناو ژن/ئافرەتان سەرگەرمی کردووین، کەچی هیچ کاتێك وەك ئەمڕۆ ژنی کورد سووکایەتی پێنەکراوە. لەوەش زیاتر، ئێوە سەرنجبدەن، دەمڕاستەکانی بەناو "راوێژکاری ژن و ئافرەتی حکومەتی کوردستان"، هێشتا کێشەی کچێکی مافخوراوی کوردیان بەکردە چارەسەر نەکردووە، کەچی بۆ رازاندنەوەی رووخساری ئەو دەسەڵاتە "کۆنفراسی ژنانی کوردستان" لەئەوروپادا دەبەستن. لەوەش زیاتر، ئەو هەموو راوێژکارو ڕێکخراوانەی ژنان/ئافرەتان نەیانتوانیووە کەمێك ئەو کشتو بڕە لەسەر ناوگەڵی ژن سووك بکەنەوە؟ بۆ تا ئێستاش ئەوانە نەیانتوانیووە رچەشکێنییەك لەنەریتی باوی دەسەڵات و کۆمەڵگا ئەنجامبدەن؟ بۆ ئەوانە ناتوانن بڕیارێك بۆ مافی خۆشەویستی لەنێوان کیژو کوڕان گەنج بکەنە بڕیارێکی کردەیی؟ لێرە وێڕای ڕێزمان بۆ ژیانی سروشتی مەلاژنە، دەکرێ بەشێکی زۆری راوێژکارو نوێنەری ڕێکخراوەکانی ئافرەت/ژنانی ئەو حیزبانە بەمەلاژنی حیزبەکان ناودێریان بکەین. چونکە ئەگەرچی مەلاژن و ژنە فالگرەوەکان توانیوویانە بەکارامەیی هونەرە جادوویی یان سروشتییەکانی خۆیانەوە بەشێك لەکۆستەکانی کچانی



گەنج هێور بکەنەوە، کەچی ئەو ژن/ ئافرەتانەی ڕێکخراوەکانی حیزب نەیانتوانیووە بەشێکی کەم لەکێشەکانی ئەو کیژە گەنجانە چارەسەر بکەن. هەڵبەتە لێرەدا ناکرێ بەشێکی کەمی ئەو ژنە راستگۆ و ڕێکخراوە ماندوونەناسانە لەیاد بکەین، کە بەتوانای خۆیان کاریان کردووە. هاوکاتیش ئەو حیزبانە ئاشقی ئەوەن کە کوردستان لەتیڤییەکانەوە وەك وڵاتێکی رازاوا نمایش بکەن، کەچی هەقیقەتی ئەو کوردستانە، کورد واتەنی "دوور کوژی نزیك خەسارە". لەوەش گەڕێین کە دەسەڵات لەخەونی ئەوەدایە هەولێر بکاتە دوبەی. هەڵبەتە خەونی بەدوبەی کردنی هەولێر واتای روانینێکی رووکەشانەی ئەو حوکمەتە دەگەیەنێ.

مەبەستمان لەنمایشکردنی ئەو نموونانە ئەوە بوو کە بڵێین ئەو "دەسەڵات"ە هەموو بانگەشەکانی لەنمایشکردنی شێوە و زەقکردنەوەی رووخسارەکاندا قەتیسماوە. ئاشکرایە گرنگیدانی دەسەڵات بەرووخساری دەرەکی و بەپیرۆزکردنی سیمبوولەکانی خۆی لەبری بەهای قانوون و ماف و ئەرکە سەرەکییەکان، واتای ئاستی رۆشنبیریی ئەو دەسەڵاتە رادەگەیەنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە، دەسەڵات بەهۆی ئەو پێکهاتەیەوە ئەگەر لەهۆکارەکانی سووتاندنی ئەو سیمبوولانەوە بکۆڵێتەوە ناچار دەبێ دان بەتەنگژەو کەمو کوڕییەکانی خۆیەوە بنێ. ئەمەش دەسەڵات ناچار دەکا بیر لەگۆڕینی خۆی بکاتەوە. بەڵام دەسەڵاتێك کەخۆی لەناو درووشمە رووکەشەکانەوە نقوومکردووە، بۆیە ناتوانێ بیر

لەهۆکردەکانی تێکشاکاندنی سیمبوولەکانی و تووڕەییەکانی گەنجان بکاتەوە. ئەو دەسەڵاتە ئەوەندەی بەپیرۆزکردن و تاپۆکردنی ناو رووخسارەکانی خۆیەوە سەرقاڵە، هێندە بەرەهەندە بەهادارەکانی مێژووی کوردو خەونەکانی مرۆڤی ئازادی کوردەوە سەرقاڵ نییە. هەر بۆیە ئەو دەسەڵاتە لەلایەکەوە بەگەندەڵییەکانییەوە بەهایە نەتەوایەتییەکانی وەك ئەنفال و هەڵەبجەو پێشمەرگایەتی و وێرانکردنی دێهاتەکان سووك دەکا، کەچی لەلایەکی تریشەوە خەریکی بەسێنتەر کردن و پیرۆزکردنی سیمبوولەدەستکردەکانی خۆیەتی. داواجاریش ئاکامی ئەو لێکناکۆییەی حیزبی کوردی تەنیا هەڵکۆڵینی چاڵێکە بۆ دەسەڵاتە رووکەشە بەپیرۆزکراوەی خۆی.

هەر بۆیە ئەگەر دەسەڵات بەڕاستی هەڵگری درووشمەکانی "مەدەنی و دیموکراسی"یەکان بێ، دەبوو دوای ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییە فرەوانەی گەنجان و سەرهەڵگرتنیان بۆ ژیانێکی نادیار، وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی لەبیرکردنەوەو رەفتارەکانی خۆی دروست بکردبا. هاوکاتیش دەسەڵات هەتا بتوانێ هەوڵدەدا گەنج تەمبێشی بکا. کەواتە پەنابردن بۆ ئاکامەکانی تێکشکاندنی ئەو سیمبوولانە بەدەستی گەنجانی راپەڕیوو، ئەوپەڕی کۆنپارێزی و رووحی شێوەپەرستی یان سیلاك بوونی ئەو دەسەڵاتە رادەگەیەنێ، کەخەڵکی کوردستان و جیهانی بەدرووشمە زلەکانییەوە سەرگێژ کردووە.



پ5/ پەیوەندی نێوان دەسەڵات و گەنجان چۆن دەبینی لەحاڵێکدا ناڕەزایی گەنجان لەرادەی بێئومێدیدایە و بێباکی دەسەڵاتیش لەپرۆژەکانیەوە دیارەکە گەنج لەپەراوێزی دەسەڵاتیشدا جێی نابێتەوە؟

هەندرێن: راستت دەوێ، لەپرۆژەکانی ئەو دەسەڵاتەدا، نەك هەر گەنج لە"پەراوێزی دەسەڵاتدا جێی نابێتەوە" بەڵکو بێجگە لەتوێژێکی باڵادەستی سەرووی ئەو دەسەڵاتەدا، هیچ چین و توێژێکی تری کۆمەڵگای کوردی جێگەیەکی شیاوی نییە. لەو روانگانەی کە لەوەرامی پرسیارەکانی پێشوومان‌دا نمایشمان کردن،تەنگژەی ئەو دەسەڵاتە هەر تەنیا پەراوێزکردنی گەنجان نییە، بەڵکو لەبە هیرارکیکردنێکی خێڵەکی و سیمبوولیی و کۆنباوی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆی کۆمەڵی کوردی و خودی خۆشیدا بەرجەرستە دەبێتەوە. چونکە وەك دەبینین توێژێکی بچووکی ئەو دەسەڵاتە نەك هەر وێنای پادشایەکی خاوەن دەسەڵاتێکی رەهای ئابووری و سیاسییە، بەڵکو سەرچاوەی هەموو نەگبەتییەکانی گەنج و قەدەری خەونەکانی کوردە. هەر بۆیە دەسەڵات لەبری ئەوەی ئەرکی دابینکردنی نەوەیەکی ویستخوازو بەرهەمداری گەنجان بێت، کەچی بەرەفتارو پاشەگەردانییەکانییەوە بەردەوامە لەکوشتنی وزەو خولیایەکانی. ئەو دەسەڵاتە لەبری ئەوەی لەرێگای فەراهمکردنی سیستەمێکی پەروەردەی نوێباو و سێنتەرگەلێکی سەربەخۆی گەنجان، کەچی خەریکی پیرکردنی ئاوەزی ئەوانەیە. ئەو دەسەڵاتە بەدرووشم و

دەمامکە مەدەنییەکانییەوە لەهەوڵی ئەوەدایە گەنج بکاتە سووپایەکی گۆشکراوی حیزبی، هەر بۆیە بەکردنەوەی ئەو بارەگایە حیزبیانەوە، کە ئەوانەش بەرووخساری ڕێکخراو و دەسگای ڕۆشنبیریی گەنجانەوە دەڕازێنێتەوە، ناخی گەنج بەگەمەکانییەوە رام بکا و لەوێشەوە گەنجی کورد بکاتە وێنەیەك لەمۆدێلی دەسەڵاتە پیرەکەی خۆی، یان بیکاتە ئارایشێك بۆ رازاندنەوەی رووخسارە کەنفت و گەندەڵەکەی خۆی.

لێرەوە گرفتی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و گەنج لەوەدایە کە دەسەڵات لەرێگای بەحیزبیکردنی تەواوی ڕێکخراو و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی گەنجەوە هەوڵدەدا ویستی جیاوازی و سەربەخۆی گەنجان لەناو خۆیدا بتوێنێنتەوەو بەمەش ئەگەری بەرهەڵستکاری لەداهاتوودا بنەبڕ بکا. هاوکاتیش دەسەڵات رەوشێکی درووستکردووە، کە لەوێدا سووپایەك لەگەنجی بەرێکخراوی بەناو مەدەنییەکی بێ بەرهەم سەرقاڵکردووە. بەمجۆرە ئەو پەیوەندییە لەسەر ئارەزوویەکی هاوبەشی نێواندەسەڵات و گەنجدا دروستنەکراوە، بەڵکو ئەوە دەستەڵاتە کە شێوەی ئەو پەیوەندییە دەسەپێنێ.

لەڕوانگەیەوە ئەگەر ئێوە سەرنجتان دابێ، دەمڕاستی گەنجانی ئەو حیزبڕانە باڵادەستانەی کوردستان کاتێك باسی گرفتەکانی سەرهەڵگرتنی لاوان بۆ ئەوروپاو تووڕەییەکانیان دەکەن، هەمیشە پاش ئەوەی کە هەموو بەرپرسیاریی و خەوشەکان دەخەنە ئەستۆی گەنجان و پاشانیش بەساردیی و خێراییەوە باسی خەوشە رووکەشەکانی دەسەڵاتەکەی خۆیان دەکەن. ئەو رۆژانە بەرپرسێك کە لەپۆشینی



دەمامکی گەنجانەدا زۆرزانە، کەچی تا سەر ئێسقان کۆنباوخوازە، باسی ئەوەی دەکرد، کە ئەو پێوستی بەچەند گەنجە وەك شاگردێك کارەکانی بۆ راپەڕێنێ، کەچی گەنجێکی دەستناکەوێ زمانێکی باشی کوردی و عارەبی و ئینگلیزی بزانێ، لەکاتێك خۆشی نەك هەر وتارێکی بەهاداری رۆژنامەیی بەو زمانانە نییە بەڵکو هیچێك لەو زمانانە بەرەوا نازانێ. کۆمیدی ئەو دەمڕاستەی گەنجانی دەسەڵات، هەروەك پیشەی تەواوی دەمڕاستەکانی ئەو دەسەڵاتە لەوەدا بوو کە بەدامەزراندنی چەند گەنجێك وەك راپەڕێنەری کاری وەزارەتەکەی ئەو، کێشەی گەنجان کۆتایی پێدێ. هاوکاتیش ئەو دەمڕاستەی گەنجان هێندە مەستە بەدەسەڵاتەکەی، بۆیە بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەوە گاڵتەجاڕی سیستەمی خوێندو زانستگایەکانی کوردستانن کە وایان کردووە ئاستی زمان و کارایی خوێندکاری گەنج وێران بێ، واتا ئەوە گەنج نییە کە ناتوانێ زمان فێر بێ، بەڵکو ئەوە سیستەمی پەروەردەو ئاستی زانستگایەکانە ناتوانن گەنجی زمانزان و کادیری کارایی هەمەجۆر بەرهەم بهێنن. ئەوە ناخی گەندەڵ و رووخسارە بۆیاخکراوەکانی زانستگا و سیستەمی پەروەردەی کوردستانە کە هەموو بەهایەکی خوێندن و نووسینی کوردی ئیفلیجکردووە.

هاوکاتیش گەنجی کورد بریتییە لەفروانترین توێژی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستان، هەر بۆیە ناکرێ هەموو گەنجی کورد ببنە زامانزان و نووسەرو لای ئەو مووچە خۆر بن. لەکاتێکدا ئێمە دڵنیایین کە ئەمڕۆ دەیان گەنجی زمانزان و رۆژناماڤانی سەربەخۆمان هەن،

بەڵام ئەوە مەرجە حیزبییەکانی دەسەڵاتە کە ڕێگرن لەبەردەم گەیشتنی ئەوان بۆ ئەو کارانە. لێرەوە کارەساتی ئەو پەیوەندییەی نێوان گەنج و دەسەڵاتمان بۆ دەردەکەوێ.

هاوکاتیش خەوشەکانی بەشێکی دیاری گەنج ئەوەیە، کە لەجیاتی ئەوەی هێندە ئاوێزانی مۆبایل و وێنگەرتنی کچان و سووکایەتی پێکردنیان بێ، وزەکانی خۆیان بەکارێکی ڕچەشکێن تەرخان ناکا. کارێك کە بتوانێ لەرێگای پرۆژەیەکی نموونەیی سەرنجکێشەوە نەریتێکی جێگری زیانبەخش لەناخی کۆمەڵگادا تێکبشکێنێ. چالاکیگەلێکی لەم چەشنە ڕچەشکێنەی گەنج دەتوانێ هاوسەنگی ئەو پەیوەندییەی نێوان خۆی دەسەڵات وەرچەرخێنێ. دەکرێ ئەنجامدانێکی کردەیەکی لەو جۆرە بەخۆ ڕێکخستنی گەنجان لەشێوەی سەکۆو ڕێکخراوگەلێکی تۆکمەو ئازاد و زمانێکی بەرجەستەکراودا دەستەبەر بکرێ. بەمەش فشارێکی باش لەسەر حیزبەکان درووست بکا، یان لەرێگای ئەنجامدانی کارێکی نموونەییەوە ڕێگەی ئەو دەمڕاستە نالەبارانەی حیزب نەدا وێنای گەنج چاوەشە بکا. بۆ نموونە تاکوو ئەو وێنایە نەریتەگەراییە لەسەر کچ و پەیوەندییەکانی نێوان کیژ کوڕ بگۆڕێت، دەکرێ گەنجگەلێك خوشك و ناسیاو خۆیان بهێننە ناو ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبرییەوەو بەمەشەوە لەنەخشەی بەرنامەیەکی درێژخایەندا چالاکی فرە شێوەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکدا ئەنجامبدەن.



لێرەوە هەڵبژاردنی خەونی ئەوروپا لەلایەن گەنج و قەبووڵکردنی ئەو پەراوێزکردنە لەهەمبەر دەسەڵاتەوە، ڕەوایەتیدانێکە بەو حیکایەتانەی دەسەڵات لەسەر ئەوان. ئەگەرچی دەزانین کە گەنج مەحکومە بەو پەیوەندییانەی کە دەسەڵات بۆی دایاریکردووە، بەڵام لەدواجاردا هەڵبژاردنی سەرهەڵگرتن، بەزاڵبوونی مەرجەکانی پەیوەندیی دەسەڵات تەواو دەبێ. لەکاتێکدا تەنیا گەنجە کەدەتوانێ کۆمەڵگا لەتەنگژەیە ڕزگار بکا و ژیانێکی نوێ بەرهەمبهێنێ. کەواتە بەشێك لەو هۆکارانەی کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و گەنجان دەستنیشاندەکاو ڕەوایەتی پێدەدا، خودی ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئێتیکی و نرخاندنی ئەو بەهایە ڕۆشنبریی و رووحیانەیە لای گەنجەوە. لێرەوە بەرای من گەنجی کورد بەهۆی ئەو نیگەرانی و شپرزەییەی کە بەشێکی سەرەکی بووە لەژیانی ئەواندا، دەستکورتن لەوەرچەرخاندن و جێلەفکردنی ئەو پەیوەندیانەی کە "دەسەڵات" بەپێکهاتە کۆنباوەکەیەوە بۆی دایڕشتووە.

پ6/ لەگەڵ ئەوەدایت کە خۆپیشاندان و تورەبون دەروازیەکی گونجاو بێت بۆ گەیاندنی پەیام بەدەسەڵات، لەکاتێکدا هەموو ڕێگە هێمن و ئاساییەکان گیراونەبەر و بێوەڵام بوون؟

هەندرێن: هەڵبەتە هیچ دەسەڵاتێك نییە بەئاسانی مل بۆ هەموو خواستەکانی جەماوەر کەچ بکا. دەسەڵات هەمشە نادادپەروەرە، چونکە پەیڕەوکردنی دادپەروەریی بەدژی خۆیەوە تەواو دەبێ. ئەوەندەی من

لەئەزموونی رۆژئاواوە فێربووم لەزۆر بواردا ئەگەر دەسەڵات هەست بەترسی گەنج یان جەماوەر نەکا، ناخوازێ خواستەکانیان مەیسەر بکا. بەتایبەتیش کاتێك دەسەڵاتێك خۆی سیخناخ بێ بەگەندەڵی، ئاسان نییە بەچەند خۆپیشاندانی هێمنانەوە وەڵامی گەنج بداتەوە. من خۆم لەسوێد بەشداری توندو تیژترین خۆپیشاندانی گەنجانم کردووە. لەکاتێك وڵاتی سوێد لەچاو زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا خاوەنی نەریتی خۆپیشاندانی توند و تیژیش نییە، بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر چەندان جار گەنج بەدژی بڕیاری دەسەڵات بەکەمکردنەوەی خزمەتگوزاری لاوان و داخستنی چەند هۆڵێکی گشتی گەنجان چەندان شەقامی سەرەکی نێو شاری ستۆکهۆڵمیان داگیر کرد. ئەوەی لەپشتی ئەو گەنجانە بوو رێکخراوێك بوو بەناوی "کۆنترۆلکردنی شەقام"، کە لەزۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا بوونی هەیە. ئەوانە ماوە ماوە کە دەسەڵات کارێك بەدژی خواستەکانی گەنج یان خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵ دەکا، هەرچی کۆگا و شوێنی بازرگانییە پەلاماری دەدەن. هاوکاتیش بۆ نموونە لەکاتی دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلاندا، کوردانی باکوور دەستیان بەسەر چەندان بارەگای دەسەڵات لەشارەکانی سوێددا گرت و چەندان بەرپرسی حیزبی حاکمی ئەو کاتەی سوێدیان بەدیل گرت، کە خۆم لەیەکێکیان بەشدار بووم. ئەوکات دەسەڵاتی سوێد ئەو کارانەی کوردانی باکووریان بەتێرۆریست لەقەڵەمدا و ئەو مەسەلەیە مێدیایەکانی سوێدی تەنییووە. بەڵام رۆژنامەنووسێك راپۆرتێکی درێژی لەسەر رەوایەتی ئەو کردەوەیەی کوردانی باکوور



لەرۆژنامەیەکدا بڵاو کردەوە. ئەو رۆژنامەنووسە لەوێدا باسی ئەوەی کردبوو کە زۆرێك لەو کەسایەتی و رێکخراوانەی کە ئەمریکا و زۆرێك لەوڵاتانی جیهان بەتێرۆریستیان لەقەڵەمدەدان، کەچی لەدواجاردا ئەو رێکخراوانە بوونە نوێنەری دانپێنراوی وڵاتەکانیان. ئەو رۆژنامەنووسە باسی زۆر لەو رێکخراو و کەسایەتییە ناسراوانە دەکا کە بوونە سەرۆکی و دەسەڵاتی وڵاتەکەنیان، لەوانە نموونەی ماندێلاو یاسر عەرەفات دەهێنێتەوە. ئەو راپۆرتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خوێنەری سوێدی دروستکرد. نموونە زۆرە لەسەر ئەو پرسەی ئێوە.

مەبەستم لەباسکردنی ئەو رووداوانە ئەوە بوو، کە مافی گەنجی کوردە بۆ دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆی پەنا بۆ هەموو شێوەیەکی رووبەڕوو بوونەوە ببات. کاتێك حیزبی کوردی کردەی توندو تیژی بەزیانبەخش دەزانێ، کەواتە دەبێ ئەویش رێز بۆ شێوازە هێمنەکانی گەنجانی کورد دابنێ. بەڵام کاتێك گەنج لەوە تێگەیشت کە "دەسەڵات"ی کوردی بەقەدەغەکردنی خۆپیشاندان دەیەوێ مافەکانیان پێشل بکا، یان بەمانۆڕەکانی تووڕەیی گەنج خەفە بکا، ئەوکاتە مافی گەنجە بەشێوازە جیاوازەکان وەڵامی ئەو دەسەڵاتە بداتەوە. بەڵام پێویستە هەموو ناڕزەییەکانی گەنج هەڵگری داخوازیی راشکاو و بەسوودی چاککردنی خەمەکانی کۆمەڵگا بێ. بەمجۆرە وەك چۆن دەسەڵات ژیانێکی بەختەوەر بۆ زۆرێك لەماڵ و منداڵی دەسەڵاتدارەکانی خۆی مەیسەر دەکا، کە زۆریان شایەنی نین، هاوکاتیش گەنجی کوردیش مافی خۆیەتی خاوەنی هەمان ژیان بێ.

www.pertwk.com

دواجاریش ئەو رەفتارە ناڕەواو نادادپەروەرەکانی دەسەڵاتە کە رق و تووڕەی لەناخی جەماوەر و گەنج دەچێ، نەك بەپێچەوانەوە.

تۆ ئەمڕۆ دوو زلحیزبی کوردیت هەیە، کە تەواوی مێژووەکەیان بەتوند تیژی بەسەر بردووە، ناتوانێ گوێ بەداخوازیی و رەخنەیەکی ئاشتیانەی جەماوەر بگرن.

ئەو مەیلەلەقێزەونکردنی تووڕەی گەنجی کورد لەلایەن حیزبەوە، لەقووڵبوونەوەی گەندەڵییەکانییەوە هەڵقووڵاوە. ئەو حوکمەتە بەبیانۆی ئەوەی کە گوایە "توند و تیژی" شتێکە لە"کۆمەڵی کوردەواری ناوەشێتەوە" ، هەوڵدەدا خەڵك بکاتە مێگەلێکی بێدەنگ. کێشە لەوەدایە کە دەسەڵاتی کوردی هەتا سەر ئێسقان گەندەڵە، کەچی بەخەڵك و لاوی کورد دەڵێ، کە بێبەشە لەسادەترین ماف، نابێ رەفتاری توونـد و تیژی بەکار بهێنن! ئەمەش یەکێکە لەو کۆمیدیایەی کە ئەمڕۆ دەسەڵات بەکوردی دەفرۆشێ. گوایە بەخۆی زۆر نەرم و نیانە. ئاخر ئەگەر "زیندانی مەحتە" و ئەوانی تر، پڕ بێت لەگەنج و ژنان بەناوی "سوزان"ی، ئەو هەموو ئازاردانە دەروونی و جەستەییانەی کە ئەو دەسەڵاتە لەماوەی 16 ساڵی تەمەنیدا بەدژی گەنج و پیری کورد بەکاری هێناوە، چۆن دەکرێ ناڕەزاییەکان بەدژی ئەو ناعەدالەتی و گەندەڵیانە، بەئاشتی نیشانبدرێن؟!

هەر ئەمساڵەی کە ئێمە ئەو گفتوگۆیە دەکەین، گەنجانی دانمارك بۆ ماوەی مانگێك زیاتر بەدژی بڕیاری دەسەڵاتی دانمارك لەداخستنی سێنتەرێکی گەورەی گەنجان بەردەوام بوو. ئەو ئەزموونانە دەکرێ



ببنە ئەزموونێکی سەرنجکێش بۆ گەنج و حکومەتی کوردیی. هەروەك دەزانین کە سیستەمی دادپەوەری و کێشەکانی گەنجانی ئەو وڵاتانەی رۆژئاوا بەسیستەمی گەندەڵی کوردستان کێشە گەورەکانی گەنجی کوردستان بەراورد ناکرێ. دەمەوێ بڵێم، تێکۆشان بۆ دەستەبرکردنی مافەکانی گەنج شێوازی فرەی گەرەکە.

لێرەوە ناکرێ هەموو کردەیەکی توونـد و تیژ لەلایەن لاوان و چینەکانی تری کوردستان، وەك ئەو دوو حیزبە ئەوەیان بەدەم گرتووە، بەناڕەوا و تێکدەرانە، یان "دەستێکی دەرەکی و دوژمنانیان لەپشتە"، ناودێر بکەین. من ئەو قسانە بە"حیکایەت" دەزانم.

پ7/ دوا چارەی گەنج گەر لەخۆپیشاندانیشدا نەبێت ئەبێت چی بێت؟ سەفەر و هەڵهاتن نابێتە دوا چارەسەر؟

هەندرێن: سەفەر و هەڵهاتن شێوەیەکی لاواز یان هەڵبژاردنی ڕێگایەکی بێئومودانەی گەنجە بەدژی دەسەڵات. گەنج خاوەن توانست و تەمەنێکی لەبارە کە بتوانێ لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی درێژە بەخەباتی خۆی بدا. ئێوە دەزانن سەفەر بۆ گەنجی کورد سەخترین ڕێگایە. چونکە گەنج ناتوانێ بەرێگایەکی دڵنیا و ئاییندەیەکی دڵنیا سەفەر بکا. بڕینی ئەو هەموو ڕێگاو سنوورە سەختانەو گەیشتن بەوڵاتێکی ئەوروپی و بێ زانینی زمانێکی ئەوروپیش، خۆی جۆرە بەهەدەردانی تەمەن و وزەیەکی زۆری گەنجە. ئەمڕۆ وێڕای سەختبوونی مافی پەنابەری لەرۆژئاوادا، دەبێ چەندان ساڵ

www.pertwk.com

لەچاوەڕێیەکی کوشندەدا بمێنیتەوە. ئەمەش خۆی پرۆسیەکە لەمەرگ. دواجاریش ئایندەی گەنجی کورد لەرۆژئاوادا، لەبەر دەیان هۆکردی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی و ... هتد، جۆرە نامۆ بوونێکی روحیی و سەرەتای چەوساندنەوەیەکی نوێیە. بۆیە لەجیاتی ئەوەی گەنجی کورد پەنا بۆ رێگای ئەو سەفەرە هات و نەهاتە بداو تەمەنی گرنگی خۆی بەو نەهامەتیانەوە بەفیڕۆ ببات، لەوڵات و شارەکەی خۆیەوە ژیانێکی ئاسوودە دەستەبەر بکا. داهێنانی ئەو ژیانەش بەرێگای چالاکی هەمەجۆرەوە مەیسەر دەبێ. لەئەزموونی خۆمەوە تێگەیشتم کاتێك مرۆڤ بەپاشخانێکی هیلاکەوە دێتە وڵاتێکی تەواو جیاواز لەکوردستان، دواجار ئەو ژیانە دەبێتە مێردەزمەیەکی بێدەنگ و لەکۆڵی ژیانە نوێیەکەشت نابێتەوە. چونکە مرۆڤ بەرهەمی یادەوەرییەکانی خۆیەتی. بەڵام ئەگەر گەنجێك خاوەن خەونی بەهادار بێ، واتا وەك لای زۆرینەی کورد بۆتە باو، پوول و پارە نەبێ، سەفەرکردن ئەزموونێکی سوودبەخش و سەرنجکێشە.

2007.3.7

ستۆکهۆلم



## پایەی دەستوور،
## پایەی ئاگایەکی جڤاکیی و سیاسییە

(ئەم وتارە تایبەت بەتەوەرێکی سایتی "دەنگەکان" لەمەڕ رەشنووسی دەستووری کوردستاندا نووسراوە و لە2007.11 بڵاوکراوەتەوە.)

**دەروازەیەك:**

لەبەراییڕا دەمەوێ ئەوەتان بە یاد بێنمەوە، لەوکاتەی کە دەسەڵاتدارانی سیاسی کوردستان هەمیشە جەغت لەسەر ئەوە دەکەنەوە _ وێڕای ئەوەش کە ئەو دوو زلحیزبە لەئاکامی شەڕێکی برینڕێژی نێوانیاندا کوردستانیان بەسەر دوو کولتوور؛ دوو ئیدیۆلۆژیی دابەشکرد_، کە کورد خاوەن جۆرە ئەزموونێکی دیموکراسییە کە لەناوچەکەماندا وێنەی نییە، لەوکاتەی کە دوای هەموو کۆبوونەوەکانی ئەو حیزبانە، سەرۆکەکان بەدووپاتەکردنەوەی حیکایەتێك کە ناوی "کێشەی فەنی، کات و تەکنیکی"ە، هۆکاری دواکەوتنی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بەکورد رادەگەیەنن،

لەوکاتەی کە سەرۆکی "هەڵبژێردراو"ی "هەرێم"ی کوردستان لەکێشەی گەندەڵیی و پێشێلکاریی مافی ئەو هاووڵاتیانەی کەئەندام و لایەنگیری حیزبەکەی نین بە"لەوانەیە وەهمێك بن" یان " پروپاگەندەی ناحەزان بن"، یانیش ئەو گەندەڵییانە "بەو جۆرە نەبێ کە باسدەکرێن"، ناسبکات، لەوکاتەی کە لەتێڤیّ و بڵاوکراوەکانی ئەو حکومەتەی کوردییدا، دەمڕاستێکی خوێندکارانی پارتی داوا لەسەرۆکی حیزبەکەی و کوردستانیش دەکا، کە هۆکاری ئەو گەندەڵکارییە بۆ بەرپرس و کارگێڕەکانی ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی حیزبەکان دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێ سەرۆك بەخۆی راستەوخۆ چارەسەری ئەو گەندەڵکارییانە بکات، دیارە ئەوە تەنیا تاکە کەسێکە؛ باوکێکە؛ سەرۆکە کە توانای بنەبڕکردنی هەموو ئاستەنگەکانی کوردستانی هەیە. ئیتر لێرەوە دەزانین، کە دامودەزگاو رێکخراوە دیموکراسی و مەدەنییەکانیش، کە بانگەشەیان بۆ دەکرێت، تەنیا دیکۆرێکن. لەکاتەی کە سەرتاپای ماف و ئەرکەکان لەسەر بنەمای حیزبایەتی؛ خزمایەتی؛ خێڵایەتی؛ هەڵەپاسی؛ زارقەڵەباڵغی؛ مشەخۆری دابەشدەکرێن و بڕیار دەدرێن، دواجاریش لەوکاتەی کەهەر کەسەو دێت تیۆرییەکی هەڵبزڕکاو فڕێدەداتە ناو زمانی کوردییەوەو کەسیش بیر لەهاوێرکردنی سیاسەتوانی ساختە راستگۆ، رووناکبیریی بەشکۆ و هەڵەپاس؛ بیرکەرەوەی رەسەن و زار قەڵەباڵغ و ... هتد ناکاتەوە، کەواتە منیش رێگا بەخۆم دەدەم گریمانەکانی خۆم سەبارەت بەبەهای



دەستوورو کایەکانی ئەمدیوی ئەو دۆخە بەگەندەڵ و حیزباندنە گەمارۆدراوەی کوردستان نمایشبکەم.

هاوکاتیش لەم نووسینەدا کە خۆم بەکاروباری دەستوور سەرقاڵ دەکەم، وێڕای خۆ دوور خستنەوەشم لەڕوانگە قانوونییەکەی، چونکە زۆر شارەزاییم لێی نییە، لێ لەوە بەئاگام کە ئەمڕۆ لەزمانی کوردیدا دەریچەیەك بۆ گفتوگۆکردن نەماوەتەوە. چونکە هەتا حەز بکەی، زمانی کوردی بەقسەکردن؛ بەسادەکردنەوە؛ بەمەنەلۆگ، بەداخراوی، نەك گفتوگۆکردن، نەك گرتنە بەری ئاراستەیەك لەهزرکردنی بزواو؛ نەك بەگۆهێنانی بوونی کوردی بەرگاویکراوە. بۆیە بەدیدی من ئێمە ئەمڕۆ، وەك چۆن لەبەرهەمهێنانی گوتار/دیسکۆرسێکی کوردی دەستەوەستاوین، وەك چۆن لەناسنامەی کوردبوونی کەرکوك لەرزۆکین، وەك چۆن لەوێناندنی سنووری جوگرافیای کوردستان بێبەرین، وەك چۆن لەسەقامگیرکردنی رەوانبێژی پێناسەی ناسنامەکەمان ناکۆکین، وەك چۆن لەبە ستانداردکردنی زمان و دەستەواژەکانمان پرۆژەیەکمان نییە، وەك چۆن ناتوانین ماف و ئەرکەکان، لەڕوانگەی خێزان، خێڵ، نەریت و جیهانبینییە بەجێماوەکانەوە بۆ روانگە شارستانییە نوێباوەکان فامبکەین، وەك چۆن ناتوانین وازبێنین لەوەی کە پایەی شەرەفی خێزانی کورد تەنیا لەنێوان رانەکانی ژندا نییە، بەمجۆرەش زمانی ئاخاوتنیشمان شەکەت ئاکارە. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر بڕوامان بەوە بێت، کە زمان بەگرتنەبەری ئاراستەو رەوتێك دەتوانێ بەدەستلەملانێ لەگەڵ دەنگە

جوداو هەمەرەنگی و تامە دژەکان، بلەرێتەوە، ئاوەڵا بێتەوەو چێژدار دەبێ، کەچی زمانی ئێمە قسە بۆ خۆی دەکا، نەك بۆ کەسێکی بەرانبەر، زمانی ئێمە ئەوەندەی کەسی بەرانبەرو جیاواز رەتدەکاتەوە، هێندە گفتوگۆ و بەشداری نەکات.

لێرەوە ئەگەر وێنەی ژیانی کۆمەڵگای کوردی بەمجۆرە بناسێنین و ئەگەریش هێزی جولێنەری کورد؛ واتا نوێنەرە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی لەم ئاستەدا ببینرێن، ئەوکاتە خەونبین بەدەستوورێك کە کورد بەرەو سەرەوەری ببات، جێگەی پرسیارو گۆمانکردنە. لەوەدا دەخوازم بڵێم، کە ئەمڕۆ رازاندنەوەی ناوەڕۆکی دەستووری کوردستان بەخاڵ و بەندی دڵڕاکێش و پرشنگدار، بێ بوونی بونیاتێکی تۆکمە کە بەوزەو ئیرادەیەکی مەعریفی و سیاسی دەڕێژراوبێت؛ واتا بێ بوونی پایەکی ئاگایی جڤاکی و سیاسی، هێندە گرنگی نابێت. وەك زۆر لەمەیلەو سیاسی و رووناکبیرێك ئەوە دەزانن کە ئەمڕۆ زۆر لەدەستووری رژێمەکانی دونیای رۆژهەڵاتی و بگرە رۆژئاواشدا، پڕن لەدروشمی ژیاندۆست، چاکەخوازو مافخوازانە، کەچی زۆرێك لەو رژێمە ئەو بنەمایانە پێشلدەکەن. لەوەش زیاتر، زۆر بەند لەدەستووری پێشووی عێراقدا باش بوون، کەچی سەرەنجام ئەو بەندانە هەر لەسەر کاغەز مانەوە.

هەڵبەتە لێرەدا قسەکردن لەسەر پرسێکی وەك دەستوور، پرسێك نییە، وەك ئەوەی پێمانوایە، یان دەبێ پێمانوابێت، دەڕشتن و



پیادەکردنی، چاوەڕوانی وەڵامەکانی ئێمەیە، یان وەك ئەوەی ئێمە دەیخوازین، کە بەپێشنیازەکانی ئێمە، دەخەملێنرێت و بەرجەستەدەکرێتەوە. چونکە ئامادەبوونی دیاردەی دۆخێکی لەم جۆرە گفتوگۆ، گوێگرتن و بیروڕا گۆڕینەوە، لەکۆمەڵگاو حیزبگەلێك رەچاودەکرێت کە خاوەن ئاگاییەکی دیموکراسیی؛ فرەبینی؛ ئاوەڵا؛ دادپەروەر؛ بڕوادار بەئازادی؛ جیاوازی و ... هتد بێت/بن. بەدەبڕینێکی چڕتر، ئێمەی کورد، وەك هەر گۆمەڵگایەکی تری ئەو دەڤەرە، تا سەر ئێسقان بەگشتگەرایی، هەژمونگەرایی؛ وشکەڕۆیی، فۆندەمێنتالی؛ بێئاگا، ناهۆشیار بەرەهەندەکانی ژیان و هزرکردن؛ لێوانڕێژ بەهەستی خێزان، خێڵ و بەحیزبیکراویی، گەمارۆدراوین. بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا بنەمایەك بۆ ئامادەیی و بەگرنگزانینی خواستی بەشداربوون و ئامادەبوونی دەستەو ئاستە جودایەکان و روانگە جیاوازەکان، ئەوەندەی لەخەیاڵاندن و وێناندن نزیکە، هێندە لەراستی نزیك نییە. چونکە لەو تەرزە کۆمەڵگایەدا بەهای گفتوگۆکردن و ئاڵوگۆڕی بۆچوونی جودا لەنێوان دەنگە جیاوەزەکانی لەلاساییکردنەوەو یاریکردن بەقسەکان، زیاتر هیچ بنەمایەکی تری نییە. ئەوەی کە لەم چەشنە کۆمەڵگایەدا ماف و رەوایەتی سەرچاوەی قسەکردن، توانست، پسپۆڕیی، رەوایەتی بڕیاردانی هەیە لەسەر ژیان و چارەنووسی کۆمەڵدا، هێزو توانای دەنگی تاکەکەسە کارامەکان نین، بەڵکو ئەو کەسانەن کە لەسەر روانگە خێڵێکیی، باوکسالارییەکان؛ واتا نەریتە باو و قەتیسماوەکاندا هەڵبژێردراون.

لێرەدا، بەرای من، وێناندنی کۆمەڵگای کوردی، وەك کۆمەڵگایەکی "مەدەنی"، یان وەك کۆمەڵگایەك کە "دەمڕاستە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی" لەتوانایاندا هەیە بەڕوانگەیەکی ئاوەڵا لەگەڵ دەنگە جیاوازەکانی تر گفتوگۆ بکات، نەك هەر بانگەشە، زێدەگۆیی یان لاساییکردنەوەیەکی رەوا نییە، بەڵکو مەترسیداریشە. چونکە ئەو جۆرە روانینانە هەمیشە وامانلێدەکەن لەواقیعی ژیانی کۆمەڵگای خۆمان دوور بکەوینەوەو دواجاریش، وەك کۆمەڵگاو دەسەڵاتە دارماوەکانی دەڤەرەکەمان تووشی "وەهم"، "دەمڕاستی فریودەر"، "مێشکێکی گەندەڵ" و "ئاگاییەکی ساختە" ببین و ئەو ئاراستەیەش بکەینە رێبازێکی بەپیرۆزکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان. لەم روانگەیەشەوە ئەگەر سەیری ئەزموونی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی و عەرەبییەکان بکەین، بەئاشکرا دەتوانین ئەو ئاستەنگە بخوێنینەوە. ماوەی سەدەیەکە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانەی دەڤەری ئێمە بەرێگای بەڕاستیکردنی "وەهم" توانیوویانە ئەزموونێکی بەردەوام لە"دەمڕاستی فریودەر"، "مێشکێکی گەندەڵ" و "ئاگاییەکی ساختە" بەرهەمبێنن. بۆ نموونە، ئەمڕۆ، وەك دوێنێش، دەسەڵاتدارو سیاسییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان هەمیشە بەوە کۆمەڵگاکەیان دەستخەڕۆدەدەن، کە لەدەرەوە؛ واتا لەلایەن ئیمپریالیزمی رۆژئاواوە پیلانێکی دوژمنکارانە لەسەر وڵاتەکەیان لەئارادایە، سەبارەت بەوە سەرنجبدەنە خوتبە و ئاخاوتنەکانی رژێمی سوریا!



بۆ جەغتکردنەوەش دەبێ بێژم، کە ئەو ئەزموونە سیاسییەی کە ئێمە ئەمڕۆ خەون بەجوانکردن، بەمرۆڤایەتیکردن، شارستانیکردن و ... هتد دەبینین، لاساییکارێکی سافیلکانەیی ئەو ئەزموونانەی عەرەبیی، فارسی و تورکییە. بەواتایەکی سوکەڵانەتر، ئەو ئەزموونە سیاسییەی دەسەڵاتی کوردستانی باشووریش، وەك ئەوەی کە خۆی نمایشدەکا، یان ئەگەر وەك ئەو ئاراستەیەی کە ئێستا ملی پێوەناوە بەردەوام بێت، "مەلۆتکە"، کۆرپەیەکە لەهەناوی ئەو ئەزموونانەی جیهانی ئیسلامی بەرهەمهاتووە؛ واتا کتومت لەوانە دەچێت. چونکە، وەك ئاماژەم پێکرد، روانگە، ستراتیژو بەرنامەی ئەو تەرزە کۆمەڵگاو دەسەڵاتە سیاسییەی دەڤەرەکانی رۆژهەڵات، یان جیهانی سێیەم و کۆمەڵگای کلۆڵان، لەسەر فرەبینی، ئاوەزی گۆڕاو، بنەمایە شارستانییەکان؛ واتا دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر کەرتە جوداو دامەزراوە پیشەیی و دیموکراسییەکان لەدایك نەبووەو جێگیر نەکراون، بەڵکو لەسەر روانین و وێناندنە باو، ئیدیۆلۆژییەکی ئایینی چەقبەستوو، نەك روحی، خوراڤی، خێڵەکی؛ واتا بەوەهمکردنی ژیان و بەپیرۆزکردنی باوکسالاری دامەزراون.

هەروەك ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی ئەو حکووتە کوردییەی خۆماندا زۆر بەراشکاوی دەیبینین، کە چۆن کارگێڕێکی گەندەڵ، راستییەکی گەندەڵمان بۆ پینە دەکا، چۆن سەرۆکی حیزب، وەك

کەسێکی پیرۆزو خاوەن هەموو بڕیارێك نمایشدەکرێت، چۆن کۆنە سەرۆك جاشێك لەگفتوگۆیەکانی مێدیای ئەو ئیدارانەدا، خوتبەی کوردایەتییمان بۆ دەدا، چۆن رۆژنامەنووس و نووسەرە گەندەڵەکان، کە ئەمڕۆ دەمڕاستی زمان و بەهرەی کوردین، پێشهات و قەومانە سیاسیی و کولتوورییەکانمان بۆ دەخوێننەوە، چۆن بەرپرسێك باسی دەستکەوتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیمان، وەك ئەوەی خەڵك مێگەل بێت، وەك ئەوەی هاووڵاتیان کۆیلەبن، بۆ دابەشدەکا، چۆن ئەو بەناو پسپۆرە رووناکبیرو کۆمەڵناسانە لەبۆنە سیاسییەکاندا، خەباتی دەستە جودایەکانی نەتەوەی کورد فەرامۆشدەکەن و هەموو مێژووی کوردایەتی و دەستکەوتە سیاسیەکان بەحیزبەکانی خۆیان و سەرۆکەکانیان دەبەستننەوە. هەروەك ئەوەی کە ئەوە کۆی چین و توێژەکانی کوردستان نەبێت، کە راپەڕینی مەزنی 1991ی بەرپاکردبێت و ئەو حیزبانەشی لەسەر سنوور رزگار نەکردبێت!

لێرەوە دەبینین کە ئەمڕۆ بەرانبەر شانۆیەك دانراوە، کە دەرهێنەرگەلێکی هەڵپاس بەئاگاییەکی ساختەی سیاسی دەریهێناوەو پێکهاتەکانی ئەو شانۆیەش پڕە لەئەکتەری گەندەڵ، یان زۆرینەی ئەکتەرە گەندەڵەکانن، کە رۆڵی ساختەگێڕ؛ ئاخاوتنی هەڵبەستراو و جەڵەبی؛ پێکەنینی دروستکراوانە؛ گریانی سیاسی فریودەرانە؛ پەیامی بێبنەما دەگێڕن و دیکۆرەکانی ئەو شانۆیەش بەرازانکاریەکی لاسایکراوانە؛ بەبینەرگەلێکی شاگەشکەی گەندەڵ و چەپڵەلێدەرانێکی



مێگەلێندراو بۆ ئێمە نمایشدەکردرێن. لێرەدا ئەوەی نەیەوێ یان نەتوانێت رۆڵێکی هاوچەشنی ئەو ئەکتەرە رۆڵگێڕانە ببینێت، یانیش نەبێتە بەشداریکەرێکی لەو بەمێگەلاندنە، ئەگەر هەموو تەمەنیشی لەخەبات تەرخانکردبێت، وەك کوردێکی "خائین" و خوێن تاڵ یان سەرلێشێواو سەیردەکرێت و مافی هاووڵاتیبوونی لەشوێنەکەی خۆی لێدەسێنرێتەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی ئەوە ئاستی ئاگایی بێت و ئەوەش دەمڕاستی سیاسیی بێت، ئاخر قسەکردن لەهەڵبژاردن و پێشنیازکردن بۆ دەستووری کوردستان، بێجگە لەکوتانەوەی ئاسنی سارد، چ مانایەکی هەیە؟ وەك من بڕوام وایە، ئەو کاتە بەشداریکردن گرنگی دەبێت، کە تۆ کۆمەڵگایەکی بەئاگاو بنەمایەکی سەرەتاییت هەبێت بۆ مافی ململانێ و هاڤڕکێی سیاسی، هەروا روانگەیەکی شارستانیانەت هەبێ بۆ مافی هاووڵاتیبوونی تاکەکەسەکان و گروهە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان.

بەڵام وێڕای ئەمانەش، بۆ ئەوەی لەچاوەڕوانی ئاییندەی ئەم دەستووردا ئومێدەوارنە بژین، دەکرێ سەرنجەکانی لەم سەرنجانەدا چڕبکرێنەوە:

www.pertwk.com

## پێشنیازەکان بۆ دەستووری کوردستان

کەواتە ئەوەی کە لەرووی "شوناسی" حوکمی کوردستان گرینگە لەدەستووری کوردستاندا سەقامگیر بکرێت، فیدرالی و پەرلەمانییە. لەوێدا مەبەستم ئەوەیە، کە لەحوکومەتێکی یەکگرتوودا، بەر لەهەموو شتێك دەبێت دەسەڵات دابەشبکرێت، نەك بەسێنتەر بکرێت. دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر دەڤەر و ئیدارەکان ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەشداریکردنی فرەدەنگ و هێزە جودایەکانی کۆمەڵگا. ئێمە دەزانین کە بونیاتی کۆمەڵگای کوردی، بەروحی خێزان، خێڵ و حیزبگەرایی بارگاویکراوە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەناوەندکردنی دەسەڵاتێکی گشتگیرانەو دیکتاتۆرانە، بۆیە دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر دەسەڵاتە بچووکەکان، دەبێتە لەمپەرێك بۆ ڕێگەگرتن لەو گشتگەرایی و تاکڕەوییە. بەمجۆرە ڕەنگە بەو شێوازە فرەییە لەداهاتوودا هێزە



جیاوەزەکانیش بتوانن لەحوکمکردندا بەشداربن و زەمینەیەکیش بۆ بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان خۆشبکرێت.

لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە دابەشکراوەدا، بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان، نابێ تاکە ئایینێك بکرێتە سەرچاوەیەك لەدەستووری کوردستاندا، بەڵکو فرەئایینی و ئازادی ئایننی بکرێتە کۆڵەکە. هاوکاتیش پێویستە بەجەغتکردنەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە ئایین لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەست بەکار نەبێت، بەڵکو دەبێت وەك مافێکی تاکەکەسی سەیربکرێت. هاوکاتیش بەومەرجەی کە کوردستان پێکهاتەیەکە لەلەفرەئایینی و ئایینزایی ؛ واتا ئێزیدی، کاکەیی، شەبەك، ئاشوری، کلدانی و تورکمانی، بۆیە نابێت ئیسلام لەسەر ئایینەکانی تر بسەپێنرێت و بەباڵادەستتر بناسرێت. هاوکاتیش دەبێ لەو دەستوورەدا بەشێوەیەکی روون مافە کولتوورییە نەتەوایەتییەکانیان سەقامگیر بکرێت .

ئەوکاتەی کە ڕوانگە نوێباوەکان دەبنە بنەماڕێژی دەستوور، ئەوکاتە دەبێت ڕێکخراوە دیموکراسییەکان دوور لەهەڵواردن و قۆرخکردنیان لەلایەن حیزبەکانەوە، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، واتا دەبێ ڕێکخراوە دیموکراسیەکانی حیزب نەکرێنە نوێنەری ڕێکخراوە بێلایەنەکانی کۆمەڵگای، بەڵکو ڕێکخراوە دیموکراسییەکان دەبێ بریتیبن لەکۆی ڕێکخراوە جودایەکانی ناو کۆمەڵگا. لەو سیستەمەشدا

دەبێت دامودەزگا و دامەزراوە مەدانییەکان لەبڕیاردانی کاروبارە مەدەنییەکاندا سەروەر بن. بۆیە نابێ روانگە ئیدیۆلۆژیی، رەگەزیی و ئایینیەکان بکرێنە پێوانەیەك بۆ دامەزراندن و هەڵسوڕاندنی ئەو دامودەزگا و دامەزراوە مەدەنییانە، بەڵکو بنەمای پسپۆڕیی، کارامەیی و فرەبینی بکرێنە پێوەر. رێکخراوی خوێندکار ، لاوان، ژنان، نووسەران و سەندیکا و... هتد، وەك ئەوەی هەیە دەبێ نەمێنن. چونکە ئەو رێکخراونە هەموویان هی خودی حیزبەکانن، نەك چین و توێژە جودایەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان.

لەهەمووشیان گرنگتر فرەدەنگی، جیاوازی بیرکردنەوە دەبێ وەك دیاردەیەکی بەرهەمهێنەرو وزەبەخش و سوودمەند سەیر بکرێت، نەك وەك دیاردەیەکی مەترسیدارو بەدگومانی.

لەپاڵ ئەمەشدا نابێ روانگە ئایینی و نەریتە قەتیسماوەکانی کۆمەڵگای خێڵەکی بکرێنە بنەمای پایەو پێناسەی ژن. ئەگەر ئەو دەستووره بیەوێ هەڵگری بنەمایەکی نوێباو بێت، دەبێ هەموو بوارێك بۆ رەفتارکردنی ئازادییەکانی ژن فەراهەم بکات، لەوانە: رێگە خۆشکردن بۆ خاوەنداریەتی ئابووری و مافی میراتگری بۆ ژن، کە ئەمە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییەکانی ژن. رەتکردنەوەی ئەو بنەما کۆنانەی کە پێناسەی ژنایەتی و پیاوەتی دەکەن؛ واتا نەهێشتنی جیاوازی ماف دابەشکردن لەنێوان پیاو و ژندا. بۆ نموونە، دەبێ بەزۆر بەشوودان، ژن بەژنی، بەشووودانی کچ لەخوار



تەمەنی هەژدە ساڵیی، کوشتنی کچ لەسەر پەردەو ئاشقکردن و ... هتد، بکرێنە سزایەکی قانوونی. هەروا دەبێ کاری لەشفرۆشی وەك مافێکی قانوونیی سەیر بکرێ.

سەبارەت بەمافی مرۆڤەوە، دەبێ مرۆڤ وەك تاکێکی سەربەخۆ، خاوەن ماف بێت، نەك وەك بەشێك لەخێزان، خێڵ و حیزب سەیر بکرێت. هەروا دەبێ لەو دەستووردا بنەمایەکانی ژیانی تەندروستی، کەنارگیریی، تەقاویت، بەقانوونیکردنی تەواوی مافە مرۆڤایەتییەکانی زامنبکرێت.

هاوکاتیش وەك لەکۆمەڵگایە نوێباوەکان جێگیرکراوە، بەرەچاوکردنی سروشتی کوردستان، کارکردن لە8 سەعات تێپەڕ نەکات. وێڕای ئەمەش، دەبێ کار بەگوێرەی توانا بەکەسەکان رەوا ببینرێت. هەرەوەك هەموو کەس وەك چۆن خاوەن مافە بەمجۆرەش بەرپرسیارە لەئەرکەکان.

بەڵام لەمەڕ یاسای "90ی ئیسلاح زارعی" ئەو یاسایە دوای کۆتایی حەفتایەکان باوی نەماوە. ئەوەی کە ئەمڕۆ لەو دەستووره چاوەڕوانکراوەدا دەخوازرێت، دانانی قانوونێکە بۆ ئەو توێژە مشخۆرەی کە لەڕێگای دەسەڵاتی حیزبییەوە بۆتە گەورەترین خاوەن مولك و سەروت و سامانێکی بێ ئاژمارد. ئەمڕۆ دیاردەی خاوەنداریەتی، کە بەناوی کەرتی تایبەتی و ئازادەوە ناسدەکرێن، جێگەی ئاغاو سەرەك خێڵەکانی پێشوویان گرتۆتەوە، پێویستە کۆتایی

پێبهێنرێت. بەڵام ئەوەی کە گرینگە دەبێت بەندێکی تایبەت لەو دەستوورەدا بۆ کێشەی کشتوکاڵ و زەوی دابەشکردن جێگیر بکرێت. لەپاڵ ئەمەشدا چارەیەکی رەوای قانوونیانە بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەی زەوی زار بۆ گوندنشینە راگوێزراو و بەعەرەبکراوەکان بکرێتە بەشێك لەو دەستوورەدا.

دواجاریش سەبارەت بەپرسی کەرکوك و دەڤەرە بەعەرەبییکراوەکان، لەو دەستوورەدا دەبێت کەرکوك وەك کێشەیەکی نەتەوەیی- سیاسی و قانوونی لەو دەستوورەدا جێگر بکرێت. هاوکاتیش تەواوی ئەو شارو دەڤەرە بەعەرەبییکراوەکاندا لەو دەستوورەدا وەك بەشێکی دانەبڕاو لەکوردستاندا پێناسە بکرێن.

بە بڕوای من ئەو خاڵانە لەو دەستوورەدا بسەپێنرێن، ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەییش پیادەبکرێن، ئەوکات دەکرێ کۆمەڵگای کوردی بەرەو "کۆمەڵگایەکی مەدەنی"، و "دیموکراسی" خەملێو گەشە بسێنێ، کە ئەو دوو ئیدارەی کوردستان زۆر حەز دەکەن بانگەشەی بۆ بکەن.

لێ لەکۆتاییدا، ئەوکاتە ئەو تەرزە دەستووورە چاوەڕوانکراوە پایەداری خۆی رادەگەیەنێت، کە ئاگاییەکی جڤاکی و سیاسی بەرهەمهێنەر و بڕیاردەری بێت.



## هەندرێن لەچەند دێرێکدا:



لە 1963 لەدەڤەری هەولێر لەدایکبووە. دوای 9 ساڵ پێشمەرگایەتیی، لە1991ەوە لەوڵاتی سوێددا دەژیی.

لەسویددا وێڕای ماجستەر لە "مێژووی هزر" تا بەکەلۆری و سێ ساڵیش فەلەسەفەی خوێندووە. لەپاڵ ئەوەشدا مۆدێرنیزم/پۆستمدێرنیزم، زمانی گرێکی کۆن، روانبێژی، مێژوو، گەشەسەندنی زمانی منداڵ و ساڵێك و نیوێك بابەتی پەروەردە بۆ وانەوتنەوە خوێندووە. وێڕای وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کۆشیعری "سکاندینافیا دوورگەیەکی تر لەبخوور"، چەندان شیعرو وتارو

چـاوپێکەوتنی لـەگۆڤار، رۆژنامـە، رادیـۆ و تیڤییـەکانی سـوێیدا بڵاوکردونەتەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکان:

1- لەسێبەری کێوەکان وندەکەم، لەپێدەشتێك دەتبینمەوەشیعر، ساڵی 1986، لەبڵاوکراوەکانی راگەیاندنی حیزبی شیوعی عێراق.

2- دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ – شیعر، ساڵی 1993، سوێد.

3- سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لەبخوور – شیعر، ساڵی 1996 سوێد

4- نامـەکانی مـەرگ و نامـەکانی روانینوانێـك – ئامـادەکردن و ورگێڕانـی کۆمـەڵی نامـەی شـاعیری فەرەنسـی: ئـارتۆر رایمبـۆ، سـاڵی 1997، سوێد .

5- سـکاندیناڤیا دوررگەیـەکی تـر لـەبخوور، کـراوە بەسـوێدیی و لەساڵی 2004, چاپخانە: Tranan، ستۆکهۆلم .

6- مـەهاباد لـەئۆلۆپیادەکانی خـوادا، وەرگێڕانـی کۆمەلەشـیعرو چاوپێکەوتنی سـەلیم بەرەکاتـە، سـاڵی 2004 لەسلێمانی، چاپخانەی سەردەم بڵاویکردۆتەوە.

7- فەلسـەفەی کۆچـەری، وەرگێڕانـی لەسـوێدی/دانمارکییـەوە، سەنتەری ئەدەب و فیکری نما، هەولێر، ساڵی 2005 چاپیکردووە.



8- نیگـای دەسـت، کۆشـیعرێکی هاوبـەش لەگـەڵ ئیلیۆنـۆرا بـرو، شـێێروان خـدر و موتـەلیب عەبـدوڵا، 2005، لەچـاپخانەی دیـلان لەسلێمانی چاپکراوە.

9- گوڵنارەکـانی شـوێنپێ لەباخچـەکانی تاراوگـەدا، دەقێکـی پەخشـانییە، سـەنتەری ئـەدەب و فیکـری نمـا، هـەولێر، 2006، چاپیکردووە.

10- گشتی ئەمەیە، مارگەرێت دۆراس، پەخشان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ساڵی 2006،
چاپیکردووە.

11. "خامەیـەکی رۆشـنبیریی لەپشـت گـوێی زمانـدا"، 2007، گۆڤاری "هەنار" لەسلێمانیدا چاپکراوە

14 وێـڕای بڵاوکردنـەوەی کۆمـەڵی وتـاریی رەخنـەی ئـەدەبیی، تیۆریی، وەرگێڕان ...